سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ

# هەشت پەیماننامەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ

وەرگێڕانی غازی عەلی خورشید

## ناوەڕۆک

1. پێشەکی 3
2. جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ 5
3. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری 12
4. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری 24
5. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی 44
6. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژی ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردنێکی یان سزادانێکی دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە 58
7. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی منداڵان 73
8. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان 95
9. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا 108
10. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی پارێزگاریکردنی هەموو مرۆڤێک لە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە 145
11. سەچاوەکان 166
12. فەرهەنگۆک 167

## پێشەکی
## نەتەوە یەکگرتووەکان و مافەکانی مرۆڤ

پێشەنگی کەرەستەکانی ئامادەباشیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پارێزگارییکردنی مافەکانی مرۆڤ پەیماننامەکانە. ئەم پەیماننامانەش کە 25 دانەن لە سۆنەگەی جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤەوە هەڵهێنجراون و لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراون. خودی جاڕنامەکە واتای هیچ گرێدانێکی یاسایی بۆ ئەو وڵاتەی/وڵاتانەی کە واژۆ/یان کردوە ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمە تەنها واتای سۆزدانێکی "ئەرک بەئەستۆ گرتنێکی" ڕەوشتییە. لە بەرامبەردا ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەیەک واژۆ دەکەن، پەسەنددەکەن و خۆیانی پێ بابەند دەکەن دەبێت بەپێی ناوەڕۆکەکەی ئاکاربکەن؛ واتە ئەم وڵاتانە یاساییانە خۆیان بە پەیماننامەکەوە گرێدەدەن. هەر وڵاتێک بە دوو قۆناغ خۆی بە پەیماننامەیەکەوە گرێدەدات:

1. یەکەمین جار واژۆ دەکات، وەکو نیشاندانی ئارەزوومەندانەی حکومەتی وڵاتێک بۆ کارکردن بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەکە، واتە نوێنەری وڵاتێکی دیاریکراو لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی پەیماننامەکە وەردەگرێت و دواتر بۆ پسپۆڕانی ڕێپێدراوی وڵاتەکەی خۆی دەنێرێت.
2. دواتر وڵاتەکە، لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، ناوەڕۆکی پەیماننامەکە تاووتوێ دەکات، ئەگەر لە ئەوێدا پەسەندبکرێت ئەوا دواتر حکومەتی ئەو وڵاتە پابەندبوونی خۆی بۆ پەیماننامەکە ئاشکرادەکات و ئەگەر بە پێویست بزانرێت ئەوا دەستووری وڵات، بە جۆرێک کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ پەیماننامەکەدا، دەگۆڕێت.

ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەیەکیان واژۆکردوە، پەسەندکردووە و پێی پابەندبوون پێیان دەگوترێت **وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە.** هەرچۆنێک بێت دەتوانرێت هەڵوەستە دەربارەی ناوەڕۆکی پەیماننامەیەک بکرێت، کە هەڵبەتە زۆرێک لە وڵاتان دەیکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن. هەڵوەستەکردن بە واتای **پەسەندنەکردنی** پەرەگرافێک یان بەندێک یان زیاتری هەر یەک لە ئەم دووانە دێت لە پەیماننامەیەکدا، هەڵبەتە ئەمیش بە واتای ناپەندبوون بە ئەم پەرەگراف و بەندانەی پەیماننامەکە دێت، لە دەمێکدا گوایە، بۆ نموونە وڵاتێک، ئەم پەیماننامەی پەسەندکردوە و پێی پابەندبووە. هەڵوەستەکردن کاریگەری پەیماننامەکان لاواز دەکات چونکە ئەگەر وڵاتێک هەڵوەستە دژی گەلێک یان زۆربەی بڕگەکانی، یان بڕگە گرنگەکانی، پەیماننامەیەک بکات، ئەوا کەرەستەکانی مافەکانی مرۆڤ توانای پێدانی ئەو پارێزگارییانەیان نابێت کە پێشتر بیریلێکراوەتەوە. یەکێک لە ئەو پەیماننامانەی کە زۆرترین هەڵوەستەی لەسەر کرابێت پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنە دژ بە ئافرەتان. نزیکەی 60 وڵات هەڵوەستەی دژی چەند بەشێکی ناوەڕۆکی پەیماننامەکە کردوە.

پەیماننامەکان بە وردودرشتی باس لە ئەوە دەکەن کە چۆن ئەو وڵاتانەی خۆیان بە پەیماننامەکانەوە پابەندکردوە، کاربکەن. هەر پەیماننامەیەکی سەرەکی کۆمیتەیەکی دامەزراوی سەربەخۆی هەیە کە چاودێری جێبەجێکردنی بڕگەکانی پەیماننامەکە دەکات بۆ ئەو وڵاتانەی کە بە پەیماننامەکە پابەندبوون. هەندێک لە پەیماننامەکان پڕۆتۆکۆڵێکی هاوپێچکراوی لەگەڵدا هەیە کە باس لە هەندێک پرسی تایبەت دەکات. نۆ پەیماننامەی سەرەکی هەیە کە من لە ئێرەدا هەشتیانم کردوە بە کوردی:

1. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری ICCPR.
2. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری ICESCR.

3. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی ICERD.
4. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان CEDAW.
5. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژی ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردنێکی یان سزادانێکی دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە CAT.
6. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی منداڵان CRC.
7. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا CRPD.
8. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی پارێزگاریکردنی هەموو مرۆڤێک لە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە.
9. پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامەکانی خێزانیان.

هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە، کە پەیماننامەیەکی پەسەندکردووە و پابەندبووە پێی، دەبێت بە بەردەوامی ڕاپۆرتێک بدات بە ئەو کۆمیتەیەی کە بە گوێرەی پەیماننامەکە دامەزرێندراوە. هەروەها نوێنەری وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە بۆ باسکردنی ڕاپۆرتەکە بانگهێشت دەکرێت. ئەگەر کۆمیتە واتێبگات کە ڕاپۆرتەکە ناڕۆشنە یان ناتەواوە ئەوا دەبێت حکومەتی ئەو وڵاتی ئاماژەپێکراوە ڕاپۆرتەکەی باشتربکات و پێشکەش بکاتەوە. دواتر کۆمیتە ڕاپۆرتەکە هەڵدەسەنگێنێت و سەرنج و تێڕوانینی خۆی دەربارەی دەدات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پەیماننامەکان[1].

دەربارەی پەیماننامەکان دەکرێت زۆر بگوترێت بەڵام بە کورتی: ئەم پەیماننامانە بۆ دانیشتوانی کوردستان گەلێک گرنگن، بە تایبەتی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە چاودێری و داکۆکی لە مافەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ دەکەنەوە چونکە ئەم پەیماننامانە کەرەستەی یاسایین کە ئەرک و لێپرسراویەتی حکومەت بەرامبەر بە هاوڵاتیان دەستنیشان دەکات. هەروەها ئەم پەیماننامانە بۆ حکومەتیش، لە ڕوانگەی ڕێزگرتن و فەراهەم کردنی مافەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، گرنگن.

غازی عەلی خورشید ستۆکهۆڵم 2010-03-12

[1] سەرچاوە لە بەرواری 2009-03-10:
http://www.fn.se/fn-info/verksamhetsomraden/manskliga-rattigheter-och-demokrati/karnkonventionerna/

# جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ

لە 10–12–1948 لە لایەن ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراوە

**پێشەکی**

لە دەمێکدا کە دانپێداهێنان بە بەهای شکۆمەندانە و مافی یەکسان و چەسپیوی هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتییە لە جیهان،

لە دەمێکدا بێ ڕێزی و سووکایەتی بە مافەکانی مرۆڤ بووە بە هۆی کردەوەی دڕندانە بە جۆرێک کە ویژدانی مرۆڤایەتی شڵەژاندووە، دیسان لە پێکهێنانی ئەو جیهانەی کە مرۆڤ تیایدا بتوانێت خۆشگوزەران بێت بە ئازادی دەربڕین و بڕوابوون، هەروەها ئازاد بێت لە ترس و پێویستی، وەکو بڵندترین هیوا و کۆششی تێکڕای خەڵک خەملێندراوە،

لە دەمێکدا ئەگەر ڕاپەڕین، وەکو دوواهەمین ئامراز کە مرۆڤ بەکاریبهێنێت، دژی زۆرداری و سەرکووتکردن زۆر پێویست بێت، دەبێت مافەکانی مرۆڤ بەپێی مەرجەکانی یاسا بێتە پاراستن،

لە دەمێکدا کە هاندانی گەشەکردنی پەیوەندیی هاوڕێیانە لە نێوان نەتەوەکاندا زۆر پێویستە،

لە دەمێکدا خەڵکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەستووردا دووپاتی بڕوابوونیان بۆ مافەکانی بنەڕەتی مرۆڤ، بۆ شکۆمەندی و بەهای تاکە کەس و بۆ مافی یەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان کردۆتەوە، هەروەها جەختیان بۆ هاندانی گەشەسەندی کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیانێکی باشتر لە ژینگەیەکی فرە ئازاد تردا کردۆتەوە،

لە دەمێکدا وڵاتانی ئەندام سۆزدەدەن، بە هاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە کاریگەرانە پشتگیری مافەکانی گشتی و چاودێری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بکەن،

لە دەمێکدا تێگەیشتنێکی گشتی بۆ ئەم مافانە و ئازادییانە زۆر گرنگن لە بەدیهێنانی ئەم سۆزدانە،

**لەبەر ئەمە ئێستا، *ئەنجومەنی گشتی*** جاڕی ***جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ*** وەکو هێڵێکی ئاراستەکراوی گشتی بۆ گشت خەڵکان و گشت نەتەوەکان دەدات، بە جۆرێک گشت تاکێک و گشت کۆمەڵێک لە کۆمەڵگادا، ئەم جاڕنامەیەی بە بەردەوامی لە یاد بێت و دەبێت لە ڕێگای مەشق و خوێندنەوە تێبکۆشێت بۆ پشتیوانیکردنی ڕێزگرتنی ئەم مافانە و ئازادیانە و لە ڕێگەی پێوەری گەشەسەندووی نەتەوەیی و نێونەتەوەییەوە باوەڕهێنان و چاودێری و جێبەجێکردنەکانی گشتییانەی خۆیان دڵنیابکەن، لە نێو هەردوو خەڵکانی وڵاتانی ئەندام و خەڵکانی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی یاسایی وڵاتانی ئەندامدا نیشتەجێن.

**بەندی 1**

**هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و لە بەها و مافدا یەکسانن. مرۆڤەکان ژیری و ویژدانیان پێبەخشراوە و دەبێت بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوت بکەن.**

**بەندی 2**

**گشت مرۆڤەکان شایستەی وەرگرتنی ئەو هەموو ماف و ئازادیانە هەن کە لە ئەم جاڕنامەیەدا هاتووە، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر بنەمای وەکو، نەژاد، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، زمان، ئایین، بۆچوونی ڕامیاری یان هیتر، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، سامان، لەدایک بوون یان پێگەی تر. دیسان نابێت هیچ جۆرە جیاوازییەک بکرێت لەسەر بنەمای پێگەی ڕامیاری، یاسایی یان نێونەتەوەیی ئەو وڵاتەی یان ناوچەیەی کە کەسێکی پێگردەدرێت، ئینجا ئەگەر ئەم وڵاتە یان ناوچەیە سەربەخۆ بێت یان تاکو ماوەیەکی دیاریکراو ڕێڤەبەری بکرێت، خۆی ڕێڤەبەر نەبێت یان سەروەرییەکی سنوورداری هەبێت.**

**بەندی 3**

**هەموو مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی کەسیەتی هەیە.**

**بەندی 4**

**نابێت هیچ کەسێک بکرێت بە کۆیلە یان نۆکەر، هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی و بازرگانی کۆیلەیەتی دەبێت قەدەغەبێت.**

**بەندی 5**

**هیچ کەسێک ئەشکەنجە نادرێت و ناخرێتە ژێر مامڵەی یان سزای دڵڕەقانە، نامرۆڤانە و بێڕێزانە.**

**بەندی 6**

**هەموو کەسێک لە ڕوانگەی یاساییەوە مافی دانپێداهێنانی وەکو کەس هەیە.**

**بەندی 7**

**هەموو مرۆڤەکان لە بەردەم یاسادا یەکسانن و بەبێ هەڵاواردن مافیان بۆ هەمان پارێزگاری لە لایەن یاساوە هەیە. هەموو مرۆڤەکان مافی هەمان پارێزگاریکردنیان هەیە لە دژی هەر هەڵاواردنێک کە پێچەوانەی ئەم جاڕنامەیە بێت، هەروەها لە دژی هەر هاندانێک کە دەبێتە هۆکاری هەڵاواردنی لە ئەم جۆرە.**

**بەندی 8**

**هەموو کەسێک مافی وەرگرتنی یارمەتی یاسایی لە دادگا کارامەکانی وڵات هەیە لە دژی هەر کردەوەیەک کە مافە بنەڕەتییەکانی، کە لە یاسا یان دەستووردا دیاریکراوە، پێشێلدەکات.**

**بەندی 9**

**هیچ کەسێک بە هەڕەمەکی دەستبەسەرناکرێت، زیندانی ناکرێت و دوورناخرێتەوە.**

**بەندی 10**

**هەموو کەسێک، بە تەواوی یەکسانی لەگەڵ ئەوانی تردا، مافی بۆ دەستنیشانکردنی مافەکان و ئەرکەکانی و هەر تاوانێک کە ڕووبەڕووی کرابێت هەیە، ئەمیش لە بەردەم دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و فەرمی و دادپەروەر.**

**بەندی 11**

1. **هەموو کەسێک، کە تاوانبارکرابێت بۆ کردنی تاوانێک، مافی هەیە وەکو بێ تاوان سەیربکرێت تاکو ئەو کاتەی لە دادگایەکی فەرمی تاوانەکەی مسۆگەر دەکرێت، ئەمیش پاش ئەوەی ئەم کەسە هەموو کەرەستەکانی بەرگریکردنی بۆ دابین کرابێت.**
2. **هیچ کەسێک دادگایی ناکرێت بۆ کردنی کردەوەیەک یان کەمتەرخەمییەک کە لە دەمی ئەنجامدانیدا بەپێی یاسای نیشتمانی یان نێونەتەوەیی سزادراو نەبووبێت. هەروەها سزایەکی قورستر لە ئەو سزایە نادرێت کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بۆ ئەو کردەوەیە دانراوە.**

**بەندی 12**

**نابێت هەڕەمەکییانە دەستوەربدرێت لە ژیانی تایبەتی، خێزانی، ماڵ و دەوروبەری هیچ کەسێک، یان پەلاماری ئابڕو و شکۆمەندی هیچ کەسێک بدرێت. هەموو کەسێک بەپێی یاسا مافی پارێزگاریکردنی لە دژی ئەم دەستوەردانە یان پەلاماردانە هەیە.**

**بەندی 13**

1. **هەموو کەسێک مافی ئازادی هاتووچۆ و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لە نێو هەر وڵاتێکدا هەیە.**
2. **هەموو کەسێک مافی جێهێشتنی وڵاتی هەیە، ئەمەش وڵاتی خۆ دەگرێتەوە، هەروەها مافی گەڕاندنەوەی بۆ وڵاتی خۆی هەیە.**

**بەندی 14**

1. هەموو کەسێک لە مەترسی گرتن و ڕاونان مافی پەنابردنی بۆ وڵاتێکی تر هەیە.
2. کەسێک کە بە تاوانی ناڕامیاری یان کردەوەی تر کە دژی بنەما و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە دادگایی کرابێت سوود لە ئەم مافە وەرناگرێت.

**بەندی 15**

1. هەموو کەسێک مافی هاووڵاتی بوونی هەیە.
2. هیچ کەس هەڕەمەکییانە مافی هاووڵاتیبوونی لێ ناسەندرێت، هەروەها مافی گۆڕینەوەی هاووڵاتی بوونی لێ قەدەغە ناکرێت.

**بەندی 16**

1. پیاو و ئافرەتی پێگەیشتوو مافی ژن و مێردایەتی و پێکهێنانی خێزانیان هەیە بەبێ هیچ سنووردارکردنیک لەسەر بنەمای نەژاد، نەتەوە یان ئایین. هەردوو هەمان مافیان هەیە لە پێش، کاتی پێکهێنانی خێزان و لە کاتی جیابوونەوەشدا.
2. ژن و مێردایەتی دەبێت بە تەنها لەسەر بنەمای تەواوی ڕەزامەندی ئازادانەی هەردوولا بێت.
3. خێزان یەکەی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگایە و مافی پارێزگاریکردنی لە لایەن کۆمەڵگا و حکومەتەوە هەیە.

**بەندی 17**

1. هەموو کەسێک مافی هەیە بە تەنیا یان لە ڕێکخراوێک لەگەڵ کەسانی تردا سامانی هەبێت.
2. هیچ کەسێک هەڕەمەکییانە سامانی لێزەوت ناکرێت.

**بەندی 18**

هەموو کەسێک مافی ئازادی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایینی هەیە؛ ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئاین یان بڕوا دەگرێتەوە، هەروەها هەموو کەسێک بە تەنها یان لەگەڵ کەسانی تردا، بە ئاشکرا یان بە تەنها، دەتوانێت ئازادانە ئایینی یان بڕوای خۆی لە ڕێگەی خوێندن، مەشقکردن، نوێژ و نەریتی تر پەیڕەو بکات.

**بەندی 19**

**هەموو کەسێک مافی ئازادانەی دەربڕین و بۆچوونی هەیە؛ ئەم مافەش هەڵگرتنی بۆچوون و ئازادی گەڕان، وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی بۆچوون و بیرۆکە دەگرێتەخۆ، لە ڕێگەی هەر ئامرازێکی دەربڕین بێت، بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک و بێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە سنوورێک.**

**بەندی 20**

1. **هەموو کەسێک مافی ئازادانەی بۆ ئەندامبوون لە کۆمەڵە ئاشتیخوازەکاندا هەیە.**
2. **هیچ کەسێک ناچارناکرێت ببێت بە ئەندامی ڕێکخراو.**

**بەندی 21**

1. **هەموو کەسێک مافی بەشداربوونی لە حکومەتی وڵاتدا هەیە، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی نوێنەرانی ئازاد هەڵبژێردراوەوە.**
2. **هەموو کەسێک مافی یەکسانی بۆ دەستڕەسبوونی خزمەتەکانی گشتی وڵات هەیە.**
3. **خواستی گەل دەبێت سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەت بێت؛ ئەم خواستەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و لە ماوەی دیاریکراودا دەردەبڕدرێت، کە ئەمیش لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی هەڵبژاردنی گشتی و مافی دەنگدانی وەکو یەک، دەنگدانی نهێنی و پرۆسەی ئازادانەی دەنگدان بناغە دەگرێت.**

**بەندی 22**

**هەر کەسێک بەپێی ئەو خەسڵەتەی کە ئەندامی کۆمەڵگایە مافی بۆ ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی هەیە و شایستەی دابینکردنی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە، کە پێویستن بۆ شکۆمەندی و پێشکەوتنی ئازادانەی کەسایەتی، بەپێی پێوەرەکانی نیشتمانی و هاریکاری نێونەتەوەیی و بەگوێرەی سەرچاوە و ڕێکخراوەکانی هەر وڵاتێک.**

**بەندی 23**

1. **هەموو کەسێک مافی بۆ کارکردن، بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی کار، بۆ دادپەروەری و بارودۆخێکی لەباری کارکردن و پاراستنی لە بێکاری هەیە.**
2. **هەموو کەسێک، بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێک، مافی هەمان مووچەی بۆ هەمان کار هەیە.**
3. **هەموو کەسێکی کارکەر مافی بۆ مووچەیەکی دادپەروەرانە و لەبار هەیە، کە دڵنیایی ژیانێکی ڕێزدارانە بە خۆی و خێزانەکەی دەدات و هەروەها، ئەگەر پێویست بێت، مووچەکەی بۆ تەواو بکرێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی پارێزگاریی کۆمەڵایەتییەوە "جڤاکییەوە".**
4. **هەموو کەسێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مافی دامەزراندن و بوون بە ئەندام لە سەندیکادا هەیە.**

**بەندی 24**

هەموو کەسێک مافی بۆ کاتی واڵا و حەوانەوەی هەیە، ئەمەش دیاریکردنی گونجاوی کاتەکانی کارکردن و پشووی ماوەیی لەگەڵ مووچە دەگرێتەخۆ.

**بەندی 25**

1. هەموو کەسێک مافی بۆ ژیانێکی ئاست گونجاو هەیە کە بەشی پاراستنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانی بکات، ئەمەش خۆراک، پۆشاک، خانوو، چاودێری تەندروستی و پێوسیتییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، هەروەها ئاسوودەیی لە دەمی بێکاری، نەخۆشی، کەمتوانایی، بێوە ژنی/پیاوی، پیری یان هەر لە دەستدانێکی تری کەرەستەکانی خۆژیاندن بە هۆی هەر بارودۆخێکەوە بێت کە لە دەستەڵاتی مرۆڤدا نەبێت.
2. دایکان و منداڵان مافیان بۆ یارمەتی و چاودێری تایبەت هەیە. هەموو منداڵان، کە لە چوارچێوەی یان لە دەرەوەی خێزان لەدایکبووبێتن، دەبێت بە هەمان پارێزگاری کۆمەڵایەتی خۆشگوزەران بن.

**بەندی 26**

1. هەموو کەسێک مافی بۆ خوێندن هەیە. خوێندن دەبێت بە خۆڕایی بێت، بە لایەنی کەم بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و بنەڕەتی. خوێندنی بنەڕەتی دەبێت ناچاری بێت. خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی دەبێت بۆ هەمووان فەراهەم بێت و خوێندنی باڵا دەبێت بە یەکسانی لەسەر بنەمای شارەزایی بۆ هەمووان فەراهەمبێت.
2. مەبەستی خوێندن دەبێت بۆ تەواوی پێشکەوتنی کەسایەتی بێت و دەبێت ڕێز بۆ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بەهێزتر بکات. خوێندن دەبێت لێک تێگەیشتن، نەرم و نیانی و دۆستایەتی لە نێوان نەتەوەکان، نەژادەکان و ئایینەکان پشتگیری بکات و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی برەو پێبدات.
3. باوکان و دایکان بەرپرسیاری یەکەمن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردن و خوێندنی منداڵان.

**بەندی 27**

1. هەموو کەسێک مافی هەیە ئازادانە لە ژیانی کەلتووری کۆمەڵگادا بەشدار بێت، چێژ لە هونەر وەربگرێت و لە پێشکەوتن و قازانجەکانی زانستی بەشداربێت.
2. هەموو کەسێک مافی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕەوشتی و کەرەستەیی، بۆ هەر کارێکی زانستی، وێژەیی یان هونەری کە ئەو خاوەنیەتی، هەیە.

**بەندی 28**

**هەموو کەسێک شایستەی مەرجەکانی کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەیی هەیە، بە جۆرێک کە ئەو ماف و ئازادییانەی لە ئەم جاڕنامەیەدا بەیان کراوە، بتوانێت بە تەواوی بەدیبهێنێت.**

**بەندی 29**

1. **هەموو کەسێک بەرپرسیارە بەرامبەر بە کۆمەڵگا، کە لە ئەوێدا بوار بە گەشەسەندنی تەواوی کەسایەتی ئەو دەدرێت.**
2. **لە پیادەکردنی ماف و ئازادییەکاندا دەبێت هەموو کەس ڕەچاوی ئەو سنووردارییانە بکات کە لە یاسادا دەستنیشانکراوە و کە تەنها مەبەستی ڕەچاوکردن و ڕێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی ترە، هەروەها کە مەبەستی داواکاری ڕەوای بەرجەستەکردنی ڕەوشتی–، مەرج– و خۆشگوزەرانی گشتییە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا.**
3. **ئەم ماف و ئازادییانە نابێت دژ بە بنەما و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پیادەبکرێت.**

**بەندی 30**

**نابێت هیچ لە ئەم جاڕنامەیە بە ئەو جۆرە شرۆڤەبکرێت کە ڕێگەدەدات بە دەوڵەتێک، کۆمەڵەیەک یان کەسێک کە چالاکییەک یان کردەوەیەک ئەنجامبدات کە مەبەستی تێکدانی هەر کام لە ئەم ماف و ئازادییە بەیانکراوانەیە.**

## پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری

لە 16 دیسەمبەری 1966 وەرگیراوە و ئامادەکراوە بۆ واژۆکردن، پەسەندکردن و پاپەندبوون بە پێی بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ژمارە 2200 A (XXI)
لە 16-01-1976 وە بەکارادەکرێت، بەپێی بەندی 27

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە،

**وادەڕوانن**، بەپێی ئەو پرینسیپانەی کە لە دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیەندراوە، کە دانهێنان بە بەهای شکۆمەندانە و مافی یەکسان و چەسپیوی هەموو ئەوانەی کە سەر بە خێزانی مرۆڤایەتین بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتییە لە جیهاندا،

**بڕوادەهێنن** کە ئەم مافانە لە بەهای شکۆمەندانەی هەموو مرۆڤێکەوە سەرچاوە دەگرێت،

**بڕوادەهێنن**، بەپێی جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ، کە گەیشتن بە ئاواتی مرۆڤێکی ئازاد، کە دوور لە ترس و پێویستی ئازاد دەگوزەرێت، تەنها لە دەمێکدا بە ئەنجام دەهێنرێت کاتێک ئەو ڕەوشەی، کە تیایدا هەموو مرۆڤێک بتوانێت کەڵک لە مافەکانی ئابووری و جڤاکی و کەلتووری هەروەکو مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری وەربگرێت، بەدی هاتبێت،

**وادەڕوانن** کە پشتگیریکردن بۆ ڕێزگرتنی گشتی و چاودێریکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤایەتی ئەرکی وڵاتانە بەپێی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان،

**ڕەچاوی ئەوە دەکەن**، کە هەموو کەسێک ئەرکی بەرامبەر کەسانی تر و ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو ئەندامە تیایدا هەیە، هەروەها ئەو لێپرسراوە کە کۆشش بکات بۆ ئەوەی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە پشتگیری و چاودێری بکرێت،

لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکدەکەون:

**بەشی یەکەم**

**بەندی 1**

1. هەموو خەڵک مافی دیاریکردنی چارەنوسی هەیە. بە پشتبەستن بە ئەم مافە، ئەوان دەتوانن ئازادانە پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیاربدەن و ڕێچکەی گەشەسەندنی خۆیان لە بوارەکانی ئابووری و جڤاکی و کەلتووریدا بگرن.

2. هەموو خەڵک، بەپێی مەبەستەکانی خۆیان، دەکرێت بۆیان هەبێت ئازادانە سامان و سەرچاوەی سروشتیان بەبێ پێشداوەری، بۆ هەر ئەرکێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی پرینسیپەکانی هاوکاری ئابووری نێونەتەوەییانە و کە لەسەر قازانجی هاوبەش و یاساکانی نێونەتەوەییدا بناغەدەگرێت، بەکاربهێنن. لە هیچ بارێکدا ئەگەرە فەراهەمکراوەکانی دەستکەوتی خەڵک زەوتناکرێت.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، ئەمەش ئەو وڵاتانەی کە لێپرسراون بەرامبەر بە ئەو ناوچانەی کە ڕێڤەبەری خۆیی-یان نییە و ڕێڤەبەرکراون دەگرێتەوە، دەبێت پشتگیری لە بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بکەن، هەروەها دەبێت ڕێز لە ئەم مافە بگرن، بەپێی بڕگەکانی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان.

**بەشی دووهەم**

**بەندی 2**

1. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی، خۆیی و لە ڕێگەی هاوکاری و یارمەتی نێونەتەوەیی بە تایبەتی  ئابوری و تەکنیکی، پێویست بۆ تەواو کەڵک لێوەرگرتنی لە سەرچاوە فەراهەمکراوەکانی بگرێتەبەر، ئەویش بە مەبەستی مسۆگەرکردنی بەدیهێنانی قۆناغ پاش قۆناغی تەواوی مافە دانپێهێنراوەکانی ئەم پەیماننامەیە لە ڕێگەی بەکاربردنی هەموو پێوەرێکەوە، ئەمەش پێوەرەکانی یاسادانان دەگرێتەوە.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ئەرک لە ئەستۆ دەگرن کە گەرانتی جێبەجێکردنی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە بکەن، بەبێ هەڵاواردکردن لەسەر هەر جۆرە بنەمایەک وەکو نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، ڕامیاری و بۆچوونی تر، نەتەوە یان پاشکۆی جڤاکی، سامان، چین و هەر پێگەیەکی تر.
3. وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان، بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئابوری نەتەوایەتییان، دەکرێت بۆیان هەبێت تاکو سنورێک مافەکانی ئابوریی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە بۆ کەسانی نا-هاووڵاتی مسۆگەربکەن.

**بەندی 3**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان، لە دڵنیاکردنی مافی یەکسانی پیاوان و ئافرەتان بۆ سوودمەندبوونیان لە هەموو ئەو مافە ئابوری و جڤاکی و کەلتورییانەی کە لە ئەم پەیماننامەدا هەیە، پابەنددەکەن.

**بەندی 4**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دانبەهێنن بە ئەوەی کە، لە سوودمەندبوون بۆ ئەو مافانەی کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە لە لایەن دەوڵەتەوە مسۆگەرکراوە، دەوڵەت تەنها ئەو دەمانە دەتوانێت ئەم جۆرە مافانە

سنووردارىكات كە لە ياسادا دەست نیشانکراوە، هەروەها تەنها تاکو ئەو پانتاییەی کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئەم مافانە و تەنها بە مەبەستی پێشخستنی خۆشگوزەرانی گشتی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا.

بەندی 5

1. هیچ لە ئەم پەیماننامە نابێت بەو جۆرە شرۆڤەبکرێت کە ماف بدات بە وڵاتێک، کۆمەڵێک یان کەسێک کە خۆی خەریک بە چالاکییەک یان مامڵەکردنێک بکات، کە مەبەستی تێکشکاندنی هەر کام لە ئەو ئازادی و مافە باوەڕپێکراوەنە بێت کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە یان سنووردارکردنی زیاتری ئەو چێوانە کە دیاریکراوە لە پەیماننامەکە،
2. نابێت هیچ سنووردارکردنێک یان لادانێک بۆ هەر یەک لە ئەو مافە بنەڕەتییە مرۆڤایەتییە دانپێداهێنراوانە، یان کە بوونیان هەیە، بکرێت لە هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بە هۆی یاسا، ڕێکەوتن، ڕێسا و پێوەری تر بە بیانووی ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە دانناهێنێت بە ئەم مافانە یان لە ئاستێکی نزمتر دانیان پێدادەهێنێت.

بەشی سێهەم

بەندی 6

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی کارکردن، ئەمەش مافی دەرەفتی بژێویکردن بۆ هەر کەسێک لە ڕێگەی کارێکەوە، کە ئەو خۆی ئازادانە هەڵیدەبژێرێت یان ڕەزامەند دەبێت پێی دەگرێتەوە، و دەبێت پێوەری گونجاو بگرنەبەر بۆ پاراستنی ئەم مافە.
2. ئەو پێوەرانەی کە لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامەوە بۆ بەدیهێنانی تەواوی ئەم مافە دەگیرێتەبەر، دەبێت ئەمانە بگرێتەخۆ؛ ڕابەری تەکنیکی و پیشەیی، بەرنامەی مەشقکردن و هێڵی ئاراستەکراو کە تەرخانکراوە بۆ چەسپاندنی گەشەسەندنێکی هاوئاست لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریدا، هەروەها خستنەسەرکاری تەواو بەپێی ئەو مەرجانەی کە مافەکانی بنەڕەتیی ڕامیاری و ئابوری تاک دەپارێزێت.

بەندی 7

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی هەموو کەسێک بۆ سوودمەندبوونی لە مەرجەکانی دادپەروەرانە و پەسەندکراوانەی کار کە دڵنیایی دەدات بە تایبەت ئەمانە:

a. کرێی کارکردن بە هەموو کرێکارێک، لەگەڵ بە لایەنی کەم:

i. موچەی دادپەروەرانە و کرێی کاری یەکسان بۆ بەهای کاری یەکسان بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک، بە تایبەتی دەبێت مەرجەکانی کارکردنی ئافرەتان دڵنیابکرێت لە ئەوەی کە نابێت کەمتر سوودمەندتر بن لە پیاوان، لەگەڵ دەستخستنی هەمان موچە بۆ هەمان کار؛

ii. بژێویەکی لەبار بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان بەپێی پەیرەوەکانی ئەم پەیماننامەیە.

b. ژینگەی کارکردنی تەندروست و دڵنیا؛

c. هەلی یەکسانی پێشکەوتن بۆ ئاستێکی گونجاوی بەرزتری کارمەندی بۆ هەموو کەسێک، کە بەند نییە بە هیچ مەرجێکەوە بێجگە لە ماوەی کارمەندی و شارەزایی؛
d. حەسانەوە، پشوو، کەمکردنی ماوەی کارکردن و پشووی درێژماوە لەگەڵ موچە، هەروەکو دانی موچە بۆ ڕۆژەکانی پشووی گشتی.

**بەندی 8**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە دڵنیایی بدەن کە:
a. هەموو کەسێک مافی دامەزراندنی سەندیکای کرێکاری و بوون بە ئەندام لە سەندیکای کرێکاری بە ویستی خۆی و پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ئەم جۆرە ڕێکخراوەی بۆ پێشخستن و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەیە. نابێت هیچ سنووردارکردنێک بخرێتە سەر تاقیکردنەوەی ئەم مافە بێجگە لە ئەوانەی کە لە یاسادا باسی لێکراوە و کە پێویستن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و فەرمانی گشتی *public order* یان بە مەبەستی پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا؛
b. سەندیکاکانی کرێکاری مافی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کرێکاری نەتەوەییان هەیە، ئەمیش مافی دامەزراندنی یان گرێدانی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوێکی سەندیکایی یەکگرتووی نێونەتەوەییدا هەیە؛
c. سەندیکاکانی کرێکاری مافیان هەیە ئازادانە چالاکی بکەن بەبێ هیچ جۆرە سنووردارکردنێک، بێجگە لە ئەوانەی کە لە یاسادا باسی لێکراوە و پێویستن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و فەرمانی گشتی یان بە مەبەستی پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا؛
d. مافی مانگرتن دابینکراوە، بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی کە مانگرتنەکە بە گوێرەی یاساکانی وڵاتێکی دیاریکراو یەکدەگرێتەوە.
2. ئەم بەندە نابێت ڕێگر بێت لە جێبەجێکردنی سنووورداری یاسایی بەسەر تاقیکردنەوەی ئەم مافانە بۆ ئەندامانی هێزە چەکدارەکان یان پۆلیس یان کارمەندانی کارگێڕی حکومەتی.
3. نابێت هیچ لە ئەم بەندە ڕێگە بدات بە وڵاتێک، کە گرێدراوی پەیماننامەی ساڵی 1948ی ڕێکخراوەکانی کرێکاریی نێونەتەوەییە *Internatioal Labour Organisation Convention* کە دەربارەی ئازادی ڕێکخراو و پارێزگاریکردنی مافی ڕێکخستنە *Freedom of Association and Protection of the Right to Organize*، بۆ داڕشتنی یاسایەک کە سنووردادەنێت یان جێبەجێکردنی یاسایەک بە جۆرێک کە سنووردادەنێت بۆ ئەو پارێزگارییە گەرانتیدارانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە.

**بەندی 9**

وڵاتانی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە داندەهێنن بە مافی ئاسایشی جڤاکی بۆ هەموو کەسێک، ئەمەش ئاسوودەیی "بیمەی" جڤاکی "کۆمەڵایەتی" دەگرێتەوە.

**بەندی 10**

ولاَتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن کە:

1. تاکو بوار هەبێت دەبێت خێزان، کە یەکەی بنەڕەتی و سروشتی کۆمەڵگایە، بە فراوانترین شێوە پارێزگاری بکرێت و یارمەتی بدرێت؛ بەتایبەتی لە دامەزراندنی خێزان و لە ئەو دەمانەی کە خێزان لێپرسراوە لە چاودێری و پەروەردەی خوێندنی ئەو منداڵانەی کە ناتوانن خۆیان بژێنن. بونیادنانی هاوسەرییەتی دەبێت بەپێی ڕەزامەندی ئازادانەی هەردوولا بێت.
2. پارێزگاری و یارمەتی تایبەتی بۆ ماوەیەکی گونجاو دەبێت لە پێش و پاشی منداڵبوون بدرێت بە دایکان. لە ئەم ماوەیەدا دەبێت دایکە خاوەن پیشەکان سوودمەندبن لە موچەی پشوودان، یان پشوودان لەگەڵ وەرگرتنی سوودمەندی لە ئاسایشی جڤاکی لە ئاستێکی ئاسوودە.
3. پێوەری تایبەتی پارێزگاریکردن و یارمەتیدان بە قازانجی منداڵان و نەوجەوانان دەبێت بگیرێتەبەر، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لە سەر بنەمای ڕەچەڵەکی یان هۆکاری تر. منداڵان و نەوجەوانان دەبێت بپارێزرێن لە کەڵکلێوەرگرتنیان لە بوارەکانی جڤاکی و ئابوری. بەکارهێنانی منداڵان لە کارکردنێک، کە زیانبەخشە بۆ سەر ڕەوشت و تەندروستییان یان مەترسیدارە بۆ سەر ژیانیان یان ڕێگرە لە گەشەسەندنێکی ئاساییانەی ئەوان، دەبێت بەپێی یاسا سزادراو بێت. هەروەها ولاَتەکان دەبێت سنووری تەمەن دیاری بکەن و بەکارکردنی منداڵان و موچە پێدانیان بەپێی یاسا قەدەغە و سزادراو بکات.

**بەندی 11**

1. ولاَتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی هەموو کەسێک لە سوودمەندبوونی بۆ ژیانێکی لەبار بۆ خۆی و خێزانی، ئەمەش خواردن و پۆشاک و خانووی پێویست، هەروەها بەردەوامی باشتربوونی دۆخی ژیان دەگرێتەوە. ولاَتانی بەشداربووی پەیماننامە هەنگاوی گونجاو لە دڵنیابوونی بەدیهێنانی ئەم مافە دەگرنەبەر، هەروەها ئەم ولاَتانە داندەهێنن کە هاریکاری نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای ئازادانە پڕ واتابەخشە لە ئەم بوارەدا.
2. ولاَتانی بەشداربووی پەیماننامە، داندەهێنن بە مافی بنەڕەتی هەر مرۆڤێک کە ئاسودە بێت لە مەترسی برسییەتی، دەبێت هەر ولاَتێک لە لایەن خۆیەوە و لە ڕێگەی هاریکاری نێونەتەوەیی هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر، لە بەکاراکردنی بەرنامەی تایبەت:

a. بۆ باشترکردنی ڕێبازی بەرهەمهێنان و هەڵگرتن و دابەشکردنی خواردەمەنی لە ڕێگەی سوودمەنبوونی تەواو لە شارەزاییەکانی تەکنیکی و زانستی، بەهۆی بلاَوەپێکردنی زانیارییەکانی زانستی خۆراکی و پێشخستنی یان بەڕیفۆڕمکردنی سیستەمی کشتوکاڵی بە جۆرێک کە تاکو بکرێت بڵندترین پێشکەوتن و کەڵکلێوەرگرتنی سامانەکانی سروشتی فەراهەم بکات؛

b. بۆ ڕەچاوکردنی گرفتەکانی ولاَتان لە هەردوو هێنان و هەناردنە دەرەوەی خۆراک، بۆ دڵنیاکردنی لەباری دادپەروەرانەی دابەشکردنی خۆراکی جیهانی بە گوێرەی پێویست.

## بەندی 12

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی هەموو کەسێک لە دەسترەسی و سوودمەندی بۆ بڵندترین ئاستی تەندروستی جەستەیی و دەروونی.
2. ئەو هەنگاوە پێویستانەی کە دەبێت لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە بگیرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە، ئەمانە دەگرێتەوە:

a. کەمکردنی ڕێژەی لەبارچوون و مردنی منداڵان، هەروەها پشتیوانیکردنی گەشەکردنی دروستانەی منداڵان؛
b. باشترکردنی تەندروستی هەموو ڕوانگەکانی ژینگەیی و پیشەسازی؛
c. ڕێگرتن لە بەرپابوونی پەتا، چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنی پەتا، و نەخۆشییە پیشەییەکان و نەخۆشی تر؛
d. بەدیهێنانی مەرجەکانی دابینکردنی خزمەتی پزیشکی و تەندروستی لە دەمی نەخۆشیدا.

## بەندی 13

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی هەموو کەسێک بۆ خوێندن. ئەم وڵاتانە ڕێکهاتوون کە مەبەستی خوێندن دەبێت ئاراستەی گەشەسەندنی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و هەستکردن بە بەهاکانی مرۆڤایەتی، هەروەها بۆ بەهێزکردنی ڕێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی بنەڕەتی، بکرێت. دیسان ئەم وڵاتانە ڕێکدەکەون کە دەبێت خوێندن بوار بۆ هەموو کەسێک برەخسێنێت کە بەشداری چالاکانە بکات لە کۆمەڵگای ئازاددا، پشتیوانی لێکتێگەیشتن، هەمواری و هاوڕێیەتی لە نێوان گشت نەتەوەکان و ڕەگەزەکان و ئێتنیکەکان و ئاینەکان، و تەنانەت پشتیوانی چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پارێزگاریکردنی ئاشتیدا بکات.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن، بۆئەوەی ئەم مافە بە تەواوی بهێنرێتەدی، کە:

a. خوێندنی سەرەتایی دەبێت ناچارانە بێت و دەبێت بە خۆڕایی بۆ هەموو کەسێک دابین بکرێت،
b. خوێندنی ئامادەیی، کە لە پاش سەرەتایی دێت، بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەمەش خوێندنەکانی پیشەیی و تەکنیکی دەگرێتەوە، دەبێت بکرێت بە گشتی، فەراهەمکراو و دەسترەس بێت بۆ هەموو، بەهۆی بەکارهێنانی هەموو پێوەرێک و بە تایبەتی جێبەجێکردنی قۆناغ بە قۆناغی بەخۆڕاییکردنی خوێندن،
c. خوێندنی باڵا دەبێت بە یەکسانی بۆ هەموو کەس فەراهەمکراو بێت، لەسەر بنچینەی توانا، بەهۆی بەکارهێنانی هەموو پێوەرێک و بە تایبەتی جێبەجێکردنی قۆناغ بە قۆناغی بەخۆڕاییکردنی خوێندن،
d. خوێندنی بنەڕەتی دەبێت تاکو بوار هەبێت هانبدرێت و بەتینبکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندنی سەرەتاییان نەخوێندوە یان تەواو نەکردوە،
e. پەرەپێدانی سیستەمی خوێندنگاکان دەبێت کاریگەرانە لە گشت ئاستەکاندا بەدواچوونی بۆ بکرێت، سیستەمێکی دەرماڵەیی لەبار دەبێت بێتە دامەزراندن، و مەرجەکانی کەرەستەیی ستافی مامۆستایان دەبێت بە بەردەوامی پێشبخرێت،

3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە ڕێز لە باوکودایک، لە باری تردا، و چاودێریکەری یاسایی تر بگرن کە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی خوێندنگا بۆ منداڵەکانیان، بێجگە لە ئەو خوێندنگایانەی کە لە لایەن ڕێڤەبەرییە فەرمییەکانەوە دامەزراوە، بە ئەو جۆرەی کە بەرنامەی خوێندنەکانیان بەرامبەر بە کەمترینی ئاستی خوێندنی ئەو داواکارییانەی کە لە لایەن لایەنە فەرمییەکانەوە ئاماژەی پێکراوە یان پەسەندکراوە دەهێنێتەدی، تەنانەت پابەندبوونەکە ڕێزگرتن لە ئازادی پەروەردەی ڕەوشتی و ئاینی منداڵەکان بە ئەو جۆرەی کە دایکوباوکان دەیانەوێت دەگرێتەوە.
4. هیچ بەشێکی ئەم بەندە نابێت بە ئەو جۆرە شرۆڤەبکرێت کە سنوور لە مافی کەسێک یان ڕێکخراوێک دەگرێت بۆ ئەوەی خوێندنگا دابمەزرێنێت یان بەڕێوەی ببات، بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی کە ئەم خوێندنگایانە ڕەچاوی پرینسیپە نیشاندراوەکانی پەرەگرافی یەکی ئەم بەندە دەکەن و بەرنامەی خوێندنی ئەم خوێندنگایانە وەڵامی کەمترینی ئەو ئاستی داواکارییەی کە لە لایەن حکومەتەوە دانراوە، دەدەن.

**بەندی 14**

هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە، یان لە ئەو دەمەی کە خۆی پابەندکردوە، کە نەیتوانی بێت خوێندنی ناچارانە و بەخۆڕایی قۆناغی سەرەتایی، لە ناوچەی یان ئەو ناوچانەی کە دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەواییەوە، فەراهەمبکات، خۆی پابەنددەکات کە، لە ماوەی دوو ساڵدا، کار بکات و پلانێکی بەرفراوان بۆ ئەو پێوەرانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵێکی گونجاودا، دەبێت دەستنیشانی ماوەکە لە پلانەکەدا بکرێت، پرینسیپەکانی خوێندنی ناچارکراوانە و بەخۆڕاییانەی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو کەسێک دابڕێژێت.

**بەندی 15**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی هەموو کەسێک کە:
   a. بەشدار بێت لە ژیانی کەلتوری،
   b. سوودمەند بێت لە دەستکەوتەکانی پێشکەوتنی زانستی و بەکارهێنانی،
   c. سوودمەند بێت لە پارێزگاریکردنی ئەو بەرژەوەندیە ڕەوشتی و کەرەستەییانەیە کە لە ئەنجامی هەر بەرهەمێکی زانستی، وێژەیی یان هونەرییەوە هاتبێت کە ئەو خاوەنی بێت.
2. هەنگاوە پەیڕەوکراوەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بۆ دڵنیایی کردنی تەواوی ئەم مافە دەبێت ئەوانە بگرێتەوە کە پێویستن بۆ پارێزگاریکردن و پێشخستن و بڵاوەپێکردنی زانست و کەلتور.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە ڕێز لە ئازادی، کە بنەڕەتییە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت، توێژینەوەی زانستی و چالاکییەکانی داهێنەران بگرن.
4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە ئەو قازانجانەی کە لە ئەنجامی هاریکاری و پەرەپێدانی گرێدانی نێونەتەوەییەوە لە بوارەکانی زانستی و کەلتورییەوە دێت.

**بەشی چوارەم**

**بەندی 16**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، بە گوێرەی ئەم بەشەی پەیماننامە، خۆیان پابەنددەکەن کە ڕاپۆرت، دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە گیراونەتەبەر و ئەو پێشکەوتننانەی کە هاتونەتەدی لە میانەی پەیڕەوکردنی مافە دانپێهێنراوەکانی ئەم پەیماننامە، پێشکەشبکەن.
2.
a. دەبێت هەموو ڕاپۆرتەکان بدرێت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەویش بە مەبەستی تاووتوێکردنی، بە گوێرەی پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە، کۆپییەکی دەنێرێت بۆ کۆنسڵی ئابوری و جڤاکی،
b. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بە هەمان شێوە کۆپییەکی ڕاپۆرتەکان، یان چەند بەشێکی هەڵبژێردراو لە ئەمانە، بنێرێت بۆ ئۆرگانە تایبەتمەندەکان. ڕاپۆرتەکان کە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە نێردراون کە لە هەمان دەمدا ئەندامن لە ئەم ئۆرگانە تایبەتمەندانە، بە ئەو شێوەیەی کە ئەم ڕاپۆرتانە، یان چەند بەشێکی ئەمانە، گرێدراوی ئەو بابەتانە بێت کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو لێپرسراوییەتەی کە ئەم ئۆرگانانە بەپێی دەستوری بە خۆیان هەیانە.

**بەندی 17**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت ڕاپۆرتەکانیان بە قۆناغ بدەن، بەپێی بەرنامەیەک کە دەبێت لە لایەن کۆنسڵی ئابوری و جڤاکییەوە داڕێژرابێت بە ڕاوێژکردن لەگەڵ وڵاتانی بەشداربوو و ئۆرگانە تایبەتمەندە بەرپرسەکان لە ماوەی یەک ساڵ پاش بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە.
2. ڕاپۆرتەکان دەبێت دەستنیشانی ئەو ڕەوش و ئاستەنگیانە بکات، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەم وڵاتانە لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەو پابەندبوونانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە.
3. ئەگەر پێشتر لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامەوە زانیاری پێویست دەربارەی ئەم بابەتە بە نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئۆرگانە تایبەتمەندەکان درابێت، ئەوا بە پێویست نازانرێت بۆ جارێکی تر هەمان زانیاری دووبارە بکرێتەوە، بەڵکو تەنها ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەی ئەم زانیارییانە بەسە.

**بەندی 18**

بەپێی ئەو لێپرسراوییەتییەی کە هەیانە لە سایەی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی بنەڕەتی، ئەوا کۆنسڵی ئابوری و جڤاکی بۆی هەیە ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆرگانە تایبەتمەندەکان *specialized agencies*، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی ئەم دووایییە بۆ کۆنسڵ، بکات دەربارەی ئەو پێشکەوتننانەی کە بەدیهاتوون لە میانەی جێبەجێکردنی پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە، ئەوانەی کە دەکەونە نێو چوارچێوەی چالاکییەکانیانەوە. ئەم ڕاپۆرتانە دەکرێت شیکردنەوەی وردتر بۆ ئەو

بڕیار و ئامۆژگارییانە بگرێتەخۆ کە لە لایەن ئۆرگانە تایبەتمەندەکانەوە بە مەبەستی جێبەجێکردن داڕێژراوە.

**بەندی 19**

کۆنسڵی ئابوری و جڤاکی دەتوانێت کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکان ئاگادار بکات، ئەویش بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ئامۆژگاری گشتی یان، ئەگەر هەبێت، زانیاری کە بەندن بە مافەکانی مرۆڤ بە جۆرێک ئەم وڵاتانە خۆیان پابەندکردوە پێی بەپێی بەندی 16 و 17 هەروەها ئەو بەندانەی کە پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە و کە لە لایەن ئۆرگانە تایبەتمەندەکانەوە بەپێی بەندی 18 دیاریکراوە.

**بەندی 20**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە و ئۆرگانە تایبەتمەندە بەرپرسەکان دەتوانن سەرنجی خۆیان دەربارەی هەر ئامۆژگارییەکی گشتی لەژێر بەندی 19 یان ئاماژەدان بە ئەم جۆرە ئامۆژگارییە گشتییانە لە هەر ڕاپۆرتێکی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ یان هەر دۆکمێنتێکی تر کە ئاماژەی پێکرابێت لە ئەم بارەوە بدەن بە کۆنسڵی ئابوری و جڤاکی.

**بەندی 21**

کۆنسڵی ئابوری و جڤاکی دەتوانێت ماوە دوای ماوە ڕاپۆرت، کە ئامۆژگاری گشتی و کورتەیەک دەربارەی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە و ئۆرگانە تایبەتمەندەکانەوە وەرگیراون کە دەربارەی ئەو پێوەرانەن کە گیراونەتەبەر و ئەو پێشکەوتنانەن کە بەدیهاتوون لە جێبەجێکردنی ئەو مافە گشتییانە کە لە ئەم پەیماننامەیەدا دانیپێداهێنراوە، بدات بە ئەنجومەنی گشتی.

**بەندی 22**

کۆنسڵی ئابوری و جڤاکی دەتوانێت ئاگاداری بدات بە ئۆرگانەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆرگانە پەیوەستدارەکانی ئەمان و ئۆرگانە تایبەتمەندەکان، کە چالاکن لە بواری پێدانی یارمەتی تەکنیکی، دەربارەی هەر گرفتێک کە دەردەکەوێت لە ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ئەم بەشەی پەیماننامەدا ئاماژەی پێدەکرێت، کە دەکرێت بۆ ئەم ئۆرگانانە یارمەتیدەربێت لە ئەو کاتەی کە، بەپێی ئەو بابەتانەی کە ئەوان شارەزاییان لێی هەیە، بڕیاردەدەن لە دروستی پێوەرە نێونەتەوەییەکان کە دەکرێت ببێتە هۆکاری یارمەتییەکی کاریگەر لە جێبەجێکردنی بەرە بەرەی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 23**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هاوئاهەنگن کە پێوەرەکانی نێونەتەوەیی لە بەدیهێنانی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە دەبێت دەرئەنجامی پەیماننامەکان و ئامۆژگارییەکانی پێشنیارکراو و پێدانی

یارمەتی تەکنیکی و کردنی کۆبوونەوەی ناوچەیی و کۆبوونەوەی تەکنیکی بە مەبەستی ڕاوێژکردن و لێکۆڵینەوە کە دەبێت بێتە ڕێکخستن بە هاوکاری لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندیدارن، بگرێتەخۆ.

**بەندی 24**

هیچ لە ئەم پەیماننامەیە نابێت بەو جۆرە بێتە شرۆڤەکردن کە بڕگەکانی نێو دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستوری ئۆرگانە تایبەتمەندەکان، کە پێناسەی هەر یەک لە لێپرسراویەتەکانی ئۆرگانە جیا جیاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە تایبەتمەندەکان دەکات بەپێی ئەو گرفتانەی کە لە ئەم پەیماننامەیە مامڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سنووردارەدەکات.

**بەندی 25**

هیچ لە ئەم پەیماننامەیە نابێت بەو جۆرە بێتە شرۆڤەکردن کە مافی بنەڕەتی مرۆڤەکان لە خۆشگوزەرانی و سوودوەرگرتنی تەواو و ئازادانەیان بۆ سەرچاوە و سامانە سروشتییەکانی خۆیان سنووردارەدەکات.

**بەشی پێنجەم**

**بەندی 26**

1. ئەم پەیماننامەیە کراوەیە بۆ واژۆکردن لە لایەن هەر وڵاتێکەوە کە ئەندامە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یان ئەندامە لە یەکێک لە ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی ئەم ڕێکخراوە، لە لایەن هەر وڵاتێکەوە کە گرێدراوی دادگای نێونەتەوەییە بۆ دادپەروەری، یان هەر وڵاتێکی تر کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بانگهێشتکراوە بۆ ئەوەی بەشداربێت لە ئەم پەیماننامەیەدا.
2. ئەم پەیماننامەیە دەبێت بێتە پەسەندکردن و کەرەستەی پەسەندکرنیش دەبێت لە لای سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێردرێت.
3. ئەم پەیماننامەیە دەبێت کراوە بێت بۆ پابەندبوون بۆ هەر وڵاتێک کە ئاماژەی پێکراوە لە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە.
4. پابەندبوون لە ڕێگەی سپاردنی کەرەستەی پابەندبوون لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە ئەنجامدان.
5. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ئاگاداری هەموو ئەو وڵاتانە بکات، کە پەیماننامەکەیان واژۆ کردوە یان پابەندبوون پێی، لە سپاردنی هەر کەرەستەی پەسەندکردنێک یان پابەندبوونێک.

**بەندی 27**

1. ئەم پەیماننامەیە سێ مانگ پاش ڕۆژی سپاردنی سی و پێنجەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان کەرەستەی پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.

2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پابەند دەبێت پێی لە پاش سپاردنی سی و پێنجەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێ مانگ پاش ڕۆژی سپاردنی پەسەندکردنەکە یان پابەندبوونەکە بەکارا دەکرێت.

**بەندی 28**

برگەکانی ئەم پەیماننامەیە دەبێت هەموو بەشەکانی وڵاتە فیدراڵەکان بگرێتەوە، بەبێ سنووردارکردن یان ئاوارتەکردن.

**بەندی 29**

1. هەموو وڵاتێک دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیە بکات و بەشێوەی تێکست بیدات بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکان بەسەر وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دابەشبکات لەگەڵ داواکارییەک لە نیشاندانی سەرنجی ئەم وڵاتانە بۆ ئەو لە بەستنی کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان. لە ئەگەری پەسەندکردنی کۆنفرانس لە لایەن یەک لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە، دەبێت سکرتێری گشتی بانگهێشتی کۆنفرانسێک لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات. هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراو، کە لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە کە ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکە، وەرگیرابێت، دەبێت دواتر بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسەندکردن.
2. گۆڕانکارییەکان بەکارادەبن، کاتێک ئەوان لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێنە پەسەندکردن بە گوێرەی پەیڕەوەکانی دامەزراوەیی هەر یەک لە ئەم دوو ڕێکخراوەیە.
3. بەکارا کردنی گۆڕانکارییەکان، دەبێت تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە گۆڕانکارییەکانیان پەسەندکردووە، وڵاتەکانی تر پابەندی برگەکانی ئێستا و هەرچی گۆڕانکاری پێشووتری پەیماننامە دەکەن کە ئەوان دەنگیان لەسەر داوە.

**بەندی 30**

بێجگە لە ئەو تێبینیانەی کە لە بەندی 26، پەرەگرافی 5، کراوە، دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو وڵاتانی ئاماژەکراوی پەرەگرافی 1ی هەمان بەند لە ئەم خاڵانەی خوارەوە ئاگادار بکات:

a. واژۆکردن، پەسەندکردن و پابەندبوون بەپێی بەندی 26 دەبێت.
b. ڕۆژی بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بەندی 27 دەبێت، هەروەها ڕۆژی بەکاراکردنی هەر گۆڕانکارییەک بەپێی بەندی 29 دەبێت.

**بەندی 31**

1. **ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لە ئەرشیڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دابنرێت.**
2. **سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کۆپی باوەڕپێکراوی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بەندی 26 ڕەوانەی وڵاتانی ئاماژەپێکراو بکات.**

# پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری

لە 16 دیسەمبەری 1966 وەرگیراوە و ئامادەکراوە بۆ واژۆکردن، پەسەندکردن و پاپەندبوون بە پێی بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ژمارە A2200 (XXI)

لە 23–3–1976 وە بەکارادەکرێت، بەپێی بەندی 49

**پێشەکی**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە،

**وادەڕوانن**، بەپێی ئەو پرینسیپانەی کە لە دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیەندراوە، کە دانهێنان بە بەهای شکۆمەندانە و مافی یەکسان و چەسپیوی هەموو ئەوانەی کە سەر بە ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتین بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتییە لە جیهان،

**بڕوادەهێنن** کە ئەم مافانە لە بەهای شکۆمەندانەی هەموو مرۆڤێکەوە سەرچاوە دەگرێت،

**بڕوادەهێنن**، بەپێی جاڕدانی گشتی مافەکانی مرۆڤ، کە گەیشتن بە ئاواتی مرۆڤێکی سەربەست، کە خۆشگوزەرانە بە ئازادییەکانی مەدەنی و ڕامیاری و ئازادە لە ترس و لە پێویستی، تەنها لە دەمێکدا بەدیدێت ئەگەر ئەو ڕەوشەی کە تیایدا هەموو مرۆڤێک بتوانێت خۆشگوزەران بێت بە مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری فەراهەمکرابێت، هەروەکو مافەکانی تری ئابووری و جڤاکی و کەلتووری،

**وادەڕوانن** کە پشتگیریکردن بۆ ڕێزگرتنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤایەتی ئەرکی وڵاتانە بەپێی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان،

**ڕەچاوی ئەوە دەکەن**، کە هەموو کەسێک ئەرکی بەرامبەر کەسانی تر و ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو ئەندامە تیایدا هەیە، هەروەها ئەو لێپرسراوە کە کۆشش بکات بۆ ئەوەی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە پشتگیری و چاودێری بکرێت،

لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکدەکەون:

## بەشی یەکەم

### بەندی 1

1. هەموو خەڵک مافی دیاریکردنی چارەنوسی هەیە. بە پشتبەستن بە ئەم مافە، ئەوان دەتوانن ئازادانە پێگەی رامیاری خۆیان بڕیاربدەن و ڕێچکەی گەشەسەندنی خۆیان لە بوارەکانی ئابووری، جڤاکی و کەلتووریدا بگرن.
2. هەموو خەڵک، بەپێی مەبەستەکانی خۆیان، دەکرێت بۆیان هەبێت ئازادانە سامان و سەرچاوەی سروشتیان بەبێ بۆچوونی پێشدەمییانە، بۆ هەر ئەرکێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی پرینسیپەکانی هاوکاری ئابووری نێونەتەوەییانەیە و کە لەسەر قازانجی هاوبەش و یاساکانی نێونەتەوەییدا بناغەدەگرێت، بەکاربهێنن. لە هیچ بارێکدا ئەگەرە فەراهەمکراوەکانی دەستکەوتی خەڵک زەوتناکرێت.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، ئەمیش ئەو وڵاتانەی کە لێپرسراون بەرامبەر بە ئەو ناوچانەی کە ڕێڤەبەری خۆیی-یان نییە و ڕێڤەبەرکراون دەگرێتەوە، دەبێت پشتگیری لە بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بکەن، هەروەها دەبێت ڕێز لە ئەم مافە بگرن، بەپێی بڕگەکانی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان.

## بەشی دووهەم

### بەندی 2

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە ئەرک دەگرێتە ئەستۆ کە مافە باوەڕپێکراوەکانی ئەم پەیماننامەیە بە ڕێز و دڵنیاییەوە بە هەموو کەسێک، کە دەکەوێتە نێو ناوچە و پەیوەستە بە یاساکانی دامەزراوییەوە، بدات، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر بنچینەی وەکو نەژاد، ڕەنگی قژ، ڕەگەز، زمان، ئایین، ڕامیاری و بۆچوونی تر، نەتەوە یان پاشکۆی جڤاکی، سامان، چین و هەرچییەکی تر.
2. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بەپێی پەیڕەوی یاساکانی دامەزراوی و پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە خۆی پابەنددەکات کە هەموو پێوەرێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەوەی لە ڕێگەی داڕشتنی یاسا یان هیتر مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە، کە هێشتا بە یاسا نەبووە، بهێنێتە جێهێنان.
3. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە خۆی پابەنددەکات کە:

a) دڵنیایی دەدات بە هەموو کەسێک کە، لە دەمێکدا ئەگەر ئازادی و مافەکانی بەپێی ئەم پەیماننامەیە پێشێلبکرێت، داواکاری چارەسەرکردنی کاریگەرانەی بۆ بڕەخسێنێت، تەنانەت ئەگەر پێشێلکارییەکە لە لایەن کاربەدەستێکەوە لە دەزگایەکی فەرمیدا کرابێت،

b) دڵنیایی دەدات بە ئەو کەسەی کە داواکارییەکی لەم جۆرە دەورژێنێت کە مافەکانی، لە لایەن یاساناسانی کارامە و دەزگای ڕێڤەبەری و یاساییەوە، یان هەر دەزگایەکی کارامە و یاسایی و ڕێپێدراوی تری حکومەت بۆ ئەوەی داواکارییەکە ڕێچکەی یاسایی خۆی بگرێت، بسەلمێنێت،

c) دڵنیایی دەدات کە ڕێڤەبەرییەکانی ڕێپێدراو ئەنجامی یاسایی ئەو داواکارییەی کە یەکلایی بووەتەوە جێبەجێدەکەن.

**بەندی 3**

**ولآتانی بەشداربووی پەیماننامە پابەندبوونی خۆیان بۆ دڵنیاکردنی مافی یەکسانی پیاوان و ئافرەتان لە سوودمەندبوونیان بۆ هەموو مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە دەسەلمێنن.**

**بەندی 4**

1. لە دەمی تەنگی گشتیدا، کە هەڕەشە لە ژیانی نەتەوە و هەبوونی ئەوەی کە فەرمییانە بانگەشەی بۆ کراوە دەکات، ولآتانی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانن هەندێک پێوەر، کە لە پابەندبوونەکانیان بە گوێرەی ئەم پەیماننامە لادەدات، بگرنەبەر بەڵام تاکو ئەو ڕادەیەی کە، بەپێی داواکاری ڕەوشەکە، پێویستە. بە ئەو مەرجەی کە پێوەرەکان دژ بە پابەندبوونەکانی تری ولآت نەبێت و بەپێی مافەکانی نێونەتەوەیی هەڵاواردن، لەبەر تەنها هۆکاری نەژادی، ڕەنگی قژ، ڕەگەز، زمان، ئایین یان بنەچەی جڤاکی، دروست نەکات.
2. بە پشتبەستن بە پەیڕەوەکانی پەرەگرافی پێشوو تر، هیچ لادانێک لە بەندی 6، 7، 8 (پەرەگرافی 1، 2)، 11، 15، 16 و 18 نابێت بهێتە کردن،
3. هەموو ولآتێکی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە، کە مافی لادانی بە ڕەوا زانیوە، دەبێت یەکسەر لە ڕێگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاگاداری ولآتانی تری بەشداربووی پەیماننامە لە ئەو لادانانەی کە کراوە بکات و هۆکارەکانی لادانانەکانیش بخاتەڕوو. ئەو ڕۆژەی کە ئەم جۆرە لادانانە هەڵدەگیرێت دەبێت ئاگادارییەکی تریش، لە ڕێگەی هەمان کەناڵەوە، پێشکەش بکات.

**بەندی 5**

1. هیچ لە ئەم پەیماننامەیە نابێت بە ئەو جۆرە شرۆڤەبکرێت کە ماف بدات بە ولآتێک یان کۆمەڵێک یان کەسێک کە چالاکییەک یان مامڵەکردنێک بکات، کە مەبەستی تێکشکاندنی هەر کام لە ئەو ئازادی و مافە باوەڕپێکراوەنە بێت کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە یان سنووردارکردنی زیاتری ئەو چێوانە بێت کە لە پەیماننامەکە دیاریکراوە،
2. هیچ سنووردارکردنێک یان لادانێک نابێت لە هیچ کام لە ئەو مافە بنەڕەتییە مرۆڤایەتییە دانپێداهێنراوانە بکرێت یان بوونی هەیە لە هەر ولآتێکی بەشداربووی پەیماننامە بە هۆی یاسا، ڕێکەوتن، ڕێسا و پێوەری تر بە بیانووی ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە دانناهێنێت بە ئەم مافانە یان لە ئاستێکی نزمتر دانیان پێدادەهێنێت.

بەشی سێهەم

بەندی 6

1. هەموو مرۆڤێک مافی بنەڕەتی بۆ ژیان هەیە. ئەم مافە دەبێت لە ڕێگەی یاساوە پارێزگاری لێبکرێت. نابێت بە هەڕەمەکی ژیان لە هیچ مرۆڤێک بهێتە سەندن/کۆتایی پێهێنان.
2. لە ئەو وڵاتانەی کە سزای مردنیان هەڵنەوەشاندوە، دەبێت دەرکردنی فەرمانی سزای مردن بەپێی یاسایەک، تەنها بۆ ئەو تاوانە زۆر سامناکانە، دەربچێت کە لە دەمی ڕودانی تاوانەکەدا پەیرەوکراوە. ئەم یاسایە نابێت پێچەوانەی پەیرەوەکانی ئەم پەیماننامەیە و پەیرەوەکانی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید بێت. ئەم سزایە تەنها لە ئەو دەمانەدا جێبەجێدەکرێت کە دادگایەکی لێپرسراو فەرمانی کۆتایی دەرکردبێت.
3. کاتێک لێئەستاندنی ژیان تاوانی جینۆساید پێکدەهێنێت، ئەوا دەبێت ئاشکرا بێت کە هیچ بەندێک لە ئەم پەیماننامەیە، بە هیچ شێوەیەک، ڕەوایی بە هیچ وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە نادات کە بەپێی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە لە ئەو ئەرکدارییانەی کە خۆی پێی پابەندکردووە لە بۆ ڕێگەگرتن لە سزادانی تاوانی جینۆساید لابدات.
4. کەسێک کە سزای مردنی بۆ دەرچووە دەبێت مافی داواکردنی بەخشین یان گۆڕینی سزاکەی هەبێت. لێبوردن، بەخشین یان گۆڕینی سزای مردن دەکرێت لە هەموو بارێکدا بێتە دی.
5. سزای مردن نابێت بۆ تاوانێک دەربچێت کە لە لایەن کەسانی ژێر هەژدە ساڵەوە ئەنجام دراوە، هەروەها سزای مردن نابێت بەسەر ئافرەتی دوو گیاندا جێبەجێ بکرێت.
6. نابێت هیچ لە ئەم بەندە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە بۆ دواخستنی یان ڕێگەگرتنی هەڵوەشاندنی سزای مردن بەکاربهێنرێت.

بەندی 7

نابێت هیچ کەسێک ئەشکەنجە بدرێت یان مامڵە یان سزای دڵڕەقانە و نامرۆڤانە یان بێڕێزانەی پێبکرێت. هیچ کەسێک بەبێ ڕەزامەندی سەربەخۆیانەی خۆی ناخرێتە ژێر تاقیکردنەوەی دەرمانی یان زانستی.

بەندی 8

1. نابێت هیچ کەسێک بکرێت بە کۆیلە، کۆیلە و هەموو جۆرە بازرگانی کۆیلایەتییەک دەبێت قەدەغەبکرێت.
2. نابێت هیچ کەسێک بکرێت بە نۆکەر.
3.
   a. نابێت کاری زۆرەملێ و هەر جۆرە شێوازێکی تری بێگاری لە هیچ کەسێک داوابکرێت؛
   b. لە ئەو وڵاتانەی کە بەندییەکان لە بری تاوانەکانیان سزای توندی کارکردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەوا نابێت پەرەگرافی a:3 ببێت بە ڕێگر لە هەمبەر جێبەجیکردنی فەرمانی سزای کارکردن لە دەمێکدا ئەگەر ئەم فەرمانە لە لایەن دادگایەکی ڕێپێدراو و فەرمییەوە هاتبێتە دەرکردن؛

c. بەپێی ئەم پەرەگرافە کاری زۆرەملێ و بێگاری ئەمانە ناگرێتەوە:

i. هەر کارکردن یان خزمەتکردنێک کە ئاماژە ناکات بە پەرەگرافی 3:b ی پێشوو و کە ئاساییانە لە بەندییەک داوادەکرێت کە ئازادی لە دەستدابێت لە ئەنجامی دەرچوونی فەرمانێکی یاسایی لە دادگایەکەوە، یان لە کەسێک کە بەپێی مەرج لە گرتووخانە ئازادکرابێت؛

ii. هەر خزمەتکردنێک کە بەندە بە بواری سەربازییەوە، لە ئەو وڵاتانەی کە سەرفەرازی ویژدانی تێدا ڕەچاودەکرێت، هەروەها هەر جۆرە خزمەتکردنێکی کۆمەڵایەتی کە بەپێی یاسا لە کەسێک داوادەکرێت و ڕەچاوی سەرفەرازی ویژدانی تێدابکرێت؛

iii. هەر خزمەتکردنێک کە داوادەکرێت، لە ئەو دەمانەی کە تەنگانە یان کارەسات هەڕەشە دەخاتە سەر ژیان و بەختەوەری کۆمەڵگا؛

iv. هەر کارکردن و خزمەتکردنێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی ئاسایی هاووڵاتییانەوە.

## بەندی 9

1. هەموو کەس مافی ئازادی و ئاسایشی کەسایەتی هەیە. نابێت هیچ کەس بە هەڕەمەکی بگیرێت یان زیندانی بکرێت. هیچ کەس ئازادی لێزەوتناکرێت بێجگە لە ئەو بنچینانە و پرۆسانەی کە لە یاسادا هاتووە.
2. هەر کەسێک کە بەنددەکرێت/دەگیرێت دەبێت لە کاتی گرتنیدا زانیاری دەربارەی هۆکاری گرتنەکەی پێبدرێت و دەبێت یەکسەر لە هەر تومەتبارکردنێک کە دژی ئەو بێت ئاگادار بکرێتەوە.
3. هەر کەسێک کە، بە تۆمەتی تاوانکردن، دەگیرێت یان زیندانی دەکرێت دەبێت داڕێژراوانە بخرێتە بەردەم دادوەرێک یان کارمەندێکی ڕێپێدراوی تر، کە بەپێی یاسا دەستەڵاتی دادپەروەری دەچەسپێنێت، هەروەها کەسی تۆمەتبارکراو دەبێت مافی دادگاییکردنی لە ماوەیەکی گونجاودا یان ئازادکردنی هەبێت. نابێت لە چاوەڕوانی دادگاییکردن هێشتنەوەی مرۆڤ لە گرتووخانەدا ببێت بە ڕێسا، بەڵام ئازادکردن مەرجی ئامادەبوونی کەسی تۆمەتبارکراو لە دادگادا دەخوازێت، یان لە هەر هەنگاوێکی تری دادپەروەرییدا، هەروەها، لە کاتی سەپاندنی فەرمانی دادگا.
4. هەر کەسێک، لە ئەنجامی گرتن یان زیندانی کردن، کە ئازادی لێزەوت دەکرێت دەبێت مافی ئامادەبوونی لە بەرامبەر دادگادا هەبێت، دەبێت بەپێی یاسا و بەبێ چاوەڕوانی ئازادی زەوتکردن بسەلمێنرێت و ئەگەر زیندانیکردنەکە نایاسایی بوو دەبێت ئازادکردن بڕیاری لێبدرێت.
5. هەر کەسێک کە نایاساییانە گیراوە یان زیندانی کراوە دەبێت مافی قەرەبووکردنی هەبێت.

## بەندی 10

1. هەموو کەس کە ئازادی لێزەوت دەکرێت دەبێت مامڵەی مرۆڤانە و ڕێزدارانەی، بەپێی بەها بنەڕەتیەکانی مرۆڤایەتی، لەگەڵدا بکرێت.
2.

a. کەسی تۆمەتبارکراو دەبێت، بێجگە ڕەوشی ئاوارتەکراو، لە کەسانی تاوانبار جودابکرێنەوە و دەبێت مامڵەی جیاوازیان لەگەڵدا بکرێت، کە لەبارە بەپێی ئەو خەسڵەتەی کە ئەوان هێشتا دادگایی نەکراون؛

b. لە گرتووخانەکاندا دەبێت نەوجەوانانی تۆمەتبار لە کەسانی گەورە ساڵان جودابکرێنەوە، دەبێت کەیسەکانی ئەوان بە خێرایی یەکلابکرێنەوە.
3. دەبێت مەبەستی سەرەکی مامڵەکردنی گیراوان باشتربوون و ڕاهاتنەوەی جڤاکییان بێت. دەبێت نەوجەوانانی تاوانبار لە کەسانی گەورە جودابکرێنەوە و دەبێت مامڵەکردنێکی گونجاویان، بەگوێرەی تەمەن و پێگەی دادگایی کراویان، لەگەڵدا بکرێت.

**بەندی 11**

نابێت کەس، لەبەر تەنها هۆکاری بێتوانایی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پەیماننامەیەک، زیندانی بکرێت.

**بەندی 12**

1. هەر کەسێک کە یاساییانە لە ناوچەیەکی وڵاتێکدا ژیان دەکات، لە ئەو ناوچەیەدا مافی هەیە ئازادانە بجوڵێت و ئازادانە ناوچەی نیشتەجێبوونی دیاری بکات.
2. هەموو کەس لە جێهێشتنی هەر وڵاتێک، ئەمەش وڵاتەکەی خۆی دەگرێتەوە، ئازادە .
3. نابێت هیچ لە ئەو مافە ئاماژە پێکراوانەی سەرەوە سنووردداربکرێت، بێجگە لە ئەوانەی کە لە یاسادا هاتووە و پێویستن لە بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، فەرمانی گشتی، تەندروستی یان ڕەوشتی گشتی یان ماف و ئازادی کەسانی تر، هەروەها هیتر کە لە ئەم پەیماننامەیەدا دانیان پێداهێنراوە.
4. نابێت هیچ کەسێک بە هەڕەمەکی مافی چوونەژوورەی بۆ وڵاتی خۆی لێزەوت بکرێت.

**بەندی 13**

بیانی کە یاسایانە لە ناوچەیەکی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دایە، دەکرێت، لە پاش دەرچوونی بڕیارێک بەپێی یاسا، لە ئەوێ دەربکرێت. بێجگە لە ئەو ڕەوشانەی کە هۆکاری مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوا کەسی پەیوەندار ڕێگەپێدەدرێت ئەو هۆکارانە بخاتەڕوو کە پێچەوانەی دەرکردنی قسەدەکەن، هەروەها کەیسەکەی هەڵبسەنگێندرێتەوە لە لایەن، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەبێت بەرامبەر، ڕێڤەبەرییەکی لێپرسراو یان یەک یان زیاتر کەس کە تایبەت لە لایەن ئەم جۆرە ڕێڤەبەرییانەوە دانراون.

**بەندی 14**

1. دەبێت هەموو کەس لە بەرامبەر دادگادا یەکسان بێت. هەموو کەس، لە لابەلاکردنی هەر تاوانێک کە دژی تۆمارکراوە یان لە هەڵسەنگاندنی ماف و ئەرکەکانی لە ناکۆکییەک، مافی بۆ هەبوونی دادگاییکردنێکی بێلایەن و فەرمی لە بەرامبەر دادگایەکی کارامە و بێلایەن و سەربەخۆ، کە دامەزراوە بەپێی یاسا، هەیە. دەکرێت چاپەمەنییەکان و جەماوەر بە گشتی بخرێنە دەرەوەی بەشێکی یان هەموو پرۆسەی دادگاییکردنەکە لەبەر هۆکاری ڕەوشتی، فەرمانی گشتی "public order" یان ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی، یان لە ئەو دەمانەی کە ژیانی تایبەتی کەسانی

تێوەگلاو وابخوازێت، یان لە ئەو دەمانەی کە دادگا زۆر بە پێویستی دەزانێت بە ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە تایبەتیانەی کە جەماوەر زیان بە پرۆسەی دادپەروەری دەگەیەنن؛ بەڵام فەرمانی کۆتایی دادگاییکردنی بابەتێکی تاوانباری یان ناکۆکییەکی یاسایی دەبێت بۆ جەماوەر ئاشکرابکرێت، بێجگە لە ئەو بارانەی کە پێویستی قازانجی نەوجەوانان خوازیار نەبێت، یان دادگاییکردنەکە دەربارەی کێشەی هاوسەری یان چاودێریکردنی منداڵان بێت.

2. هەر کەسێک کە تۆمەتبارکراوە بە کردنی تاوانێک مافی هەیە، تاکو ئەو کاتەی یاساییانە تاوانەکەی دەسەلمێندرێت، وەکو بێگوناهێک تەماشابکرێت.
3. لە یەکلاییکردنی سەلماندنی هەر تاوانێک کە دژ بە هەر کەسێکی تۆمەتکراو کرابێت، کەسەکە مافی کەمترینی ئەم گەرانتییانەی دەبێت:

a. دەبێت کەسەکە هەنگاو پاش هەنگاو و بە وردودرشتی بە زمانێک کە ئەو دەیزانێت لە بنچینە و ناوەڕۆکی ئەو تۆمەتانەی کە دژی بەرزکراونەتەوە، ئاگاداربکرێت،
b. دەبێت کەسەکە کات و بواری گونجاوی بۆ خۆئامادەکردنی پارێزگاریکردن هەبێت و بتوانێت لەگەڵ کۆنسڵێکدا، کە ئەو خۆی هەڵیدەبژێرێت، پەیوەندی بگرێت،
c. دەبێت کەسەکە بە بێ چاوەڕوانی بێبناغە دادگایی بکرێت،
d. دەبێت کەسەکە بە ئامادەیی خۆی دادگایی بکرێت و خۆی پارێزگاری لە خۆی بکات یان لە ڕێگەی یاساناسێکی یارمەتیدەرەوە کە ئەو خۆی هەڵیبژاردبێت، دەبێت ئەو لە ئەم مافە ئاگادار بکرێت ئەگەر ئەو یاساناسێکی یارمەتیدەری نەبێت؛ هەروەها لە هەر بابەتێکی دادگاییکردنکدا کە پێویستی دادپەروەری داوابکات، دەبێت کەسی تۆمەتبارکراو یاساناسی یارمەتیدەر هاوکاری هەبێت، بە بێ پارەی بەرامبەر لە دەمێکدا ئەگەر ئەو توانای دارایی زۆر لاواز بێت،
e. لێپرسینەوە، یان ڕێگەدان بۆ لێپرسینەوە لە گەواهیدەران کە دژ بە ئەم گەواهیدەدەن، ئامادەبوونیان لەسەر داوای ئەم بۆ لێپرسینەوە، بەپێی هەمان ڕەوش کە لە گەواهیدەران لێپرسینەوە دەکرێت دژ بە ئەم،
f. ئەگەر کەسەکە زمانی بەکارهێنراوی دادگای نەبێت یان نەزانێت، دەبێت یارمەتیدەرێکی بەخۆڕایی لە شێوەی وەرگێڕی هەبێت،
g. نابێت کەسەکە ناچاربکرێت کە دژ بە خۆی دانپێهێنان بنێت یان خۆی بە تاوانبار بزانێت.

4. لە کەیسی نەوجەوانان‌دا، دەبێت هەنگاوەکانی دادگاییکردن ڕەچاوی تەمەن و خۆزگەی پشتگیریکردنی ڕاهاتنەوەی نەوجەوانان بکات.
5. هەر کەسێک کە تاوانێکی بەسەردا دابڕا، دەبێت مافی هەبێت داوا لە دادگایەکی بەرزتر بکات بۆ ئەوەی سزا و بڕیاری دادگاییکردنەکەی هەڵبسەنگێندرێتەوە.
6. کاتێک کەسێک بەپێی بڕیارێکی کۆتایی دادگا بە کردنی تاوانێک تاوانبارکرا، دواتر بڕیارەکە پاشگەزبکرێت یان کەسەکە ببەخشرێت لەسەر بنچینەی ڕەوشی تازە یان تازە دروستکراو، کە نیشانی نادروستی بڕیاری دادگا دەدات، دەبێت ئەو کەسەی کە لە ئەنجامی بڕیاری دادگاوە سزاکەی چەشتووە، بەپێی یاسا قەرەبوو بکرێتەوە، تاکو ئەو کاتەی سەلمێندرا کە نەزانینی ڕاستی، لە دەمی خۆیدا، بە تەواوی یان بەشێکی دەکەوێتە سەر ئەستۆی کەسەکە خۆی.
7. هیچ کەسێک سەرلەنوێ بۆ تاوانێک، کە ئەو هەر ئێستا بە بڕیارێکی کۆتایی تاوانبارکراوە یان بێگوناهکراوە بەپێی یاسا و پرۆسەکانی دادپەروەری هەر وڵاتێک، دادگایی ناکرێتەوە یان سزا نادرێتەوە.

**بەندی 15**

1. نابێت هیچ کەسێک لێپرسینەوە یان لێپێچینەوەی دەربارەی کردنی کردارێک یان هەڵەیەک لەگەڵدا بکرێت کە لە دەمی کردنیدا، بە گوێرەی یاسای نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، بە تاوان نەژمێردرا بێت. نابێت هیچ کەسێک سزایەکی بەرزتری بەسەردا بسەپێنرێت پتر لە ئەوەی کە گونجاوبووە بۆ ئەو دەمەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە. ئەگەر پاش کردنی تاوانێک، یاسایەکی نوێ دەربچێت کە سزایەکی سووکتر دەگرێتەخۆ، ئەوا کەسی گوناهبار دەتوانێت قازانج لە ئەم یاسایە وەربگرێت.
2. بە گوێرەی پرینسیپە گشتییەکانی یاسایی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە باوەڕیان پێکراوە، نابێت هیچ لە ئەم بەندە ڕێگری لە لێپرسینەوە یان سزادانی ئەو کەسەی کە گوناهباربووە بە کردنی کردارێک یان هەڵەیەک کە لە دەمی کردنیدا تاوان بووە بکات.

**بەندی 16**

لە بەرامبەر یاسادا هەموو کەسێک لە هەموو جێگەیەک مافی هەیە وەکو کەس باوەڕی پێبهێنرێت.

**بەندی 17**

1. نابێت هەڕەمەکییانە و نایاساییانە دەستوەردرێت لە کاروباری تایبەتی و خێزانی یان خانوو و چوارچێوەی هیچ کەسێک، هەروەها نابێت هێرشی نایاساییانە بکرێتە سەر ئابڕو و شکۆمەندی هیچ کەسێک.
2. هەموو کەسێک، بەپێی یاسا، مافی دژ بە ئەم جۆرە دەستتێوەردانانە و هێرشکردنانە پارێزراوە.

**بەندی 18**

1. دەبێت هەموو کەسێک مافی ئازادی بیرکردنەوە و ویژدان و ئاینی هەبێت. ئەم مافە ئازادی لە هەبوونی یان وەرگرتنی ئاینێک یان باوەڕێک دەگرێتەخۆ، کە لە پاش هەڵبژاردنی خودی و ئازادانە کە بە تەنها یان بە بەشداری لەگەڵ کەسانی تردا، فەرمییانە یان تایبەتییانە، پەیڕەوی ئاینی یان بڕوای خۆی دەکات لە ڕێگەی نوێژ، تێڕووانین، پراکتیزەکردن و خوێندن و فێربوونەوە.
2. نابێت هیچ کەسێک بخرێتە ژێر ناچاربوونێک، کە ئازادی لە هەبوونی یان وەرگرتنی ئاینێک یان باوەڕێک، پاش هەڵبژاردنی خودی، سنووردار دەکات.
3. لەوانەیە ئازادی لە پەیڕەوکردنی ئاینی یان باوەڕی کەسێک بخرێتە چوارچێوەی هەندێک سنووردارکردن، ئەویش تەنها بەپێی ئاماژەکردنی یاسایی کە پێویستە بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی–، فەرمانی–، تەندروستی– یان ڕەوشتی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی بنچینەیی کەسانی تری.

4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ملدادەنێن کە ڕێز بۆ ئازادی دایکوباوک، لە دۆخی تردا، و چاودێریکەری ڕێپێدراوی تر بگرن کە دڵنیابن لە پەروەردەکردنی ئاینی و ڕەوشتی منداڵەکانیان بەگوێرەی باوەڕی خۆیان.

**بەندی 19**

1. هەموو کەسێک دەبێت، بەبێ دەستتێوەردان، ئازادی بۆچوونی هەبێت.
2. بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری ناوچەیی دەبێت هەموو کەسێک ئازادی دەربڕینی هەبێت، ئەم مافە دەبێت ئازادی بەدواگەڕان، وەرگرتن و بڵاوکردنی هەموو جۆرە زانیاری و بیرۆکەیەک، بە قسە و نووسین یان چاپکردن، شێوەی هونەری یان هەر هەڵبژاردنێکی ئازادانەی کەرەستەی تری دەربڕین، بگرێتەخۆ.
3. تاقیکردنەوەی مافە ئاماژەپێکراوەکانی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە هەندێک ئەرکداریی و لێپرسراوەتی تایبەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لەوانەیە تاقیکردنەوەکان هەندێک سنووورداری بگرێتەخۆ، بەڵام تەنها ئەوانەی کە لە یاسادا هاتوون و پێویستن:
   a. بۆ ڕێزگرتن لە ماف و شکۆمەندی کەسانی تر؛
   b. بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی یان بۆ فەرمانی گشتی یان تەندروستی و ڕەوشتی گشتی.

**بەندی 20**

1. بەپێی یاسا، دەبێت هەموو پروپاگەندەیەک بۆ شەڕ قەدەغەبکرێت.
2. بەپێی یاسا، دەبێت هەموو پشتگیریکردنێک بۆ ڕقی نەتەوایەتی، نەژادی یان ئاینی، کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ هەڵاواردن و دوژمنایەتی یان توندوتیژی، قەدەغەبکرێت.

**بەندی 21**

دەبێت مافی کۆمبوونی ئاشتیانە دانپێدابهێنرێت. نابێت تاقیکردنەوەی ئەم مافە سنووردابکرێت بێجگە لە ئەو سنوورداریە سەپێندراوانەی کە لە یاسادا ئاماژەی پێکراوە و کە هەبوونی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا، بەپێی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی یان پاراستنی گشتی و فەرمانی گشتی و پارێزگاریکردنی تەندروستی یان ڕەوشتی گشتی یان بۆ پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر، پێویستن.

**بەندی 22**

1. دەبێت هەموو کەس مافی ئازادی ڕێکخراوەیی لەگەڵ کەسانی تردا هەبێت، ئەمەش مافی دروستکردن و ئەندامبوون لە ڕێکخراوی کرێکاری، بۆ پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی تاکە کەس، دەگرێتەوە.
2. نابێت تاقیکردنەوەی ئەم مافە سنووردار بکرێت، بێجگە لە ئەو سنوورداریە سەپێندراوانەی کە لە یاسادا ئاماژەی پێکراوە و کە هەبوونی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا، بەپێی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی یان پاراستنی گشتی، فەرمانی گشتی، پارێزگاریکردنی تەندروستی یان ڕەوشتی گشتی یان

بۆ پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر، پێویستن. نابێت ئەم بەندە، بۆ تاقیکردنەوەی ئەم مافە، ڕێگربێت لە ئەو سنووردارکردنە یاساییانە کە بەسەر ئەندامانی لەشکرە چەکدارەکان و پۆلیسدا سەپێندراوە.

3. نابێت هیچ لە ئەم بەندە ڕێگەبدات بە وڵاتێک، کە بەشداربووی پەیماننامەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییە کرێکارییەکانی *International Labour Organissation Convention 1948* ە کە دەربارەی ئازادی ڕێکخراوە بوون و پارێزگاریکردنی مافی ڕێکخراوەبوونە *Freedom of Association and Protection of the Right to Organize*، بە دەرکردنی یاسایەک کە سنووردادەنێت بۆ، یان لە جێبەجێکردنی یاساکە بە جۆرێک سنووردادەنێت بۆ ئەو پارێزگارییە دڵنیاکەرەوانەی کە لەم پەیماننامەیەدا باسی لێوەکراوە.

## بەندی 23

1. خێزان یەکەی بنەڕەتی و سروشتی کۆمەڵگایە و ڕەوایەتی پارێزگاریکردنی لە لایەن کۆمەڵگا و حکومەتەوە سەلمێندراوە.
2. دەبێت مافی پیاوان و ئافرەتان، کە لە تەمەنی ژن هێنان و شووکردندان، لە ژن هێنان و شووکردن و بونیادنانی خێزان، باوەڕی پێبهێنرێت.
3. نابێت خێزان پێکهێنان بەبێ ڕەزامەندی ئازادانەی هەردوو لایەن بێتە چێکردن.
4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو پێوەرێکی گونجاو لەبۆ دڵنیاکردنی یەکسانی مافەکان و لێپرساویەتییەکانی نێوان ژن و پیاو لە سەرەتا و پاش ژنهێنان/شووکردن دەگرنەبەر، هەروەها لە دەمی جودابوونەوەشدا. لە دۆخی جودابوونەوە، دەبێت هەنگاوی پێویست بۆ پارێزگاریکردنی منداڵان بگیرێتەبەر.

## بەندی 24

1. هەموو منداڵێک، بەبێ جیاوازی نەژادی، ڕەنگی پێستی، ڕەگەزی، زمانی، ئاینی، نەتەوەیی یان پاشکۆی جڤاکی، سامان یان چین، مافی بۆ ئەو پێوەرە پارێزگاریکردنانەی کە پێویستن بۆ کەسێکی کەم تەمەن لە لایەن خێزان و کۆمەڵگا و حکومەتەوە هەیە.
2. دوای لە دایکبوون، دەبێت یەکسەر هەموو منداڵێک تۆماربکرێت و ناوی هەبێت.
3. هەموو منداڵێک مافی بەدەستهێنانی هاووڵاتیبوونی هەیە.

## بەندی 25

دەبێت هەموو هاووڵاتییەک ماف و هەلی، بەبێ هیچ جیاوازییەک کە لە بەندی 2 دا ئاماژەی پێکراوە یان بەبێ هیچ جیاوازییەکی بێ بنەمای تر، هەبێت:

a. بۆ بەشداریکردن لە پرسە گشتییەکان، ڕاستەوخۆ یان لە لایەن نوێنەرێکی ئازادی هەڵبژێردراوەوە؛

b. بۆ ئەوەی دەنگبدات و بێتە هەڵبژاردن، لە هەڵبژاردنی ڕاستگۆیانەی ماوەییانە کە دەبێت بێتە چێکردن لەسەر بنەمای گشتی و مافی یەکسانی دەنگدان و دەنگدانی نهێنی، بە جۆرێک دەربڕینی ئازادانەی ویستی هەڵبژێرەران "دەنگدەران" گەرانتی بکات؛
c. لە دەستڕەسی، بەپێی هەمان مەرجی یەکسان، بۆ خزمەتە گشتییەکان کە لە وڵاتەکەیدا هەن.

**بەندی 26**

هەموو کەسەکان یەکسانن لە بەرامبەر یاسا و بەبێ هەڵاواردکردن مافی پارێزگاریکردنی یەکسانیان بەگوێرەی یاسا هەیە. لە ئەم سۆنگەوە، دەبێت یاسا قەدەغەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بکات و گەرانتی هەموو کەسێک لە پارێزگاریکردنێکی یەکسان و کاریگەر دژ بە هەر جۆرە هەڵاواردکردنێکی، وەکو نەژادی، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئاین، ڕامیاری یان بیروبۆچوونی تر، نەتەوایەتی یان پاشکۆی جڤاکی، سامان، چین یان هەر پێگەیەکی تر، بکات.

**بەندی 27**

لە ئەو وڵاتانەی کە کەمینەی ئێتنیکی، ئاینی یان لینگویستییان هەیە، نابێت ئەو کەسانەی کە سەر بە ئەم کەمینانەن مافی، بە بەشداری لەگەڵ کەسانی تری گروپەکەیدا، پەیڕەوکردنی تایبەتمەندییەکانی کەلتوری خۆیان و دەربڕین و پراکتیزەکردنی ئاینی خۆیان، یان بەکارهێنانی زمانی خۆیان لێ قەدەغەبکرێت.

**بەشی چوارهەم**

**بەندی 28**

1. کۆمیتەیەک بۆ مافەکانی مرۆیی "لەمەو پاش بە کۆمیتە ئاماژەی پێدەکرێت" دێتە دامەزراندن. کۆمیتە دەبێت لە هەژدە ئەندام بێتە پێکهێنان و دەبێت ئەرکەکانی بەپێی ئەمانەی خوارەوە بێنێتە جێبەجێکردن.
2. کۆمیتە لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە پێکدێت کە بەشدارن لە ئەم پەیماننامەیەدا، دەبێت ئەم کەسانە خاوەن ڕەوشتی بەرز و باوەڕپێکراوی کارامە بن لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤدا. هەبوونی شارەزایی یاسایی لە لایەن هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەوە بەرز دەنرخێندرێت.
3. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بێنە هەڵبژاردن و دەبێت بەپێی توانای خۆیان خزمەتبکەن.

**بەندی 29**

1. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەهۆی دەنگدانی نهێنیەوە بێنە هەڵبژاردن، لە ڕێگەی لیستێک ناو کە خاوەنی ئەو خەسڵەتانەن کە لە بەندی 28 دا ئاماژەی پێکراوە و بۆ ئەم مەبەستەش لە لایەن وڵاتەکانی بەشداربووی پەیماننامەوە پاڵێوراوکراون.

2. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە نابێت پتر لە دوو کەس بپاڵێوێت. ئەم کەسانە دەبێت هاووڵاتی ئەو وڵاتە بن کە پێشنیاریان دەکات.
3. هەموو کەسێک دەتوانێت سەرلەنوێ خۆی بپاڵێوێت.

**بەندی 30**

1. دوای بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە نابێت هەڵبژاردنی یەکەم لە شەش مانگ درەنگتر بکرێت.
2. بە لایەنی کەم چوار مانگ پێش هەر هەڵبژاردنێک بۆ کۆمیتە، بێجگە لە هەڵبژاردنێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی دەستنیشانکراو بەپێی بەندی 34، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نووسین بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەکات کە لە ماوەی سێ مانگدا پێشنیاری پاڵێوراوەکانیان بۆ بوون بە ئەندام لە کۆمیتە بنێرن.
3. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوکراوە ئامادەبکات، لەگەڵ ئاماژەدان بە ئەو وڵاتانەی کە ئەمانەی پاڵاوتووە. سکرتێری گشتی دەبێت لیستەکە ڕەوانەی هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات، کەمترین ماوە یەک مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک.
4. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە دەبێت لە یەک لە ئەو کۆمبوونە بانگهێشتراوانەی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەی دەکات. لە ئەم کۆمبوونە، کە دەبێت دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ئامادەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیاربدرێت، ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن دەبێت ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان و ڕەهای زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی ئامادەبوو و دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەدەستدەهێنن.

**بەندی 31**

1. نابێت کۆمیتە زیاتر لە یەک هاووڵاتی بۆ هەمان وڵات بگرێتەخۆ.
2. بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتە، دەبێت ڕەچاوی گرتنەخۆی دابەشبوونی دادپەروەرانەی جوگرافی ئەندامیەتی و جۆرەها شێوازی شارستانی و گرنگترین سیستەمەکانی دادپەروەری بکرێت.

**بەندی 32**

1. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن. ئەوان دەکرێت هەڵبژێردرێنەوە ئەگەر بپاڵێورێنەوە. هەرچۆنێک بێت، ماوەی ئەندامییەتی نۆ هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن پاش دوو ساڵ کۆتایی پێدێت؛ یەکسەر دوای یەکەمین هەڵبژاردن، سەرۆکی کۆبوونەوەکە ناوی ئەو نۆ ئەندامە، کە لە بەندی 30 پەرەگرافی 4 دەستنیشاکراوە، لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت.
2. هەڵبژاردنی پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مانداتێک، دەبێت بەپێی پەیڕەوی بەندەکانی پێشووتری ئەم بەشەی پەیماننامە بەڕێوەبچێت.

**بەندی 33**

1. ئەگەر ئەندامی کۆمیتەیەک، بەپێی تێگەیشتنی سەرانسەری هەموو ئەندامانی تری کۆمیتە، ڕاوەستا لە دەرپەڕاندنی ئەرکەکانی لەبەر هۆکاری تر جگە لە ئامادەنەبوونی جارجارە، ئەوا سەبارەت بە ئەمە، دەبێت سەرۆکی کۆمیتە ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. دواتر ئەویش شوێنی ئەو ئەندامە بە بۆشایی دەستنیشان دەکات.
2. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتە بمرێت یان دەست لەکار بکێشتەوە، ئەوا سەبارەت بە ئەمە، دەبێت سەرۆکی کۆمیتە یەکسەر ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. ئەویش دەبێت لە ڕۆژی مردنەکەوە یان لە ڕۆژی ڕەزامەندبوونی دەست لەکار کێشانەوەکەوە شوێنەکە بە بۆشایی دەستنیشان بکات.

**بەندی 34**

1. کاتێک بەپێی بەندی 33 شوێنێک بە بۆشایی دەستنیشاندەکرێت، و ماوەی مانداتی ئەو ئەندامەی کە دەبێت شوێنەکەی پڕبکرێتەوە شەش مانگ پتری مابێت لە ڕۆژی دەستنیشانکردنی بۆشاییەکەوە، ئەوا دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەربارەی ئەو شوێنە بەتاڵە بکات. ئەمانیش دەبێت لە ماوەی دوو مانگدا پاڵێوراوەکانی خۆیان بەگوێرەی بەندی 29 بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکە پێشنیار بکەن.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوکراوە ئامادەبکات و ڕەوانەی هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات. هەڵبژاردنی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکە دەبێت بەپێی پەیڕەوە شیاوەکانی ئەم بەشەی پەیماننامەوە بێتە جێبەجێکردن.
3. ئەو ئەندامی کۆمیتەیە، کە بەپێی بەندی 33 بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەستینشانکراو هەڵدەبژێردرێت، دەبێت، بەپێی پەیڕەوەکانی بەندی باسلێکراو، لێپرساوەتی ئەو ئەرکە بۆ پاشماوەی ماوەی مانداتی ئەو ئەندامە، کە شوێنەکەی لە کۆمیتە بەتاڵ دەکات، لە ئەستۆبگرێت.

**بەندی 35**

ئەندامانی کۆمیتە دەتوانن، دوای ڕەزامەندبوونی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، خەرجی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرن. مەرجەکانی ئەم خەرجییە، لەبەر ڕۆشنایی گرنگی لێپرساوییەتییەکانی کۆمیتە، لە ئەنجومەنی گشتیدا بڕیاری لێدەدرێت .

**بەندی 36**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ستافی پێویست و کەرەستەی یارمەتیدەری تر بۆ بەکاراکردنی کۆمیتە تەرخان بکات، بۆئەوەی کۆمیتە کاریگەرانەتر ئەرکەکانی بهێنێتە جێبەجێکردن، بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 37**

1. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکبخات.
2. دوای یەکەمین کۆبوونەوە، دەبێت کاتی کۆبوونەوەکانی تر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمیتە بێت.
3. ئاساییانە کۆمیتە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان یان لە ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ کۆدەبنەوە/کۆم دەبن.

**بەندی 38**

هەموو ئەندامێکی کۆمیتە دەبێت، پێش دەستپێکردن بە ئەرکەکانی، جاڕی پەیمانێک لە یەکێک لە کۆبوونەوە کراوەکانی کۆمیتە بدات، کە ئەو ئەرکەکانی بێلایەنانە و بە ویژدانانە ڕادەپەڕێنێت.

**بەندی 39**

1. دەبێت کۆمیتە کارمەندەکانی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبژێرێت. ئەوان دەکرێن هەڵبژێردرێنەوە.
2. دەبێت کۆمیتە پەیڕەو و بەرنامەی خۆی دابمەزرێنێت؛ هەرچۆنێک بێت، دەبێت ئەم پەیڕەو و بەرنامەیە ئەمانە بگرێتە خۆ:
   a. بە ئامادەبوونی 12 ئەندام بڕیار دێتە دەرکردن؛
   b. لەسەر بنەمای زۆرینەی دەنگەکانی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیارەکانی کۆمیتە دێنە دەرکردن.

**بەندی 40**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە ڕاپۆرت، دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە گرتوویانەتەبەر لە جێبەجێکردنی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە و هەروەها دەربارەی ئەو پێشکەوتننانەی کە لە کەڵکلێوەرگرتنی ئەم مافانەدا بەدیهاتوون، بدەن:
   a. لە ماوەی ساڵێک پاش بەکارپێکردنی پەیماننامە بۆ وڵاتی دیاریکراو؛
   b. لە پاش ئەمە، هەردەمێک کە کۆمیتە داوابکات.
2. هەموو ڕاپۆرتەکان دەبێت بدرێت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دواتر ئەویش ڕاپۆرتەکان دەنێرێت بۆ کۆمیتە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنیان. ڕاپۆرتەکان دەبێت دەستنیشانی ئەو هۆکار و ڕێگرییانە، ئەگەر هەبێت، بکەن کە کاریگەریان لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم پەیماننامەیەوە هەیە.
3. دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمیتە، لەوانەیە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆپی هەندێک بەشی ڕاپۆرتەکان بنێرێت بۆ ئەو ئۆرگانە تایبەتانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بابەتەکانیان دەکەوێتە نێو بواری چالاکییەکانیانەوە.

4. کۆمیتە دەبێت ڕاپۆرتە نێردراوەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەڵبەسەنگێنێت. لەگەڵ ئەمانەدا دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی، لەگەڵ سەرنجی گشتی تر کە پێی پەسەندە، هاوپێچ و ڕەوانەی وڵاتە بەشداربووەکانی پەیماننامە بکات. هەروەها کۆمیتە بۆی هەیە کە کۆپی ڕاپۆرتە وەرگیراوەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، لەگەڵ سەرنجەکانی خۆی، بنێرێت بۆ کۆنسلی ئابوری و جڤاکی.
5. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەکرێت خۆیان پابەندی سەرنجەکانی کۆمیتە بکەن کە لەوانەیە کرابێت بەگوێرەی پەرەگرافی 4 ئەم بەندە.

## بەندی 41

1. بەپێی ئەم بەندە، لە هەردەمێکدا، وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت باوەڕهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە لە وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاسپاردانەی کە وڵاتێک دبێژێت، کە گوایە وڵاتێکی تر ئەرکەکانی خۆی بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە بەجێ ناهێنێت، بخاتەڕوو. بەپێی ئەم بەندە دەکرێت ڕاسپاردەکان وەربگیرێن و تاقیبکرێنەوە ئەگەر تەنها گرێدراوی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بن، کە ڕوونکردنەوەی دەربارەی باوەڕهێنانی بە کارامەیی کۆمیتە دابێت. نابێت ڕاسپاردە لە لایەن کۆمیتەوە بێتە وەرگرتن ئەگەر ئەوە دەربارەی وڵاتێک بێت کە لەم جۆرە ڕوونکردنەوەی نەدابێت. ئەو ڕاسپاردانە کە بە پێی ئەم بەندە وەرگیراون دەبێت بەگوێرەی ئەم هەنگاوانە مامڵەی لەگەڵدا بکرێن:

a. ئەگەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە وابڕوانێت کە وڵاتێکی تری بەشداربووی پەیماننامە پابەند نییە بە پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە، دەکرێت ئەو وڵاتە، لە ڕێگەی نووسینەوە سەرنجی وڵاتی ئاماژەپێکراو بۆ ڕەوشەکە ڕابکێشێت. لە ماوەی سێ مانگ بەسەر وەرگرتنی پەیامەکە، دەبێت ئەو وڵاتی پەیام وەرگرە ڕوونکردنەوە بدات بە ئەو وڵاتەی کە پەیامەکەی ناردووە، یان هەر گوتنێکی تر بە نووسین کە کێشەکە ڕووندەکاتەوە؛ ئەمیش دەبێت، تاکو بوار هەبێت بابەتیانە، ئاماژە بە پەیڕەوی ناوخۆیی و ئەو کەرەستە یاساییە چارەسازییانە کە گیراونەتەبەر، چاوەڕێ دەکرێت بگیرێنەبەر یان لەبەردەستن بۆ گیرانەبەر بدات؛
b. ئەگەر بابەتەکە لە ماوەی شەش مانگ پاش ئەوەی پەیامە سەرەکییەکە لە لایەن وڵاتی وەرگرەوە وەرگیرا نەهاتە ڕێکخستن، بە ئەو شێوەیەی کە هەردوو وڵاتی پەیوەندیدار پێی ڕازیبن، ئەوا هەردوو وڵات دەبێت مافی ڕەوانەکردنی بابەتەکەیان بۆ کۆمیتە هەبێت، لەگەڵ تێبینی بۆ کۆمیتە و هەروەها بۆ وڵاتەکەی تر؛
c. کۆمیتە دەبێت مامڵە لەگەڵ پەیامی ئاماژەپێکراو بکات تەنها پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە گشت کەرەستە یاساییە چارەسازییەکانی ناوخۆیی داواکراوە و بەکارهێنراوە، بە گوێرەی پرینسیپەکانی گشتیی باوەڕپێداهێنراوی یاساکانی نێونەتەوەیی. نابێت ئەمە بکرێت بە ڕێسا، ئەگەر جێبەجێکردنەکانی کەرەستەکانی یاسایی بێهودە کاتی زۆر بکێشێت؛
d. لە دەمی مامڵەکردنی ئەم جۆرە ڕاسپاردانەدا، دەبێت کۆمیتە کۆبوونەوەکانی لە ژووری داخراودا بکات؛

e. بە گوێرەی نیمچە پەرەگرافی c، دەبێت کۆمیتە خۆی لە خزمەت وڵاتانی ئاماژەپێکراودا دابنێت بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی تەباییانەی گرفتەکە لەسەر بنەمای ڕێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکانی وەکو ئەوەی کە باوەڕی پێهێنراوە بە پێی ئەم پەیماننامەیە؛

f. بۆ هەر کێشەیەک کە ئاماژەی پێبکرێت، کۆمیتە لەوانەیە بانگهێشتی وڵاتانی پەیوەندیدار بکات، بەگوێرەی نیمچە پەرەگرافی b، بۆ پێدانی زانیاری نوێ کە گونجاو و جێی بایەخ بن؛

g. وڵاتانی پەیوەندیدار، بە گوێرەی نیمچە پەرەگرافی b، مافی نوێنەرایەتیان لە کاتی مامڵەکردنی گرفتەکە لە لایەن کۆمیتەوە هەیە، ئەوان دەتوانن سەرنجەکانیان بە نووسین یان بە دەمی بخەنەڕوو؛

h. لە ماوەی دوانزدە مانگ دوای ڕۆژی وەرگرتنی داواکارییەکە بەپێی نیمچە پەرەگرافی b، دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات:

i. ئەگەر چارەسەرییەک بەپێی نیمچە پەرەگرافی e بەدیهات، ئەوا دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی سنوورداربکات بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی ئەو ڕاستی و دەرئەنجامانەی کە پێی گەیشتوون؛

ii. ئەگەر چارەسەرییەک بەپێی نیمچە پەرەگرافی e بەدی نەهات، ئەوا دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی سنوورداربکات بە ڕوونکرنەوەیەکی کورت دەربارەی ئەو ڕاستی و هەروەها ئەو سەرنجانەی کە هەردوو وڵاتی پەیوەنددار بە نووسین و دەمی خستوویانەتە بەردەم. لە هەر بابەتێکدا، دەبێت ڕاپۆرتەکە پەیوەندارکرابێت بە وڵاتانی پەیوەندیدارەوە.

2. پەیڕەوەکانی ئەم بەندە بەکارادەکرێت، کاتێک دە وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە بەپێی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە جاڕیاندا. ئەم جاردانانە دەبێت، لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە، لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دابنرێت، ئەویش کۆپییەک لە ئەمانە ڕەوانەی وڵاتانی بەشداربووی تری پەیماننامە دەکات. لە ڕێگەی داواکارییەک بۆ سکرتێری گشتی، دەکرێت هەموو دەمێک جاڕدانێک داوابکرێتەوە. ئەم جۆرە داواکارییە نابێت کاریگەری هەبێت بۆ سەر هەڵسەنگاندنی بابەتێک، کە هەر ئێستا داواکارییەکەی بەپێی ئەم بەندە دانراوە؛ هیچ داواکاری تر لە لایەن وڵاتی بەشداربوو وەرناگیرێت دوای ئەوەی سکرتێری گشتی داواکاری لەسەر داواکردنەوەی جاڕدانەکە وەرگرتبێت، جگە لە ئەو دۆخەی کە وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە جاڕدانێکی تازەی خستبێتەڕوو.

## بەندی 42

1.

a. ئەگەر، بەپێی پەرەگرافی 41، گرفتێک لە لایەن کۆمیتە هەبێت و چارەسەرنەکرێت کە جێگەی ڕەزامەندی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار بێت، دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتە، پاش ڕەزامەندی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار، دەستنیشانی کۆمیسیۆنێکی ڕاوێژکاری *ad hoc Conciliation Commission* بکات (لێرە بەدواوە دەڵێین کۆمیسیۆن). کۆمیسیۆن دەبێت لە خزمەتی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار بێت بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرکردنێکی تەباییانەی گرفتەکە لەسەر بنەمای ڕێزدانان بۆ ئەم پەیماننامەیە؛

b. کۆمیسیۆن دەبێت لە پێنج کەس بێتە پێکهانین کە ڕەزامەندی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیداری لەسەر بێت. ئەگەر وڵاتانی پەیوەنددار لە ماوەی سێ مانگدا نەگەیشتن بە

ڕێكەوتنێک دەربارەی هەموو یان بەشێکی پێکهاتەی کۆمیسیۆنەکە، ئەوا دەبێت ئەو ئەندامانەی کۆمیسیۆن، کە ڕێکەوتن نەکراوە لەسەری، بە هەڵبژاردنی نهێنی لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەوە بهێنە هەڵبژاردن، بەپێی بنەمای زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان.

2. ئەندامانی کۆمیسیۆن دەبێت ئەرکەکانیان بەگوێرەی توانای خۆیان ڕاپەڕێنن. ئەوان نابێت هاووڵاتی وڵاتی پەیوەندیداری گرفتەکە بن یان هاووڵاتی وڵاتێک بن کە بەشدار نییە لە ئەم پەیماننامەیە یان وڵاتێک کە جاڕی نەدابێت بە گوێرەی بەندی 41.
3. دەبێت کۆمیسیۆن خۆی سەرۆک بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هەروەها دەبێت پەیڕەوی ناوخۆی دابڕێژێت.
4. کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن دەبێت داڕێژراوانە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ بکرێت. هەرچۆنێک بێت، دەکرێت کۆبوونەوەکان لە شوێنی گونجاوی تردا بکرێت، کە کۆمیسیۆن، بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو وڵاتی پەیوەندیدار، خۆی دەستنیشانی بکات.
5. ئەو سکرتاریەتەی کە بەخشراوە بەپێی بەندی 36 دەبێت هاوکاری کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراو بکات، بەپێی ئەم بەندە.
6. ئەو زانیاریانەی کە بەدەست گەیشتوون و کۆکراونەتەوە لە لایەن کۆمیتەوە، دەبێت دەستڕەسی کۆمیسیۆن بکرێت. کۆمیسیۆن لەوانەیە داوای زانیاری و ڕوونکردنەوەی تەواوکراوە لە وڵاتانی پەیوەندیدار بکات.
7. کاتێک کۆمیسیۆن کۆتایی بە مامڵەکردنی گرفتێک دەهێنت، بەڵام لە هەر ڕەوشێکدا نابێت پتر لە 12 مانگ پاش وەرگرتنی گرفتە هەڵپەستراوەکە بخایانێت،ئەوا دەبێت ڕاپۆرتێک، دەربارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار، بدات بە سەرۆکی کۆمیتە:
   a. ئەگەر کۆمیسیۆن نەتوانێت کۆتایی بە مامڵەکردنەکانی سەبارەت بە گرفتەکە لە ماوەی 12 مانگدا بهێنێت، ئەوا ئەو دەبێت ڕاپۆرتەکەی لە ڕوونکردنەوەیەکی کورتدا، سەبارەت بە تاووتوێکردنی گرفتەکە، دابڕێژێت؛
   b. ئەگەر چارەسەرێکی تەبابیانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بە پێی پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە هاتە جێبەجێکردن، ئەوا دەبێت کۆمیسیۆن ڕاپۆرتی خۆی سنووردار‌بکات بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی ڕاستییەکان و ئەو چارەسەرییانەی کە پێی گەیشتووە؛
   c. ئەگەر چارەسەرێک بەپێی نیمچە پەرەگرافی b نەهاتە ئەنجامدان، ئەوا دەبێت ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن ئەو دەرئەنجامانەی کە پەیوەندەن بە گشت پرسەکان و گرنگن بۆ ناوەڕۆکی ئەو گرفتەی کە لە نێوان وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیداردا هەیە بگرێتەخۆ، هەروەها تێگەیشتنی کۆمیسیۆن، لە هەبوونی ئەگەری چارەسازی تەبابیانە بۆ گرفتەکە، دەبێت بخرێتەڕوو. هەروەها ڕاپۆرتەکە دەبێت بە نووسین سەرنجی وڵاتانی پەیوەندیدار بۆ گرفتەکە بگرێتەخۆ، ئەمە جگە لە پرۆتۆکۆڵێک دەربارەی ئەو سەرنجانەی کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بە دەمی خستویانەتە ڕوو؛
   d. ئەگەر کۆمیسیۆن ڕاپۆرتی خۆی بەپێی نیمچەپەرەگرافی c دابێت، ئەوا دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار دوای وەرگرتنی ڕاپۆرتەکە لە ماوەی سێ مانگدا سەرۆکی کۆمیتە ئاگادار بکەن کە ئایا ئەوان ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە پەسەند دەکەن یان نایکەن.
8. ناوەڕۆکی ئەم بەندە کاریگەری نابێت بۆ سەر ئەرکەکانی کۆمیتە بەپێی بەندی 41.

9. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار بە گرفتەکەوە دەبێت وەکو یەک خەرجییەکانی ئەندامانی کۆمیسیۆن لە ئەستۆبگرن، بە گوێرەی خەمڵاندنێک کە لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لێدەدرێت.
10. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر پێویست بکات، دەتوانێت خەرجی ئەندامانی کۆمیسیۆن بدات، پێش ئەوەی خەرجیەکان لە لایەن وڵاتانی پەیوەندداری قەرەبوو بکرێنەوە، بەپێی پەرەگرافی 9 ی ئەم بەندە.

**بەندی 43**

ئەندامانی کۆمیتە و ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە ڕاوێژکارییە کە دەکرێت بێنە هەڵبژاردن بەپێی بەندی 42، دەبێت مافی وەرگرتنی ئەو کەرەستە و نایابداری و هەروەها پارێزەدارییان هەبێت، کە دەدرێت بە پسپۆڕان لە ئەنجامی ڕاسپاردنیان بە ئەرکێک لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەپێی ئەو پەیڕەوە بەکاربردووانەی کە خراونەتە نێو ئەم پەیماننامەوە و پەیوەندە بە نایابداری و پارێزەداری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

**بەندی 44**

برگەکانی ئەم پەیماننامەیە دەبێت بێنە جێبەجێکردن بەدەر لە بۆچوونی پێشدەمییانە بۆ هەنگاوی پرۆسەکانی باسلێکراو لە بواری مافەکانی مرۆڤ یان پێکهاتەی پەیڕەو و پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە تایبەتمەندەکان. ئەمانە نابێت ببن بە ڕێگر بۆ ئەوەی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەندێک سەرچاوەی تر، کە بەکارایە لە نێوانیان خۆیاندا، بەکاربهێنن لە چارەسەرکردنی گرفتێکی نێوانیان. سەرچاوەکان دەبێت هاوئاهەنگ بن لەگەڵ پەیماننامە گشتی و تایبەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**بەندی 45**

کۆمیتە دەبێت، لە ڕێگەی کۆنسڵی ئابووری و جڤاکیەوە، ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی چالاکییەکانی بدات بە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**بەشی پێنجەم**

**بەندی 46**

هیچ لە ئەم پەیماننامەیە نابێت بە ئەو جۆرە بێتە شرۆڤەکردن کە پەیڕەوەکانی نێو دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستورەکانی ئۆرگانە تایبەتمەندەکان، لە پێناسەکردنی هەر یەک لە ئەو لێپرسراویەتییانەی کە ئۆرگانەکانی جیاوازی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە تایبەتمەندەکان لە ئەستۆیان گرتووە لە ڕەچاوکردنی ئەو گرفتانەی کە بەپێی ئەم پەیماننامە مامڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سنووردارەدەکات.

**بەندی 47**

هیچ لە ئەم پەیماننامەیە نابێت بە ئەو جۆرە بێتە شرۆڤەکردن کە مافی بنەڕەتی مرۆڤەکان لە خۆشگوزەرانی و سوودوەرگرتنی تەواو و ئازادانەیان بۆ سەرچاوە و سامانە سروشتییەکانی خۆیان سنووردار‌دەکات.

**بەشی شەشەم**

**بەندی 48**

1. ئەم پەیماننامەیە کراوەیە بۆ واژۆکردن لە لایەن هەر وڵاتێکەوە کە ئەندامە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یان ئەندامە لە یەکێک لە ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی ئەم ڕێکخراوە، لە لایەن وڵاتێکەوە کە گرێدراوی دادگای نێونەتەوەییە بۆ دادپەروەری، یان هەر وڵاتێکی تر کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بانگهێشتکراوە بۆ ئەوەی بەشداربێت لە ئەم پەیماننامەیە.
2. ئەم پەیماننامەیە دەبێت بێتە پەسەندکردن و کەرەستەی پەسەندکرنیش دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بسپێردرێت.
3. ئەم پەیماننامەیە دەبێت کراوە بێت بۆ پابەندبوون بۆ هەر وڵاتێک کە لە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە .
4. پابەندبوون لە ڕێگەی سپاردنی کەرەستەی پابەندبوون لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دێتە ئەنجامدان.
5. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ئاگاداری هەموو ئەو وڵاتانە بکات، کە پەیماننامەکەیان واژۆ کردوە یان پابەندبوون پێی، لە سپاردنی هەر کەرەستەی پەسەندکردنێک یان پابەندبوونێک.

**بەندی 49**

1. ئەم پەیماننامەیە سێ مانگ پاش ڕۆژی سپاردنی سی و پێنجەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان کەرەستەی پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.
2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پابەند دەبێت پێی لە پاش سپاردنی سی و پێنجەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێ مانگ پاش ڕۆژی سپاردنی پەسەندکردنەکە یان پابەندبوونەکە بەکارا دەکرێت.

**بەندی 50**

بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە دەبێت هەموو پارچەکانی وڵاتە فیدڕاڵەکان بگرێتەوە، بەبێ سنووردارکردن یان ئاوارتەکردن.

**بەندی 51**

1. هەموو وڵاتێک دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیەدا بکات و بەشێوەی تێکست بیدات بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکان بەسەر وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دابەشبکات لەگەڵ داواکارییەک لە نیشاندانی سەرنجی ئەم وڵاتانە بۆ ئەو لە بەستنی کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان. لە ئەگەری پەسەندکردنی کۆنفرانس لە لایەن یەک لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە، دەبێت سکرتێری گشتی بانگهێشتی کۆنفرانسێک لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات. هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراو، کە لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە کە ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکە، وەرگیراوە، دەبێت دواتر بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسەندکردن.
2. گۆڕانکارییەکان بەکارادەبن، کاتێک ئەوان لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێنە پەسەندکردن بە گوێرەی برگەکانی دامەزراوەیی هەر یەک لە ئەم دوو ڕێکخراوەیە.
3. بەکاراکردنی گۆڕانکارییەکان، دەبێت تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە گۆڕانکارییەکانیان پەسەندکردووە، وڵاتەکانی تر پابەندی برگەکانی ئێستا و هەرچی گۆڕانکاری پێشووتری پەیماننامە دەکەن کە ئەوان دەنگیان لەسەر داوە.

**بەندی 52**

بێجگە لە ئەو تێبینیانەی کە لە بەندی 48، پەرەگرافی 5، کراوە، دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو وڵاتانی ئاماژەکراوی پەرەگرافی 1ی هەمان بەند ئاگادار بکات بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. واژۆکردن، پەسەندکردن و پابەندبوون بەپێی بەندی 48 دەبێت.
2. ڕۆژی بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بەندی 49 دەبێت، هەروەها ڕۆژی بەکاراکردنی هەر گۆڕانکارییەک بەپێی بەندی 51 دەبێت.

**بەندی 53**

1. ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لە ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دابنرێت.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کۆپی باوەڕپێکراوی ئەم پەیماننامەیە بۆ هەموو وڵاتان، بەپێی بەندی 48، بنێرێت.

## پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی

لە 21 دیسەمبەری 1965 وەرگیراوە و ئامادەکراوە بۆ واژۆکردن و پەسەندکردن و پاپەندبوون، بە پێی بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ژمارە 2106 (XX)
لە 04 – 01 – 1969 وە بەکارادەکرێت، بەپێی بەندی 19

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە

**وادەڕوانن کە**، دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرینسیپەکانی شکۆمەندانە و بەهای یەکسانی مرۆڤەکان سەرچاوە دەگرێت. هەروەها هەموو نەتەوەکانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە خۆیان پابەندکردووە کە پێکەوە و بە تەنیا و بە هاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ بەدیهێنانی یەک لە مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەویش پشتگیریکردن و هاندانی ڕێزگرتن و چاودێریکردنی ماف و ئازادییەکانی بنەڕەتی مرۆڤە، بکەن، بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای نەژادی، ڕەگەزی، زمانی یان ئاینی،

**وا دەڕوانن کە**، جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ بانگهێشتی ئەوە دەکات کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایکبوون و یەکسانن لە بەها و مافدا، هەروەها هەموو مرۆڤێک شایستەی ئەو هەموو ئازادی و مافانە هەیە کە لە ئەم جاڕنامەیەدا هاتووە، بەبێ جیاوازی لەسەر هەر بنەمایەک، بە تایبەتی نەژادی، ڕەنگی یان ڕەچەڵەکی نەتەوەیی،

**وا سەیردەکەن کە**، هەموو مرۆڤەکان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و بەپێی یاسا هەموو شایستەی هەمان پارێزگاریکردن دژ بە هەر جۆرە هەڵاواردنکردنێک و هەر بوونەهۆییەکی هەڵاواردکردن،

**وا دەڕوانن کە**، نەتەوە یەکگرتووەکان کۆڵۆنیالزم "داگیرکردن" و هەموو پراکتیزەکردنەکانی جیاوازی نەژادی و هەڵاواردن کە بەندە پێی، بە هەر شێوەیەک و لە هەر کوێیەک بێت، شەرمەزار کردوە، هەروەها جاڕدانی پەسەندکردنی سەربەخۆیی لە وڵاتان و خەڵکانی کۆڵۆنیالیزم *Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and People* لە دیسەمبەری 1960 (پێشنیاری پەسەندکراوی ئەنجومەنی گشتی 1514 XV) دووپاتدەکاتەوە و بە دڵنیاییەوە بانگەشەی کۆتایی پێهێنانی بێمەرج و خێرای ئەمانەی پێویست کردوە،

**وا دەڕوانن کە**، جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی لە 20 نۆڤەمبەر 1963 (پێشنیاری پەسەندکراوی ئەنجومەنی گشتی 1904 (XV111)) بە دڵنیاییەوە دووپاتی پێویستی بنبڕکردنی خێرای هەڵاواردنی نەژادی لە گشت جیهان بە هەموو جۆر و دیاردەکانییەوە دەکات، هەروەها جەخت لە لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتن بۆ بەهاکانی مرۆڤایەتی دەکات،

**باوەڕیان وایە کە،** باوەڕی باڵادەستی لەسەر بنەمای جیاوازی نەژادی زانستیانە هەڵەیە، ڕەوشتیانە شەرمەزارییە، جڤاکییانە نادادپەروەری و مەترسیدارە، هەروەها هیچ جۆرە دادپەروەرییەک بۆ هەڵاواردنی نەژادی، ئینجا لە تیۆریی بێت یان پراکتیزەکردن، لە هەر شوێنێک بێت، نییە،

**دووپاتی دەکەنەوە کە،** هەڵاواردن لەسەر بنەمای نەژادی، ڕەنگی یان ڕەچەڵەکی ئێتنیکی نێوان مرۆڤەکان دەبێت بە ڕێگر لە پێش پەیوەندییەکی ئاشتیانە و هاوڕێیانەی نێوان نەتەوەکان، هەروەها دەتوانێت ئاشتی و ئاسایش لە نێو خەڵکان و هارمۆنی ژیانی تاکەکان، کە شان بە شانی یەکتر لە ناو یەک و هەمان وڵاتدا دەژین، بهێنێتە تێکدان،

**باوەڕیان وایە کە،** هەبوونی ڕێگری نەژادی لەگەڵ ئامانجەکانی هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا یەکناگرێتەوە،

**بە دڵەڕاوکێن،** بۆ دیمەنی هەڵاواردنی نەژادی کە هەتاکو ئێستا بە بەڵگەوە لە هەندێک بەشی جیهاندا دەبینرێن، هەروەها بۆ ئەو ڕامیارییانەی کە بناغەکەی لەسەر باڵادەستی نەژادی و ڕق دامەزرێنراوە، بۆ نموونە ڕامیارییەکانی ئەپارتاید و پەراوێزخستن و جوداکردن کە لە لایەن هەندێک لە حکومەتەکانەوە پەیڕەو دەکرێن،

**بڕیاریان داوە کە،** هەموو پێوەرێکی پێویست، کە هەیە، بۆ هەرچی زووتری بنبڕکردنی هەڵاواردنی نەژادی، بە هەموو جۆر و دیاردەکانییەوە کە هەیە، بگرنەبەر، هەروەها ڕێگەبگرن و تێکۆشان دژ بە باوەڕ و پراکتیزەکانی نەژادپەرستی بکەن، ئەویش بە مەبەستی پشتگیریکردنی لیکتێگەیشتنی نێوان نەژادەکان و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەیی کە لە هەموو جۆرەکانی جیاوازی و هەڵاواردنی نەژادی ئازاد بێت،

**سەرنجی هەمووان ڕادەکێشن بۆ ،** پەیماننامەی سەبارەت بە هەڵاواردنی نەژادی دەربارەی کارمەند دامەزراندن و فێرکردنی پیشەیی کە لە لایەن ڕێکخراوی کرێکاری نێونەتەوەییەوە *International Labour Organisation* لە ساڵی 1958 وەرگیراوە، هەروەها پەیماننامەی دژ بە هەڵاواردن لە پەروەردە و خوێندن کە لە لایەن ڕێکخراوی خوێندن و زانستی و کەلتوری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە *United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization* لە ساڵی 1960 وەرگیراوە،

**ئومێدەوارن کە،** ئەو پرینسیپانەی کە لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی بانگەشەی بۆ کراوە، بهێننە دی، هەروەها پێوەرەکانی پراکتیزەکردنی ئەم مەبەستەش دڵنیابکەن،

لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێکدەکەون:

**بەشی یەکەم**

**بەندی 1**

1. لە ئەم پەیماننامەیەدا، چەمکی "هەڵاواردنی نەژادی" بە واتای هەر جیاوازییەک، ئاوارتەکردنێک، سنووردارکردنێک یان پێشخستنێک دێت کە بناغەی لەسەر نەژاد، ڕەنگ، ڕەچەڵەک، یان سەرچاوەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی دەبەستێت، کە مەبەستی یان کاریگەری بەسەر بەهیچکردنی یان سنووردارکردنی باوەڕهێنان بە یان کەڵکلێوەرگرتن لە یان پراکتیزەکردنی، لەسەر هەمان بنەمای یەکسان، ماف و ئازادییەکانی بنەڕەتی مرۆڤ لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابوری و جڤاکی و کەلتوری یان هەر بوارێکی تری ژیانی فەرمیدا هەیە.
2. ئەم پەیماننامەیە، ئەو جیاوازییانەی یان ئاوارتەکردنانەی یان سنووردارکردنانەی یان پێشخستنانەی کە لە نێوان هاووڵاتیان و ناهاووڵاتیاندا لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامەوە دەکرێت، ناگرێتەوە،
3. نابێت هیچ لە ئەم پەیماننامەیە وا شرۆڤەبکرێت کە بە جۆرێک لە جۆران کاریگەری بۆ سەر سیستەمی دادپەروەری وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، سەبارەت بە نەتەوەییبوون و هاووڵاتیبوون یان سروشتیبوون، دەبێت، بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی کە ئەم مەرجانە هەڵاواردن دژی هیچ نەتەوەیەکی دیاریکراو دروست ناکات.
4. ئەو پێوەرە تایبەتانەی کە گیراونەتەبەر بە مەبەستی هێنانەدی پێشکەوتنێکی گونجاو بۆ ئەو گروپە نەژادانە و ئیتنیکانەی یان کەسانەی کە پێویستیان بە پارێزگاریکردن هەیە بۆ ئەوەی لەسەر هەمان بنەمای یەکسان کەڵکوەربگرن لە، یان پراکتیزەی، مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتییان، بکەن، نابێت وەکو هێنانەکایەی هەڵاواردنی نەژادی تەماشابکرێن. هەرچۆنێک بێت، بە ئەو پێیەی کە ئەم پێوەرانە، وەکو دەرئەنجامێک، نابێتە هۆکاری مانەوەی مافی جیاواز بۆ هەندێک گروپی نەژاد جیاواز، هەروەها ئەمەش نابێت بەردەوام بێت پاش ئەوەی مەبەستەکانی ئەم پێوەرانە بەدیهاتن.

**بەندی 2**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەڵاواردنی نەژادی شەرمەزاردەکەن و هەوڵی گرتنەبەری، بە هەموو جۆرێک و بەبێ چاوەڕوانی، ڕامیارییەک دەدەن کە ئامانجی بنبڕکردنی گشت جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادییە، هەروەها پشتگیری لێکتێگەیشتن لە نێوان هەموو نەژادەکاندا دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش:

a. هەموو وڵاتەکانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان ملکەچ دەکەن کە هیچ کردارێکی یان پراکتیزەکردنێکی هەڵاواردنی نەژادی دژی هیچ کەسانێک، کۆمەڵە کەسانێک یان دەزاگایەیلێک نەکەن. هەروەها ئەم ملکەچبوونە گشت کردار و مامڵەکانی دەسەڵاتداران و دەزگاکانی فەرمی ئەم وڵاتانە، لە ئاستی ناوچەیی و نەتەوەییدا، دەگرێتەوە،

b. هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان ملکەچ دەکەن کە یارمەتی دارایی بە، یان پارێزگاری لە یان پشتگیری لە هیچ کەسێک و ڕێکخراوەیەک ناکەن کە هەڵاواردنی نەژادی دەکات،

c. هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پێوەری کاریگەر بۆ چاودێریکردنی ڕامیاریی پیادەکراوی حکومەت، لە ئاستی ناوچەیی و نەتەوەیی، و هەروەها بۆ گۆڕاندنی و لابردنی یان بەهیچکردنی گشت ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە دەبنە هۆکاری یان هێشتنەوەی هەڵاواردنی نەژادی بگرنەبەر، ئینجا ئەمە لە هەر کوێیەک بێت،

d. هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت، بە هەموو شێوەیەک، ئەمەش یاسادەرکردن دەگرێتەخۆ، هەڵاواردنی نەژادی لە لایەن هەر کەسانێک، گروپەیلێک یان دەزگایەیلێک قەدەغەبکات و کۆتایی پێبهێنێت،

e. هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن، بەپێی بوار، کە هانی ئەو ڕێکخراوانە و بزاڤانە بدەن کە نوێنەرایەتی گەلێک نەژادی جوداجودا دەکەن و مەبەستیان ئاوێتەکردنی ئەم نەژادە جودایانەیە، هەروەها پێوەری تر، بۆ نەهێشتنی ئاستەنگییەکانی نێوان نەژادەکان و دژایەتیکردنی هەر تشتێک کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی جیاوازی نەژادی، بگرنەبەر.

2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، کاتێک بارودۆخەکە کردنی بسەلمێنێت، دەبێت پێوەری تایبەتانە و کۆنکرێتانە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، کەلتوری و هیتر بگرنەبەر لە بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتن و پارێزگاریکردنی لەبار بۆ هەندێک گروپی نەژادی یان کەسانێک کە گرێدراوی ئەم گروپانەن بە مەبەستی دڵنیاکردنیان کە بە تەواوی و بە یەکسانی کەڵک لە مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییە بنەڕەتییەکان وەربگرن. نابێت ئەم پێوەرانە، بە هیچ جۆریک، ببنە هۆکاری هێشتنەوەی مافی جیاواز یان تایبەتمەند بۆ هەندێک گروپی نەژادی جیاواز پاش بەدیهاتنی مەبەستەکانی ئەم پێوەرانە.

**بەندی 3**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بە تایبەتی پەراوێزخستنی نەژادی و ئەپارتاید شەرمەزاردەکەن و خۆیان پابەنددەکەن کە هەموو دیاردەیەکی لە ئەم جۆرە ڕێگریبکەن و قەدەغەبکەن و لە ڕیشەهەڵکێشن، لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یاساییاندا.

**بەندی 4**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو پڕوپاگەندەیەک و هەموو ڕێکخراوێک کە بنچینەکەی لەسەر باوەڕی یان تیۆریی باڵادەستی یەک نەژادی یان گروپێک لە کەسانی یەک ڕەنگی یان یەک ڕەچەڵەکی ئێتنیکی دامەزراوە شەرمەزاردەکات، هەروەها شەرمەزاری هەموو هەوڵدانێک دەکەن کە مەبەستی بەدادپەروەرکردنی یان بەهێزکردنی ڕقی نەژادی و هەر جۆرێکی هەڵاواردنە، دیسان خۆیان پابەنددەکەن کە هەنگاوی یەکسەری و ئەرێنیانە بگرنەبەر بە مەبەستی بنبڕکردنی گشت جۆرەکانی هاندان و کرداری گرێدراو بە هەڵاواردن. بۆ ئەم ئامانجەش، بە ڕەچاوکردنی ئەو پرینسیپانەی کە دەکەونە نێو جاڕدانی گشتی مافەکانی مرۆڤ و ئەو مافانەی کە لە بەندی 5 ی ئەم پەیماننامەیەدا ئاشکراکراوە، ئەوا وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت:

a. هەموو بڵاوکردنێکی باوەڕی کە بناغەی لەسەر باڵادەستی یان ڕقی نەژادی بەستووە، هەموو هاندانێکی هەڵاواردنی نەژادی، هەروەها هەموو کردارێکی دوژمناکارانە یان هاندان بۆ ئەم جۆرە کرادارانە دژ بە کەسانی سەر بە هەر نەژادێک یان گروپێک کە لە ڕەنگ و ڕەچەڵەکێکی ئێتنیکی

ترن، دیسان پێدانی هەر یارمەتییەک بۆ چالاکی نەژادپەرستی، ئەمەش یارمەتیدانی دارایی دەگرێتەوە، وەکو کردارێکی تاوانبارانە و سزادراو بەپێی یاسا بناسێنێت،

b. هەموو ڕێکخراو و چالاکی و هەموو جۆرە پڕوپاگەندەیەکی ڕێکخراو کە پشتگیری و هاندانی هەڵاواردنی نەژادی دەکات و باوەڕدەهێنێت بە بەشداریکردن لە ئەم جۆرە ڕێکخراوانە و چالاکییانە، وەکو کردارێکی تاوانبارانە و سزادراو بەپێی یاسا بناسێنێت،

c. ڕێگە نەدەن بە دەستەڵات و ڕێڤەبەرییەکانی فەرمی، لە ئاستی ناوچەیی و نەتەوەییدا، بۆ پشتگیریکردن و هاندانی هەڵاواردنی نەژادی.

**بەندی 5**

بۆ بەچوستکردنی ئەو ئەرکە بنەڕەتییانەی کە لە بەندی 2 ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە، ئەوا وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە هەڵاواردنی نەژادی، بە گشت جۆرەکانییەوە، قەدەغە و بنبڕبکەن و مافی یەکسانی هەر کەسێکیش، بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای نەژادی، ڕەنگی، یان ڕەچەڵەکی نەتەوایەتی یان ئێتنیکی، لە بەرامبەر یاسادا مسۆگەر بکەن، بە تایبەتی لە کەڵکوەرگرتنی بۆ ئەم مافانەی خوارەوە:

a. مافی یەکسانی مامڵەکردن لە بەرامبەر دادگا و ڕێڤەبەرییەکانی دادپەروەری تردا،

b. حکومەت مافی پاراستن و پارێزگاریکردنی تاکە کەس دژ بە توندوتیژی و ئازاردانی جەستەیی دابین دەکات، ئینجا ئەمە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێڤەبەرییەکانی گشتی یان لە لایەن هەر کەسان و گروپەیل و دەزگایەلێک ئەنجامبدرێت،

c. مافەکانی ڕامیاری، بەتایبەتی مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن لەسەر بنەمای مافی گشتی و یەکسانی دەنگەکان، بۆ بەشداریکردن لە حکومەت و پرسە گشتییەکان لە هەموو ئاستەکان و هەروەها فەراهەمکردنی دەستڕەسی یەکسان بۆ خزمەتە گشتییەکان،

d. مافەکانی تری مەدەنی، بە تایبەتی:

i. مافی ئازادی گەڕان و نیشتەجێبوون لە نێو سنووری وڵاتدا،

ii. مافی جێهێشتنی هەر وڵاتێک، ئەمەش وڵاتی خۆ دەگرێتەوە، هەروەها گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆ،

iii. مافی هاووڵاتی بوون،

iv. مافی ژن هێنان/شووکردن و دیاریکردنی هاوسەری،

v. مافی خودانبوونی سامان، بە تەنیا و لەگەڵ کەسانی تردا،

vi. مافی میرات وەرگرتن،

vii. مافی ئازادی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایین،

viii. مافی ئازادی بۆچوون و دەربڕین،

ix. مافی ئازادی بۆ کۆمبوون و کۆمەڵەی ئاشتیخوازی،

e. مافەکانی ئابوری و جڤاکی و کەلتوری، بە تایبەتی:

i. مافی کارکردن، مافی ئازادانە لە هەڵبژاردنی دامەزراندن، مافی هەبوونی مەرجی کارکردنی دادپەروەرانە و ویستراوانە، مافی پارێزگاری لە بێکاری، مافی هەمان مووچە بۆ هەمان کار، مافی مووچەی دادپەروەرانە و ویستراوانەی کارکردن،

ii. مافی دامەزراندن و ئەندامبوون لە سەندیکای کرێکاری،

iii. مافی خانووبەرە،
iv. مافی دەستڕەسی بۆ خزمەتەکانی تەندروستی گشتی، چاودێری پزیشکی، ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی و خزمەتەکانی کۆمەڵایەتی،
v. مافی پەروەردە و خوێندن،
vi. مافی یەکسانی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی کەلتوری،
f. مافی دەستڕەسی بۆ هەر شوێنێک و خزمەتێکی گشتی وەکو ئامرازەکانی هاتوچۆکردن، ئوتێلەکان، ڕێستورانگەکان، گازینۆکان، شانۆکان و باخچەکان.

**بەندی 6**

**وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت، لە سایەی سێبەری یاسادا، هەموو تاکە کەسێک بۆ پارێزگاریکردن و پێدانی کەرەستەی دادپەروەری، لە ڕێگەی دادگای نیشتمانی شارەزا یان دەزگای دەوڵەتی تر، دڵنیابکەن دژ بە هەموو کردەوەیەکی هەڵاواردنی نەژادپەرستانە کە، بە پێچەوانەی ئەم پەیماننامەیە، مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان پێشێلدەکات، تەنانەت دەبێت مافی داواکاری قەرەبووکردنێکی یان بەرسڤێکی ئەرێنیانەی گونجاو لە دادگاکان، وەکو دەرئەنجامێک بۆ زیانە لێکەووتووەکانی هەڵاواردن، مسۆگەربکەن.**

**بەندی 7**

**وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پێوەری یەکسەری و کاریگەر بگرنەبەر، بە تایبەتی لە بوارەکانی خوێندن و پەروەردە و کەلتور و زانیاری، بۆ دژایەتیکردنی ئەو قسە و قسەڵۆکانەی کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ هەڵاواردن، هەروەها بۆ پشتیوانیکردنی لێکتێگەیشتن و دانبەخۆداگرتن و هاوڕێیەتی لە نێوان نەتەوەکان و نەژادەکان یان گروپەکانی ئێتنیکی، دیسان بۆ بڵاوەپێکردنی زانیاری دەربارەی مەبەست و پرینسیپەکانی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و جاردانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بنبڕکردنی گشت جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی و هەروەها ئەم پەیماننامەیە.**

**بەشی دووهەم**

**بەندی 8**

1. کۆمیتەیەک سەبارەت بە بنبڕکردنی هەڵاواردن (لێرە بەدواوە بە کۆمیتە ناودەبرێت) دەبێت بێتە دامەزراندن و پێکبێت لە هەژدە پسپۆڕی خاوەن ڕەوشتی بەرز و کەسانی شارەزا و بێلایەن، ئەم شارەزایانە دەبێت بە گوێرەی توانای کەسایەتی خۆیان خزمەتبکەن. ئەم شارەزایانە دەبێت لە لایەن وڵاتەکانی بەشداربووی پەیماننامەوە بێنە هەڵبژاردن، بە ڕەچاوکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی جوگرافی و جۆری جودای شارستانی و هەروەها لە ئامادەبوونی گرنگترین سیستەمەکانی دادپەروەری.

2. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەهۆی دەنگدانی نهێنیەوە بێنە هەڵبژاردن، لە ڕێگەی لیستێک ناو کە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە پاڵێوراون. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت یەک هاووڵاتی خۆی بپاڵێوێت.
3. یەکەمین هەڵبژاردن دەبێت دوای شەش مانگ لە بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە بێتە جێبەجێکردن. بە لایەنی کەم سێ مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نووسین بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات کە لە ماوەی دوو مانگدا ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان بنێرن. سکرتێری گشتی دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوکراوە ئامادەبکات، لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو وڵاتانەی کە ئەمانەی هەڵبژاردووە، و بینێرێت بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە.
4. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە دەبێت لە کۆبوونەوەیەکدا بکرێت کە لەسەر بانگهێشتی سکرتێری گشتی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێکدەخرێت. لە ئەم کۆبوونەویەدا، کە توانای بڕیاردانی دەبێت ئەگەر دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشدرابووی پەیماننامە ئامادەبن، دەبێت ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان و ڕەهای زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی ئامادەبوو و دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەدەستدەهێنن.
5.

a. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن. هەرچۆنێک بێت، ماوەی ئەندامییەتی نۆ هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن پاش دوو ساڵ کۆتایی پێدێت؛ یەکسەر دوای یەکەمین هەڵبژاردن، سەرۆکی کۆبوونەوەکە ناوی ئەو نۆ ئەندامە لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت؛
b. لە ئەگەری بۆشاییەکی کاتی، ئەوا ئەو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەیە، کە پسپۆڕەکەی کۆتایی بە ئەندامیەتی خۆی لە کۆمیتە دەهێنێت دەتوانێت پسپۆڕێکی تر کە هاووڵاتی خۆیەتی لە جێگەی ئەو دابنێت، بە ڕەچاوکردنی پەسەندکردنی کەسەکە لە لایەن کۆمیتەوە.
6. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت خەرجییەکانی ئەندامانی کۆمیتە، لە ئەو ماوەیەی کە ئەرکەکانی کۆمیتە بەڕێوە دەبەن، بگرنە ئەستۆ.

**بەندی 9**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە ڕاپۆرتێک دەربارەی پێوەرەکانی یاسایی و دادپەروەری و ڕێڤەبەری و هیتر کە گرتوویانەتەبەر بە مەبەستی چالاککردنی ئەم پەیماننامەیە، لە ڕێگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بدەن بە کۆمیتە بۆ هەڵسەنگاندن:
a. لە ماوەی ساڵێک لە پاش بەکاراکردنی ئەم پەیماننامە بەگوێرەی وڵاتی دیاریکراوی بەشداربووی پەیماننامە،
b. دواتر هەر دوو ساڵ جارێک یان ئەو کاتەی کە کۆمیتە داوایان لێدەکات. کۆمیتە دەتوانێت داوای زانیاری تازەتر لە وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات.
2. کۆمیتە دەبێت ساڵانە، لە ڕێگەی سکرتێری گشتی، ڕاپۆرتێک دەربارەی چالاکییەکانی بدات بە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها کۆمیتە دەتوانێت پێشنیار و ئامۆژگاری گشتی، کە بناغەی لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت و زانیاریەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە

گرتووە، بخاتەڕوو. ئەم پێشنیار و ئامۆژگارییە گشتییانە دەبێت بە ڕاپۆرت لەگەڵ هەر تێبینیەک، ئەگەر هەبێت لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە، بدرێت بە ئەنجومەنی گشتی.

**بەندی 10**

1. کۆمیتە پەیڕەو و بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت.
2. کۆمیتە کارمەندەکانی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێت.
3. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سکرتاریەت بە کۆمیتە دەبەخشێت.
4. کۆمبوونەکانی کۆمیتە ئاساییانە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سازدەکرێت.

**بەندی 11**

1. ئەگەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە وابڕوانێت کە وڵاتێکی تری بەشداربووی پەیماننامە پابەند نییە بە برگەکانی ئەم پەیماننامەیە، ئەوا وڵاتی یەکەم دەتوانێت ڕاسپاردەیەک لەسەر ڕەوشەکە بدات بە کۆمیتە. دواتر کۆمیتە ڕاسپاردەکە ڕەوانەی وڵاتی "دووەم" پەیوەندیدار دەکات. لە ماوەی سێ مانگ بەسەر وەرگرتنی پەیامی ڕاسپاردەکە، دەبێت وڵاتی پەیام وەرگر بە نووسین ڕوونکردنەوە یان گوتنێک کە گرفتەکە ڕۆشن دەکات و ئەو پێوەرانەی، ئەگەر هەبێت، کە گیراونەتەبەر لە لایەن وڵاتەکەوە بدات بە کۆمیتە.
2. ئەگەر گرفتەکە لە ڕێگەی گفتوگۆی دوولایەنە یان هەر پرۆسەیەکی تر لە ماوەی شەش مانگ پاش ئەوەی پەیامە سەرەکییەکە لە لایەن وڵاتی وەرگرەوە وەرگیرا نەهاتە ڕێکخستن بە ئەو شێوەیەی کە هەردوو وڵاتی پەیوەندیدار پێی رازیبن، ئەوا هەردوو وڵات دەبێت مافی ڕەوانەکردنی بابەتەکەیان، بۆ جارێکی تر، بۆ کۆمیتە هەبێت، لەگەڵ تێبینی بۆ کۆمیتە و هەروەها بۆ وڵاتەکەی تر.
3. کۆمیتە دەبێت بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە مامڵە لەگەڵ گرفتی ئاماژەپێکراودا بکات، تەنها پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە گشت کەرەستە یاساییە چارەسازییەکانی ناوخۆیی داواکراوە و بەکارهێنراوە لە گرفتەکە، بە گوێرەی پرینسیپە گشتییە باوەڕپێداهێنراوەکانی یاسا نێونەتەوەییەکان. نابێت ئەمە بکرێت بە ڕێسا، ئەگەر جێبەجێکردنەکانی کەرەستەکانی یاسایی بێهودە کاتی زۆر بکێشێت.
4. بۆ هەر کێشەیەکی ڕەوانەکراو، کۆمیتە دەتوانێت بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیوەندیدار بکات لە بۆ پێدانی زانیاری گونجاوی زیاتر.
5. ئەگەر کۆمیتە، بەپێی ئەم بەندە، مامڵەی گرفتێک بکات، ئەوا وڵاتانی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە دەتوانن نوێنەرێکیان، بە بێ هەبوونی مافی دەنگدان، بنێرن لە بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی کۆمیتە، لە دەمێکدا کە گرفتەکە لەژێر تاووتوێکردندایە.

**بەندی 12**

1.

a. دوای وەرگرتن و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە وا دەزانرێت پێویستن، ئەوا سەرۆکی کۆمیتە دەتوانێت دەستنیشانی کۆمیسیۆنێکی ڕاوێژکاری *ad hoc Conciliation Commission* بکات (لێرە بەدواوە دەڵێین کۆمیسیۆن) کە لە پێنج کەس پێکدێت، کە دەکرێت بەڵام بە پێویستیش نازانرێت، ئەندامی کۆمیتە بن. ئەندامانی کۆمیسیۆن دەبێت جێگای ڕەزامەندی لایەنکانی گرفتەکە بن و لە خزمەتی وڵاتانی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە بن بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی تەبابیانەی گرفتەکە لەسەر بنەمای ڕێزلێنان بۆ ئەم پەیماننامەیە؛

b. ئەگەر وڵاتانی پەیوەندیدار لە ماوەی سێ مانگدا نەگەیشتن بە ڕێکەوتنێک دەربارەی هەموو یان بەشێکی پێکهاتەی کۆمیسیۆنەکە، ئەوا دەبێت ئەو ئەندامانەی کۆمیسیۆن، کە ڕێکەوتن نەکراوە لەسەری، بە هەڵبژاردنی نهێنی لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەوە بهێنە هەڵبژاردن، بەپێی بنەمای زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان.

2. ئەندامانی کۆمیسیۆن دەبێت ئەرکەکانیان بەگوێرەی توانای خۆیان ڕابپەڕێنن. ئەوان نابێت هاووڵاتی وڵاتی پەیوەندیداری گرفتەکە بن یان هاووڵاتی وڵاتێک بن کە بەشدار نییە لە ئەم پەیماننامەیە.

3. دەبێت کۆمیسیۆن خۆی سەرۆک بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هەروەها دەبێت بەرنامەی کاری خۆی دابڕێژێت.

4. کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن دەبێت ئاساییانە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێت یان لە هەر شوێنێکی گونجاوی تر کە کۆمیسیۆن دەستنیشانی بکات.

5. ئەو سکرتاریەتەی کە بەخشراوە بەپێی پەرەگرافی 3 ی بەندی 10 ی ئەم پەیماننامەیە، دەبێت هاوکاری کۆمیسیۆن بکات، هەردەمێک ناکۆکی نێوان وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ببێتە هۆکاری پەیدابوونی کۆمیسیۆنێک.

6. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار بە گرفتەکەوە دەبێت وەکو یەک هەموو خەرجییەکانی ئەندامانی کۆمیسیۆن لە ئەستۆبگرن، بە گوێرەی خەمڵاندنێک کە لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لێدەدرێت.

7. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر پێویست بکات، دەتوانێت خەرجی ئەندامانی کۆمیسیۆن بدات، پێش ئەوەی خەرجیەکان لە لایەن وڵاتانی پەیوەندیدار قەرەبوو کرابێتەوە، بەپێی پەرەگرافی 6 ی ئەم بەندە.

8. ئەو زانیاریانەی کە لە لایەن کۆمیتەوە بەدەست گەیشتوون و کۆکراونەتەوە، دەبێت دەسترەسی کۆمیسیۆن بکرێت. کۆمیسیۆن دەتوانێت داوای زانیاری و ڕوونکردنەوەی گونجاوی زیاتر لە وڵاتانی پەیوەندیدار بکات.

**بەندی 13**

1. کاتێک کۆمیسیۆن کۆتایی بە مامڵەکردنی گرفتێک دەهێنێت ئەوا دەبێت ڕاپۆرتێک، کە تیایدا بەربڵاوانە باس لە گشت ئەو زانیارییە ڕاستانە دەکات کە گرێدراوی گرفتەکەن و ئەو

ئامۆژگارییانەی کە بە پەسەندی دەزانێت بۆ چارەسەرکردنێکی تەباییانەی گرفتەکە لە نێوان لایەنەکاندا، ئامادەبکات و بیدات بە سەرۆکی کۆمیتە.

2. سەرۆکی کۆمیتە دەبێت راپۆرتی کۆمیسیۆن بدات بە هەر یەک لە وڵاتانی ناکۆک. وڵاتانی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامەش دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا ئاگاداری سەرۆکی کۆمیتە بکەن لە ئەوەی ئەگەر ئامۆژگارییەکانی راپۆرتی کۆمیسیۆن پەسەند دەکەن یان نەء.
3. دوای تێپەربوونی کاتی دیاریکراو بەگوێرەی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە، دەبێت سەرۆکی کۆمیتە راپۆرتی کۆمیسیۆن و بەرسڤی راگەیەندراوی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار بدات بە وڵاتانی تری بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 14**

1. لە هەردەمێکدا، وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت باوەڕهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە لە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی سکاڵا لە لایەن ئەو تاکە کەسانەوە یان گروپانەوە کە دەکەونە ژێر سیستەمی یاسایی وڵاتەکەوە نیشانبدات، کە دبێژن بوون بە قوربانی پێشێلکاری لە لایەن ئەو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەوە بەپێی هەر کام لە ئەو مافە دانپێداهێنراوانەی ئەم پەیماننامەیە. هیچ سکاڵایەک لە لایەن کۆمیتەوە نایەتە وەرگرتن ئەگەر ئەمە دەربارەی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە هێشتا باوەڕهێنانێکی لە ئەم جۆرەی نیشان نەدابێت.
2. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە، کە ڕوونکردنەوە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە دەدات، دەتوانێت دەزگایەک دابمەزرێنێت یان ئاماژە بکات بە یەکێک لە ئەم جۆرە لە نێو سیستەمی یاسایی نیشتمانیدا کە کارامەیە لە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی سکاڵا لە لایەن ئەو تاکە یان گروپە تاکە کەسانەی کە دەکەونە نێو سیستەمی یاساییەوە و کە دبێژن بوون بە قوربانی پێشێلکاری بۆ هەر کام لە ئەو مافە دانپێداهێنراوانەی ئەم پەیماننامەیە و کە دەڵێن هەموو کەرەستەکانی یاسایی ناوخۆیی دەسترەسبوویان بەکارهێناوە.
3. ڕوونکردنەوە کە بە گوێرەی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە و ناوی ئەو دەزگایەی کە دامەزرینراوە یان ئاماژەی پێکراوە بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە دەبێت لە لایەن ئەو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدارەوە بدرێت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەویش کۆپیەکی ڕەوانەی هەموو وڵاتانی بەشداربووی تری پەیماننامە دەکات. لە ڕێگەی پەیامێک بۆ سکرتێری گشتی دەکرێت هەموو کاتێک ڕوونکردنەوەکە داوابکرێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە داواکارییانە هیچ کاریگەرییەکی نابێت بۆ سەر ئەو سکاڵا هەڵپەستراوانە کە لە لای کۆمیتەدا هەن.
4. لیستێکی سکاڵا لە لایەن ئەو دەزگایەی کە دامەزرێنراوە یان ئاماژەی پێکراوە بە گوێرەی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە دەبێت هەڵبگیرێت، دەبێت ساڵانە کۆپیەکی باوەڕپێکراوی ئەم لیستەیە لە ڕێگەی کەناڵێکی شیاوەوە بدرێت بە سکرتێری گشتی، بە گوێرەی ئەو چاوەڕوانییەی کە ناوەڕۆکەکەی ناهێتە ئاشکراکردن.
5. لە ئەگەری شکست هێنانی ڕەزامەندەی لە ئەو دەزگا دامەزرێنراوەیەی یان ئاماژەپێکراوەی کە لە پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە دیاریکراوە، سکاڵاکەر مافی هەیە لە ماوەی شەش مانگدا بابەتەکەی بدات بە کۆمیتە.
6.

a. کۆمیتە دەبێت هەر سکاڵانامەیەک کە بە نهێنی وەریگرتووە ئاگاداری ئەو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەیە بکات کە گوایە پێشێلکاری لە پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیەدا کردوە، بەڵام نابێت بەبێ ڕەزامەندی دەربڕاوی ئەو تاکە سکاڵاکەرە یان کۆمەڵە تاکە سکاڵاکەرە پەیوەندیدارە ناو بهێتە ئاشکراکردن، کۆمیتە نابێت سکاڵا لە کەسانی نهێنیەوە وەربگرێت؛
b. لە ماوەی سێ مانگدا، ئەو وڵاتی وەرگرە دەبێت بە نووسین یان بە گوتن ڕوونکردنەوە دەربارەی بابەتەکە و زانیاری دەربارەی ئەو پێوەرانەی، ئەگەر هەبێت، کە گیراونەتەبەر، لە لایەن وڵاتەکەوە، بدات بە کۆمیتە.

.7

a. کۆمیتە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە پێی گەیشتووە لە لایەن وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار و سکاڵاکەران داواکارییەکان هەڵبسەنگێنێت. کۆمیتە نابێت هیچ داواکارییەک لە سکاڵاکەران هەڵبسەنگێنێت ئەگەر دڵنیانەبێت لە ئەوەی کە سکاڵاکەران هەموو کەرەستەکانی یاسایی ناوخۆییان بەکارهێناوە. هەرچۆنێک بێت، نابێت ئەمە ببێت بە ڕێسا ئەگەر داواکاری بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە کەرەستە یاساییانە بێهودە درێژخایەن بێت؛
b. کۆمیتە دەبێت پێشنیار و ئامۆژگاری، ئەگەر هەیبێت، بدات بە هەردوو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار و سکاڵاکەران.

8. ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمیتە دەبێت ئەمانە بگرێتەخۆ: کورتەیەک دەربارەی سکاڵا وەرگیراوەکان، هەر کاتێک بە شیاو زانرا، کورتەیەک دەربارەی ئەو ڕوونکردنەوانە و گوتنانەی کە وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار داویانە و هەروەها پێشنیار و ئامۆژگارییەکانی خۆیشی.
9. کۆمیتە ڕێپێدراوە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ئەرکانەی کە لە ئەم بەندەدا باسی لێکراوە، بەڵام تەنها دوای ئەوەی بە لایەنی کەم دە وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە گرێدراو بن بە ئەم دانپێداهێنانە، بە گوێرەی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە.

**بەندی 15**

1. بە چاوەڕوانی بەدیهاتنی مەبەستەکانی جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی لە وڵات و خەڵکانی داگیرکەر "کۆلۆنیاڵ" کە لە بڕیارنامەی 1514 (XV) ئەنجومەنی گشتی لە 14 دیسەمبەری 1960 دا هاتووە، نابێت بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە بە هیچ شێوەیەک مافی سکاڵا، کە لە ڕێگەی هەندێک کەرەستەی تری نێونەتەوەیی یان لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە تایبەتمەندییەکانیەوە باوەڕی پێهێنراوە، بۆ ئەم خەڵکانە سنووردار بکرێت.

.2

a. ئەو کۆمیتەیەی کە بەپێی پەرەگرافی 1 ی بەندی 8 دێتە دامەزراندن دەبێت کۆپی سکاڵاکان وەربگرێت لە، هەروەها بۆچوون و ئامۆژگاری خۆی دەربارەی سکاڵاکان بنێرێت بۆ، ئەو ئۆرگانانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو پرسانە مامڵەدەکەن و کە ڕاستەوخۆ بەندن بە پرینسیپەکان و مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە لە هەڵسەنگاندنی ئەو سکاڵا هەڵپەستراوانە کە پێیان گەیشتووە لە دانیشتوانی ئەو دەڤەرانەی کە ڕێڤەبەریدەکرێن و ئەو دەڤەرانەی کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی جێبەجێکردنەکانی بڕیارنامەی 1524 (XV) ئەنجومەنەی گشتی، بە گوێرەی ئەو پرسانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم پەیماننامەوە و پەیوەندن بە ئەم ئۆرگانانەوە؛

b. کۆمیتە دەبێت لە ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کۆپییەکی ئەو ڕاپۆرتانەی کە دەربارەی پێوەرەکانی یاسادانان، دادپەروەری، ڕێڤەبەری و هیترن کە ڕاستەخۆ گرێدراوی پرینسیپەکان و مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیەن و کە جێبەجیکراون لە ئەو دەڤەرە ڕێڤەبەریکراوانەی کە لە نیمچە پەرەگرافی a پێشووتر ئاماژەی پێکراوە وەربگرێت، هەروەها بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت و ئامۆژگاریش بدات بە ئەم ئۆرگانانە.

3. کۆمیتە دەبێت لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی گشتی کورتە باسێک لەسەر سکاڵانامەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە دەستی گەیشتوون بخاتەڕوو، ئەمە جگە لە بۆچوونە دەربڕاوەکان و ئامۆژگارییەکانی کۆمیتە بۆ ئەم سکاڵانامە و ڕاپۆرتە باسلێکراوانە.
4. لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کۆمیتە داوای ئەو هەموو زانیارییانە بکات، کە گونجاون بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە و لەبەردەستی ئەودان و پەیوەستن بە ئەو دەڤەرانەی کە لە نیمچە پەرەگرافی a 2 ی ئەم بەندەدا باسیلێکراوە.

**بەندی 16**

بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە سەبارەت بە ناکۆکی و سکاڵانامە دەبێت بێتە جێبەجێکردن بەبێ پێشداوەری بۆ سەر پرۆسەکانی تری یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و سکاڵانامە لە بواری هەڵاواردن کە خراوەتە نێو کەرەستەکانی دەستوری، یان پەیماننامەکانی وەرگیراوی، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە تایبەتمەندەکانییەوە. هەروەها بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە نابێت ببێت بە ڕێگر بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە لە پشتبەستنیان بۆ هەندێک پرۆسەی کارکردنی تر کە کارایە لە نێوانیاندا بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەک بە گوێرەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی تایبەت یان گشتی.

**بەشی سێهەم**

**بەندی 17**

1. ئەم پەیماننامەیە کراوەیە بۆ واژۆکردن لە لایەن هەر وڵاتێکەوە کە ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەندامە لە یەکێک لە ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی یان بۆ هەر وڵاتێک کە خۆی بە دەستوری دادگای نێودەوڵەتی گرێداوە یان بۆ هەر وڵاتێکی تر کە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی کردەوە بۆ ئەوەی بەشداربێت لە ئەم پەیماننامەیە.
2. ئەم پەیماننامەیە دەبێت بێتە پەسەندکردن. کەرەستەی پەسەندکردن دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە سپاردن.

**بەندی 18**

1. ئەم پەیماننامەیە دەبێت کراوە بێت بۆ پابەندبوون بۆ هەر وڵاتێک کە لە پەرەگرافی 1 ی بەندی 17 ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژەی پێکراوە.

2. پابەندبوون لە ڕێگەی سپاردنی کەرەستەی پابەندبوون لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە ئەنجامدان.

**بەندی 19**

1. ئەم پەیماننامەیە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی بیست و حەوتەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان کەرەستەی پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.
2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پابەند دەبێت پێی لە پاش سپاردنی بیست و حەوتەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی پەسەندکردنەکە یان پابەندبوونەکە بەکارا دەکرێت.

**بەندی 20**

1. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت هەڵوەستەگرتن لە وڵاتان لە دەمی پەسەندکردن و پابەندبووندا وەربگرێت و دواتر بەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشداربوون یان دەیانەوێت لە ئەم پەیماننامەیەدا بەشداربن، دابەشبکات. هەر وڵاتێک کە دژی هەڵوەستەکردنەکەیە دەبێت لە ماوەی نەوەد ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنی ئەم جۆرە پەیامەدا ئاگاداری سکرتێری گشتی بکات، کە هەڵوەستەکردنەکە پەسەندناکات.
2. هەڵوەستەکردنێک کە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی ئەم پەیماننامەیەدا یەکانگیر نییە نابێت ڕێپێدراو بێت، هەروەها ڕێگە بە هەڵوەستەکردنێکیش نادرێت کە بتوانێت ڕێگە لە کارەکانی هەر ئۆرگانێک کە دامەزرێنراوە لە ڕێگەی ئەم پەیماننامەوە بگرێت. هەڵوەستەکردنێک کە دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دژی بن دەبێت وەکو نایەکانگیر و ڕێگر تەماشابکرێت.
3. پاشگەزبوونەوە لە هەڵوەستکردن دەکرێت هەموو دەمێک بکرێت ئەویش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی سکرتێری گشتی. ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە ڕۆژی وەرگرتنییەوە بە کارادەکرێت.

**بەندی 21**

هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە ڕێگەی نامەیەکی نووسراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست لەکارکێشانەوەی لە پەیماننامەکە ڕابگەیەنێت. ساڵێک پاش وەرگرتنی نامەکە دەست لەکارکێشانەکە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بەکارادەکرێت .

**بەندی 22**

هەر ناکۆکییەک سەبارەت بە شرۆڤەکردنی یان جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە کە لە نێوان دوو یان زیاتر وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەدا هەبێت و لە ڕێگەی دانوستان یان لە ڕێگەی ئەو هەنگاوی کارکردنانەی کە بە دەستور کراوە لە ئەم پەیماننامەیەدا نەگات بە ئەنجام، دەکرێت لە سەر داوای یەکێک لە ئەم وڵاتانە

ناکۆکییەکە ڕەوانەی دادگای دادپەروەری نێونەتەوەیی بکرێت، لە دەمێکدا ئەگەر لایەنەکانی ناکۆک لەسەر تشتێکی تر بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکە ڕێکنەکەون.

بەندی 23

1. هەموو دەمێک هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت لە ڕێگەی نامەیەکی نووسراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیەدا بکات.
2. دەربارەی ئەم پێشنیارانە، دەبێت ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار لە گرتنی ئەو هەنگاوانەی، ئەگەر هەبێت، کە دەبێت بگیرێنەبەر بدات.

بەندی 24

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە پەرەگرافی 1 ی بەندی 17 ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژەیان پێکراوە، لە ئەمانەی خوارەوە ئاگاداربکات:

a. واژۆکردن، پەسەندکردن و پابەندبوون بەپێی بەندی 17 و 18 دەبێت؛
b. ڕۆژی بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بەندی 19 دەبێت؛
c. پەیام وەرگرتن و ڕوونکردنەوەدان بەپێی بەندی 14، 20 و 23 دەبێت؛
d. دەست لەکارکێشانەوە بەپێی بەندی 21 دەبێت.

بەندی 25

1. ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لە ئەرشیڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دابنرێت.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کۆپی باوەڕپێکراوی ئەم پەیماننامەیە ڕەوانەی هەموو ئەو وڵاتانەی کە گرێدراوی هەر کام لە کەتەگۆرییەکانی ئاماژەپێکراوی پەرەگرافی 1 ی بەندی 17 ی ئەم پەیماننامەیەن بکات.

# پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژی ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردنێکی یان سزادانێکی تری دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە

لە 10 دیسەمبەری 1984 وەرگیراوە و ئامادەکراوە بۆ واژۆکردن، پەسەندکردن و پاپەندبوون بە پێی بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ژمارە 46/39

لە 26 – 6 – 1987 وە بەکارادەکرێت، بەپێی بەندی 27 (1)

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە،

**وادەڕوانن**، بەپێی ئەو پرینسیپانەی کە لە دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیەندراوە، دانهێنان بە بەهای شکۆمەندانە و مافی یەکسان و چەسپیوی هەموو ئەوانەی کە سەر بە خێزانی مرۆڤایەتین بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتییە لە جیهان،

**بڕوادەهێنن** کە ئەم مافانە لە بەهای شکۆمەندانەی هەموو مرۆڤێکەوە سەرچاوە دەگرێت،

**وادەڕوانن** کە پشتگیریکردن بۆ ڕێزگرتنی گشتی و چاودێریکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤایەتی ئەرکی وڵاتانە بەپێی دەستور، بە تایبەتی بەندی 55،

**ڕەچاوی** بەندی 5 ی جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ و بەندی 7 ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری دەکەن، کە هەردووکیان جەخت لە ئەوە دەکەن کە نابێت هیچ کەسێک ئەشکەنجە بدرێت یان بخرێتە ژێر مامڵە و سزای دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانەوە،

**هەروەها ڕەچاوی** جاڕنامەی پارێزگاریکردنی هەموو مرۆڤەکان دژ بە ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردن و سزادانێکی تری دڵرەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە دەکەن، کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە لە 1975–12–09 وەرگیراوە،

**ئاواتەخوازن** کە خەبات دژی ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردن و سزادانێکی تری دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە زۆر کاریگەرتربکەن لە هەموو جیهاندا،

لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکدەکەون:

**بەشی یەکەم**
**بەندی 1**

1. لە ئەم پەیماننامەیەدا دەستەواژەی "ئەشکەنجە" واتای هەموو کردارێک دەگرێتەوە کە دەبێت بە هۆکاری پەیدابوونی ئازارێکی یان ژانێکی سەختی جەستەیی یان هزری کە بە هۆشیارییەوە بەسەر کەسێکدا جێبەجێدەکرێت، بە مەبەستی دەرهێنانی زانیاری یان دانپێداهێنان لە کەسەکە یان لە کەسی سێهەم، یان سزادانی کەسەکە بۆ کردەوەیەک کە ئەو یان کەسی سێهەم کردبێتی یان گومانیان لێدەکرێت لە کردنی، یان هەڕەشەکردن یان ناچارکردنی کەسەکە یان کەسی سێهەم، یان بۆ هەر مەبەستێک کە بناغەکەی لەسەر هەڵاواردن سەرچاوە دەگرێت، بە ئەو پێیەی کە جێبەجێکردنی ئەم ئازارە یان ژانە لە لایەن یان بە پێشنیاری یان بە هاوئاهەنگی یان بە ڕەزامەندی کارمەندێکی فەرمی یان کەسێکی تر کە نوێنەرایەتی کەرتێکی گشتی دەکات، دەکرێت. ئەشکەنجە ئازارێک یان ژانێک ناگرێتەوە کە تەنها لە ڕێگەی، ڕاستەوخۆیانەی یان لابەلایانەی، گەمارۆدانێکی یاساییەوە هاتبێتە ئەنجامدان.
2. ئەم بەندە نابێت بۆچوونی پێشدەمیانەی لەسەر هەر کەرەستەیەکی نێونەتەوەیی یان دەستوری نەتەوەییەک هەبێت کە هەندێک بڕگە بە پانتاییەکی فراوانترەوە دەگرێتەخۆ یان لەوانەیە بگرێتەخۆ.

**بەندی 2**

1. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێکی کاریگەرانەی یاسادانانە، ڕێڤەبەرییانە، دادپەروەرانە و هیتر، بۆ ڕێگەگرتن لە کردەوەی ئەشکەنجەدان لە ئەو ناوچەیەی کە دەکەفێتە چوارچێوەی یاساییەوە، بگرێتەبەر .
2. نابێت هیچ ڕەوشێکی تایبەت، ئینجا ئەگەر وڵات لە باری شەردا بێت یان لە ژێر هەڕەشەی شەڕدا بێت، یان ناجێگیری ڕامیاری ناوخۆیی یان هەر تەنگەژەیەکی گشتی تر کە هەبێت، بکرێت بە بیانوو بۆ بەدادپەروەرکردنی ئەشکەنجەدان.
3. فەرمانێک کە لە کارمەندێکی باڵاتر یان لە ڕێڤەبەرییەکی گشتییەوە هاتبێت نابێتە بکرێت بە بیانوو بۆ دادپەروەرکردنی ئەشکەنجەدان.

**بەندی 3**

1. نابێت هیچ وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە کەسێک دەربکات، بنێرێتەوە یان ڕادەستی بکات لە دەمێکدا ئەگەر بناغەیەکی پتەوی باوەڕکردن هەبێت کە کەسەکە لەوانەیە بکەوێتە ژێر مەترسی ئەشکەنجەدانەوە.
2. بە مەبەستی زانینی هەبوونی ئەم جۆرە بناغانە، دەبێت ڕێڤەبەرییە پەیوەندیدارەکان ڕەچاوی هەموو ڕوانگەیەکی گونجاوی واتادار بکەن، هەروەها دەبێت بەپێی بوار چالاکی دژی هەبوونی نموونەی مامڵەکردنی بەدڕەفتارانە و پلان بۆداڕێژراونە یان پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەو وڵاتەدا بکەن.

**بەندی 4**

1. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو جۆرە کردەوەیەکی ئەشکەنجەدان، بەپێی سزاکانی یاسایی، بە تاوان بناسێنێت. هەمان ئاکار بۆ هەوڵدان لە کردنی ئەشکەنجەدان یان کردەوەی کەسێک کە هاریکاری یان بەشداری دەکات لە ئەشکەنجەدان.
2. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت بۆ ئەم جۆرە تاوانانە سزای گونجاو، بەپێی چڕی و سەختی تاوانەکان، دابنێت.

**بەندی 5**

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەندێک پێوەر، کە لەوانەیە بە گوێرەی ئەو تاوانانەی کە لە بەندی 4 دا ئاماژەی پێکراوە پێویست بکات لە دامەزراندنی دادپەروەری یاسایی، بۆ ئەم بارانەی خوارەوە بگرێتەبەر:
a. کاتێک کردنی تاوانەکە لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یاسایی یان لە ناو فڕۆکەیەک یان پاپۆڕێک ئەنجامبدرێت، کە لە سەر ئەو وڵاتە تۆمارکرا بێت،
b. کاتێک بکەری تاوانەکە هاووڵاتی ئەو وڵاتە بێت،
c. کاتێک تاوانلێکراوەکە "قوربانییەکە" هاووڵاتی ئەو وڵاتە بێت، لە دۆخێکدا کە ئەمە بە گونجاو بزانرێت لە لایەن وڵاتەکەوە.
2. لە بەرامبەر ئەم جۆرە تاوانانەدا، هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت وەکو یەک ئەو جۆرە پێوەرانە بگرنەبەر کە دەکرێن پێویست بن لە دامەزراندنی دادپەروەری یاسایی بەخۆیان، لە بارێکدا ئەگەر گوایە تاوانباران لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یاسایی ئەم وڵاتەدا نیشتەجێبن و ڕادەستی نەکرێن، بەپێی بەندی 8 بۆ یەکێک لە ئەو وڵاتانەی کە لە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندەدا ئاماژەی پێکراوە.
3. ئەم پەیماننامەیە سەپاندنی یاسایی بۆ هەر تاوانێک، کە پەیڕەودەکرێت بە گوێرەی یاسای ناوخۆیی، بەدەرناخات.

**بەندی 6**

1. پاش دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە بەسەر زانیاری فەراهەمبوودا سەبارەت بە کەسێک، کە لە نێو دەڤەری وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامەدا دەژی و گوایە تاوانێکی بەپێی بەندی 4 ئەنجام داوە، دەکرێت ڕەوشەکە وا لە ئەو وڵاتە بخوازێت کە کەسەکە لە گرتووخانە دەستبەسەربکات یان پێوەری یاسایی تری لەگەڵدا بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئامادەیی مسۆگەربکات. هێشتنەوە لە گرتووخانە یان هەر پێوەرێکی تری یاسایی دەبێت بەگوێرەی یاساکانی ئەو وڵاتە بێت و دەبێت بەردەوام بێت بە گوێرەی ئەو کاتەی کە پێویست دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی دادپەروەرییەک، کە بەندە بە لێپرسراوەتی بۆ تاوان یان ڕادەستکردن.
2. وڵاتێکی لە ئەم جۆرە دەبێت یەکسەر لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی دەربارەی ڕاستییەکان دەستپێبکات.

3. هەر کەسێک بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە لە گرتووخانە دەستبەسەر بکرێت، دەبێت یەکسەر یارمەتی بۆ پەیوەندیکردن بە نزیکترین نوێنەری شیاوی ئەو وڵاتەی کە ئەو هاووڵاتییە لێی سازبکرێت، یان ئەگەر ئەو بێ وڵات بێت، بە نوێنەری ئەو وڵاتەی کە ئەو ئاساییانە لێی دەژیت.
4. کاتێک وڵاتێک، بەپێی ئەم بەندە، کەسێکی لە گرتووخانە دەستبەسەر کرد، ئەوا دەبێت یەکسەر وڵاتانی ئاماژەپیکراو بەپێی بەندی 5، پەرەگرافی 1، لە ڕاستی دەستبەسەراگرتنی ئەم کەسە لە گرتووخانە ئاگادار بکات و هەروەها هۆکارەکانی دەستبەسەرگرتنی دەستنیشان بدات. ئەو وڵاتەی کە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی دەکات، بەپێی پەرەگرافی 2ی ئەم بەندە، دەبێت بە زووترین کات وڵاتانی ئاماژەپێکراو لە ئەو دەرئەنجامانەی کە پێی گەیشتووە ئاگاداربکات و دەستنیشانی ئەوەش بکات کە ئاخۆ نیەتی دادگاییکردنی هەیە.

### بەندی 7

1. ئەگەر کەسێک، لەژێر سیستەمی دادگایی ناوچەی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە، هەبێت کە گوایە بەپێی بەندی 4 تاوانێکی ئەنجامداوە، دەبێت، ئەگەر بەپێی دۆخی بەندی 5 کەسەکە ڕادەست نەکاتەوە، بە مەبەستی دادگایی کردن کەیسەکەی ڕادەستی ڕێڤەبەریی پەیوەندار بکات.
2. ئەم ڕێڤەبەرییانە دەبێت بڕیاری خۆیان لەسەر هەمان بنەما دەربکەن، هەروەکو تاوانێکی ئاسایی کە سروشتەکەی سەختە بەپێی یاسای پەیڕەوکراوی ئەو وڵاتە. بەگوێرەی ئەو دۆخەی کە لە بەندی 5، پەرەگرافی 2 دەبینرێت، نابێت ڕێساکانی داواکاری بۆ بەڵگە لە بۆ دادگاییکردن و دەرکردنی فەرمانی دادگا بە هیچ شێوەیەک کەمتر ویستراو بێت لە ئەوەی کە پەیڕەودەکرێت بۆ ئەو کەیسانەی کە لە بەندی 5، پەرەگرافی 1 دەبینرێت.
3. هەر کەسێک کە مامڵەکردنەکەی لەگەڵ یەکێک لە ئەو تاوانانەی کە لە بەندی 4 دا نیشاندراوە بێتە گرێدان، دەبێت لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکەدا مامڵەیەکی دادپەروەرانەی بۆ مسۆگەربکرێت.

### بەندی 8

1. ئەو تاوانانەی کە بەپێی بەندی 4 ئاماژەی پێدەکرێت دەبێت، لە هەر پەیماننامەیەکی ڕادەستدانەوە کە هەیە لە نێوان وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، بخرێتە نێو چوارچێوەی تاوانی ڕادەستدانەوە. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، لە هەر پەیمانێکی ڕادەستدانەوە کە هەبێت لە نێوانیاندا، پابەندن کە ئەم جۆرە تاوانانە بخەنە نێو تاوانی ڕادەستدانەوە.
2. ئەگەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە ڕادەستدانەوە بە پشتبەستن بە هەبوونی پەیماننامەیەک مەرجدار دەکات و داواکاری ڕادەستدانەوەی لە وڵاتێکی تری بەشداربووی پەیماننامە، کە پەیماننامەی ڕادەستدانەوەی نییە، پێبگات ئەوا دەکرێت ئەم پەیماننامە وەکو بنەمایەکی یاسایی بۆ ڕادەستدان لە ڕوانگەی ئەم جۆرە تاوانانەوە سەیربکات. ڕادەستدانەوە دەبێت بکەوێتە ژێر سایەی مەرجەکانی تری یاسایی ئەو وڵاتەی کە داواکەی پێشکەش کردوە.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە کە ڕادەستدانەوە بە پشتبەستن بە هەبوونی پەیماننامەیەک مەرجدار ناکەن دەبێت ئەم جۆرە تاوانانە لە نێوان خۆیاندا وەکو تاوانی ڕادەستدان سەیر بکەن. ڕادەستدانەوە دەبێت بکەوێتە ژێر سایەی مەرجە یاساییەکانی ئەو وڵاتەی کە داواکەی پێشکەش کردوە.

4. ئەم جۆرە تاوانانە دەبێت، بە پێی مەبەستی ڕادەستدانەوەی نێوان وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، وا مامڵەی لەگەڵدا بکرێت کە نەک هەر لە ئەو جێگەیەی ڕوویداوە ئەنجامدراوە بەڵکو هەروەها لە ناوچەی ئەو وڵاتانەش کە داواکاری لە ئەم جۆرەیان هەیە و لێپرسراون لە پەیڕەوکردنی یاساکانی خۆیان سەبارەت بە تاوان بە گوێرەی بەندی 5، پەرەگرافی 1.

**بەندی 9**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، بەپێی ئەو مامڵە تاوانکارییانەی کە دەستی پێکردوە بۆ ئەو تاوانانەی کە گرێدراوی بەندی 4 ن، دەبێت تاکو بۆیان دەکرێت یارمەتی یەکتری بدەن. ئەمیش پێدانی هەموو بەڵگەیەک، کە لە بەردەستە و پێویستە بۆ مامڵەکردنەکە، دەگرێتەوە.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە، ئەرکدارییەکانی خۆیان بە تەواوی جێبەجێدەکەن کە هاوجووتە لەگەڵ هەر پەیمانێکی هاریکاری یاسایی بۆ یەکتری کە لەوانەیە هەبێت لە نێوان خۆیاندا.

**بەندی 10**

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت خوێندن و زانیاری سەبارەت بە قەدەغەکردنی ئەشکەنجدان بخاتە نێو بەرنامەی خوێندنی ستافی پەیڕەوکەرانی یاسا، مەدەنی یان سەربازی، ستافەکانی پزیشکی و ڕێڤەبەری و کەسانی تر کە لەوانەیە پەیوەندییان بە گرتووخانەکانەوە هەبێت و بەشداربن لە لێپرسینەوە یان مامڵەکردنی هەر کەسێک کە گیرۆدەی هەر جۆرە گرتنێک و هێشتنەوەیەک یان زیندانیکردنێک هاتبێت.
2. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت ئەم قەدەغەکردنە بخاتە نێو ئەو مەرج و ڕێسایانەی کە بەرامبەر بە کار و ئەرکدارییەکانی ئەم جۆرە کەسانە دەرچووە.

**بەندی 11**

بە مەبەستی ڕێگرتن لە هاتنەکایەی هەر جۆرە ئەشکەنجدانێک، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە سیستەماتیکیانە چاوبخشێننەوە بە ڕێساکانی-، فەرمانەکانی-، ڕێباز و پراکتیزەکردنەکانی لێپرسینەوە و هەروەها ڕۆتینەکانی گرتووخانە و مامڵەکردنی ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی هەر جۆرە گرتنێک و هێشتنەوەیەک یان زیندانیکردنێک هاتبێتن لە هەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یاساییاندا.

**بەندی 12**

هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدات کە ڕێڤەبەرییەکانی پەیوەندیدار لێکۆڵینەوەیەکی یەکسەری و بێلایەنانە بەڕێوەدەبەن، لە هەر دەمێکدا کە بناغەیەکی بەجێی گومانکردن لە ئەشکەنجەدان، لە نێو دەڤەرێک کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یاساییەوە، هەبێت.

**بەندی 13**

هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت مافی سکاڵاکردن، بۆ هەر تاکە کەسێک کە دەڵێت لە دەڤەرێکی ژێر دەسەڵاتی یاساییدا تووشی ئەشکەنجەدان هاتووە، مسۆگەربکات و دەبێت لە لایەن ڕێڤەبەرییەکانی پەیوەندیدارەوە یەکسەر و بێلایەنانە لە کێشەکەی لێکۆڵینەوە بکرێت. بە مەبەستی دڵنیابوون لە پارێزگاریکردنی سکاڵاکەر و گەواهیدەر، دەبێت هەموو هەنگاوێک بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیکردنەسەر یان هەڕەشە وەکو دەرئەنجامێک بۆ سکاڵا و گەواهیدان بگیرێتەبەر.

**بەندی 14**

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت لە سیستەمی یاسایی خۆیدا دڵنیایی بدات کە قوربانی "کەسی ئەشکەنجەدارو" هەڵسەنگاندی شکۆمەندانەی بۆ دەکرێت و مافی قەرەبوویەکی دادپەروەرانە و گونجاوی بۆ دابیندەکرێت، ئەمەش پێوەرەکانی تەواوی ڕاهاتنەوەی تەندروستی دەگرێتەخۆ. ئەگەر کەسەکە لەژێر ئەشکەنجەدان گیانی لە دەستبدات، دەبێت ئەو کەسانەی کە ئەو بەخێویان دەکات مافی وەرگرتنی ئەو قەرەبووکردنەوەیان هەبێت.
2. نابێت هیچ لە ئەم بەندە کاریگەری بەسەر مافەکانی قوربانی یان کەسانی تر بۆ قەرەبوو وەرگرتن، کە لەوانەیە لە یاساکانی وڵاتێکدا هەبێت، هەبێت.

**بەندی 15**

هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدات کە هەر دانپێداهێنانیک/گوتنێک، کە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدانەوە داڕێژرا بێت، نابێت لە هیچ مامڵەکردنێکدا وەکو بەڵگە بەکاربهێنرێت، بێجگە دژی یەکێک کە تاوانبارکراوە بە ئەشکەنجەدان وەکو بەڵگەیەک بۆ کردنی ئەو دانپێداهێنانە/گوتنە.

**بەندی 16**

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت، لە هەموو دەڤەرێکی ژێر دەسەڵاتی یاساییدا، خۆی پابەندبکات کە ڕێگری لە مامڵەکردنی یان سزادانی تری دڵڕەقانە، نامرۆڤانە و بێڕێزانە، کە وەکو ئەشکەنجە پێناسەناکرێت بەپێی بەندی 1، بکات، کاتێک ئەم جۆرە مامڵەکردنانە لە لایەن کارمەندانی فەرمییەوە یان کەسانی تر کە نوێنەرایەتی کەرتی فەرمی دەکەن بکرێن یان هانبدرێت بۆ کردنی یان بە ڕەزامەندی یان بە ڕێکەوتنی ئەوان بکرێت. بە تایبەتی، لێپرسراوەتییەکان بەپێی بەندی 10، 11، 12 و 13 دەبێت بێنە جێبەجێکردن لەگەڵ گۆڕینی ئاماژەی ئەشکەنجە بۆ ئاماژەی تری وەکو مامڵەکردنی یان سزادانی دڵڕەقانە و نامرۆڤانە یان بێڕێزی پێکردن.
2. بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە نابێت بەرامبەر بڕگەی تری ڕێکەوتنی نێونەتەوەییانە یان یاسای نەتەوەییانە، کە مامڵەکردنی یان سزادانی دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزی پێکردن یان ئەوانەی پەیوەستن بە ڕادەستکردن یان دەرکردنەوە قەدەغەدەکات، بکرێت.

**بەشی دووهەم**

**بەندی 17**

1. کۆمیتەیەک دژی ئەشکەنجەدان (لێرە بەدواوە بە کۆمیتە ناودەبرێت) بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی کە پێی دەسپێردرێت، بەگوێرەی ئەمانەی دواتر، دێتە دامەزراندن. کۆمیتە پێکدێت لە دە پسپۆڕی خاوەن ڕەوشتی بەرز و شارەزای ناسراو لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، ئەوان دەبێت بە گوێرەی توانای خۆیان خزمەتبکەن. ئەم پسپۆڕانە دەبێت لە لایەن ولاتەکانی بەشداربووی پەیماننامەوە بێنە هەڵبژاردن، بە ڕەچاوکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی جوگرافی و سوودوەرگرتن لە بەشداری هەندێک کەس کە خاوەنی شارەزایی یاسایین.
2. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەهۆی دەنگدانی نهێنییەوە بێنە هەڵبژاردن، لە ڕێگەی لیستێک ناو کە لە لایەن ولاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە پالێوراون. هەر ولاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت یەک هاوولاتی خۆی بپالێوێت. ولاتانی بەشداربوو دەبێت ڕەچاوی دروستی پالاوتنی ئەو کەسانە بکەن کە ئەندامن لە کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ، کە بە گوێرەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیارییەوە دامەزرێندراوە، و کە دەیانەوێت لە کۆمیتەیەکی دژ بە ئەشکەنجەدان خزمەتبکەن.
3. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە دەبێت دوو ساڵ جارێک لە لایەن ولاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە لە کۆبوونەوەیەکدا، لەسەر بانگهێشتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێتە ئەنجامدان. لە ئەم کۆبوونەوانەدا، کە توانای بڕیاردانیان دەبێت، ئەگەر دوو لەسەر سێی ولاتانی بەشدرابووی پەیماننامە ئامادەبن. ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن دەبێت ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان و ڕەهای زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی ولاتانی بەشداربووی پەیماننامەی ئامادەبوو و دەنگەکانی ولاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەدەستدەهێنن.
4. یەکەمین هەڵبژاردن دەبێت دوای شەش مانگ لە بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە بێتە جێبەجێکردن. زیاترین چوار مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک، دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نووسین بانگهێشتی ولاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات کە لە ماوەی سێ مانگدا ناوی پالێوراوەکانی خۆیان بنێرن. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پالێوراوکراوە ئامادەبکات و بینێرێت بۆ هەموو ولاتانی بەشداربووی پەیماننامە لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو ولاتانەی کە ئەمانەی هەڵبژاردووە.
5. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن. ئەوان دەکرێت هەڵبژێردرێنەوە ئەگەر دووبارە بێنە پالاوتن. هەرچۆنێک بێت، ماوەی ئەندامییەتی پێنج هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن پاش دوو ساڵ کۆتایی پێدێت؛ یەکسەر دوای یەکەمین هەڵبژاردن، سەرۆکی کۆبوونەوەکە ناوی ئەو پێنج ئەندامە، کە لە پەرەگرافی 3 ی ئەم بەندە دەستنیشاکراوە، لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت.
6. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتە بمرێت یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان لە بەر هەر هۆیەکی تر نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەجێبهێنێت، ئەوا ئەو ولاتەی کە ئەوی هەڵبژاردوە دەبێت پسپۆڕێکی تر کە هاوولاتی خۆیەتی دەستنیشان بکات بۆ خزمەتکردنی پاشماوەی ماندانی کەسی پێشووتر، بە ئەو مەرجەی کە کەسەکە پەسەندی زۆرترینی ولاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێت. پەسەندکردنەکە

دەبێت بە شیاو تەماشابکرێت، ئەگەر نیوەی یان زیاتر لە نیوەی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەرسڤێکی نەرێنیانەیان نەدابێت لە ماوەی شەش هەفتە پاش ئاگادارکردنیان لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پێشنیاری دەستبەکاربوونی کەسەکە.

7. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت خەرجی ئەندامانی کۆمیتە، لە ئەو ماوەیەی کە ئەوان ئەرکەکانی خۆیان لە کۆمیتە بەڕێوەدەبەن، بگرنە ئەستۆ.

**بەندی 18**

1. کۆمیتە دەبێت کارمەندانی خۆی هەڵبژێرێت، ئەوان دەکرێت هەڵبژێردرێنەوە.
2. کۆمیتە دەبێت پەیڕەو و بەرنامەی خۆی دابمەزرێنێت، بەڵام ئەم پەیڕەو وبەرنامەیە دەبێت ئەمانە لە خۆ بگرێت:
   a. بە ئامادەبوونی 6 ئەندام بڕیار دێتە دەرکردن؛
   b. لەسەر بنەمای زۆرینەی دەنگەکانی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیارەکانی کۆمیتە دێنە دەرکردن.
3. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ستافی پێویست و کەرەستەی یارمەتیدەری تر تەرخان بکات بە مەبەستی بەتواناکردنی کۆمیتە بۆ ئەوەی کاریگەرانە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە.
4. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بانگهێشی یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتە بکات. دوای یەکەمین کۆمبوون، کۆمیتە لە ئەو دەمانە کۆدەبێتەوە کە لە پەیڕەو و بەرنامەی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە.
5. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت خەرجیەکانی پەیوەندار بە کردنی کۆبوونەوەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە و کۆمیتە بگرنە ئەستۆ، ئەمەش گەڕاندنەوەی پارە بۆ هەموو خەرجییەک، ئەمەش نرخی ستاف و ئەو کەرەستانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان تەرخانی کردوە، بەپێی پەرەگرافی 3 ی ئەم بەندە، دەگرێتەوە.

**بەندی 19**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت لە ڕێگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە ماوەی ساڵێک لە پاش بەکاراکردنی ئەم پەیماننامە بەگوێرەی وڵاتی دیاریکراوی بەشداربووی پەیماننامە، ڕاپۆرت دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە وڵاتەکە، بەپێی ئەم پەیماننامەیە، خۆی بەکردنی پابەندکردوە بدات بە کۆمیتە. دواتر دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەر چوار ساڵ جارێک ڕاپۆرتی تر دەربارەی پێوەری تازە کە گرتویانەتەبەر یان ئەو کاتەی کە کۆمیتە داوایان لێدەکات پێشکەش بکەن.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ڕاپۆرتەکان ڕەوانەی هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات.
3. دەبێت هەموو ڕاپۆرتێک لە لایەن کۆمیتەوە بێتە هەڵسەنگاندن و لەوانەیە هەندێک سەرنجی گشتی، کە پێی وایە گونجاوە، دەربارەی ڕاپۆرتەکە بدات. دواتر ئەمە ڕەوانەی وڵاتی پەیوەندیداری

بەشداربووی پەیماننامە دەکات. ئەم وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەیە دەتوانێت تێڕوانینی خۆی دەربارەی هەر سەرنجێکی کۆمیتە کە پێی باشە بخاتە ڕوو.

4. کۆمیتە دەتوانێت پاش تاووتوێکردن بڕیار لە گرتنەخۆی سەرنجەکانی کە داویەتی بەپێی پەرەگرافی 3 ی ئەم بەندە و ئەو سەرنجانەی کە وەریگرتووە لە وڵاتێکی دیاریکراوی بەشداربووی پەیماننامە لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا بدات، کە بەپێی بەندی 24 دادەڕێژرێت. ئەگەر ئەو وڵاتی پەیوەنداری بەشداربووی پەیماننامەیە داوابکات، ئەوا کۆمیتە دەتوانێت کۆپییەکی ڕاپۆرتەکە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە هاوپێچ بکات.

### بەندی 20

1. ئەگەر کۆمیتە زانیاری باوەڕپێکراوی بگات بە دەست، کە وادەردەکەوێت ئاماژەی بناغەداری پتەو لە بەکارهێنانی ئەشکەنجەدان بە شێوەیەکی سیستەماتیکیانە لە دەڤەرێکی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەدات، ئەوا کۆمیتە دەبێت داوای هاوکاری لە ڕاست و دروستی ئەو زانیاریانە لە ئەو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەیە بکات، و بۆ ئەم مەبەستەش تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی ئەو زانیاریانە بخاتەڕوو.
2. بەرەچاوکردنی ئەو سەرنجانەی کە لەوانەیە لە لایەن وڵاتێکی پەیوەنداری بەشداربووی پەیماننامەوە هاتبێت و زانیاریی شیاوی لەبەردەستی تر، کۆمیتە دەتوانێت، ئەگەر بڕیاربدات کە ئەمە گونجاوە، یەک یان زیاتری ئەندامەکانی بۆ کردنی بەدواچونێکی نهێنیانە و پێدانی ڕاپۆرتێکی بە پەلە بە کۆمیتە دەستنیشان بکات.
3. ئەگەر بەدواچونێک بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە بێتە جێبەجێکردن، دەبێت کۆمیتە داوای هاوکاری لە ئەو وڵاتی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە بکات. بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەم وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەیە دەکرێت ئەم جۆرە بەدواچوونە گەشتێک بۆ دەڤەری ئەو وڵاتە بگرێتەخۆ.
4. دوای ئەوەی کۆمیتە بەدواچوونەکەی ئەندامێکی/زیاتر لە ئەندامێکی بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە تاووتوێکرد، دەبێت کۆمیتە ئەم بەدواچوونانە و هەر سەرنج و پێشنیارێک کە پێی گونجاوە بەپێی ڕەوشەکە بنێرێت بۆ وڵاتی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە.
5. هەموو هەنگاوەکانی کۆمیتە بە گوێرەی پەرەگرافەکانی 1–4 ی ئەم بەندە دەبێت نهێنی بێت و دەبێت لە هەموو قۆناغەکاندا داوای هاوکاری لە وڵاتی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە بکرێت. دوای بەئەنجامگەیاندنی ئەم جۆرە هەنگاوانە بەپێی پەرەگرافی 2، کۆمیتە دەتوانێت، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وڵاتی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە، بڕیار لە گرتنەخۆی کورتەی ئەنجامەکانی ئەم هەنگاوانە، بەپێی بەندی 24، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بدات.

### بەندی 21

1. بەپێی ئەم بەندە، لە هەردەمێکدا، وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت باوەڕهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە لە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی ئەو ڕاسپاردانەی کە وڵاتێکی بەشداربوو دبێژێت، کە گوایە وڵاتێکی بەشدابووی تری پەیماننامە ئەرکەکانی خۆی بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە بەجێ ناهێنێت،

بخاتەڕوو. بەپێی ئەم بەندە دەکرێت ڕاسپاردەکان وەربگیرێن و تاقیبکرێنەوە ئەگەر تەنها گرێدراوی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بن، کە ڕوونکردنەوەی دەربارەی باوەڕهێنانی بە کارامەیی کۆمیتە دابێت. نابێت ڕاسپاردە لە لایەن کۆمیتەوە بێتە وەرگرتن ئەگەر ئەوە دەربارەی وڵاتێک بێت کە لەم جۆرە ڕوونکردنەوەی نەدابێت. ئەو ڕاسپاردنانەی کە بە پێی ئەم بەندە وەرگیراون دەبێت بەگوێرەی ئەم هەنگاوانە مامڵەی لەگەڵدا بکرێن:

a. ئەگەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە وابڕوانێت کە وڵاتێکی تری بەشداربووی پەیماننامە پابەند نییە بە بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە، دەکرێت ئەو وڵاتە، لە ڕێگەی نووسینەوە سەرنجی وڵاتی ئاماژەپێکراو بۆ ڕەوشەکە ڕابکێشێت. لە ماوەی سێ مانگ بەسەر وەرگرتنی پەیامەکە، دەبێت ئەو وڵاتی پەیام وەرگرە، بە نووسین، ڕوونکردنەوە بدات بە ئەو وڵاتەی کە پەیامەکەی ناردووە، یان هەر گوتنێکی تر کە کێشەکە ڕووندەکاتەوە؛ ئەمیش دەبێت، تاکو بوار هەبێت بابەتیانە، ئاماژە بە هەنگاوەکانی کارکردنی ناوخۆیی و ئەو کەرەستە یاساییە چارەسازییانە کە گیراونەتەبەر، چاوەڕێ دەکرێت بگیرێنەبەر یان لەبەردەستن بۆ گیرانەبەر بدات؛

b. ئەگەر بابەتەکە لە ماوەی شەش مانگ پاش ئەوەی پەیامە سەرەکییەکە لە لایەن وڵاتی وەرگرەوە وەرگیرا نەهاتە ڕێکخستن، بە ئەو شێوەیەی کە هەردوو وڵاتی پەیوەندیدار پێی رازیبن، ئەوا هەردوو وڵات دەبێت مافی ڕەوانەکردنی بابەتەکەیان بۆ کۆمیتە هەبێت، لەگەڵ تێبینی بۆ کۆمیتە و هەروەها بۆ وڵاتەکەی تر؛

c. کۆمیتە دەبێت بەپێی ئەم بەندە مامڵە لەگەڵ پەیامی ئاماژەپێکراودا بکات تەنها پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە گشت کەرەستەکانی یاسایی چارەسازیی ناوخۆیی داواکراوە و بەکارهێنراوە، بە گوێرەی پرینسیپەکانی گشتیی باوەڕپێداهێنراوی یاساکانی نێونەتەوەیی. نابێت ئەمە بکرێت بە ڕێسا، ئەگەر جێبەجێکردنەکانی کەرەستە یاساییەکان بێهودە کاتی زۆر بکێشێت یان گومان بکرێت لە هێنانەکایەی یارمەتییەکی کاریگەر بۆ ئەو کەسەی کە بووە بە قوربانی پێشێلکاری بەپێی ئەم پەیماننامەیە؛

d. لە دەمی مامڵەکردنی ئەم جۆرە ڕاسپاردنانەدا، دەبێت کۆمیتە کۆمبوونەکانی لە ژووری داخراودا بکات؛

e. بە گوێرەی نیمچە پەرەگرافی c، دەبێت کۆمیتە خۆی لە خزمەت وڵاتانی ئاماژەپێکراو بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی تەباییانەی گرفتەکە لەسەر بنەمای ڕێزدانان بۆ پابەندبوونەکانی ئەم پەیماننامەیە، دابنێت. بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتە دەتوانێت، کەی بە گونجاوی بزانێت، یەک کۆمیسیۆنی ڕاوێژکاری دابمەزرێنێت *ad hoc conciliation commission*؛

f. بۆ هەر کێشەیەک کە بەپێی ئەم بەندە ئاماژەی پێبکرێت، کۆمیتە لەوانەیە بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیوەندیدار بکات، بەگوێرەی نیمچە پەرەگرافی b، لەبۆ پێدانی زانیاری لەبار؛

g. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی پەیوەندیدار، بە گوێرەی نیمچە پەرەگرافی b، لە کاتی مامڵەکردنی گرفتەکە لە لایەن کۆمیتەوە مافی نوێنەرایەتیان هەیە. ئەوان دەتوانن سەرنجەکانیان بە نووسین یان بە دەمی بخەنەڕوو؛

h. لە ماوەی دوانزدە مانگ دوای ڕۆژی وەرگرتنی داواکارییەکە بەپێی نیمچە پەرەگرافی b، دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات:

i. ئەگەر چارەسەرییەک بەپێی نیمچە پەرەگرافی e بەدیهات، ئەوا دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی سنووردارلبکات بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی ئەو ڕاستی و دەرئەنجامانەی کە پێی گەیشتوون؛

ii. ئەگەر چارەسەرییەک بەپێی نیمچە پەرەگرافی e بەدی نەهات، ئەوا دەبێت کۆمیتە ڕاپۆرتی خۆی بە ڕوونکرنەوەیەکی کورت دەربارەی ئەو ڕاستی و سەرنجانەی کە هەردوو وڵاتی پەیوەنددار بە نووسین و دەمی خستوویانەتە بەردەم سنووردارلبکات. لە هەر بابەتێکدا، دەبێت ڕاپۆرتەکە پەیوەندارکرابێت بە وڵاتانی پەیوەندیدارەوە.

2. بڕگەکانی ئەم بەندە بەکارادەکرێت، کاتێک پێنج وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە، بەپێی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە، جاڕیاندا. ئەم جاردانانە دەبێت لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە بدرێت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش کۆپییەک لە ئەمانە ڕەوانەی وڵاتانی بەشداربووی تری پەیماننامە دەکات. لە ڕێگەی داواکارییەک بۆ سکرتێری گشتی دەکرێت هەموو دەمێک جاڕدانێک داوابکرێتەوە. ئەم جۆرە داواکارییە کاریگەری نابێت بۆ سەر هەڵسەنگاندنی بابەتێک، کە هەر ئێستا داواکارییەکەی بەپێی ئەم بەندە دانراوە. هیچ داواکاری تر، بەپێی ئەم بەندە، لە لایەن تاکە کەسێک یان لەبری تاکە کەسێک وەرناگیرێت دوای ئەوەی سکرتێری گشتی تێبینی لەسەر داواکردنەوەی جاڕدانەکە وەرگرتبێت، بێجگە لە ئەو دۆخەی کە وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە جاڕدانێکی تازەی خستبێتەڕوو.

**بەندی 22**

1. بەپێی ئەم بەندە، لە هەردەمێکدا، وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت باوەڕهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە لە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی ڕاسپاردن لە لایەن یان لەبری ئەو تاکە کەسانەوە کە دەکەونە ژێر سیستەمی یاسایی وڵاتەکەوە نیشانبدات، کە دبێژن بوون بە قوربانی دەستدرێژی کردن لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامەوە بەپێی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە. ئەگەر ڕاسپاردەکە دەربارەی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە هێشتا باوەڕهێنانێکی لە ئەم جۆرەی نیشان نەدابێت ئەوا ڕاسپاردەکە لە لایەن کۆمیتەوە نایەتە وەرگرتن.
2. کۆمیتە دەبێت، بەپێی ئەم بەندە، هەر ڕاسپاردنێک کە نێنەرەکەی نادیارە یان پێی وایە دەبێتە مایەی بەدبەکارهێنانی مافی لێدوان یان یەکانگیر نییە لەگەڵ پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە وەرنەگرێت.
3. بەگوێرەی مەرجەکانی پەرەگرافی 2 دەبێت کۆمیتە هەر ڕاسپاردنێک کە بەپێی ئەم بەندە کراوە ئاگاداری ئەو وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەی لێبکات کە ڕوونکردنەوەی بەپێی پەرەگرافی 1 داوە و کە گوایە یەکێک لە بڕگەکانی ئەم پەیماننامەی پێشێلکردووە. ئەو وڵاتی وەرگرە دەبێت لە ماوەی شەش مانگ ڕوونکردنەوەیەک بە نووسین یان گوتنێک کە بابەتەکە ڕۆشن دەکات بدات بە کۆمیتە لەگەڵ ئەو هەنگاوە چارەسەرکردنانەی کە دەکرێت گیرابێتەبەر لە لایەن وڵاتەکەوە.
4. کۆمیتە دەبێت، بەپێی ئەم بەندە، هەموو ڕاسپاردنەکانی وەرگیراو لەبەر ڕۆشنایی گشت ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن یان لەبری ئەو کەسە یان لە لایەن وڵاتی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامەوە دەستکەوتوون تاقیبکاتەوە.

5. کۆمیتە نابێت، بەپێی ئەم بەندە، ڕاسپاردن لە هیچ تاکە کەسێک بە هەند وەربگرێت ئەگەر دڵنیا نەبێت لە ئەمانەی خوارەوە:
a. کەرەستەکانی هەمان بابەت پێشتر یان ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەی یان هەر جۆرە پێوانەدارکردنێکی تری نێونەتەوەیی نەبووبێت؛
b. سکاڵاکەر هەموو ئەگەرەکانی بەکاربردنی کەرەستەکانی یاسایی ناوخۆیی بەکارهێنابێت، نابێت ئەمە بکرێت بە ڕێسا، ئەگەر جێبەجێکردنەکانی کەرەستەکانی یاسایی بێهودە کاتی زۆر بکێشێت یان گومان بکرێت لە هێنانەکایەی یارمەتییەکی کاریگەر بۆ ئەو کەسەی کە بووە بە قوربانی پێشێلکاری بەپێی ئەم پەیماننامەیە.
6. لە دەمی مامڵەکردنی ئەم جۆرە بابەتانە، دەبێت کۆمیتە کۆمبوونەکانی لە ژووری داخراودا بکات.
7. کۆمیتە دەبێت سەرنجەکانی خۆی بۆ وڵاتانی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە و سکاڵاکەر بنێرێت.
8. بڕگەکانی ئەم بەندە بەکارادەکرێت، کاتێک پێنج وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە بەپێی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە جاڕیاندا. ئەم جاردانانە دەبێت لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە بدرێت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش کۆپییەک لە ئەمانە ڕەوانەی وڵاتانی بەشداربووی تری پەیماننامە دەکات. لە ڕێگەی داواکارییەک بۆ سکرتێری گشتی دەکرێت هەموو دەمێک جاڕدانێک داوابکرێتەوە. ئەم جۆرە داواکارییە نابێت کاریگەری هەبێت بۆ سەر هەڵسەنگاندنی بابەتێک، کە هەر ئێستا داواکارییەکەی دانراوە بەپێی ئەم بەندە. هیچ داواکاری تر، بەپێی ئەم بەندە، لە لایەن تاکە کەسێک یان لەبری تاکە کەسێک وەرناگیرێت دوای ئەوەی سکرتێری گشتی تێبینی لەسەر داواکردنەوەی جاڕدانەکە وەرگرتبێت، جگە لە ئەو دۆخەی کە وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە جاڕدانێکی تازەی خستبێتەڕوو.

### بەندی 23

ئەندامانی کۆمیتە و ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە ڕاوێژکارییە کە دەکرێت بەپێی بەندی 21 پەرەگرافی c بێنە هەڵبژاردن، دەبێت مافی وەرگرتنی ئەو کەرەستە و نایابداری و هەروەها پارێزەدارییەیان هەبێت، کە دەدرێت بە پسپۆڕان لە ئەنجامی ڕاسپاردنیان بە ئەرکێک لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەپێی ئەو پەیڕەوە بەکاربردووانەی کە خراونەتە نێو ئەم پەیماننامەوە و پەیوەندە بە نایابداری و پارێزەداری نەتەوە یەکگرتووەکان.

### بەندی 24

کۆمیتە دەبێت ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی چالاکییەکانی بەپێی ئەم پەیماننامەیە بدات بە وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە و ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**بەشی سێهەم**

**بەندی 25**

1. ئەم پەیماننامەیە بۆ هەموو وڵاتان کراوەیە بۆ واژۆکردن .
2. ئەم پەیماننامەیە دەبێت بێتە پەسەندکردن. کەرەستەی پەسەندکرن دەبێت لە لای سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە سپاردن.

**بەندی 26**

ئەم پەیماننامەیە دەبێت بۆ هەموو وڵاتان کراوە بێت بۆ پابەندبوون. پابەندبوون لە ڕێگەی سپاردنی کەرەستەی پابەندبوون لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دێتە ئەنجامدان.

**بەندی 27**

1. ئەم پەیماننامەیە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی بیستەهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان کەرەستەی پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.
2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پابەند دەبێت پێی لە پاش سپاردنی بیستەهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی پەسەندکردنەکە یان پابەندبوونەکە بەکارا دەکرێت.

**بەندی 28**

1. هەر وڵاتێک دەتوانێت، کاتێک پەیماننامەکە واژۆدەکات، پەسەنددەکات یان خۆی پێ پابەندەکات، باوەڕنەهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە بەپێی بەندی 20 ئاشکرابکات.
2. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە کە لە ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەی دابێت، بەگوێرەی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە، لە هەر دەمێکدا دەتوانێت لە ئەم ڕوونکردنەوە پاشگەزبێتەوە لەڕێگەی تێبینییەکەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**بەندی 29**

1. هەموو وڵاتێک دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیە بکات و بەشێوەی تێکست بیدات بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکان بەسەر وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دابەشبکات لەگەڵ داواکارییەک لە نیشاندانی سەرنجی ئەم وڵاتانە بۆ ئەو لە بەستنی کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان. لە ئەگەری پەسەندکردنی کۆنفرانس، لە ماوەی چوار مانگ لە ڕۆژی داواکردنێکی لە ئەم چەشنە، لە لایەن یەک لەسەر سێی وڵاتانی

بەشداربووی پەیماننامە، دەبێت سکرتێری گشتی بانگهێشتی کۆنفڕانسێک لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات. هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراو، کە لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە کە ئامادەبوون لە کۆنفڕانسەکە، وەرگیراوە، دەبێت دواتر بدرێت بە سکرتێری گشتی کە ئەویش دەینێرێت بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بۆ پەسەندکردن.

2. گۆڕانکارییەک کە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە وەرگیراوە بەکارادەکرێت، کاتێک دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن لە وەرگرتنی گۆڕانکارییەکە بە گوێرەی دەستوری هەر یەک لە ئەمانە.
3. کاتێک گۆڕانکارییەک بەکارا دەکرێت، دەبێت تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە گۆڕانکارییەکەیان پەسەندکردووە. وڵاتەکانی تر پابەندی برگەکانی ئێستا و هەرچی گۆڕانکاری پێشووتری پەیماننامە دەکەن کە ئەوان دەنگیان لەسەر داوە.

### بەندی 30

1. هەر ناکۆکییەک سەبارەت بە شرۆڤەکردنی یان جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە کە لە نێوان دوو یان زیاتر وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە دایە کە لە ڕێگەی دانوستان ناگات بە ئەنجام، دەکرێت، لە سەر داوای یەکێک لە ئەم وڵاتانە، ناکۆکییەکە ڕەوانەی ناوبژیکەرێک بکرێت. ئەگەر لایەنەکان لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داواکاری بۆ ناوبژیکەر ڕازی نەبن بە ئەو ڕێکخراوی ناوبژیکەرە، ئەوا یەکێک لە لایەنەکان دەتوانێت ناکۆکییەکە ڕەوانەی دادگای دادپەروەری نێونەتەوەیی بکات بەپێی دەستوری ئەم دادگایە.
2. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە کاتی واژۆکردنی، پەسەندکردنی یان پابەندبوونی بە ئەم پەیماننامەوە، ئەوە ڕابگەیەنێت کە خۆی گرێنادات بە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە. وڵاتانی تری بەشداربووی پەیماننامە دەبێت گرێدراوی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە نەبن بە پەیوەندی بە وڵاتێک کە ئەم جۆرە گرێنەدانەی ڕاگەیاندبێت.
3. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە کە بە گوێرەی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە گرێنەدانی دابێت، دەتوانێت، هەر دەمێک بخوازێت، لە ڕێگەی تێبینیەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەو گرێنەدانە پاشگەزبێتەوە.

### بەندی 31

1. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە ڕێگەی نامەیەک بە نووسین بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست لەکارکێشانەوەی لە پەیماننامەکە ڕابگەیەنێت. ساڵێک پاش وەرگرتنی نامەکە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە دەست لەکارکێشانەکە بەکارادەکرێت.
2. ئەم دەستلەکارکێشانەوەیە نابێت وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە ئازاد بکات لە ئەو ئەرکانەی کە هەیەتی، بەپێی ئەم پەیماننامەیە، دەربارەی هەر کردارێک یان پشتگوێ خستنێک کە ڕوودەدات لە پێش ڕۆژی بەکاریگەربوونی دەست لە کارکێشانەکە. دیسان دەبێت دەستلەکارکێشانەکە بە هیچ جۆرێک ڕێگری نەکات لە بەردەوامی تاووتوێکردنی بابەتێک کە هەر ئێستا لەژێر مامڵەکردنی کۆمیتە دایە لە پێش ئەو ڕۆژەی کە دەست لەکارکێشانەکە کارپێدەکرێت.

3. لە پاش ئەو ڕۆژەی کە دەست لەکارکێشانەوەی وڵاتیکی بەشداربووی پەیماننامە بەکارادەبێت، دەبێت کۆمیتە هیچ بابەتێک کە پەیوەندە بە ئەو وڵاتەوە تاووتوێ نەکات.

**بەندی 32**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەم پەیماننامەیەیان واژۆکردوە یان پابەندبوون پێی لە ئەمانەی خوارەوە ئاگاداربکات:

a. واژۆکردن، پەسەندکردن و پابەندبوون بەپێی بەندی 25 و 26 دەبێت؛
b. ڕۆژی بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بەندی 27 ە، هەروەها ڕۆژی بەکاراکردنی هەر گۆڕانکارییەک بەپێی بەندی 29 دەبێت؛
c. دەست لەکارکێشانەوە بەپێی بەندی 31 دەبێت.

**بەندی 33**

1. ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دابنرێت.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کۆپی باوەڕپێکراوی ئەم پەیماننامەیە ڕەوانەی هەموو وڵاتان بکات.

## پەیماننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافەکانی منداڵان

لە 20 نۆڤەمبەری 1989 وەرگیراوە و ئامادەکراوە بۆ واژۆکردن، پەسەندکردن و پاپەندبوون بە پێی بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ژمارە 25/44

لە 2 سێپتێمبەری 1990 وە بەکارا دەکرێت، بەپێی بەندی 49

**پێشەکی**

**وڵاتانی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە**

**وا دەڕوانن**، بەپێی پرینسیپەکانی ڕاگەیەندراوی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان، کە دانپێهێنان بە شکۆمەندی و مافەکانی یەکسان و وابەستە بە ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی بنەمای ئازادی، ئاشتی و دادپەروەرییە لە جیهان،

**بە یاد دەهێننەوە کە**، خەڵکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەستووردا بۆ جارێکی تر جەختیان لە باوەڕهێنان بۆ مافەکانی بنەڕەتی مرۆڤ و بەها و شکۆمەندی تاکە کەس کردۆتەوە و لە ڕوانگەی ئازادییەکی بەرفراوانترەوە سوورن لە پشتیوانیکردنی گەشەسەندنی جڤاکی و باشترکردنی مەرجەکانی ژیان،

**داندەهێنن**، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە و ڕێکەوتووە کە هەموو کەسێک شایستەی ئەو هەموو ئازادی و مافانە هەیە کە لە ئەمانەدا بەیان کراوە، بە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر بنەمای وەکو نەژاد، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، زمان، ئایین، بۆچوونی ڕامیاری یان بۆچوونی تر، نیشتمانی یان ڕەچەڵەکی جڤاکی، سامان، لە دایکبوون یان پێگەی تری،

**ئەوە بەبیر دەهێننەوە کە،** نەتەوە یەکگرتووەکان لە جاڕنامەی گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەوەی بەیان کردوە کە منداڵان مافیان بۆ چاودێری و یارمەتیی تایبەت هەیە،

**دڵنیان لە ئەوەی کە**، خێزان، کە یەکەی بنەڕەتی کۆمەڵگا و ئەو ژینگە سروشتییەیە کە گشت ئەندامەکانی بە تایبەتی منداڵانی تیایدا پێشدەکەوێت و ئاسوودە دەبێت، دەبێت پارێزگاری و پشتیوانی پێویستی لێبکرێت بە جۆرێک کە بتوانێت بە تەواوی لێپرسراویەتی خۆی لە کۆمەڵگادا بەجێ بهێنێت،

**داندەهێنن بە ئەوەی کە منداڵ**، بە مەبەستی گەشەسەندنی تەواو و هارمۆنی کەسایەتی، دەبێت لە ژینگەیەکی خێزانیدا، کە پڕە لە ئەڤین و شادی و لێتێگەیشتن، گەورە ببێت،

**وا دەبینن کە منداڵ** پێویستە بە تەواوەتی بۆ ژیانێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا ئامادەبکرێت، هەروەها بەپێی ئەو بیرۆکانە پەروەردەبکرێت کە لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەیانکراوە، بە تایبەتی بە ڕوحیەتێکی ئاشتییانە، شکۆمەندانە، ئارام–انە، ئازادانە، یەکسانانە و هاوکاریانە،

**بەیاد دەهێننەوە کە**، پێویستی منداڵان بۆ پێدانی زیاتر لە چاودێری تایبەت لە بەیاننامەی جنێڤ بۆ مافەکانی منداڵان *Geneva Declaration of the Rights of the Child* لە ساڵی 1924 و لە بەیاننامەی مافەکانی منداڵان *Declaration of the Rights of the Child* کە لە ئەنجومەنی گشتی لە 20 نۆڤەمبەری ساڵی 1959 وەریگیراوە دووپاتکراوەتەوە، هەروەها ئەم دووپاتکردنەوەیە لە جاڕنامەی گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری (بە تایبەتی بەندەکانی 23 و 24)، پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی ئابووری، جڤاکی و کەلتووری (بە تایبەتی بەندی 10) و دەستوور و ئامرازە گونجاوەکانی دەزگا تایبەتمەندەکان و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی کە پەیوەستن بە خۆشگوزەرانی منداڵانەوە، دووبارە دەبێتەوە،

**بەیاد دەهێننەوە کە**، هەر وەک لە بەیاننامەی مافەکانی منداڵان ڕاگەیندراوە، "منداڵ بەهۆی ناپێگەیشتوویی جەستەیی و دەروونییەوە پێویستی بە پارێزگاری و چاودێری تایبەت هەیە، ئەمەش پارێزگاریی یاسایی گونجاو پێش و پاش لە دایکبوون دەگرێتەوە"،

بڕگەکانی بەیاننامەی پرینسیپەکانی یاسایی و جڤاکی دەربارەی پارێزگاری و چاودێریکردنی منداڵان، بە تایبەتی لە ڕوانگەی هەڵگرتنی منداڵان "ئەدۆپتەکردن" و نیشتەجێکردنی منداڵان لە سەر ئاستی دەوڵەتی و نێودەوڵەتیدا؛ کەمترین مەرجە بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی دادپەروەری بۆ تاوانی مێردمنداڵان (مەرجەکانی پێکین) هەروەها بەیاننامەی پاراستنی ئافرەتان و منداڵان لە دەمی ڕەوشی نالەبار و کێشەی چەکدارییدا، بە **بیردەهێننەوە**،

**دانەدەهێنن بە ئەوەی کە** لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا منداڵانێک هەن کە لە ڕەوشی گەلێک نالەباردا دەژین، هەر بۆیە ئەم منداڵانە پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە،

گرنگی بەهای نەریەت و کەلتووری هەر خەڵکێک بۆ پارێزگاریکردن و گەشەسەندنی هارمۆنیانیانەی منداڵان **بەرز دەنرخێنن**،

**دانەدەهێنن** بە گرنگی هاوکاریی نێونەتەوەیی بۆ باشترکردنی مەرجەکانی ژیانی منداڵان لە هەر وڵاتێکدا، بە تایبەتی لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان،

**لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێککەوتن:**

**بەشی یەکەم**

**بەندی 1**

**بۆ مەبەستی ئەم پەیماننامەیە، منداڵ هەموو مرۆڤێک کە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمترە دەگرێتەوە، ئەگەر منداڵ بە گەورە نەهێتە ئەژماردن بەپێی ئەو یاسایەی کە پەیوەستە بە منداڵەوە.**

**بەندی 2**

1. **وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بەپێی یاسا ڕێزبگرن لە- و گەرانتی مافەکانی بەیانکراوی ئەم پەیماننامەیە بکەن، بەبێ هیچ هەڵاواردکردنێک، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژادی، ڕەنگی، ڕەگەزی، زمانی، ئایینی، بۆچوونی ڕامیاریی یان هیتری، نەتەوە، ئێتنیک یان ڕەچەڵەکی جڤاکی، سامانی، لە دایک بوونی یان هەر پێگەیەکی تری باوک و دایکی یان کەسی سەرپەرشتیکەری منداڵ.**
2. **وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر لە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە منداڵ لە هەموو جۆرە هەڵاواردنێک یان سزادانێک کە لەسەر پێگەی، چالاکی، دەربڕینی بۆچوونەکانی، یان باوەڕی باوک و دایکی، سەرپەرشتیکەر/زڕباوکی یان یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانی منداڵ بناغەدەگرێت، پارێزراو دەبێت.**

**بەندی 3**

1. **لە ئەو هەموو پێوەرانەی کە پەیوەندە بە منداڵانەوە، ئینجا ئەگەر ئەم پێوەرانە لە لایەن دەزگاکانی فەرمی یان نافەرمیی ئاسوودەگی جڤاکییەوە، دادگاکانەوە، ڕێڤەبەرییە دەستەڵاتدارەکانەوە یان دەزگاکانی یاسادانانەوە بە ئەنجام گەیەندرابێت، دەبێت باشترین بەرژەوەندی منداڵ پێش هەموو تشتێکی تر بێت.**
2. **وڵاتانی بەشدار خۆیان پابەند دەکەن کە ئەو جۆرە پارێزگاری و چاودێریکردنەی کە پێویستە بۆ خۆشگوزەرانی منداڵ مسۆگەربکەن، ئەمیش بە ڕەچاوکردنی ئەو ماف و ئەرکانەی کە دایک و باوک، سەرپەرشتیکەریی یاسایی یان هەر کەسێکی تر کە یاساییانە لێپرساوە بەرامبەر بە منداڵ هەیانە، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پێوەری گونجاوی یاسایی و ڕێڤەبەری بگرنەبەر.**
3. **وڵاتانی بەشداربوو دەبێت گەرانتی ئەوە بدەن کە دەزگاکان، خزمەتەکان و کەرەستەکانی تری چاودێری کردنی یان پارێزگاریکردنی منداڵان دەبێت بەرسڤی ئەو داواکاریانەی کە لە لایەن دەستەڵاتە کارامەکانەوە دامەزرێندراوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئاسایش، تەندروستی، ژمارەی کارمەندان و چاودێریکەری شارەزا، بدەن.**

**بەندی 4**

**وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاوی یاسایی، ڕێڤەبەری و هیتر بۆ جێبەجێ کردنی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە بگرنەبەر. سەبارەت بە مافەکانی ئابووری، جڤاکی و کەلتووری**

دەبێت وڵاتانی بەشداربوو ئەو جۆرە پێوەرانە بگرنەبەر کە لە زۆرترین سەرچاوە فەراهەمکراوەکانیاندا کەڵک وەردەگرن و، هەر دەمێک پێویست بکات، لە چوارچێوەی هاوکاریی نێونەتەوەییدا.

**بەندی 5**

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت ڕێزبگرن لە ماف، لێپرساوەتی و ئەرکەکانی دایک و باوک، یان هەر کاتێک گونجاو بوو، و ئەندامانی تری خێزان یان کۆمەڵگا، بەپێی داب و نەریەتی ڕێگەپێدراو، یان چاودێریکەری یاسایی یان کەسانی تری کە یاسایانە بەرپرسیارن بەرامبەر بە منداڵ، بە جۆرێک ئەم ڕێزگرتنە لەگەڵ گەشەسەندنی بەردەوامبووی تواناکانی منداڵ و ئاراستە و ئامۆژگارییەکانی جێبەجێکردنی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە هاوتەریب بێت.

**بەندی 6**

1. وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە ئەوەی کە هەموو منداڵێک مافی سروشتی بۆ ژیان هەیە.
2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت تاکو بەرزترین لووتکەی تواناکانیان گەرانتی ژیان و پێشکەوتنی منداڵان بدەن.

**بەندی 7**

1. لە دوای لەدایکبوون دەبێت منداڵ یەکسەر تۆماربکرێت و دەبێت لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە مافی بۆ ناو هەبێت، مافی بۆ دەستهێنانی هاوولاتیبوون هەبێت و هەروەها، تاکو بوار هەبێت، مافی زانیاری لەسەر دایک و باوک هەبێت و لە لایەن باوک و دایکەوە چاودێری بکرێت.
2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی جێبەجێکردنی ئەم مافانە لە ئەستۆبگرن، بەگوێرەی یاساکانی نیشتمانی و ئەرکداری تر کە بەپێی ئامرازە جێبەجێکارییەکانی تری نێونەتەوەیی لە ئەم بوارەدا پێی پابەندن، بە تایبەتی لە ئەو دەمانەی کە منداڵ لەوانەیە هاووڵاتی نەبێت.

**بەندی 8**

1. وڵاتانی بەشداربوو خۆیان پابەند دەکەن کە ڕێز دانێن بۆ مافی منداڵ لە وەرگرتنی شونسنامە، ئەمەش نەتەوەیی-/هاووڵاتی بوون، ناو و پەیوەندی خزمایەتی کە لە یاسادا باوەڕی پێهێنراوە دەگرێتەوە، بەبێ هیچ دەستوەردانێکی نایاسایی.
2. هەر دەمێک منداڵ نایاسایانە لە هەندێک یان لە گشت پێکهاتەکانی شونسانامەی دابېڕدرێت، ئەوا وڵاتانی بەشداربوو دەبێت، بە مەبەستی دامەزراندنەوەی خێرای شوناسنامە، پارێزگاری و یارمەتی پێویست ببەخشن بە منداڵەکە.

**بەندی 9**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی بدەن کە منداڵ بەبێ ڕەزامەندی دایک و باوکی لێیان جوداناکرێتەوە، بێجگە لە ئەو دەمانەی کە ڕێڤەبەرییەکی ڕێپێدراو بەپێی یاسا بڕیارێکی لە ئەم جۆرە دەردەکات، بەپێی یاسا و پرۆسەکانی جێبەجێ کردنی یاسایی، بە ئەو پێیەی ئەم جوداکردنەوەیە بۆ بەرژەوەندی منداڵ پێویستە. ئەم بڕیارە لەوانەیە پێویست بێت بە تایبەتی لە ئەو دەمانەی کە منداڵ لە لایەن دایک و باوکەوە ئازار بدرێت و خراپ پەروەردە بکرێت، یان لە ئەو دەمانەی کە دایک و باوک بە جودا بژین و دەبێت بڕیار لەسەر شوێنی نیشتەجێی منداڵ بدرێت.
2. بەپێی هەر جێبەجێکارییەکی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە دەبێت بوار بە هەموو لایەنەکان بدرێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی بڕیاردان و نیشاندانی سەرنجەکانیان.
3. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت ڕێز لە مافی ئەو منداڵە بگرن کە لە یەک– یان لە هەردوو دایک و باوکی جوداکراوەتەوە و کە دەیەوێت پەیوەندی کەسایەتی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لەگەڵ هەردوو دایک و باوکی بهێڵێتەوە، بێجگە لە ئەو دەمانەی کە ئەم پەیوەندییە پێچەوانەی بەرژەوەندی منداڵ قسەبکەن.
4. کاتێک ئەم جوداکردنەوەیە دەرئەنجامی هەر کردارێک بێت کە لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووەوە کرا بێت، بۆ نموونە دەستبەسەرکردنی، زیندانیکردنی، دەرکردن لە ولات یان مردنی (ئەمەش هەر جۆرە مردنێک دەگرێتەوە لە کاتێکدا کەسەکە دەستبەسەرکرابێت) یەک یان هەردوو دایک و باوک یان منداڵەکە، ئەوا ئەو وڵاتی بەشداربووە دەبێت، بەپێی داواکاری، زانیاری پێویست لەسەر شوێنی نیشتەجێی ئەو ئەندامی خێزانە ئامادەنەبووە بدات بە دایک و باوکەکە، منداڵەکە یان، ئەگەر گونجاو بوو، یەکێکی تر لە ئەندامی خێزانەکە، بە جۆرێک پێدانی ئەم زانیارییە نەبێتە هۆکاری زیان گەیاندن بە منداڵەکە. بێجگە لە ئەمە دەبێت وڵاتانی بەشداربوو دڵنیایی بدەن کە پێشکەش کردنی داواکارییەکی لە ئەم جۆرە دەرئەنجامی خراپی لێناکەوێتەوە بۆ ئەو کەسەی/کەسانەی کە پەیوەنددارن.

**بەندی 10**

1. وڵاتانی بەشداربوو بەپێی ئەرکدارییەکانی پەرەگرافی 1 لە بەندی 9، دەبێت داواکاری لە منداڵێک یان لە دایک و باوکی منداڵێک بۆ چوونە– ناو یان دەرەوەی وڵاتێکی بەشدرابوو بە مەبەستی یەکگرتنەوەی خێزانی بە شێوەیەکی ئەرێنی، مرۆیی و خێرا مامڵەبکات. دیسان وڵاتانی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی بدەن کە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە داواکارییە نابێتە هۆکاری دەرئەنجامی خراپ بۆ کەسانی پەیوەندیدار.
2. منداڵێک کە باوک و دایکی نیشتەجێی وڵاتانی جیاواز بن دەبێت لەسەر بناغەی پێوانەدار مافی، بێجگە دۆخی ئاوارتەکراو، پەیوەندی کەسایەتی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دایک و باوکیدا هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە و بەپێی ئەرکداریەتی وڵاتانی بەشداربوو بەپێی پەرەگرافی 1 ی بەندی 9، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو ڕیز لە مافی منداڵ و دایک و باوکی منداڵ لە بەجێهێشتنی هەر وڵاتێک بگرن، ئەمەش وڵاتی خۆ دەگرێتەوە، هەروەها چوونە ژوورەوە بۆ وڵاتی خۆ. مافی جێهێشتنی وڵاتێک دەبێت تەنها گرێدراو بێت بە ئەو جۆرە سنووردارکردنانە کە لە یاسادا بەیان کراوە و کە پێویستە

بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، فەرمانی گشتی *public order*، تەندروستی گشتی یان ماف و ئازادی کەسانی تر، هەروەها هاوتەریبە لەگەڵ مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 11**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت پێوەر بگرنەبەر بۆ دژایەتی کردنی دەرکردنی ناخوازراو و نا–گەڕاندنەوەی منداڵان لە وڵاتانی دەرەوەدا.
2. بۆ ئەم مەبەستە، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو پشتگیری دەستپێکردنی ڕێککەوتنی دوولایەنە یان چەند لایەنە یان گرێدانی چوونە نێو ڕێککەوتنێکی لە ئەم جۆرە بکەن.

**بەندی 12**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی بدەن بە ئەو منداڵەی کە دەتوانێت بیرکردنەوەکانی خۆی دابڕێژێت مافی ئازادانەی دەربڕینی ئەم بیرکردنەوانەی بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندە پێی هەبێت، دەربڕینەکانی منداڵەکە دەبێت بەپێی تەمەن و پێگەیشتنی منداڵەکە بێتە هەڵسەنگاندن.
2. بۆ ئەم مەبەستە، دەبێت منداڵ بەتایبەتی بواری گوێ بیستنی لە هەر پرۆسەیەکی دادگایی یان ڕێڤەبەری کە کاریگەری هەیە بەسەر منداڵەکەوە پێبدرێت، ئینجا ئەمە ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی نوێنەرێکەوە یان دەزگایەکی لەبارەوە، بە جۆرێک کە هاوتەریبە لەگەڵ ڕێساکانی پرۆسەی دادگایی یاساکانی نیشتمانی.

**بەندی 13**

1. منداڵ دەبێت مافی ئازادانەی دەربڕینی هەبێت؛ ئەم مافە ئازادی گەڕان، وەرگرتن و بڵاوکردنی زانیاری و بیرۆکە لە هەموو جۆرێک دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی دەم، نووسین یان چاپکردن، لە شێوەی هونەری، یان لە ڕێگەی هەر مێدیایەکی تر کە منداڵ هەڵیدەبژێرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورەکانی ناوچەیی.
2. پیادەکردنی ئەم مافانە لەوانەیە کەمێک سنوورداربکرێت بەڵام تەنها ئەو جۆر سنووردارکردنانە کە لە یاسادا هەیە و پێویستە بۆ:
   a. ڕێز و شکۆی کەسانی تر؛ یان
   b. بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی نیشتمانی یان فەرمانی گشتی، یان تەندروستی گشتی یان ڕەوشتی گشتی.

**بەندی 14**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت ڕێز لە مافی منداڵ بۆ ئازادی بیربکەنەوە، ویژدان و ئایین بگرن.

2. وڵاتانی بەشدرابوو دەبێت ڕیز لە ماف و لێپرسراویەتی دایک و باوکان و ، هەر دەمێک گونجاو بوو، چاودێریکەری یاسایی بگرن کە ئاراستەی جێبەجێکردنی ئەم مافە پێش کەش بە منداڵ بکەن، بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ گەشەسەندی توانای منداڵەکە.
3. ئازادی لە جێبەجێ کردنی پەیڕەوەکانی ئاینی یان بڕوا لەوانەیە سنوورداربکرێت بەڵام تەنها بۆ ئەو دەمانەی کە لە یاسادا بەیانکراوە و پێویستە بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی–، فەرمانی–، تەندروستی– یان ڕەوشتی گشتی یان مافەکان و ئازادییەکانی بنەڕەتی کەسانی تر.

### بەندی 15

1. وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی منداڵ لە ئازادی ڕێکخراوەبوون و ئازادی بۆ کۆمەڵەی ئاشتیخوازی.
2. هیچ جۆرە سنووردارکردنێک ناکرێت بخرێتە سەر پیادەکردنی ئەم مافانە بێجگە لە ئەوانەی کە لە یاسادا هەیە و کە پێویستە بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی بەپێی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی یان ئاسایشی گشتی، فەرمانی گشتی، پارێزگاریکردنی تەندروستی یان ڕەوشتی گشتی یان پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر.

### بەندی 16

1. نابێت ژیانی تایبەتی، خێزانی، ماڵی یان چوارچێوەی هیچ منداڵێک بکەوێتە بەر دەستتێوەردانی هەڕەمەکی یان نایاسایی، هەروەها نابێت هیچ هێرشکردنەسەرێکی نایاسایی بۆ سەر ئابڕوو و شکۆمەندی بکرێت.
2. منداڵ بەپێی یاسا مافی پارێزگارییکردنی دژ بە ئەم دەستتێوەردان و هێرشکردنەسەرانە هەیە.

### بەندی 17

وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە گرنگی ئەو ئەرکەی کە مێدیا هەیەتی و دەبێت دڵنیایی بدەن کە منداڵ دەستڕەسی بۆ زانیاری و کەرەستەی جودای سەرچاوەکانی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئاراستەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، ڕوحی و ڕەوشتی باش و تەندروستی جەستەیی و دەروونی دەکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە دەبێت وڵاتانی بەشداربوو:

a. هاندانی مێدیاکان بدەن بۆ ئەوەی زانیاری و کەرەستەی بەنرخی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بۆ منداڵان بڵاوبکەن، بەپێی ناوەڕۆکی بەندی 29؛
b. هاندانی هاوکاریی نێونەتەوەیی بدەن لە ڕوانگەی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە زانیاری و کەرەستانە کە لە جۆرەها کەلتوور، نەتەوە و نێونەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت؛
c. هاندانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کتێبی منداڵان بکەن؛

d. هاندانی میدیاکان بۆ ڕەچاوکردنی تایبەتی زمانی ئەو منداڵانەی کە سەر بە کۆمەڵێکی کەمینەن، بکەن؛
e. هاندانی پێشخستنی ئەو ئاراستە گونجاوانە بکەن کە منداڵ لە زانیاری و کەرەستەی زیان بەخش دەپارێزێت، لە هەمان کاتدا بڕگەکانی بەندی 13 و 18 بەیاد دەهێنێتەوە.

## بەندی 18

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت باشترین تواناکانیان بەکاربهێنن بۆ دڵنیاکردنی دانپێداهێنان بە ئەو پرینسیپەی کە هەردوو دایک و باوک لێپرسراوی هاوبەشیان هەیە بۆ پەروەردەکردن و پێشخستنی منداڵ. باوک و دایک یان، لە ئەگەری، چاودێری یاسایی لێپرسراوی سەرکیین لە پەروەردەکردن و پێشخستنی منداڵ. بۆ ئەم کەسانە دەبێت باشترین بەرژەوەندی منداڵ پێوەری سەرەکی بێت.
2. بە مەبەستی گەرانتیکردن و پشتیوانیکردنی ئەو ئەو مافانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو پشتیوانی شیاو بدەن بە دایک و باوک و چاودێریکەری یاسایی بە جۆرێک کە ئەمان بە تەواوی بەرپرسیاریەتی خۆیان بەرامبەر بە پەروەردەکردنی منداڵ بەجێدەگەیەنن. دیسان وڵاتانی بەشداربوو دەبێت گەرانتی پێشخستنی ئەو دەزگا، دامەزراو و خزمەتانەی چاودێریکردنی منداڵان بدەن.
3. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ گەرانتیکردنی ئەو منداڵانەی کە باوک و دایکیان کارمەندن کە مافیان هەیە کەڵک لە خزمەتاکانی چاودێریکردنی منداڵان و دامەزراوەی تر کە منداڵان مافیان هەیە بۆی وەربگرن.

## بەندی 19

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاوی یاسایی، ڕێڤەبەری، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بگرنەبەر کە منداڵ لە هەموو جۆرە ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی، برینداری و خراپەکاری، پشتگوێ خستن یان پشتگوێ خستنی خزمەتکاری، مامڵەکردنی خراپ و کەڵکلێوەرگرتنیان، ئەمەش خراپەکاری ڕەگەزیی/سێکسی دەگرێتەوە، دەپارێزێت، لە دەمێکدا منداڵ لە ژێر چاودێری دایک و/یان باوک، چاودێریکەری یاسایی یان هەر کەسێکی تر کە ئەرکی چاودێریکردنی هەیە، بێت.
2. ئەم پێوەرە پارێزگارییانە دەبێت، بە ئەو جۆرەی کە شیاوە، هەنگاوی کاریگەر بۆ دامەزراندنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی کە یارمەتی پێویست بە منداڵ دەبەخشێت و هەروەها بۆ ئەوانەی کە چاودێری منداڵ دەکەن، بگرێتەخۆ، دیسان ئەم پێوەرە پارێزگارییانە دەبێت هەندێک جۆری تر لە ڕێگەگرتن و دەستنیشانکردن، ڕاپۆرتدان، ئامۆژگاریکردن، لێپێچینەوە، مامڵەکردن و بەدواچوونی ڕەوشی ئەو منداڵەی کە بەپێی باسکردنی سەرەوە مامڵەی خراپی لەگەڵدا کراوە، بگرێتەوە، هەروەها هەر دەمێک گونجاو بێت دادگا بانگهێشت بکرێت.

**بەندی 20**

1. ئەو منداڵەی کە بە شێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی لە ژینگەی خێزانی دەربهێنرێت یان باشترین بەرژەوەندی منداڵەکە وابخوازێت کە لە ئەو ژینگەیەدا نەمێنێت، ئەوا ئەو منداڵە مافی هەیە کە وڵات پارێزگاری و یارمەتی تایبەتی پێببەخشێت.
2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بەپێی یاساکانی نیشتمانیان ئەڵتەرناتیڤی پەروەردەکردن بۆ ئەم جۆرە منداڵانە بدۆزنەوە.
3. ئەم جۆرە پەروەردەکردنانە دەبێت، بۆ نموونە، ماڵی منداڵان، کەفالەت بەپێی شەریعەتی ئیسلام، ئەدۆپتەکردن یان ئەگەر پێویست بکات نیشتەجێکردنیان لە دەزگای لەبار کە چاودێری منداڵان دەکات دەگرێتەخۆ. هەر کاتێک چارەسەرکردنێکی لە ئەم جۆرە جێبەجێکرا، دەبێت پەیوەندداران ڕەچاوی نایابی بەردەوامی پەروەردەی منداڵ بکەن، هەروەها ڕەچاوی ئێتنیک، ئایین، کەلتوور و ڕەچەڵەکی زمانی منداڵ بکەن.

**بەندی 21**

وڵاتانی بەشداربوو کە داندەهێنن و/یان موڵەت دەدەن بە سیستەمی ئەدۆپتەکردن/منداڵ هەڵگرتن دەبێت دڵنیایی بدەن کە باشترین بەرژەوەندی منداڵ لەبەرچاو دەگیرێت و دەبێت:

a. گەرانتی بدەن کە ئەدۆپتەکردنی منداڵ تەنها لە ڕێگەی ڕێڤەبەری کارامەوە، کە بەپێی یاساکانی پەیڕەوکراو و جێبەجێکارییەکانی پەسەندکراو و بەپێی بناغەی گشت زانیاری باوەڕپێکراو و شیاو بڕیار بە پێدانی مۆڵەتی ئەدۆپتەکردن دەدات، هەروەها بەرەچاوکردنی هەڵوێستی منداڵ لەگەڵ پەیوەندی بۆ دایک و باوکی، خزمەکانی و چاودێریکەرانی، هەروەها، ئەگەر پێویست بکات، دەبێت لەسەر بنەمای ئەم جۆرە ڕاوێژکارییانە کە لەوانەیە پێویست بکات ئەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن ڕەزامەندی تەواوی خۆیان بۆ ئەدۆپتەکردن نیشاندابێت؛
b. دانبهێنن کە ئەدۆپتەکردنی نێونەتەوەییانە دەبێت وەکو جۆرێک لە ئەڵتەرناتیڤ بۆ پەروەردەکردنی منداڵ هەڵبسەنگێندرێت، بە جۆرێک ئەگەر توانا نەبێت منداڵ لە خێزانێکی ئەدۆپتەکراودا یان لە دامەزراوەیەکی منداڵ بەخێوکردندا نیشتەجێ بکرێت یان بوار نییە بۆ ئەوەی منداڵ بە شێوەیەکی لەبار لە وڵاتی خۆیدا پەروەردەبکرێت؛
c. دڵنیایی بدەن کە ئەو منداڵەی بە ئەدۆپتەکردنی نێونەتەوەیی پەیوەست دەکرێت هەمان گەرانتی و پێوەری بۆ دابین دەکرێت کە بەرامبەر بە ئەو پێوەر و ڕێسایانەیە کە لە وڵاتەکەی خۆیدا پیادەدەکرێت؛
d. لە ئەدۆپتەکردنی نێونەتەوەییدا هەموو پێوەرێکی پێویست دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەن کە نیشتەجێکردنی منداڵ نابێتە هۆی قازانجی دارایی خراپ بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لە ئەم کارەدا؛
e. پشتیوانی، هەر کاتێک گونجاو بێت، ئامانجەکانی ئەم بەندە بکەن ئەویش لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی یان ڕێکخستنی دوو لایەنە یان فرە لایەنە و هەروەها لە ئەم چوارچێوەیەدا دەبێت دڵنیایی بدەن کە نیشتەجێکردنی منداڵ لە وڵاتی تر لە ڕێگەی ڕێڤەبەری یان دەزگای کارامەوە ئەنجام دەدرێت.

**بەندی 22**

1. ولآتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ دڵنیایی کردنی ئەو منداڵەی کە داخوازی پێگەی پەناهەندیی دەکات یان وەکو پەناهەندە هەڵدەسەنگێندرێت کە بەپێی یاسا و ڕێساکانی پەیڕەوکراوی نیشتمانی یان نێونەتەوەیی، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە منداڵەکە بە تەنها یان لەگەڵ باوک و دایکیدا یان لەگەڵ کەسێکی تردا هاتووە، پارێزگاری گونجاو و یارمەتیی مرۆیی بۆ بەرجەستەکردنی مافەکانی بەیان کراوی ئەم پەیماننامەیە و کەرەستەکانی تری نێونەتەوەیی کە دەربارەی مافەکانی مرۆڤن یان ئامرازەکانی مرۆڤایەتیین، کە ئەم ولآتانە پێی پابەندن، ببەخشن بە ئەم جۆرە منداڵە.
2. بۆ ئەم مەبەستە، دەبێت ولآتانی بەشداربوو، بە ئەو شێوەیەی کە بە گونجاوی دەزانن، هاوکاری لە هەر تێکوشانێک بکەن کە ئەنجام دەدرێت لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یان هەر ئۆرگانێکی کارامەی تری نێو دەوڵەتی یان ئۆرگانی تری نادەوڵەتی هاوکار لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە مەبەستی پارێزگاریکردن و یارمەتیدانی ئەم جۆرە منداڵەیە و هەروەها سوراخی باوک و دایکی یان ئەندامانی تری خێزانی منداڵێکی پەناهەندەیە بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری کە پێویستە بۆ یەکگرتنەوەی منداڵەکە لەگەڵ خێزانەکەیدا. لە ئەو ڕەوشەی کە ناکرێت هیچ لە باوک و دایک یان ئەندامەکانی تری خێزان بدۆزرێتەوە، دەبێت منداڵەکە هەمان پارێزگاری پێبدرێت هەروەکو چۆن بە منداڵی تر دەدرێت کە بە هۆی هەر هۆیەکەوە بێت بە هەمیشەیی یان کاتی لە ژینگەی خێزانی خۆی دابڕاوە، بەپێی ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 23**

1. ولآتانی بەشداربوو باوەڕ بە مافی منداڵی هۆشمەند هاندیکاپ یان جەستە هاندیکاپ دەهێنن کە دەبێت بە ژیانێکی بەڕێز و باش خۆشگوزەران بێت، لە ڕەوشێکدا کە شکۆمەندی، بڕوابەخۆبوون و هەلی چالاکانەی بەشداربوونی ئەم منداڵە لە کۆمەڵگادا مسۆگەردەکات.
2. ولآتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی منداڵی هاندیکاپ بۆ چاودێری تایبەت، هەروەها دەبێت، بەپێی سەرچاوەکانی فەراهەمبوو، ئەم جۆرە منداڵە و ئەوانەی کە بەرپرسیاری چاودێریکردنین هانبدرێن و دڵنیابکرێن کە دەتوانن داوای یارمەتی شیاو بکەن کە لەگەڵ ڕەوشی منداڵەکە و بارودۆخی دایک و باوک یان ئەو کەسانەی تر کە چاودێری منداڵەکە دەکەن دەگونجێت.
3. بە ڕەچاوکردنی مافی منداڵێکی هاندیکاپ بۆ پێویستی تایبەت ئەوا ئەو یارمەتییەی کە بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە دەدرێت دەبێت بە خۆڕایی بێت، هەر دەمێک بوار هەبێت و بە ڕەچاوگرتنی داهاتی ئابووری دایک و باوک یان داهاتی ئابووری ئەوانەی تر کە سەرپەرشتی منداڵەکە دەکەن، و دەبێت بە ئامانجی دڵنیاکردنی کاریگەرانەی ئەو منداڵە هاندیکاپە بێت بۆ دەستڕەسی و وەرگرتنی خوێندن، مەشقکردن، خزمەتەکانی چاودێری تەندروستی، خزمەتەکانی ڕاهاتنەوە، ئامادەکردن بۆ ژیانی کارکردن و دروستکردنی هەل و دەرەفت بە جۆرێک کە دەبێت بەهۆی زیاترین تێکەڵبوونی ئەم منداڵە لەگەڵ کۆمەڵگادا و هەروەها زیاترین پێشکەوتنی کەسایەتی، ئەمەش پێشکەوتنی هزری و کەلتووری دەگرێتەوە.

4. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت، لە ڕوانگەی هاریکاریکردنی نێونەتەوەییەوە، پشتیوانی گۆڕینەوەی زانیاری گونجاو لە بوارەکانی خۆپارستنی خزمەتی تەندروستی، دەرمانی، سایکۆلۆجی و هەڵسوکەوتی ئەرکییانە لەگەڵ منداڵانی هاندیکاپدا بکەن، ئەمەش بڵاوکردنەوە و دەستکەوتنی زانیاری سەبارەت بە میتوودەکانی ڕاهاتنەوە، خوێندن و کارمەند دامەزراندن دەگرێتەوە، کە مەبەستی بەتواناکردن و پترکردنی توانا و زانیاریی و فراوانکردنی شارەزایی وڵاتانی بەشداربووە لە ئەم بوارەدا، ڕەچاوی تایبەت بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەبێت بگیرێتەبەر.

**بەندی 24**

1. وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی منداڵ بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین ئاست لە خزمەتی تەندروستی و لە دەسترەسی بۆ دامەزراوەکانی نەخۆشخانە و ڕاهاتنەوە. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەوڵبدەن کە هیچ منداڵێک لە مافی فەراهەمبوونی بۆ ئەم جۆرە خزمەت و چاودێری تەندروستییانە بێبەش نابێت.
2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت تێبکۆشن کە تەواوی ئەم مافە بەدیبهێنن، بە تایبەتی پێوەری گونجاو بگرنەبەر بۆ:

a. کەمکردنی ڕێژەی مردنی کۆرپە و منداڵ،
b. مسۆگەرکردنی گەیشتنی خزمەت و چاودێری تەندروستیی پێویست بۆ هەموو منداڵێک، لەگەڵ جەختکردنەوە بۆ گەشەکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی چاودێری تەندروستی،
c. بەگژاچوونی نەخۆشی و برسیەتی، ئەمەش چوارچێوەکانی چاودێری تەندروستی دەگرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەکانی بۆ نموونە کەڵکوەرگرتن لە تەکنەلۆجیی سادە و دەسترەسبوو و فەراهەمکردنی خواردنی بەفەڕ و ئاوی پاک، لە ئێرەدا دەبێت مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە لەبەرچاوبگیرێت،
d. مسۆگەرکردنی خزمەتی تەندروستی بۆ دایکان لە پێش- و لە پاش منداڵبوون،
e. مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەتی منداڵ و دایکان و باوکان، پشتگیریان دەکرێت و دەسترەسیان بۆ زانیاری دەربارەی خزمەتەکانی تەندروستی منداڵان و خۆراک، سوودەکانی شیری دایک، خاوێنی و ژینگەی پاک وڕێگەگرتن لە کارەسات دەبێت،
f. پێشخستنی خزمەتەکانی تەندروستی خۆپارێزی، ڕێنمایی دایکان و باوکان و خوێندن لەسەر- هەروەها یارمەتیدان لە پرسەکانی گرێدراو بە پلاندانانی خێزانییەوە.

3. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی لەبار و کاریگەر بۆ نەهێشتنی ئەو نەرێتانەی کە زیانبەخشە بە منداڵان بگرنەبەر.
4. بە مەبەستی بەدیهێنانی تەواوی ئەو مافانەی کە لە ئەم بەندەدا هاتووە ئەوا وڵاتانی بەشداربوو خۆیان پابەنددەکەن کە هاوکاری نێونەتەوەیی هاندبدەن و پشتگیری بکەن. وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبێت تایبەتانە ڕەچاو بکرێن.

**بەندی 25**

وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی منداڵێک، کە لە لایەن ڕێڤەبەرییە کاراماکانەوە بە مەبەستی چاودێری، پارێزگاری و چارەسەرکردنی تەندروستی جەستەیی و دەروونییەوە نیشتەجێ کرابێت، کە بە

ڕێکوپێکی لە ماوەی دیاریکراودا چاوبخشێنرێتە سەر ئەو چارەسەرییانەی کە ئەم منداڵە وەریدەگرێت و هەروەها هەموو ڕەوشێکی تر کە گرێدراوی ئەم شوێنی نیشتەجێکردنەیە.

**بەندی 26**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت دانبهێنن بە مافی هەموو منداڵێک بۆ کەڵکوەرگرتنی لە ئاسوودەیی جڤاکی، ئەمەش بیمەی جڤاکی دەگرێتەوە، و دەبێت هەموو پێوەرێکی پێویست بۆ بەدیهێنانی تەواوی ئەم مافە بەپێی یاساکانی نیشتمانی بگرنبەر.
2. بیمەکان، هەر دەمێک گونجاو بێت، دەبێت بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە منداڵەکە و ئەو کەسانەی کە لێپرساون لە بەخێوکردنی منداڵەکە، هەروەها بۆ هەر پەیوەندییەکی تر کە گرێدراوی داواکاری بیمەی لە ئەم جۆرەیە و لە لایەن منداڵەکە یان بۆ قازانجی ئەو کراوە، پەسەندبکرێت.

**بەندی 27**

1. وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی هەموو منداڵێک بۆ ئەو ئاستی ژیانەی کە پێویستە بۆ پێشکەوتنی جەستەیی، دەروونی، هۆشمەندی، ڕەوشتی و جڤاکی منداڵ.
2. باوکان و دایکان یان کەسانی تری لێپرسراو بەرامبەر منداڵ لێپرسراوی سەرەکین، لە چوارچێوەی تواناکیان و سەرچاوەکانی ئابووریان، لە دابین کردنی مەرجەکانی ژیان کە پێویستن بۆ پێشکەوتنی منداڵ.
3. وڵاتانی بەشداربوو، بەپێی ڕەوشی نیشتمانی و چوارچێوەی تواناکانیان، دەبێت پێوەری پێویست بۆ یارمەتیدانی باوکان و دایکان و کەسانی تری لێپرساو بەرامبەر بە منداڵ بگرنەبەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مافە و لە کاتی پێویستیدا دەبێت یارمەتی مادی بدەن و بەرنامەی هاوکاری ببەخشن، بە تایبەتی لە ڕوانگەی خۆراک، پۆشاک و خانووبەرەوە.
4. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی پێویست بگرنەبەر بۆ دابین کردنی بەردەوامی پێداویستییەکانی منداڵ لە لایەن باوک و دایک یان کەسانی تر کە ئابووریانە لێپرسراون بەرامبەر بە منداڵەکە، ئینجا ئەمە لە ناوخۆی یان لە دەرەوەی وڵاتانی بەشداربوو بێت. بە تایبەتی لە ئەو ڕەوشانەی کە ئەو کەسەی ئابووریانە بەرامبەر بە منداڵەکە لێپرسراوە لە وڵاتێکی تر دەژی تاکو منداڵەکە، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو پشتیوانی گرێدان بۆ ڕێکەوتنێکی نێونەتەوەیی یان چوونە نێو ڕێکەوتنێکی لە ئەم جۆرە بکەن، دیسان بۆ دروست کردنی هەر جۆرە ڕێکەوتنێکی گونجاوی تر.

**بەندی 28**

1. وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی خوێندن بۆ منداڵ، لە ڕوانگەی دابین کردنی قۆناغ بە قۆناغی ئەم مافە و لەسەر بناغەی هەل و درەفتی یەکسان ئەوا ئەم وڵاتانە دەبێت:
   a. خوێندنی سەرەتایی ناچاریانە و بەخۆڕایی بۆ هەموو فەراهەم بکەن؛
   b. هاندانی پێشخستنی هەموو جۆرە شێوازێکی وانەگوتنەوەی پاش قۆناغی سەرەتایی، ئەمەش خوێندنی گشتی و پیشەیی دەگرێتەوە، و فەراهەمکردن و دەستڕەسکردنیان بۆ هەموو منداڵان،

هەروەها گرتنەبەری پێوەری گونجاو بۆ هێنانەکایەی خوێندنی بەخۆڕایی و پشتگیریکردنی دارایی لە کاتی پێویست؛

c. فەراهەمکردنی خوێندنی باڵا بۆ هەموو، لەسەر بناغەی توانا لە ڕێگەی هەر ئامرازێکی گونجاوەوە؛
d. فەراهەمکردنی راوێژکاری خوێندن و ڕێنیشاندەری پیشەیی و دەسترەسی بۆ هەموو منداڵان؛
e. گرتنەبەری پێوەر بۆ هاندانی بەردەوامی خوێندنی قوتابخانە و کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن.

2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بۆ مسۆگەرکردنی دیسپلینەکانی خوێندنگاکان بگرنەبەر، بە جۆرێک کە هاوتەریبە لەگەڵ شکۆمەندی مرۆیی منداڵ و بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە.
3. لە ڕوانگەی خوێندنەوە دەبێت وڵاتانی بەشداربوو هاریکاری نێونەتەوەیی پشتیوانی بکەن و هانبدەن، بە تایبەتی بە مەبەستی نەهێشتنی ناتوانایی و نەخوێندەواری لە گشت جیهان و بۆ ئەوەی دەسترەسی بۆ زانیاریی تەکنیکی و زانستی و میتوودی وانەگوتنەوەی نوێ ئاسانبکەن. وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان ڕەچاوی تایبەت دەکرێن.

## بەندی 29

1. وڵاتانی بەشداربوو هاوهەڵوێستن کە خوێندنی منداڵان دەبێت بە ئامانجی:

a. گەشەکردنی تەواوی تواناکانی کەسایەتی، زیرەکی و هۆشمەندی و جەستەیی منداڵان بێت؛
b. گەشەکردنی ڕێز بۆ مافەکانی مرۆیی و ئازادییەکانی بنەڕەتی، هەروەها بۆ ئەو پرینیسیپانەی کە لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، بێت؛
c. گەشەکردنی ڕێز بۆ دایک و باوکی منداڵان، بۆ شوناسنامەی کەلتووری منداڵ خۆی، بۆ زمان و بەهاکان، بۆ بەهاکانی نەتەوەیی ئەو وڵاتەی کە منداڵ نیشتەجێیە لێی و بۆ ئەو وڵاتەی کە منداڵ ڕەچەڵەکی لێیە، هەروەها بۆ ئەو شارستانییەی کە لە هی منداڵ جودایە، بێت؛
d. ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیانێکی لێپرسراوانە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد کە پڕە لە گیانی لێک تێگەیشتن، ئاشتی، لەخۆبووردەیی، هاوئاستی لە نێوان هەردوو ڕەگەز و تەبایی نێوان هەموو خەڵک و گرووپ و کەسانی ئیتنیکی، نەتەوەیی و ئاینی و خەڵکانی ڕەسەن، بێت؛
e. گەشەکردنی ڕێز بۆ ژینگەی سروشتی، بێت.

2. نابێت هیچ بەشێک لە ئەم بەندە یان بەندی 28 بە ئەو جۆرە شرۆڤەبکرێت کە سنووردارىی دەخاتە بەر مافی تاکە کەس یان ڕێکخراوی تر بۆ دامەزراندنی خوێندنگا، بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی کە دەبێت هەمیشە پرینسیپەکانی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە لەبەر چاو بگیرێت و دەبێت پێویستییەکانی خوێندن لە ئەم خوێندنگایانەدا بەرسڤی کەمترین ئەو داواکارییانە بداتەوە کە لە لایەن حکومەتەوە دەستنیشان کراوە.

## بەندی 30

لە ئەو وڵاتانەی کە کەمینەی ئێتنیکی، ئاینی، زمانی یان کەسانی سەر بە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی هەیە، ئەوا منداڵەی کە سەر بە ئەم کەمینە یان ئەم کۆمەڵە ڕەسەنە بێت نابێت مافی، پێکەوە لەگەڵ ئەندامانی تری هەمان کۆمەڵ، بۆ پیادەکردنی ژیانی کەلتووری، باوەڕهێنان و مەشقکردنی پەیڕەوەکانی ئاینی و بەکارهێنانی زمانی خۆی نکوڵی لێبکرێت.

**بەندی 31**

1. **وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی منداڵ بۆ پشوو و کاتی خۆشبەسەربردن، بۆ یاری و داهێنان کە بەپێی تەمەنیان گونجاوە، هەروەها لە مافی ئازادی بۆ بەشداربوونی لە ژیانی کەلتووری و هونەری.**
2. **وڵاتانی بەشداربوو دەبێت ڕێز و پشتیوانی مافی منداڵ بۆ بەشداریکردنی تەواوی لە ژیانی کەلتووری و هونەری بکەن و دەبێت ڕەوشی شیاو و درەفتی یەکسان بۆ چالاکییەکانی هۆنەری و کەلتووری هانبدەن، هەروەها بۆ چالاکی داهێنان و کاتەکانی خۆشبەسەربردن.**

**بەندی 32**

1. **وڵاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی پارێزگاریکردنی منداڵان لە بەکارهێنان و کەڵکلێوەرگرتنی ئابووریانە و لە کردنی هەر کارێک کە لەوانە زیان بگەیەنێت یان ڕێگر بێت لە خوێندنی منداڵەکە، یان مەترسی هەبێت بۆ سەر تەندروستی یان جەستەی، دەروونی، هۆشمەندی، ڕەوشتی یان پێشکەوتنی جڤاکی منداڵەکە.**
2. **بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی ئەم بەندە دەبێت وڵاتانی بەشداربوو پێوەری یاسایی، ڕێڤەبەری، جڤاکی و پەروەردەیی بگرنەبەر. لە پێناوی ئەم ئامانجە، بە ڕەچاوکردنی کەرەستەکانی تری نێونەتەوەیی، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو بە تایبەتی:**
   a. **دەستنیشانی کەمترین تەمەن یان کەمترین تەمەنەکان بۆ دەستبەکاربوونی دامەزراندن بکەن؛**
   b. **دستنیشانکردنی پێوەرەکانی شیاوی– و مەرجەکانی کار بکەن؛**
   c. **دەستنیشانکردنی سزای شیاو و دەرئەنجامی تر بۆ دڵنیابوون لە پەیڕەوکردنی ئەم بەندە بکەن.**

**بەندی 33**

**وڵاتانی بەشداربوو دەبێت پێوەری گونجاو، لە ئەوانە یاسایی، ڕێڤەبەری، جڤاکی و پەروەردەیی، بگرنەبەر بۆ پارێزگاریکردنی منداڵان لە بەکارهێنانی نایاسایی مادەی سڕکەر و دەروونسڕکەر** *narrcotic drugs and psychotropic substances* **بەپێی ئەوەی پێناسانەی کە لە ڕێکەوتنەکانی شیاوی نێونەتەوەیدا کراوە، هەروەها لە ڕێگەگرتنی بەکارهێنانی منداڵان بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانی پێوەکردنی ئەم مادانە.**

**بەندی 34**

**وڵاتانی بەشداربوو خۆیان پابەنددەکەن کە منداڵ لە هەموو جۆرە کەڵکلێوەرگرتنێکی سێکسی و شاڵاوی سێکسی بپارێزن. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو بە تایبەتی هەموو پێوەرێکی گونجاوی نیشتمانی، دوولایەنە و فرەلایەنە بگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە:**
   a. **منداڵ هانبدرێت یان ناچاربکرێت کە لە کردەوەی نایاسایی سێکسیدا بەشدار بێت؛**
   b. **کەڵک لێوەرگرتنی منداڵان بۆ سۆزانیەتی** *prostitution* **یان کردەوەی نایاسایی تری سێکسی؛**

c. کەڵک لێوەرگرتنی منداڵان لە پێشانگای وێنە سێکسی منداڵ *pornography* یان وەکو مادەی وێنەی سێکسی.

**بەندی 35**

وڵاتانی بەشداربوو هەموو پێوەرێکی گونجاوی نیشتمانی، دوولایەنە و فرەلایەنە دەگرنەبەر بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە ڕفاندنی–، فرۆشتنی– یان بازرگانی پێوەکردنی منداڵان، ئینجا بۆ هەر مەبەستێک بێت و بە هەر جۆرە شێوەیەک بێت.

**بەندی 36**

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت منداڵ لە هەموو جۆرە کەڵک لێوەرگرتنێکی تر بپارێزن کە لەوانەیە زیانی بۆ سەر هەر ڕوانگەیەکی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی منداڵ هەبێت.

**بەندی 37**

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت دڵنیای بدەن کە:

a. نابێت هیچ منداڵێک بەر ئەشکەنجە یان مامڵە و سزای دڵڕەقانە، نامرۆڤانە و بیرێزانەی بکەوێت. نە فەرمانی مردن و نە زیندانی هەتاهەتایی بەبێ ئەگەری ئازادکردن بۆ تاوانێک دەردەچێت کە لە لایەن کەسانی ژێر 18 ساڵەوە ئەنجامدرابێت؛

b. نایاساییانە یان هەڕەمەکیانە ئازادی لە هیچ منداڵێک ناسەندرێت. گرتن، هێشتنەوە و زیندانی کردنی منداڵ دەبێت هاوجووت بێت لەگەڵ یاسادا و دەبێت تەنها وەکو دواهەمین چارەسەر بەکاربهێنرێت و بۆ کەمترین ماوەی گونجاو؛

c. هەر منداڵێک کە ئازادی لێزەوتکراوە دەبێت مرۆڤانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و ڕێز لە بەهای شکۆمەندانەی مرۆیی بگیرێت و بە شێوەیەک کە گونجاوە لەگەڵ پێداویستییەکانی تەمەنی. بە تایبەتی، هەر منداڵێکی ئازادی لێزەوتکراو (زیندانکراو) دەبێت لە گەورە ساڵان جودابکرێتەوە، بێجگە لە ئەو دەمانەی بەرژەوەندی منداڵەکە وابخوازێت کە کارێکی لە ئەم جۆرە نەکرێت، و دەبێت لە ڕێگەی نامە و سەردانیکردنەوە مافی پەیوەندی کردنی بە خێزانەکەی هەبێت، بێجگە لە دۆخی ئاوارتەکراو؛

d. هەر منداڵێکی ئازادی لێزەوتکراو دەبێت مافی دەستڕەسی خێرای بۆ هاریکاریی یاسایی و کەرەستەی یارمەتیدەری تر هەبێت، هەروەها مافی ناڕازیبوونی بە فەرمانی یاسایی ئازادی لێسەندنی لە بەرامبەر دادگا یان هەر ڕێڤەبەرییەکی تری کارامە، سەربەخۆ و بێ لایەن، هەروەها مافی بڕیاردانی خێرا لە کێشەکەی.

**بەندی 38**

1. ولاتانی بەشدابوو خۆیان پابەنددەکەن کە لە دەمی کێشەی چەکداریدا ڕێز بگرن لە- هەروەها ڕێزدانان مسۆگەر بکەن بۆ ، ئەو مەرجە یاساییانەی مرۆیی نێونەتەوەیی کە دەچەسپێت بەسەریاندا و کە پەیوەندە بە منداڵانەوە.
2. ولاتانی بەشداربوو هەموو پێوەرێکی بەبیراهاتوو دەگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە کەسانی ژێر تەمەن 15 ساڵ بەشداری ڕاستەوخۆیان لە دوژمنداریەتیدا نابێت.
3. ولاتانی بەشداربوو دەبێت خۆیان بەدووربخەن لە بەچەکدارکردنی *recruiting* هەر کەسێکی ژێر تەمەنی 15 ساڵان بۆ هێزەکانی سەربازی. لە دەمی بەچەکدارکردنی بۆ کەسانی سەرووی 15 ساڵ بەڵام ژێر 18 ساڵ، دەبێت ولاتانی بەشداربوو یەکەمین جار هەوڵ بدەن بە تەمەنترین کەسەکان بەچەکدار بکەن.
4. ولاتانی بەشداربوو دەبێت بەپێی پابەندبوونەکانیان بە مافەکانی مرۆیی نێونەتەوەیی بۆ پارێزگاریکردنی دانیشتوانی مەدەنی لە دەمی کێشەی چەکدارییدا هەموو پێوەرێکی بەبیراهاتوو بگرنەبەر بۆ دڵنیاکردنی پارێزگاری و چاودێری و چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی کە گیرۆدەی کێشەی چەکداری هاتوون.

**بەندی 39**

ولاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بۆ پشتیوانی کردنی باشتربوونی جەستەیی و دەروونی هەروەها گونجاندنەوەی جڤاکی منداڵێک بکەن کە گیرۆدەی جۆرێک لە پشتگوێخستنی تەندروستی، کەڵکلێوەرگرتن یان هێرشکردنەسەر؛ ئەشکەنجە یان هەر جۆرە مامڵەیەکی یان سزادانێکی تری دڵڕەقانە، نامرۆڤانە یان بێڕێزانە؛ یان کێشەی چەکداری هاتووە. ئەم جۆرە خۆگونجاندنەوە و خۆباشترکردنەوەیە دەبێت لە ژینگەیەکدا بەدیبێت کە پشتیوانی لە تەندروستی، ڕێز بۆ خۆ دانان و شکۆمەندی دەکات.

**بەندی 40**

1. ولاتانی بەشداربوو داندەهێنن بە مافی هەر منداڵێک کە گومانی لێدەکرێت لە- یان دادگایی دەکرێت بە- یان تاوانبارکراوە بە کردنی تاوانێک کە جۆرە مامڵەیەکی لەگەڵدا بکرێت کە پشتیوانی لە هەستەکانی شکۆمەندی و نرخی منداڵەکە دەکات، کە ڕێزی منداڵەکە بۆ مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتی ئەوانی تر بەهێزدەکات، هەروەها ئەم مامڵەیە ڕەچاوی تەمەن و ویستی منداڵ لە پشتیوانی کردنی خۆگونجاندنەوەی منداڵ دەکات و دیسان ڕەچاوی خەملاندنەکانی منداڵ بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی دروستکەرانە لە کۆمەڵگادا دەکات.
2. بۆ ئەم مەبەستە و بەڕەچاوکردنی بڕگەکانی کەرەستەکانی نێونەتەوەیی دەبێت ولاتانی بەشداربوو بە تایبەتی دڵنیایی بدەن کە:

a. نابێت هیچ منداڵێک گومانی لێبکرێت بۆ- یان دادگایی بکرێت بۆ- یان تاوانباربکرێت بۆ کردنی کردەوەیەک یان هەڵەیەکی بچووک کە لە دەمی ڕوودانیدا بەپێی یاسای نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی قەدەغە نەبووە؛

b. هەر منداڵێک کە گومانی لێدەکرێت لە– یان دادگایی دەکرێت لە کردنی تاوانێک دەبێت بە لایەنی کەمەوە ئەم گەرەنتیانەی هەبێت:

i. پێش سەلماندنی تاوانباری دەبێت منداڵەکە بەپێی یاسا وەکو بێ تاوان تەماشابکرێت؛

ii. دەبێت، ئەگەر گونجاو بوو، لە ڕێگەی دایک و باوکەوە یان چاودێریکەری یاسایی ترەوە یەکسەر و ڕاستەخۆ بە ئەو خاڵانەی کە گومانی لێدەکرێت ئاگادابکرێت، و دەبێت یارمەتیدەری یاسایی یان هیتری شیاوی بۆ ئامادەکردنی یان پێشکەشکردنی پارێزگاریکردنی هەبێت؛

iii. کۆتایی پێهێنانی کێشەکە بە زووترین کات و بە بێ چاوەڕوانی لە ڕێگەی لێپرسینەوەیەکی دادپەروەرانە لە لایەن ڕێڤەبەرییەکی یان ئۆرگانێکی یاسایی کارامە، سەربەخۆ و بێ لایەن، بە ئامادەبوونی کەسانی یاسایی یان یاریدەدەری تر، هەروەها، بێجگە لە ئەو دەمانەی کە لە بەرژەوەندی منداڵەکە نییە، ڕەچاوکردنی ڕەوشی تەمەن و ڕەوشی مندڵەکە، دایک و باوکی منداڵەکە یان چاودێریکەری یاسایی؛

iv. ناچار ناکرێت بۆ گەواهیدان یان دانهێنان بەخۆ تاوانبارکردن؛ بۆ لێپرسینەوە یان پرسینەوە لە گەواهیدەران کە ناشیاوە بۆ منداڵ، هەروەها بە ئەم پێیە و بۆ قازانجی منداڵەکە خۆی گەواهیدەران بانگهێشت بکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت؛

v. ئەگەر وادابنرێت کە منداڵ تاوانێکی ئەنجام داوە، ئەوا ئەم بڕیارە و هەر دەرئەنجامێکی دوای ئەم بڕیارە دەبێت لە لایەن ئۆرگانێکی دادگایی بەپێی یاسا یان ڕێڤەبەرێکی باڵاتری کارامە، سەربەخۆ و بێ لایەن هەڵبسەنگێندرێتەوە؛

vi. بەخۆڕایی وەرگێڕێکی هەبێت، ئەگەر منداڵەکە زمانی بەکارهێنراو تێنەگات یان نەتوانێت قسەی پێبکات؛

vii. ژیانی تایبەتی دەبێت بە تەواوی لە گشت قۆناغەکانی لێپرسینەوەدا ڕێزی لێبگیرێت.

3. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بگەڕێن بە دوای پشتیوانیکردنی یاسا، قۆناغەکانی پرۆسەکان، هەروەها دامەزراندنی دەزگا و ڕێڤەبەری تر کە تایبەتمەندە بە ئەو منداڵەی کە گومانی کردنی تاوانێکی لێدەکرێت، دادگایی دەکرێت بۆ تاوانێک یان تاوانبارکراوە بە کردنی تاوانێک، بە تایبەتی دەبێت:

a. دەستنیشانکردنی کەمترین تەمەن کە لە ژێریدا منداڵ بەپێی یاسا سزانەدرێت؛

b. هەر کاتێک پێویست و گونجاو بوو، گرتنەبەری پێوەرەی چارەسەریانە لەگەڵ ئەم منداڵانە بەبێ هانابردنەبەر پرۆسەکانی یاسایی یان دادگاییکردن، بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی کە مافەکانی مرۆیی و پارێزگاریی یاسایی بە تەواوی ڕێزی لێدەگیرێت.

4. پێوەری جیاواز بۆ نموونە چاودێریکردن، ئاراستەکردن، ڕێنمایی، ئامۆژگاری، خستنە ژێر چاودێری، نیشتەجێکردن لە خانەی منداڵان، بەرنامەی خوێندنی گشتی، خوێندنی پیشەیی و ئەڵتەرناتیڤی تر لە دامەزراوەی چاودێریکردن دەبێت فەراهەم بێت بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە منداڵان بە شێوازێک مامڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە بۆ ئاسوودەییان گونجاوە و بەپێی دۆخی کەسایەتی و تاوانەکانیان لەبارە.

## بەندی 41

نابێت هیچ لە ئەم پەیماننامەدا کاریگەری هەبێت بەسەر ئەو بڕگانەی کە پتر مافەکانی منداڵان دەچەسپێنێت و کە لەوانەیە لە:

a. یاساکانی نیشتمانی وڵاتێکی بەشداربوودا هەبێت؛ یان
b. یاساکانی نێونەتەوەیی کە لە ئەو وڵاتەدا بەکارایە هەبێت.

**بەشی دووهەم**

**بەندی 42**

وڵاتانی بەشداربوو خۆیان پابەنددەکەن کە لە ڕێگەی پێوەری گونجاو و کاریگەرەوە پرینسیپ و بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە بە فراوانی ئاشنابکەن، بۆ هەردوو منداڵان و گەوران.

**بەندی 43**

1. بەمەبەستی زانینی ئەو پێشکەوتنانەی کە وڵاتانی بەشداربوو لە جێبەجێکردنی ئەرکدارییەکانیان بەپێی ئەم پەیماننامەیە کردویانە، ئەوا دەبێت کۆمیتەیەک بۆ مافەکانی منداڵان بێتە دامەزراندن، کە دەبێت بە ئەو ئەرکانە هەڵبستێت کە لە ئێرەدا باسیان لێدەکردێت.
2. کۆمیتە دەبێت لە 10 پسپۆڕی خاوەن ڕەوشتی بەرز پێک هاتبێت و دەبێت ئەم کەسانە باوەڕپێکراوی شارەزا بن لە بوارەکانی ئەم پەیماننامەیەدا. ئەم شارەزایانە دەبێت لە لایەن وڵاتەکانی بەشداربووی پەیماننامەوە بێنە هەڵبژاردن، بە ڕەچاوکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی جوگرافی و ئامادەبوونی گرنگترین سیستەمەکانی دادپەروەری.
3. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەهۆی دەنگدانی نهێنیەوە بێنە هەڵبژاردن، لە ڕێگەی لیستێک ناو کە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە پاڵێوراون. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت یەک هاووڵاتی خۆی بپاڵێوێت.
4. یەکەمین هەڵبژاردن دەبێت پێش شەش مانگ لە دوای بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە بێتە جێبەجێکردن، دواتر هەر دوو ساڵ جارێک. بە لایەنی کەم چوار مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نووسین بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات کە لە ماوەی دوو مانگدا ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان بنێرن. سکرتێری گشتی دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوکراوە ئامادەبکات، لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو وڵاتانەی کە ئەمانەی هەڵبژاردووە، و بینێرێت بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە.
5. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە دەبێت لە کۆبوونەوەیەکدا بکرێت کە لەسەر بانگهێشتی سکرتێری گشتی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێکدەخرێت. لە ئەم کۆبوونەویەدا، کە توانای بڕیاردانی دەبێت ئەگەر دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشدرابووی پەیماننامە ئامادەبن، دەبێت ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان و ڕەهای زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی ئامادەبوو و دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەدەستدەهێنن.
6. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن. ئەوان دەتوانن هەڵبژێردرێنەوە ئەگەر بێنەوە پاڵاوتن. ماوەی ئەندامییەتی پێنج هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن پاش دوو ساڵ کۆتایی

پێدێت؛ یەکسەر دوای یەکەمین هەڵبژاردن، سەرۆکی کۆبوونەوەکە ناوی ئەو پێنج ئەندامە لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت.

7. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتە بمرێت یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان لە بەر هەر هۆیەکی تر ڕوونیبکاتەوە کە چیتر ناتوانێت ئەرکەکانی کۆمیتە بەجێبهێنێت، ئەوا ئەو وڵاتەی کە ئەوی هەڵبژاردوە دەبێت پسپۆڕێکی تر کە هاووڵاتی خۆیەتی دەستنیشان بکات بۆ خزمەتکردنی پاشماوەی منداتی کەسی پێشووتر، بە ئەو مەرجەی کەسەکە پەسەندی کۆمیتە بێت.
8. کۆمیتە پەیڕەو و بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت.
9. کۆمیتە کارمەندەکانی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێت.
10. کۆمبوونەکانی کۆمیتە ئاساییانە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سازدەدرێت، یان لە هەر شوێنێکی تر کە کۆمیتە بڕیاری لەسەر دەدات. کۆمیتە ئاساییانە هەر ساڵ جارێک کۆدەبێتەوە. درێژی کۆبوونەوەکانی کۆمیتە دەبێت دەستنیشان بکرێت، ئەگەر پێویست بکات، و هەڵبسەنگێندرێتەوە لە ڕێگەی کۆبوونەوەیەک بۆ وڵاتانی بەشداربوو، کە دەبێت لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرابێت.
11. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ستافی پێویست و کەرەستەی یارمەتیدەری تر بە مەبەستی بەکاراکردنی کاریگەرانەتری کۆمیتە بەپێی ئەم پەیماننامەیە تەرخان بکات.
12. لە پاش پەسەندکردنی لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە، ئەندامانی کۆمیتە کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە دامەزرێندراون مافی وەرگرتنی بەخشینیان لە سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت، بەپێی ئەو مەرج و داواکارییانەی کە ئەنجومەنی گشتی بڕیاری لەسەر دەدات.

## بەندی 44

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە خۆیان پابەنددەکەن کە لە ڕێگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕاپۆرتێک دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە گرتوویانەتەبەر بۆ چالاککردنی ئەو مافانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا دانیپێداهێنراوە و ئەو پێشکەوتنانەی کە لە جێبەجێگەیاندنی ئەم مافانەدا بەدیهێنراون، بدەن بە کۆمیتە:

a. لە ماوەی دوو ساڵ لە پاش بەکاراکردنی ئەم پەیماننامە بەگوێرەی وڵاتی دیاریکراوی بەشداربووی پەیماننامە،
b. دواتر هەر پێنج ساڵ جارێک.

2. ڕاپۆرتەکان بەپێی ئەم بەندە دەبێت ئاماژە بە ئەو هۆکار و ئاڵۆزییانە بدات، ئەگەر هەبێت، کە کاریگەری لە سەر پلەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم پەیماننامەیە دادەنێت. هەروەها ڕاپۆرتەکان دەبێت زانیاری تەواو بگرنەخۆ بۆ ئەوەی کۆمیتە تێگەیشتنێکی بەربلاوی لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە بۆ وڵاتی دیاریکراو لە لا دروست بێت.
3. وڵاتێکی بەشداربوو کە جارێک ڕاپۆرتێکی بەربلاوی دابێت بە کۆمیتە، پێویست ناکات لە ڕاپۆرتەکانی دواتردا هەمان زانیاری، کە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە داڕێژراوە، بۆ جارێکی ڕەوانە بکاتەوە.
4. سەبارەت بە جێبەجێکردنەکانی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە ئەوا کۆمیتە دەتوانێت داوای زانیاری زیاتر لە وڵاتانی بەشداربوو بکات.

5. لە ڕێگەی کۆنسڵی جڤاکی و ئابوورییەوە دەبێت کۆمیتە هەر دوو ساڵ جارێک ڕاپۆرتێک دەربارەی چالاکییەکانی بدات بە ئەنجومەنی گشتی.
6. وڵاتانی بەشدابوو دەبێت ڕاپۆرتەکانی خۆیان بۆ گشتی دانیشتوان فەراهەم بکەن.

**بەندی 45**

بە مەبەستی پشتگیرییەکی بەربڵاوی جێبەجێکردنی برگەکانی ئەم پەیماننامەیە و بۆ هاندانی هاوکاریی نێونەتەوەیی لە بوارەکانی ئەم پەیماننامەیەدا:

a. ئۆرگانە تایبەتمەندەکان *the specialized agencies*، خەزێنەی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان *The United Nation's Children's Fund*، هەروەها ڕێکخراوی تری نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی برگەکانی ئەم پەیماننامەیە بانگهێشت بکرێن، لە چوارچێوەی بواری چالاکییەکانی هەر یەک لە ئەمانەدا. کۆمیتە دەتوانێت بانگهێشتی ئۆرگانە تایبەتمەندەکان، خەزێنەی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تری کارامە بکات، کە پێی وایە گونجاون بۆ پێدانی ئامۆژگاری لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەی کە هەر یەک لە ئەمانە پێی هەڵدەستن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە. کۆمیتە دەتوانێت بانگهێشتی ئۆرگانە تایبەتمەندەکان، خەزێنەی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تری کارامە بکات، کە پێی وایە گونجاون بۆ پێدانی ڕاپۆرت لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەی کە هەر یەک لە ئەمانە پێی هەڵدەستن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە؛
b. کۆمیتە، ئەگەر پێی باش بوو، دەتوانێت هەر ڕاپۆرتێکی وڵاتانی بەشداربوو کە داواکاری، یان ئاماژەی پێویستی، بۆ یارمەتی یان ڕێنمایی تەکنیکی دەگرێتەخۆ لەگەڵ پێشنیار و تێبینییەکانی کۆمیتە، ئەگەر هەیبێت لەسەر ئەم داواکاری و ئاماژەکردنە، بدات بە ئۆرگانە تایبەتمەندەکان، خەزێنەی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تری کارامە؛
c. کۆمیتە دەتوانێت داواکاری پێشکەش بە ئەنجومەنی گشتی بکات کە لەسەر داوای کۆمیتە داوا لە سکرتێری گشتی بکرێت بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر هەر پرسێکی تایبەت کە پەیوەندە بە مافەکانی منداڵانەوە؛
d. کۆمیتە دەتوانێت پێشنیار و داوای گشتی کە لەسەر زانیاری بەپێی بەندەکانی 44 و 45 ئەم پەیماننامەیە بناغە دەگرێت پێشکەش بکات. ئەم پێشنیار و داوا گشتییانە دەبێت ڕەوانەی هەر وڵاتیکی بەشداربووی پەیوەندیدار بکرێت، هەروەها دەبێت ڕەوانەی ئەنجومەنی گشتی بکرێت لەگەڵ هەر جۆرە سەرنجێکی هاوپێچکراو، ئەگەر هەبێت، لە لایەن وڵاتانی بەشداربووەوە.

**بەشی سێهەم**

**بەندی 46**

ئەم پەیماننامەیە بۆ هەموو وڵاتێک کراوەیە بۆ واژۆکردن.

**بەندی 47**

ئەم پەیماننامەیە دەبێت بێتە پەسەندکردن و کەرەستەی پەسەندکرنیش دەبێت بە سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێردرێت.

**بەندی 48**

ئەم پەیماننامەیە دەبێت بۆ پابەندبوونی هەر وڵاتێک بە کراوەیی بهێڵرێتەوە. کەرەستەی پابەندبوون دەبێت لە لای سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێردرێت.

**بەندی 49**

1. ئەم پەیماننامەیە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی بیستەهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان کەرەستەی پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.
2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پێی پابەند دەبێت لە پاش سپاردنی بیستەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی پەسەندکردنەکە یان پابەندبوونەکە بەکارا دەکرێت.

**بەندی 50**

1. هەموو وڵاتێک دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیە بکات و بەشێوەی تێکست بیدات بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکان بەسەر وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دابەشبکات لەگەڵ داواکارییەک لە نیشاندانی سەرنجی ئەم وڵاتانە بۆ ئەو لە بەستنی کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان. لە ئەگەری پەسەندکردنی کۆنفرانس لە لایەن یەک لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە لە دوای چوار مانگ بەسەر ڕەوانەکردنی پێشنیارەکان، دەبێت سکرتێری گشتی بانگهێشتی کۆنفرانسێک لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات. هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراو، کە لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە کە ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکە، وەربگیرێت، دەبێت دواتر بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسەندکردن.
2. گۆڕانکارییەک کە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە وەرگیرابێت، بەکارا دەبێت کاتێک لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندبکرێت و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێتە پەسەندکردن.
3. بەکارا کردنی گۆڕانکارییەک، دەبێت تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە گۆڕانکارییەکەیان پەسەندکردووە، وڵاتەکانی تر پابەندی بڕگەکانی ئێستا و هەرچی گۆڕانکاری پێشووتری پەیماننامە دەبن کە ئەوان پەسەندیان کردوە.

**بەندی 51**

1. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت هەڵوەستەگرتن لە وڵاتان لە دەمی پەسەندکردن و پابەندبووندا وەربگرێت و دواتر دەقەکەی بەسەر هەموو وڵاتاندا دابەشبکات.
2. هەڵوەستەکردنێک کە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی ئەم پەیماننامەیەدا یەکانگیر نییە نابێت ڕێپێدراو بێت.
3. پاشگەزبوونەوە لە هەڵوەستکردن دەکرێت هەموو دەمێک بکرێت ئەویش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە ئەویش دواتر هەموو وڵاتانی لێ ئاگاردەکاتەوە. ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە ڕۆژی وەرگرتنییەوە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بە کارادەکرێت.

**بەندی 52**

هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە ڕێگەی نامەیەکی نووسراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست لەکارکێشانەوەی لە پەیماننامەکە ڕابگەیەنێت. ساڵێک پاش وەرگرتنی نامەکە دەست لەکارکێشانەکە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بەکارادەکرێت.

**بەندی 53**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرپەرشتیکەری ئەم پەیماننامەیە دادەنرێت.

**بەندی 54**

ڕەسەنی ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لەلای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دابنرێت. بۆ دڵنیابوون، ئەوا نوێنەری ڕێپێدراوی هەر یەک لە وڵاتان، واژۆی خۆیان بۆ پەیماننامەکە کرد.

## پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرە هەڵاواردکردنێک دژ بە ئافرەتان

**وڵاتانی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە**

**ئاماژە دەدەن** بە ئەوەی کە دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتی بڕوابوون بە مافەکانی بنەڕەتی مرۆڤ، بە بەها و شکۆمەندی مرۆڤ و بە هەمان مافی یەکسان لە نێوان پیاوان و ئافرەتدا دەکاتەوە،

**ئاماژە** بە جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ **دەدەن** کە جەخت لە بنەمای نا–هەڵاواردکردن دەکاتەوە و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بوون و خاوەن هەمان بەها و مافن، هەروەها هەر تاکێک شایستەی ئەو هەموو ئازادی و مافانە هەیە کە لە ئەم جاڕنامەیەدا هاتووە، بەبێ هیچ جیاوازییەک، لە ئەوانەش جیاوازی ڕەگەزی،

**ئاماژە دەدەن** بە ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤیان پەسەندکردوە لە ئەوەی کە دابینکردنی هەمان مافی یەکسان بۆ پیاوان و ئافرەتان و سوودمەندبوونیان لە گشت مافەکانی ئابووری، جڤاکی، کەلتوری، مەدەنی و ڕامیاری لە ئەستۆدایە،

پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی **بە یاد دەهێنن** کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە تایبەتمەندەکانەوە وەرگیراوە و کە پشتگیریی هەمان مافی یەکسان لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا دەکاتەوە،

**بەدڵەڕاوکێن**، سەرەڕای ئەو هەموو جۆرە کەرەستانە، ئەوا هێشتا هەڵاواردکردنی ئافرەتان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئارادایە،

**ئەوە بە یاد دەهێننەوە** کە هەڵاواردنی ئافرەتان بنەماکانی یەکسانی بۆ ماف و ڕێزگرتن لە شکۆمەندی مرۆڤ پێشێلدەکات، هەروەها کۆسپیشە لەڕێی بەشداربوونی ئافرەتان، بەپێی هەمان مەرج وەکو پیاوان، لە ژیانی ڕامیاری، جڤاکی، ئابووری و کەلتوریی وڵاتەکانیان، هەروەها هەڵاواردنی ئافرەتان کۆسپیشە لە ڕێی گەشەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و خێزان و ئاستەنگی دەخاتە بەردەم هەلی گەشەی تەواوی ئافرەتان لە وڵاتەکانیاندا و خزمەتکردنی مرۆیی

**بە دڵەڕاوکێن** لە ئەوەی کە لە بارودۆخی هەژارییدا ئەوا ئافرەتان کەمترین دەسترەسیان بۆ خواردن، خزمەتی تەندروستی، خوێندنی جۆرەها بوار، هەروەها بۆ ئەگەرەکانی دامەزراندن و ئاسوودەبوون لە پێویستی تر، دەبێت،

**دڵنیان** لە ئەوەی کە دامەزراندنی سیستەمی ئابووریی نوێی جیهانی لەسەر بناغەی یەکسانی و دادپەروەری کاریگەری بەرچاوی دەبێت لە برەودان بە پشتگیریی کردنی هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان،

**جەختدەکەنەوە** کە لەناوبردنی ئەپارتاید، هەموو جۆرەکانی نەژادپەرستی، هەڵاواردنی نەژادی، کۆلۆنیالیزم، کۆلۆنیاڵیزمی نوێ، پەلاماردان، داگیرکاریی بیانی، باڵادەستی بیانی و دەستخستنە نێو کاروباری ناوخۆی وڵاتان کارگەری زۆر لە دەستڕەسبوونی پیاوان و ئافرەتان بو پیادەکردنی تەواوی مافەکانیان دەبێت،

**پێ لەسەر ئەوە دادەگرن** کە پتەوکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی، هێورکردنی گرژیی نێونەتەوەیی، هاوکاریی بەرامبەری لە نێوان وڵاتان بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمی ئابووری و جڤاکییان، چەکداماڵینی گشتی و تەواو بە تایبەتی چەکداماڵینی ناوکی لەژێر کۆنترۆڵی کاریگەر و بەهێزی نێونەتەوەیی، پتەوکردنی بنەماکانی دادپەروەری، یەکسانی و سوودمەندی دوولایەنە لە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان، هەروەها بەدیهێنانی مافەکانی گەلانی ژێردەستەڵاتی کۆلۆنیاڵیزمی هەژموونکەر و داگیرکاریی بیانی بۆ مافی چارەی خونووسین و سەربەخۆیی، هەروەها ڕێزگرتن لە سەروەریی نەتەوەیی و یەکپارچەیی وڵات دەبێت بەهۆی برەودان بە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دواتر کاریگەری لەسەر هاوئاستی تەواوی نێوان پیاوان و ئافرەتان دادەنێت،

**دڵنیان لە ئەوەی کە** گەشەسەندنی هەمەلایەنە و تەواوی هەر وڵاتێک، خۆشگوزەرانی لە جیهان و پرسی ئاشتی پێویستی بە بەشداری بەرفراوانی ئافرەتان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، بەپێی هەمان مەرج وەکو پیاوان،

ڕۆڵی مەزنی ئافرەتان، کە هەتاکو ئێستا بەپێی پێویست پێی نازانرێت، لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی خێزان و گەشەسەندنی کۆمەڵگا، لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دایکایەتی و ڕۆڵی دایکان و باوکان لە نێو خێزان و پەروەردەکردنی منداڵان **بەیاد دەهێننەوە**، هەروەها ئاگادارن لە ئەوەی کە ڕۆڵی ئافرەتان وەکو منداڵ بەرهەمهێنەر نابێت ببێت بە بنەما بۆ هەڵاوارکردنیان، بەڵکو ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵان دەبێت لە نێوان پیاوان و ئافرەتان و گشت کۆمەڵگادا دابەش بکرێت،

**ئاگادارن** لە ئەوەی کە گۆڕانکاری لە ڕۆڵی نەریەتانەی پیاوان و ئافرەتان لە کۆمەڵگا و خێزان بۆ بەدیهێنانی هاوئاستی تەواو لە نێوان پیاوان و ئافرەتان پێویستە،

**بڕیاری دەدەن کە** بنەماکانی بەیاننامەی بنبڕکردنی هەڵاواردکردنی ئافرەتان جێبەجێ بکەن و ئەو پێوەرانەی کە پێویستن بۆ بنبڕکردنی ئەم جۆرە هەڵاواردکردنە، بە هەر شێواز و دەربڕینێک بێت، بەکاربهێنن،

لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

**بەشی یەکەم**

**بەندی 1**

**لە ئەم پەیماننامەیەدا دەستەواژەی "هەڵاواردکردنی ئافرەتان" واتای هەر جۆرە جوداکارییەک، ئاوارتەکردنێک و سنووردارکردنێک لەسەر بناغەی ڕەگەز دەگرێتەوە، کە دەبێتە هۆکاری یان مەبەستی سنووردارکردنی یان بەهیچکردنی باوەڕهێنانە بە مافەکانی مرۆیی و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ئافرەتان لە بوارەکانی ڕامیاری، ئابووری، جڤاکی، کەلتووری یان مەدەنی یان هەر بوارێکی تری، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی باری هاوسەرگیری و بەپێی بنەمای هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان، یان کەڵک لێوەرگرتنی یان پیادەکردنی ئەم مافانە و ئازادییانە.**

**بەندی 2**

**وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە گشت شێوەکانی هەڵاواردکردنی ئافرەتان شەرمەزاردەکەن و ڕێکن لە سەر ئەوەی کە سیاسەتێکی گونجاو، بەبێ دواکەوتن، بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردکردنی ئافرەتان پیادەبکەن و بۆ ئەم مەبەستەش بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆدەگرن:**

a. **چەسپاندنی بنەماکانی هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان لە یاسا بنەڕەتییەکانی نیشتمانی یان لە هەر یاسایەکی تری گونجاودا ئەگەر هەتاکو ئێستا ئەنجام نەدرابێت، هەروەها دڵنیابوون لە ئەوەی کە ئەم بنەمایە لە ڕێگەی یاسا یان هەر ئامرازێکی تری گونجاوەوە بە کردەوە کارییپێدەکرێت،**
b. **گرتنەبەری ڕێگەی یاسایی گونجاو یان هەر پێوەرێکی تر، ئەمەش ئەگەر پێویست بکات بەدواچوونی یاسایی دەگرێتەوە، بۆ قەدەغەکردنی هەڵاواردکردنی ئافرەتان،**
c. **دامەزراندنی پارێزگاریی یاسایی بۆ مافەکانی ئافرەتان لەسەر هەمان بنەمای یەکسان لەگەڵ پیاوان، هەروەها پارێزگاریکردنی ئەم مافانە لەڕێگەی دادگای گونجاوی نیشتمانی و دەزگای فەرمی ترەوە،**
d. **خۆبەدوورخستن لە هەر مامڵەکردنێکی یان کردارێکی هەڵاواردکارانە دژ بە ئافرەتان، هەروەها دڵنیابوون لە ئەوەی کە ڕێڤەبەری و دەزگا فەرمییەکان بەپێی ئەم ئەرکدارییە مامڵەدەکەن،**
e. **گرتنەبەری هەموو جۆرە پێوەرێک، ئەمەش یاسادانان دەگرێتەوە، بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردنی ئافرەتان لە لایەن تاکە کەسانەوە، ڕێکخراو و کۆمپانیاکانەوە،**
f. **گرتنەبەری هەموو پێوەرێکی گونجاو، ئەمەش یاسادانان دەگرێتەوە، بۆ گۆڕینی یان لابردنی ئەو یاسایانەی، ڕێسایانەی، نەریەتانەی یان کردەوانەی کە هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان پێکدەهێنن،**
g. **لابردنی هەموو بڕگەکانی سزای نیشتمانی کە واتای هەڵاواردنی ئافرەتان دەگەیەنێت.**

**بەندی 3**

**وڵاتانی پەیماننامە دەبێت لە گشت بوارەکاندا، بە تایبەتی لە بوارەکانی ڕامیاری، جڤاکی، ئابووری و کەلتووری، هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر، ئەمەش یاسادانان دەگرێتەوە، بۆ دڵنیابوون لە**

گەشەسەندن و پێشكەوتنی تەواوی ئافرەتان، دواتر دەبێت گەرەنتی بدەن لە ئەوەی كە ئافرەتان مافەكانی مرۆیی و ئازادییە بنەڕەتییەكان پراكتیزەدەكەن و كەڵكیان لێوەردەگرن، لەسەر هەمان بناغەی یەكسان وەكو پیاوان.

**بەندی 4**

1. بەپێی ئەم پەیماننامەیە نابێت گرتنەبەری پێوەری تایبەت و كاتی لە لایەن وڵاتانی پەیماننامە بۆ بەگوڕخستنی هاوئاستی ڕاست و دروست لە نێوان پیاوان و ئافرەتان وەكو هەڵاواردن بێتە ئەژماردن، بەڵام ئەمە نابێت ببێت بەهۆی هێشتنەوەی ستانداردی جیاواز و نایەكسان؛ ئەم پێوەرانە دەبێت لابرێت هەر دەمێك ئامانجەكانی هەل وەرگرتن و مامڵەكردن بەدی هاتن،
2. گرتنەبەری پێوەری تایبەتی بۆ پارێزگاریی دایكایەتی لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە، ئەمەش پێوەرەكانی ئاماژەپێكراوی ئەم پەیماننامەیە دەگرێتەوە، نابێت وەكو هەڵاواردكردن بێتە ئەژماردن.

**بەندی 5**

وڵاتانی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێكی گونجاو بگرنەبەر بۆ:

a. گۆڕینی شێوەی ڕەفتاری كەلتووری و كۆمەڵایەتی پیاوان و ئافرەتان، بۆ ئەوەی دواتر پێشداوەری و هەر ڕێسا و كردەوەیەكی تر، كە بناغەكەی لە سەر بە دیمەنكردنی نزمتركردنی ڕەگەزێك یان لەگۆڕین نەهاتووی ڕۆڵی پیاوان و ئافرەتان دارێژراوە، لاببەن،
b. دڵنیابوون لە ئەوەی كە بوونیادی خێزانی تێگەیشتنی دروست لە سەر دایكایەتی دەخوازێت. ئەم تێگەیشتنەش ئەركی كۆمەڵایەتی دانهێنان بە ئەوەی كە پیاوان و ئافرەتان پێكەوە لێپرسراون لە پەروەردەكردن و گەشەكردنی منداڵان دەگرێتەخۆ، هەرچۆنێك بێت دەبێت هەمیشە بەرژەوەندی منداڵان پێش هەر تشتێكی تر بكەوێت.

**بەندی 6**

وڵاتانی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێكی لەبار بگرنەبەر، ئەمەش یاسادانان دەگرێتەوە، بۆ بە گژاچوونی هەموو جۆرەكانی بازرگانی پێكردنی ئافرەتان و بەكەڵك لێوەرگرتنی لەشفرۆشتنی ئافرەتان.

**بەشی دووهەم**

**بەندی 7**

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێكی گونجاو بگرنەبەر بۆ بنبڕكردنی هەڵاواردنی ئافرەتان لە ژیانی ڕامیاری و فەرمیی وڵاتدا، بە تایبەتی دەبێت مافەكانی ئافرەتان دڵنیابكەن، بەپیی هەمان مەرج وەكو پیاوان، لە ئەمانەی خوارەوە:

a. دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکان و ڕیفڕاندۆمە گشتییەکاندا، هەروەها بتوانن بێنە هەڵبژاردن بۆ هەموو دەزگا گشتییەکان؛
b. بەشداربوون لە داڕشتنی ڕامیاریی دەزگاکانی ڕێڤەبەری کۆمەڵایەتی و لە بەدیهێنانی ئەم ڕامیارییەش، هەروەها لە دەستکەوتنی پلەوپایە و لە جێبەجێگەیاندنی هەموو ئەرکەکانی گشتی و لە گشت ئاستەکانی ڕێڤەبەریدا؛
c. بەشداربوون لە دەزگا ناحکومەتییەکان *Non–governmental Organizations* و ڕێکخراوی تر کە بایەخ بە ژیان ڕامیاری و گشتی وڵات دەدات.

**بەندی 8**

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ دڵنیاکردنی ئافرەتان، بەپێی هەمان مەرج وەکو پیاوان و بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێک، لە ئەوەی کە هەلیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی لە ئاستەکانی نێونەتەوەییدا نوێنەرایەتی حکومەتەکانیان بکەن و بەشداری کاری ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی بکەن.

**بەندی 9**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت مافی وەرگرتن، گۆڕین و گەڕاندنەوەی شوناسنامەی هاووڵاتیبوون بدەن بە ئافرەتان، بەپێی هەمان مەرج وەکو پیاوان. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بە تایبەتی دڵنیایی بدەن لە ئەوەی نە هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکێکی بێگانە و نە گۆڕینی شوناسنامەی هاووڵاتی مێردەکەی لە دەمی هاوسەریەتییدا ئۆتۆماتیکییانە دەبێت بە گۆڕینی باری هاووڵاتیبوونی ژن، یان ژن بێ وڵات بکات یان ناچاری بکات ببێت بە هەڵگری شوناسنامەی وڵاتی مێردەکەی.
2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت، لە ڕوانگەی شوناسنامەی هاووڵاتیی بوونی منداڵانەوە، هەمان مافی یەکسان، وەکو پیاوان، بدەن بە ئافرەتان.

**بەشی سێهەم**
**بەندی 10**

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان، هەروەها دڵنیاکردنی ئەوان لە دەستخستنی هەمان ئەو مافانەی کە پیاوان هەیانە، ئەمیش لە بواری خوێندن، لەسەر بناغەی هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان، بە تایبەتی:
a. هەمان مەرج بۆ ڕێنیشاندەریی پیشەیی، دەستڕەسبوونی خوێندن و پێدانی بڕوانامە لە دەزگا جۆر بە جۆرەکانی خوێندن، ئەمیش گوندەکان و شارەکان دەگرێتەوە، ئەم هاوئاستییە دەبێت قۆناغەکانی خوێندنی باخچەی ساوایان، قوتابخانەکان، خوێندگا پیشەییەکان، خوێندنی باڵای پیشەیی و کارمەندیی پیشەیی بگرێتەوە،
b. فەرهامبوون بۆ هەمان کۆرسی خوێندن و تاقیکردنەوە، دەستڕەسی بۆ ستافی بەرزی مامۆستایان و هۆڵی خوێندن و هەمان کەرەستەی نایاب،

c. بنبڕکردنی، لە گشت ئاستەکانی– و هەموو جۆرەکانی خوێندن، ئەو قسەوقسەلۆکانەی کە هۆکاری مانەوەی ڕۆڵی پیاوان و ئافرەتانە، ئەمیش لە ڕێگەی پشتگیرکردنی خوێندنی تێکەڵاو و هەر جۆرە وانەگوتنەوەیەکی تر کە دەبێت بە هۆکاری بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، بە تایبەتی لە ڕێگەی پێداچوونەوەی کتێبەکانی خوێندن و پلانەکانی خوێندن و هەروەها میتودەکانی وانەگوتنەوە،
d. هەمان هەلی پێدانی دەرماڵەی خوێندن یان جۆری تری یارمەتی خوێندن،
e. هەمان هەلی بەردەوامبوونی خوێندن، ئەمەش فێربوونی خوێندن بۆ گەورە ساڵان دەگرێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە مەبەستی هەرچی خێراتری کەمکردنەوەی پانتایی نێوان خوێندنی پیاوان و ئافرەتان–یان هەیە،
f. کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیانی کچ کە وازدەهێنن لە خوێندن و دامەزراندنی بەرنامەی خوێندن بۆ ئەو کچ و ژنانەی کە پێشدەم وازیان لە قوتابخانە هێناوە،
g. هەمان هەل بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە وەرزش و پەروەردەی جەستەییدا،
h. بە مەبەستی دابینکردنی دڵنیایی خۆشگوزەرانی و تەندروستی خێزانی، دەبێت ئافرەتان دەستڕەسیان بۆ زانیاری وانەگوتنەوەی تایبەتی هەبێت، ئەمەش زانیاری و ئامۆژگاری سەبارەت بە پلاندانانی خێزانی دەگرێتەوە.

**بەندی 11**

1. بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان لە بازاڕی کاردا دەبێت وڵاتانی بەشداربوو هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ ئەوەی، لەسەر بناغەی هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان، هەمان ماف مسۆگەر بکەن بە تایبەتی:
a. مافی کارکردن وەکو مافێکی سروشتی هەر مرۆڤێک،
b. مافی هەمان هەلی دامەزراندن، ئەمەش جێبەجێکردنی هەمان مەرجەکانی پێویست بۆ دامەزراندن دەگرێتەوە،
c. مافی ئازادانەی هەڵبژاردنی پیشە و دامەزراندن، مافی بەرزبوونەوەی پلەی کارمەندی، مافی ئاسوودەیی لە دامەزراندن و هەروەها ماف بۆ هەموو سوودمەندبوونێکی دامەزراندن و مەرجی کارمەندییەتی، دیسان ماف بۆ خوێندن و خوێندنی پیشەیی، ئەمەش خوێندنی فێرکاری، خوێندنی پیشەیی لە ئاستی بەرز و دووبارە خوێندن دەگرێتەوە،
d. مافی هەمان مووچە، ئەمەش پاداشت دەگرێتەوە، و مافی هەمان مامڵەکردن بۆ هەمان پایەی کار، دیسان هەمان مامڵەکردن لە هەڵسەنگاندنی کار،
e. مافی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لە دەمی خانەنیشینی، بێکاری، نەخۆشی، پەککەوتەیی، پیریی و هەر جۆرێکی تری نەتوانینی کارکردن و هەروەها مافی پشووی بە مووچە،
f. مافی پاراستنی تەندروستی و ساخڵەمی لە کاردا، ئەمەش مافی پاراستنی ئەرکی منداڵهێنان دەگرێتەوە.
2. بە مەبەستی ڕێگرتن لە هەڵاواردنی ئافرەتان بەهۆی شووکردن یان دایکایەتی و بۆ دڵنیاکردنی مافی ڕەوای ئافرەتان بۆ کار، ئەوا دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پێوەری گونجاو بگرنەبەر بۆ ئەوەی:

a. لە ڕێگای یاساییەوە دەبێت دەرکردن لەسەر کار بە بیانووی سکپڕی یان دایکایەتیەوە قەدەغەبکەن، بەهەمان شێوە دەبێت دەرکردن لەسەر بناغەی هاوسەریەتییەوە قەدەغەبکەن،
b. هێنانەکایەی مۆڵەتی دایکایەتی بە مووچە یان پێدانی سوودمەندیی کۆمەڵایەتی هاوچەشنە بەبێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆکاری دۆڕاندنی کارەکەی، چۆنیەتی کاتی کارکردنەکەی یان بیمەی کۆمەڵایەتییەکی،
c. پشتگیریکردنی خزمەتی کۆمەڵایەتی پێویست بە جۆرێک کە باوک و دایکان بتوانن ئەرکەکانی خێزانی و لێپرسراوەتیی کارمەندییان و ژیانی فەرمیان لەگەڵ یەکتردا ڕێکبخەن، بە تایبەتی لە ڕێگەی هاندانی دامەزراندن و گەشەپێکردنی سیستەمی چاودێری منداڵان،
d. دەستەبەرکردنی پارێزگاریی تایبەتی بە ئافرەتانی دووگیانن لە دەمی ئەو کارانەی زیانبەخشن.

3. ئەو یاسا پارێزگارییکەرانەی کە گرێدراوی ئەو بابەتانەن کە دەکەونە چوارجێوەی ئەم بەندەوە دەبێت ناوبەناو لەسەر بنەمای زانیاریی زانستی و تەکنەلۆجی بێنە هەڵسەنگاندن، ئەگەر پێویست بکات دەبێت بێنە گۆڕین، لابردن یان بەرفراوانکردن.

## بەندی 12

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردنی ئافرەتان لە بواری تەندروستی، ئەمیش بە مەبەستی مسۆگەرکردنی، لەسەر بنەمای هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان، دەستڕەسی بۆ خزمەتی تەندروستی، ئەم خزمەتانەش پلاندانانی خێزانی دەگرێتەوە.
2. بەبێ هیچ کێشەیەک بۆ برگەکانی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە، دەبێت وڵاتانی بەشداربوو خزمەتی لەبار لە دەمی دووگیانیدا، منداڵبوون و پاش-منداڵبوون بدەن بە ئافرەتان، هەروەها خزمەتی بەخۆڕایی هەر دەمێک پێویست بێت، هەروەها پێدانی خۆراکی پێویست لە دەمی دووگیانی و شیردانداا.

## بەندی 13

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردنی ئافرەتان لە بوارەکانی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەمیش بە مەبەستی دڵنیاکردنی، لەسەر هەمان بنەمای هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتاندا، هەمان ماف بە تایبەتی:

a. مافی سوودمەندییەکانی خێزانی،
b. مافی قەرز لە بانکەکان، سلفە و پشتگیریی دارایی تر،
c. مافی بەشداریکردن لە چالاکی کاتی ئازاد، وەرزش و ڕوانگەکانی ژیانی کەلتووری.

## بەندی 14

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بە تایبەتی ئەو گرفتانەی کە لە گوندەکان دووچاری ئافرەتان دەبێتەوە لەبەرچاوبگرن و هەروەها ئەو ڕۆڵە مەزنەی کە ئافرەتان دەیگێڕن لە بژێوی خێزانەکانیاندا، بە تایبەتی لە ئەو کەرتانەی کە کارەکان بێ-پارە دەکرێن، دیسان وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو

پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە بەسەر ئافرەتانی گوندنشینیشدا دەچەسپێندرێت.

2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردنی ئافرەتان لە گونددەکان بگرنەبەر لە بۆ دڵنیابوون لە، بەپێی بنەمای هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان، ئەوەی کە ئافرەتان بەشدارن و سوودمەندن لە ئەو پێشکەوتنانەی کە لە دەڤەرە گوندنیشینەکاندا ڕوودەدات، هەروەها دەبێت بە تایبەتی دڵنیایی بدەن بە ئافرەتان کە مافیان هەیە لە:

a. بەشداریکردنی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی پلانەکانی پەرەپێدان لە گشت ئاستەکاندا،
b. دەستڕەسی بۆ خزمەت و بنکەی تەندروستی، ئەمەش ئاگاداری، ئامۆژگاری و یارمەتی بابەتەکانی پلانی خێزانی دەگرێتەوە،
c. کەڵکوەرگرتنی ڕاستەوخۆ بۆ بەرنامەکانی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی،
d. بەدەستهێنانی هەموو جۆرە خوێندنێکی تیۆری و پراکتیکی، ئەمەش فێربوونی نووسین و خوێندن، هەروەها هەموو جۆرە خزمەتی چالاکی ڕاوێژکاریی تری پەیوەند بە کۆمەڵگای ناوچەکە دەگرێتەوە، کە پترکردنی توانای تەکنیکی مەبەستە،
e. ڕێکخستنی هەرەوەزی و گرووپی کۆمەک بەخۆکردن بەمەبەستی دەستڕەسبوون بۆ هەمان هەل و دەرفەت لە ئاستی ئابووری، ئەمیش لە ڕێگەی دامەزراندن یان خۆدامەزراندنەوە،
f. بەشداربوون لە گشت چالاکییەکانی کۆمەڵگادا،
g. بەدەستهێنانی قەرز یان متمانەی بانکی *credit* بۆ مەبەستی کشتوکاڵی، پێویستییەکانی بازاڕ و تەکنەلۆجی لەبار، هەروەها هەمان مامڵەی یەکسانیان لە بوارەکانی ڕیفۆڕمی زەوی و کشوکاڵی و بەرنامەی چاندنی نوێدا لەگەڵدا بکرێت،
h. ئاستی ژیانێکی ئاسوودەیان هەبێت، بە تایبەتی لە بواری خانووبەرە، دامەزراوەی پاکوخاوێنی، کارەبا و دابینکردنی ئاو و گواستنەوە و گەیاندن.

**بەشی چوارهەم**

**بەندی 15**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت یەکسانبوونی نێوان پیاوان و ئافرەتان لە بەرامبەر یاسادا گەرەنتی بکەن.
2. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت گەرەنتی بدەن بە ئافرەتان کە لە بوارەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا خاوەنی هەمان توانای یاساپین کە پیاوان هەیانە و دەبێت هەمان هەل و دەرفەتی یەکسانیان پێبدرێت بۆ پیادەکردنی ئەم توانایانە. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بە تایبەتی هەمان مافی یەکسان بدەن بە ئافرەتان بۆ بەستنی ڕێکەوتننامە و ڕێڤەبەریکردنی سامان و دەبێت لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی دادپەروەری و لە بەردەم داداگادا وەکو یەک لەگەڵ پیاواندا مامڵەیان لەگەڵدا بکرێت.
3. وڵاتانی بەشداربوو ڕەزامەندن کە هەموو ڕێکەوتننامە و هەر نووسراوێکی تایبەتی تر لە هەر جۆرێک بێت کە یاسایی بن و ڕاستەخۆ توانای یاسایی مامڵەکردنی ئافرەتان کەمبکاتەوە بە نادروست سەیر بکەن.
4. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت گەرەنتی هەمان مافی یەکسان بدەن بە پیاوان و ئافرەتان کە ئازاد بن لە هاتووچۆکردن، هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ و ماڵدا.

**بەندی 16**

**1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان لە گشت بوارەکانی هاوسەرداری و پەیوەندییەکانی خێزانی، هەروەها دەبێت، بە تایبەتی لە سەر بنەمای هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان، دڵنیایی بدەن کە ئافرەتان:**

- **a. هەمان مافیان بۆ هاوسەرداریی هەیە،**
- **b. هەمان مافیان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر هەیە و چوونە نێو هاوسەرگیریەتی دەبێت بە تەنها بە ویست و هۆشیاری تەواوی خودی خۆیانەوە بەندبێت،**
- **c. هەمان ماف و بەرپرسیاریەتی لە ماوەی هاوسەری و جیابوونەوەدا،**
- **d. هەمان ماف و بەرپرسیاریەتی وەکو دایک و باوک، بەبێ ڕەچاوکردنی باری هاوسەرگیریی، بۆ ئەو پرسانەی کە پەیوەندن بە منداڵانەوە، هەرچۆنێک بێت دەبێت بەرژەوەندی منداڵان لە پێش هەموو تشتێکی ترەوە بێت،**
- **e. هەمان ماف و بەرپرسیاریەتی لە بڕیاردانی ژمارەی منداڵان و ماوەی نێوان پەیدابوونی منداڵەکان، هەروەها دەبێت دەسترەسی زانیاری و خوێندن بن لەگەڵ ئەو ئامرازانەی کە پەیوەندن بە پیادەکردنی ئەم مافانە،**
- **f. هەمان ماف و بەرپرسیاریەتی لە ڕوانگەی چاودێریکردن، باوەڕپێکردن، بەخێوکردن و هەلگرتنی "ئەدۆپتەکردن" منداڵان یان هەر بابەتێکی تری لە ئەم جۆرە کە لە دەستووری نیشتمانیدا هەبێت، هەرچۆنێک بێت دەبێت بەرژەوەندی منداڵان لە پێش هەموو تشتێکی ترەوە بێت،**
- **g. هەمان مافی کەسایەتی لە ڕوانگەی مێردایەتی یان ژنایەتییەوە، ئەمەش مافی هەڵگرتنی ناوی خێزان، پیشە و کار دەگرێتەوخۆ،**
- **h. هەمان ماف بۆ هەردوو مێرد و ژن لە بابەتەکانی خاوەنداریەتی، بەدەستهێنان، ئاگاداریکردن، ڕێڤەبەریکردن، کەڵکلێوەرگرتن و دەستبەسەر ڕۆیشتنی سامانەوە، ئینجا ئەمە بێ نرخ یان بە نرخێکی بەرز بێتە ئەنجامدان.**

**2. بە دەزگیرانکردن و بەشوودان یان ژنهێنانی منداڵان دەبێت هیچ کاریگەری یاسایی نەبێت، دەبێت هەموو پێوەرێکی پێویست، لە ئەوانە یاسایی، بگیرێتەبەر بۆ دەستنیشانکردنی کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری، هەروەها دەبێت تۆمارکردنی هاوسەرگیریی بوون لە تۆمارگایەکی فەرمیدا بێتە جێبەجێ کردن.**

**بەشی پێنجەم**

**بەندی 17**

**1. بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەدا کراوە دەبێت کۆمیتەیەک بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان دابمەزرێندرێت (لە ئێرە بە دواوە دبێژین کۆمیتە)، کە لە بەرواری بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە دەبێت لە 18 ئەندام پێک بێت، لە پاش پەسەندکردن و پابەندبوونی ئەم پەیماننامەیە لە لایەن 35 وڵاتەوە دەبێت کۆمیتە لە 23 ئەندامی خاوەن ڕەوشتی بەرز و باوەڕپێکراوی کارامە پێک هاتبن لە چوارچێوەی ئەم پەیماننامەیەدا. ئەم**

ئەندامانە دەبێت لە لایەن وڵاتەکانی بەشداربووی پەیماننامەوە بێنە هەڵبژاردن و دەبێت بەپێی توانای خۆیان ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن؛ نوێنەرایەتیکردنی دادپەروەرانەی دابەشبوونی جوگرافی و جۆرەها کەلتور و سیستەمی یاسایی دەبێت بێتە ڕەچاوکردن.

2. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەهۆی دەنگدانی نهێنیەوە بێنە هەڵبژاردن، لە ڕێگەی لیستێک ناو کە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە پاڵێوراون، هەر وڵاتێک دەتوانێت پێشنیاری یەک پاڵێوراو بکات کە هاووڵاتی خۆیەتی.
3. یەکەمین هەڵبژاردن دەبێت دوای شەش مانگ لە بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە بێتە جێبەجێکردن. بە لایەنی کەم سێ مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک، دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نامە بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات کە لە ماوەی دوو مانگدا ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان بنێرن. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوکراوە ئامادەبکات و بینێرێت بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو وڵاتانەی کە ئەم پاڵێوراوانەی هەڵبژاردووە.
4. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە دەبێت لە ئەو کۆمبوونە بانگهێشتراوەی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەی دەکات. لە ئەم کۆمبوونە، کە دەبێت دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ئامادەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیاربدرێت، ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن دەبێت ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان و ڕەهای زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی ئامادەبوو بەدەستدەهێنن.
5. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ بێنە هەڵبژاردن. هەرچۆنێک بێت، ماوەی ئەندامییەتی 9 هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن پاش دوو ساڵ کۆتایی پێدێت؛ یەکسەر دوای یەکەمین هەڵبژاردن، سەرۆکی کۆبوونەوە ناوی ئەو 9 ئەندامە لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت.
6. هەڵبژاردنی 5 ئەندامەکەی تری کۆمیتە دەبێت بەپێی پەرەگرافی 2، 3 و 4 ی ئەم بەندە بێتە جێبەجێ کردن لە دوای ئەوەی کە 35 وڵات پەسەندکردن و پابەندبوونی خۆی بە ئەم پەیمانە ڕاگەیاند. لە ڕێگەی تیروپشکەوە کە سەرۆکی کۆمیتە دەیکات دەبێت ماوەی ماندانی دوو لە ئەو پێنج ئەندامە نوێیە هەڵبژێردراوە لە پاش دوو ساڵ کۆتایی پێبهێنرێت.
7. لە دەمی بۆشایی کاتی، ئەوا ئەو وڵاتی بەشداربووەی کە پسپۆڕەکەی کۆتایی بە ئەرکەکانی خۆی وەکو ئەندام هێناوە، دەبێت پسپۆڕێکی تر کە هاووڵاتی خۆیەتی دەستنیشان بکات، بە ئەو مەرجەی کەسەکە پەسەندی کۆمیتە بێت.
8. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەکی دارایی لە سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرن، بەپێی ئەو مەرجانەی کە ئەنجومەنی گشتی بڕیاری لەسەر دەدات، بەگوێرەی ئەو لێپرسراوەیەتەی کە لە ئەستۆی کۆمیتەدا هەیە.
9. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ستافی پێویست و کەرەستەی یارمەتیدەری تر بە مەبەستی بەتواناکردنی کۆمیتە تەرخان بکات، ئەمە بۆ ئەوەی کۆمیتە بەپێی ئەم پەیماننامەیە کاریگەرانە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

### بەندی 18

1. وڵاتانی بەشداربوو ڕەزامەندن لە ناردنی ڕاپۆرتێک، کە دەکەوێتە ژێر هەڵسەنگاندنی کۆمیتە، بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەبارەت بە ئەو پێوەرە یاسایی، دادگایی، ڕێڤەبەری هیترە کە گیراوەتەبەر بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە، هەروەها بۆ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ئەم بوارەدا بەدیهاتوون:
a. لە ماوەی ساڵێک پاش بەکارابوونی پەیماننامە بۆ وڵاتی پەیوەندیدار،
b. دواتر بە لایەنی کەم هەر چوار ساڵێک جارێک، هەروەها ئەو کاتەی کە کۆمیتە داوایەکی لە ئەم جۆرە بکات.
2. ڕاپۆرتەکان دەبێت ئەو هۆکار و ئاستەنگییانە دەست نیشانبکات کە کاریگەری دەخاتە سەر ڕێژەی جێبەجێکارییەکانی ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەوە.

### بەندی 19

1. کۆمیتە پەیڕەو و بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت.
2. کۆمیتە کارمەندەکانی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێت.

### بەندی 20

1. بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاپۆرتە هاتووانەی کە بەپێی بەندی 18 ی ئەم پەیماننامە دیاریکراوە دەبێت کۆمیتە ئاساییانە ساڵانە لە درێژترین ماوەی دوو هەفتەییدا کۆببێتەوە.
2. کۆبوونەوەکە دەبێت ئاساییانە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجام بدرێت یان لە هەر شوێنێکی تری پەسەندکراوی کۆمیتە.

### بەندی 21

1. کۆمیتە دەبێت، لە ڕێگەی کۆنسلی ئابووری و جڤاکیەوە، ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی چالاکییەکانی بدات بە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. کۆمیتە دەتوانێت لەسەر بناغەی هەڵسەنگاندنی ئەو راپۆرت و زانیارییانەی کە لە وڵاتانی بەشداربوو بەدەستی گەیشتووە پێشنیار و تێبینی گشتی خۆی بەیان بکات. ئەم پێشنیار و تێبینییە گشتییانە دەبێت، هاوپێچ لەگەڵ هەر ڕوونکردنەوەیەکی وڵاتە بەشداربووەکان، بخرێنە نێو ڕاپۆرتی کۆمیتەوە.
2. بە مەبەستی ئاگاداربوونیان ئەوا سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ڕاپۆرتەکان ڕەوانەی کۆمیسیۆنی بارودۆخی ئافرەتان بکات.

**بەندی 22**

دەزگا تایبەتمەندەکان دەبێت مافی نوێنەرایەتی کردنیان هەبێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕگانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە و کە دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکییەکانیانەوە. کۆمیتە دەتوانێت بانگهێشتی دەزگا تایبەتمەندەکان، بەپێی بواری ئەو چالاکییانەی کە پێیان سپێردراوە، بکات لە بۆ پێدانی ڕاپۆرتی خۆیان دەربارەی جێبەجێکاریەکانی ئەم پەیماننامەیە.

**بەشی شەشەم**

**بەندی 23**

هیچ لە ئەم پەیماننامەیە نابێت کاریگەری هەبێت بەسەر ئەو بڕگانەی کە لە ئاستێکی بەرزتر پشتگیریی هاوئاستی نێوان پیاوان و ئافرەتان دەکات و کە لە ئەمانەی خوارەوەدا هەیە:

1. دەستووری وڵاتێکی بەشداربوو، یان
2. لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی، گرێبەست یان ڕێکەوتننامەی تر کە وڵاتی بەشداربوو پابەندە پێی.

**بەندی 24**

وڵاتانی بەشداربوو خۆیان پابەنددەکەن کە هەموو پێوەرێکی پێویست لە ئاستی نیشتمانیدا بگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافەکانی دانپێداهێنراوی ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 25**

1. ئەم پەیماننامەیە دەبێت کراوە بێت بۆ واژۆکردن لە لایەن هەموو وڵاتانەوە.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بە سەرپەرشتکاری ئەم پەیماننامەیە.
3. ئەم پەیماننامەیە دەکرێت بێتە پەسەندکردن. کەرەستەی پەسەندکردن دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە سپاردن.
4. ئەم پەیماننامەیە دەبێت کراوە بێت بۆ پابەندبوون لە لایەن هەموو وڵاتانەوە. کەرەستەی پابەندبوون لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەسپێردرێت.

**بەندی 26**

1. لە ڕێگەی داواکارییەکی نووسراوەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو کاتێک وڵاتێکی بەشداربوو دەتوانێت داوای گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیە پێشکەش بکات.
2. لە ئەگەری هەر هەنگاوێک کە دەبێت بێتە جێبەجێ کردن بەپێی ئەم داواکارییە، ئەوا ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار دەدات.

**بەندی 27**

1. ئەم پەیماننامەیە 30 ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی بیستهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.
2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پابەند دەبێت پێی لە پاش سپاردنی بیستهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێیزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی کەرەستەی پەسەندکردنەکەی یان پابەندبوونەکەی ئەو وڵاتە بەکارا دەبێت.

**بەندی 28**

1. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت دەقی هەڵوەستەی هەموو وڵاتەکان لە کاتی پەسەندکردنی یان پابەندبوونیان بە ئەم پەیماننامەوە وەربگرێت و دابەشبکات.
2. هەڵوەستەیەک کە لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانی ئەم پەیماننامەیە ناگونجێت نایەتە وەرگرتن.
3. لە ڕێگەی تێبینییەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت هەموو کاتێک لە هەڵوەستە پاشگەزبوونە بکرێت. تێبینییەکی لە ئەم جۆرە لە ڕۆژی سپاردنیەوە بەکارا دەکرێت.

**بەندی 29**

1. هەر ناکۆکییەک سەبارەت بە شرۆڤەکردنی یان جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە کە لە نێوان دوو یان زیاتر وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەدا هەیە و لە ڕێگەی دانوستان ناگات بە ئەنجام، دەکرێت، لە سەر داوای یەکێک لە ئەم وڵاتانە، ناکۆکییەکە ڕەوانەی ناوبژیکەرێک بکرێت. ئەگەر لایەنەکان لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داواکاری بۆ ناوبژیکەر بە ئەو ڕێکخراوی ناوبژیکەرە ڕازی نەبن، ئەوا یەکێک لە لایەنەکان دەتوانێت ناکۆکییەکە ڕەوانەی دادگای دادپەروەری نێونەتەوەیی بکات بەپێی دەستوری ئەم دادگایە.
2. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە کاتی واژۆکردنی، پەسەندکردنی یان پابەندبوونی بە ئەم پەیماننامەوە، ئەوە ڕابگەیەنێت کە خۆی گرێنادات بە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە. وڵاتانی تری بەشداربووی پەیماننامە دەبێت گرێدراوی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە نەبن بە پەیوەندی بە وڵاتێک کە ئەم جۆرە گرێنەدانەی ڕاگەیاندبێت.
3. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە کە بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە گرێنەدانی دابێت، دەتوانێت، هەر دەمێک بخوازێت، لە ڕێگەی تێبینیەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەو گرێنەدانە پاشگەزبێتەوە.

**بەندی 30**

ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دابنرێت.

## پەیماننامەی نێو نەتەوەیی دەربارەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا

### پێشەکی

بۆ جاری دووهەم لە ساڵی 2001 دا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان باس و لێدوانیان بۆ نووسینی پەیماننامەیەک دەربارەی مافەکانی کەمتوانایان دەست پێکردەوە و لە کۆتایی ساڵی 2003 دا بڕیاری نووسینی ئەم پەیماننامەیەیان دا. لە نووسین و گەڵاڵەکردنی ئەم پەیماننامە جیهانییە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی کەمتوانایان ڕۆڵێکی چالاکیان نواند. دوای پێنج ساڵ کارکردن و نووسین سەبارەت بە ئەم پەیماننامەیە، لە دیسامبری 2006 ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوکان دەنگی بە پەیماننامەی مافی کەمتوانایان وەکو پەیماننامەی مافی مرۆڤ دا و لە 30 ی مارسی 2007 بە دواوە، ڕێگا بە وڵاتانی جیهان درا بۆ ئەوەی پەیماننامەکە واژۆبکەن و پەسەندبکەن و پەیڕەوی ناوەڕۆکەکەی بکەن. لە مارسی 2007 ەوە تاکو نوامبری 2008  سەد و سی و شەش وڵات پەیماننامەکەیان واژۆکرد. هەروەها 76 وڵاتیش پرۆتۆکۆلی پەیماننامەکەیان واژۆکرد. 41 وڵاتیش یاساکانی خۆیانیان بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە نووسیوەتەوە و 21 وڵاتیش بە پێی پرۆتۆکۆڵەکە نووسیویانەتەوە.

بەپێی ئەوەی کە 20 وڵاتی جیهان یاساکانی وڵاتانی خۆیانیان بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە نووسیوە، ئەوا ئێستا ئەم پەیماننامەیە، وەکو هەموو پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی تری مافی مرۆڤ، لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کەمتوانایانەوە دەتواندرێت بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتەکان و بۆ بەرگریکردن لە مافی کەمتوانایان وەکو بەشێک لە مافی مرۆڤ بەکاربهێندرێت. پەیماننامەی مافی کەمتوانایان، مافی 650 ملیۆن مرۆڤی کەمتوانا لە سەرانسەری جیهاندا دەپارێزێت.

لە ئەم بارەوە دەتوانین بڵێین کە لە 1980 کاندا وڵاتی مەکسیک ڕاپۆرتێکی، بە مەبەستی پەسەندکردنی وەکو پەیماننامەیەک، پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد. ڕەخنەیەک کە بە تایبەتی لە لایەن وڵاتانی سکاندیناڤیا لە ڕەشنووسی ڕاپۆرتەکەی مەکسیکدا هەیانبوو ئەوە بوو، کە ڕەشنووسەکە باس لە مافی کەمتوانایان وەکو مافی مرۆڤ ناکات، بەڵکو تەنیا باس لە هەندێک مافی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی بۆ کەمتوانایان دەکات. دوای چەند ساڵ باسکردن، بەداخەوە لەم کاتەدا وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر هەبوونی  پەیماننامەیەک بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کەمتوانایان ڕێک نەکەوتن، هەر بۆیە لە جیاتی نووسینی پەیماننامە، توانیان یاسای ستانداردی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سەقامگیرکردنی مافی بەشداری و یەکسانی کەمتوانایان بنووسن. لە دیسامبری ساڵی 1993دا تێکستی یاسای ستاندارد لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، کە لە 22 خاڵ پێکهاتبوو، پەسندکرا (بڕوانە پاشکۆی ئەم پەیماننامەیە). یاسای ستاندارد پێشنیار بە دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات کە بارودۆخێکی گونجاو بۆ کەمتوانایان دروست بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بە شێوەیەکی یەکسان بتوانن بەشداری لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتووری کۆمەڵگادا بکەن. ئێستا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کەسێک هەیە کە بەرپرسە و چاودێری ئەو هەوڵانە دەکات کە وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ گونجاندی بارودۆخی کەمتوانایان گرتوویانەتەبەر. ئەم کەسە ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی بارودۆخی کەمتوانایان بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان دەنووسێت. هەرچۆنێک بێت یاسای ستانداردی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ سەقامگیرکردنی مافی بەشداری و یەکسانی کەمتوانایان تەنیا مافی پێشنیارکردنی هەیە، بە بەراورد لەگەڵ پەیماننامە کە وڵاتان بە یاسایەکی نێونەتەوییەوە گرێدەدات.

یەکێک لە هۆیەکانی دژایەتیکردنی وڵاتان لە هەبوونی پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی کە بەرگری لە مافەکانی کەمتوانایان وەکو مافی مرۆڤ بکات ئەوە بوو، کە هەندیک وڵاتان پێیان وا بوو کە کەمتوانایان پێویستیان بە پەیماننامەیەکی جیهانی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان نییە، لەبەر ئەوەی جاڕنامەی گشتی مافی مرۆڤ، هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە، تەنانەت کەمتوانایانیش.

بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای جاڕنامەی گشتی مافی مرۆڤ سەیری هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەکرێت، پێویستە بزانین کە مافی کەمتوانایان تا چ ڕادەیەک وەکو مافی مرۆڤ پارێزراوە، هەروەها تا چ ڕادەیەک کەمتوانایان کەڵک لەم ئازادی و مافانە وەردەگرن.

پرسی مافی مرۆڤ وەکو پەیماننامەیەکی جیهانی، مافی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا دەپارێزێت، بەڵام ئایا مەسەلەی مافی مرۆڤ تاکو چەند مافی خەڵکی کەمتوانایانی لەخۆ گرتوە و تاکو چ ڕادەیەکیش مافی کەمتوانایان لەو چوارچێوەیەدا دەپارێزرێت؟ ئایا کەمتوانایانی جیهان بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان دەتوانن کەڵک لە جاڕنامەی گشتی مافی مرۆڤ وەربگرن؟

بە پێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەشتاوسێ وڵاتی جیهان بە ڕێژەی لە 20–75 % کۆسپ لەسەر ڕێگای کەمتوانایاندا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کێشەی مافی مرۆڤەوە هەیە، دەبینرێت. بۆ نموونە:

1ـ کەمتوانایان ناتوانن بەشداری لە دەنگداندا بکەن.

2ـ کەمتوانایان ناتوانن بەشداری لە کاری سیاسیدا بکەن.

3ـ کەمتوانایان مافی پێکهێنانی خێزانیان نییە.

4ـ منداڵانی کەمتوانا مافی خوێندن و چوونە خوێندنگایان نییە.

هۆیەکی تر لە دژایەتیکردنی هەبوونی پەیماننامە بۆ مافەکانی کەمتوانایان ئەوە بوو، کە وڵاتانی دیکتاتۆر پێیان باش نەبوو نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیان لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی کەمتوانایان وەکو مافی مرۆڤ لەگەڵدا بکات. هەر بۆیە دیکتاتۆرەکان هەبوونی پەیماننامەی مافی کەمتوانایان بە مەترسی بۆ سەر وڵاتەکانی خۆیان زانیوە.

هەندێک لە وڵاتان، وەکو وڵاتانی سکاندیناڤیا، هەروەها بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپی و بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی کەمتوانایان، جەختیان لەسەر پێویستی هەبوونی پەیماننامەیەکی جیهانی بۆ مافی کەمتوانایان دەکردەوە. ئەوان پێیان وابوو لە ناو هیچ کام لە تێکست و بەندەکانی پەیماننامەکانی جیهانی مافی مرۆڤدا ناوی کەمتوانایان نەهاتووە. هەروەها هەبوونی پەیماننامەی مافی مرۆڤ کە بە کەمتوانایانەوە بەند بێت، دەبێت بە هۆی ئەوەی کە پرسی کەمتوانایان وەک پرسی مافی منداڵان و پرسی مافی ژنان بەرز ڕابگیرێت و لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە پلەیەکی بەرز لەخۆ بگرێت.

**ناوەڕۆکی پەیماننامەکە**

ناوەڕۆکی پەیماننامەکە بریتییە لە 50 بەند و پرۆتۆکۆڵێکی 18 بەندی. مەبەستی ئەم پەیماننامەیە پەسەندکردنی هەندێک مافی نوێ بۆ کەمتوانایان نەبوو، بەڵکو پاراستنی مافەکانی کەمتوانایانە کە پێویستە وەکو مافی مرۆڤ بە ڕێکوپێکی لە ئەم پەیماننامە نێونەتەوەییەدا ڕوون بکرێتەوە. وەکو لە خاڵەکانی پێشەکی ئەم پەیماننامەیەدا شیکراوەتەوە، ئامانجی ئەم پەیماننامەیە ئەوەیە کە کەسانی کەمتوانا بتوانن بەهرەمەند بن لە پاراستنی مافی مرۆڤ بە مەرجی یەکسان لەگەڵ کەسانی لەش ساخدا. هەروەها لە پەیماننامەکەدا جەخت لەسەر هەندێک پرینسیپ کراوە کە ڕێ پێشاندەرە لە شیکردنەوەی بۆ نموونە، مافی

بەشداریکردنی کەمتوانایان لە هەموو پرۆسە و بوارەکانی کۆمەڵگادا، بایەخەکانیان، مافی بڕیاردانی چارەنووسیان، سەربەخۆییان، ڕێزگرتن لە جیاوازی نێوانیان وەکو کەسانی تر، دەرفەتی یەکسان و نەبوونی هەڵاواردن دژیان، بەرامبەری لە نێوان ژنان و پیاوانی کەمتوانا، چاکسازی و کۆمەڵگا گونجاندن بۆ کەمتوانایان و هتد.

پەیماننامەکە هیچ جۆرە پێناسەیەکی سەبارەت بە کەمتوانایی نەکردووە، بەڵام بە پێی بەندی (1) کەمتوانایی ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە: "لەکارکەوتن یان بێهێزییەکی جەستەیی، دەروونی، زیرەکی یان هەستی درێژخایەنیان هەیە، کە لەوانەیە لە کاتی کردارە ئاساییەکانی بژێودا تووشی چەندین ئاستەنگیان بکات و ڕێگربێت لە بەشداری تەواو و چۆنیەتیی ئەوان لە کۆمەلگادا بە پێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر." ئەم شێوە باسکردنە لە کەمتوانایی لە جێگای خۆیدایە، چونکە هەموو شێوە و گرووپی کەمتوانایان دەگرێتەوە.

بە پێی بەندی 4 دەوڵەت لە ئەستۆیەتی کە بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانە، ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بگێڕێت. دەوڵەت نەک تەنیا خۆی پابەند دەکات بەم بەندەوە، بەڵکو نابێت دژی ئەم مافانەش ئاکاربکات، تەنانەت دەبێت بە هەموو شێوەیەک دژی هەڵاواردنی کەسانی کەمتوانا بێت. بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانەی کە لە پەیماننامەکەدا بەیانکراوە دەبێت وڵاتان یاسا بەکاربهێنن و دەبێت لە هەر پرۆگرامێکدا کێشەی مرۆڤی کەمتوانا لەبەر چاو بگیرێت. لە هەمان کاتدا دەبێت ڕێکخراوەکانی کەمتوانایان بە شێوەیەکی چالاک بەشداری لە هەموو ئەو بڕیارانەدا بکەن، کە پەیوەندە بە ئەوانەوە. دەوڵەت دەبێت کار لەسەر پەروەردەی ئەو کەسانە بکات کە لە بواری پەیماننامەکەدا چالاکن.

لە بەشێکی تردا، بەندەکان باس لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەکەنەوە وەکو مافی ژیان، یەکسانی لە بەرانبەر یاسا، مافی کارکردن، مافی خوێندن، مافی تەندروستی، دەستپێڕاگەیشتن بە سیستەمی دادپەروەری، ئازادی و ئاسایشی کەسایەتی، مافی بەشداریکردن لە کۆمەڵگە و سیاسەتدا، مافی دەنگدان، هەروەها مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و هتد.

لە بەشی کۆتایی پەیماننامەکەدا، بەندەکان باس لە شێوەی کار و چاودێریکردن لە سەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا دەکەن. لە ئاستی نەتەوەییدا دەبێت وڵاتەکان یەک یان چەند دەزگای فەرمی بۆ کارکردن و وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە دابمەزرێنن. هەروەها بەندەکان باس لەوە دەکەن، کە دەوڵەتەکان دەبێت پابەندبن لە دامەزراندنی دەزگای سەربەخۆ کە ئەرکی چاودێریکردنی شێوەی کاری پەیماننامەکە بکات. هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەبێت کۆمیتەیەک کە لە پسپۆری نێونەتەوەیی پێکهاتووە دابمەزرێنن، هەر وەکو چۆن کۆمیتەی لەم چەشنە لە پەیماننامەکانی تری سەبارەت بە مافی مرۆڤ هەن.

هەروەها بە پێی بەندەکان، دەبێت وڵاتەکان ڕاپۆرت دەربارەی شێوەی کارکردن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ئەم پەیماننامەیە لەم وڵاتانەدا بۆ کۆمیتەی چاودێریکردنی نێونەتەوەیی بنێرن. هەروەها دەبێت کۆمیتە لەگەڵ وڵاتەکاندا لە دیالۆگدا بێت و بیروبۆچوونی خۆی لەسەر ڕاپۆرتەکان نیشانبدات. دەربارەی ئەو وڵاتانەی کە پرۆتۆکۆڵی پەیماننامەکەیان واژۆ کردووە و لەگەڵ یاسای وڵاتانی خۆیاندا گونجاندویانە، ئەوا کۆمیتە لە ڕێگای نوێنەرێکییەوە دەتوانێت سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەر یەک لە ئەم وڵاتانەدا بکات، لە دەمێکدا ئەگەر کۆمیتە گومانی هەبێت کە مافی کەمتوانایان بە شێوەیەکی سیستماتیکی پێشێل دەکرێت. هەروەها ئەم کۆمیتە نێونەتەوەییە بەرپرسە لە وەرگرتن و بڕیاردان لەسەر ئەو سکاڵانامانەی کە لەلایەن تاکە کەسێکەوە یان گرووپێکەوە دێت کە پێیانوایە وڵاتەکەیان کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەکە.

## گرنگی و بایەخی ئەم پەیماننامەیە بۆ کوردستان

دەتوانین بڵێین ئەم پەیماننامەیە لە زۆر لایەنەوە بۆ کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری گرنگە. یەکێک لە سەرەکیترین و گرنگترین پرینسیپی پەیماننامەکە ناهەڵاواردنی کەمتوانایانە. بۆ وێنە هەموو چەشنە کەماسییەک بۆ چاکسازی و گونجاندنی کۆمەڵگا بۆ کەمتوانایان وەکو هەڵاواردن تەماشادەکرێت.

مرۆڤی کەمتوانا مافی هەیە، بە شێوەی یەکسان لەگەل هەموو هاووڵاتییەکی تر لە کوردستان، بەشداری لە چالاکییەکانی کومەڵگادا بکات. هەر بۆیە پرسی چاکسازی و کۆمەڵگا گونجاندن بۆ کەمتوانایان لە گەلێک لە بەندەکانی پەیماننامەکەدا جەختی لێکراوەتەوە.

داوا لە وڵاتانی پەیماننامە دەکرێت کە ڕێگایەکی چارەسازیانە پیادە بکەن، بۆ ئەوەی کەسانی کەمتوانا دڵنیا بکات لە دەستپێڕاگەییشتنیان بە ژینگەیەکی گونجاو وەکو هەموو هاووڵاتیانی تر بە مەبەستی بەشدارییان لە چالاکی سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و هەروەها دەسپێڕاگەییشتنیان بە زانیاری هەموو کاروبار و چالاکی و خزمەتگوزاری تری فەراهەمکراو لە کۆمەڵگادا.

مافی خوێندن و کارکردن بۆ کەمتوانایان بە پێی بەندەکانی 24 و 27 پارێزراوە. لە کوردستان کەمتوانایان هەم خوێندەوارییان کەمە و هەمیش بێکارییان زۆرە. دەبێت بە پێی ئەم پەیماننامەیە نەک تەنیا کۆمەڵگا بۆ کەمتوانایان بگونجێندرێت و مافی خوێندن و کارکردنیان بۆ بڕەخسێنرێت، بەڵکو دەبێت کەرەستەی تایبەت بۆ کەمتوانایان تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بە شێوەیەکی یەکسان، وەکو هەر هاووڵاتییەکی تر لە کوردستان، بتوانن بخوێنن و کاربکەن.

بەندی 29ی پەیماننامەکە باس لە دڵنیاکردنی کەمتوانایان بۆ مافی بەشداریکردن لە کاروباری سیاسیدا دەکات. وڵاتەکان بەرپرسیارن لە ئەوەی کە مرۆڤی کەمتوانا بەشداری بکات لە چالاکی سیاسی، لە دەنگدان و خۆپاڵاوتن بەشێوەیەکی یەکسان وەکو هەموو هاووڵاتییەکی تر لە کوردستان. لە کوردستان، هەروەکو زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕێژەی بەشداری کەمتوانایان لە کاروباری سیاسی وەکو دەنگدان، خۆ پاڵاوتن و بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا زۆر زۆر کەمە. هەندێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کۆمەڵگا نەگونجاندن و نەبوونی زانیاری گونجاو بۆ کەمتوانایانە و هەروەها نەبوونی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خەتی برایل یان بە دەنگ بۆ نابینایانە. بە پێی ئەم پەیماننامەیە دەبێت کەمتوانایان بە تەواوەتی دەستیان بە زانیاری ڕابگات.

## پەیماننامەکە ئامرازێکی نوێیە بۆ ڕێکخراوەکانی کەمتوانایان لە جیهاندا

ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی کەمتوانایان، توانییان چالاکانە و بە یەک دەنگ بەشداری لە نووسینی تێکستی پەیماننامەکە بکەن کە ئەمیش بووە بەهۆی بەپێزکردن و بەهێزکردنی پەیماننامەکە. ئێستا ئەرکی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیی کەمتوانایان ئەوەیە کە دەوڵەتەکانی خۆیان ناچار بکەن کە ئەم پەیماننامە و پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییە واژۆبکەن، هەروەها یاساکانی وڵاتەکانیان بە پێی ئەم پەیماننامەیە بگونجێنن. هەڵبەتە ئەم ئەرکە ڕێکخراوەکانی کەمتوانایانی کوردستانیش دەگرێتەوە. لە کۆتاییدا ئەرکی سەرەکی ڕێکخراوەکانی کەمتوانایان لە کوردستان ئەوەیە کە پەیماننامە نێونەتەوەییەکە وەکو ئامرازێک بۆ گوشارهێنان بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق بەکار بهێنن، ئەویش بەم جۆرە:

1. ئەم پەیماننامەیە دەتوانێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی شەرعییەت بە داواکارییەکانی کەمتوانایان لە گشت بوارە نەتەوەیی و هەرێمی و خۆجێییەکاندا بدات و پاڵپشتیان بکات.
2. ڕێکخراوەکانی کەمتوانایانی کوردستان دەتوانن کەڵک لە هەبوونی کۆمیتەی چاودێریکردن وەربگرن، کە بە پێی پرۆتۆکۆڵەکە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و نەتەوەییدا دادەمەزرێندرێن. ڕێکخراوەکانی کەمتوانایانی کوردستان دەتوانن بەشدار بن لە نووسینی ئەو راپۆرتانەی، کە عێراق/هەرێمی کوردستان دەبێت بیدات بە کۆمیتەی چاودێریکردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی کەمتوانایان و ئەو هەنگاوانەی کە هاویشتراوە لە عێراق/کوردستان بەپێی پەیماننامەکە. ڕێکخراوەکانی کەمتوانایانی کوردستان، هەروەکو هیتری عێراقی و جیهانی، دەتوانن لە چەمکی "ناوی بنێ و شەرمەزاری بکە" "name and shame" کەڵک وەرگرن بە جۆرێک کە راپۆرتی سەربەخۆ بۆ کۆمیتەی چاودێریکردنی نێونەتەوەیی لەسەر بارودۆخی ژیانی کەمتوانایان لە کوردستان/عێراق بنێرن. ئەم گوشارهێنانە وا دەکات کە هیچ حکوومەتێک پێی باش نەبێت وڵاتەکەی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تاوانبار بکرێت بەوەی کە دژی پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی هەڵسووکەوتی کردووە. لەبەر ئەوەێ دەبێت هەموو وڵاتێک لە بەرامبەر کۆمیتەی چاودێریکردنی نێونەتەوەیی لە ئاست هەر کەمووکوڕییەکدا بە پێی پەیماننامەکە وەڵامی هەبێت.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یان عێراق پرۆتۆکۆڵەکە واژۆ بکات و یاساکانی بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە بگونجێنێت، دەبێت کۆمیتەی نێونەتەوەیی چاودێریکردن بەرپرسبن لە وەرگرتنی سکاڵانامە لە لایەن تاکە کەس یان گروپێک کە پێیانوایە وڵاتەکەیان بەرامبەر ئەو داوایانەی کە لە پەیماننامەکەدا هاتوون کەمتەرخەمی نواندوە. هەر بۆیە کەمتوانایانی کوردستان و عیراق چ وەکو تاکە کەس، چ وەکو گروپ یان ڕێکخراوە دەتوانن سکاڵای خۆیان سەبارەت بە کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان عێراق بە کۆمیتەی نێونەتەوەیی چاودێریکردن بگەیەنن. لەبەر ئەوە بە دیتنی من، ئەم پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵە باشترین کەرەستەی یاسایین بۆ کەمتوانایان، چ وەکو تاک یان ڕێکخراو چ لە کوردستان بێت یان لە عێراق بۆ فشار خستنە سەر حکومەتەکانیان لە بۆ چاکسازیی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی کەمتوانایان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان وەکو هەر هاووڵاتییەک لە چالاکی سیاسی و کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پیشەییدا بەشدار بن.

فەرهاد جیهان میهەن
سەرۆکی ناوەندی کەمئەندامانی کورد لە سوید.

# پەیماننامەی نێو نەتەوەیی دەربارەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا

لە 13 دیسەمبەری 2006 وەرگیراوە و ئامادەکراوە بۆ واژۆکردن و پەسەندکردن و پاپەندبوون لە 3–5–2008 وە بە پێی بەندی 45 (1) بەکارادەکرێت

## پێشەکی

**وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە**

a. **دووپاتی** ئەو پرینسیپانە دەکەنەوە کە لە دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە؛ کە باوەڕ دەهێنێت بە ڕێز و بەهای شکۆمەندانەی هەموو ئەوانەی کە سەر بە ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتین، هەروەها لە مافی یەکسان و چەسپیوی ئەمان وەکو بەردی بناغە بۆ ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی لە جیهان،

b. **ئاگادارن** کە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە *جاڕنامەی گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤ* و لە *پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ*، بانگەشە و ڕێکەوتنی کردوە کە هەر تاکە مرۆڤێک، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک، شایستەی هەموو ئەو ماف و ئازادی–یانە هەیە کە لەم جاڕنامە و پەیماننامانەدا هاتووە،

c. **دووپاتیدەکەنەوە** کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان گێتین، کەرتنەکراون و ناوەڕۆکەکایان وابەستە–و گرێدراوی یەکترن، هەروەها دووپاتیدەکەنەوە کە کەسانی کەمتوانا پێویستە و دەبێت بەبێ هەڵاواردن لە ئەم خاڵانە کەڵک وەربگرن،

d. **ئاماژە دەدەن** بە *پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری، پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری، پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادی، پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی* بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان، پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژی ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردنێکی یان سزادانێکی تری دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە، *پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی منداڵان و هەروەها پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی پارێزگاریکردنی هەموو کرێکارە کۆچبەرەکان و مافەکانی پارێزگاریکردنی خێزانەکانیان،*

e. **ئاگادارن** کە دەستەواژەی "کەمتوانایی" لە بواری گەشەسەندن دایە و دەچێتە چوارچێوەی هاریکاری نێوان ئەو مرۆڤانەی کە ئەندامێکی (یان زیاتری) لەشیان لە کار کەوتووە یان دروست کارناکات لەگەڵ ئەو ڕێگرییانەی کە لە پێشیاندا هەن لەبەر هۆکاری بۆچوونی و ژینگەییەوە و کە کاریگەریان بەسەر بەشداری تەواو و دروستی ئەم مرۆڤانەوە هەیە لە کۆمەڵگادا، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر،

f. **ئاگادارن** لە گرنگی ئەو پرینسیپانە و هێڵە ئاراستەکراوانە کە لە بەرنامەی بەکاراکردنی جیهانی بۆ ئەو کەسانەی کە کەمتوانان هاتووە، هەروەها ئاگادارن لە ڕێساکانی ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوەی کە مرۆڤانی کەمتوانا دڵنیابکاتەوە بۆ بەشداری یەکسانی ئەوان بۆ کاریگەرییان لە پشتگیریکردن و داڕشتن و هەڵسەنگاندنی هێڵە ئاراستەکراوەکان و پلانەکان و

بەرنامەکان و کردەوەکان لە ئاستەکانی نەتەوەیی و هەرێمی و نێونەتەوەییدا، ئەمیش بۆ ئەوەی پترتر دەرەفت بۆ مرۆڤانی کەمتوانا بهێنرێتە یەکسانکردن،

g. **دووپاتی** گرنگی ئەو پرسانە دەکەنەوە کە بە کەمتواناییەوە گرێدراون، ئەمیش وەکو بەشێکی تێکەڵاو لە ستراتیژی گونجاو بۆ گەشەکردنێکی جێگیر،

h. **ئاگادارن** لە ئەوەی کە هەڵاواردنی کەسێک بەهۆی کەمتواناییەوە سوکایەتیپێکردنە بە بەها و شکۆمەندایەتی مرۆڤ،

i. **ئاگادارن** لە فرەلایەنی ئەو مرۆڤانەی کە کەمتوانان،

j. **ئاگادارن** لە پێویستی پشتگیریکردن و پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆیی کەسانی کەمتوانا، ئەم خاڵە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە یارمەتی زۆر بەربڵاویان پێویستە،

k. **نیگەرانن** کە کەسە کەمتواناکان، سەرەڕای هەموو جۆرەکانی ئامێر و هەوڵەکان، بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تر، بەردەوام لە بەشداریکردنی پرسەکانی کۆمەڵگادا ڕێگرییان لێدەکرێت، و بەردەوام مافەکانی مرۆڤایەتییان لە هەموو بەشەکانی جیهاندا پێشێلدەکرێت،

l. **ئاگادارن** لە گرنگی هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانی کەسانی کەمتوانا لە هەموو وڵاتەکاندا، بەتایبەتی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان،

m. **ئاگادارن** لە گرنگی ئەو یارمەتی و بەشدارە بایەخدارەی کە کەسانی کەمتوانا هەیانە لە پێناوی خۆشگوزەرانی و فرەلایەنی لە کۆمەڵگاکانیاندا، هەروەها لە پشتگیریکردنی کەسانی کەمتوانا بۆ تەواو کەڵک وەرگرتن لە مافەکانی مرۆیی و ئازادییەکانی بنەڕەتییان، هەروەها ئاگادارن کە بەشداری تەواوی ئەوان دەبێت بە هۆکاری هێنانەدی هەستێکی بەهێزتر بۆ یەکتری و پێشکەوتنێکی پرواتا لە گەشەسەندنی مرۆڤایەتی و جڤاکی و ئابوری کۆمەڵگا و بنبڕکردنی هەژاری،

n. **ئاگادارن** لە گرنگی مافی بڕیاردانی خودی و سەربەخۆیانەی کەسانی کەمتوانا، ئەمەش ئازادی لە کردنی هەڵبژاردنی خودی (کردنی تشتێک بە ویست و ئارەزوی خۆت) دەگرێتەوە،

o. **واتەماشادەکەن** کە دەبێت دەرەفت بۆ کەسانی کەمتوانا بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی چالاکانە ڕۆڵ لە دەرکردنی بڕیار دەربارەی بەرنامە و بابەتە ئاراستەکراوەکان ببینن، ئەمەش ئەوانەی کە پەیوەندی ڕاستەخۆی بە خۆیانەوە هەیە دەگرێتەوە،

p. **نیگەرانن** لە ئەو ڕەوشە گرانەی کە تووشی کەسانی کەمتوانا دەبێتەوە، ئەویش لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ گەلێک لایەنی یان جۆری ئاڵۆزی هەڵاواردکردن لەبەر هۆی نەژادی، ڕەنگی پرچ، ڕەگەز، زمان، ئایین، ڕامیاری یان هەر بەهانەیەکی تری نەتەوەیی، ئێتنیکی، ڕەچەڵەکی یان باکگراوندی جڤاکی، سامان، ڕەسەنایەتی، تەمەن یان هەر پێگەیەکی تر،

q. **ئاگادارن** کە ئافرەتانی کەمتوانا زیاتر لە ژێر مەترسی گەورەتری توند و تیژی و ئازاردان و برینداربوون یان سووکایەتی و بێخزمەتی یان پشتگوێ خستنی تەندروستی و بەدڕەفتاری یان سوودلێوەرگرتن دان، لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ،

r. **داندەهێنن** بەوەی کە منداڵانی کەمتوانا دەبێت تەواو سوودمەند بن لە هەموو مافەکانی مرۆیی و ئازادییەکانی بنەڕەتیی ئەویش لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو هەموو منداڵانی تر، هەروەها پابەندبوون بە مافەکانی منداڵان دەهێنێتە یادی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە،

s. **جەختدەکەنەوە** لە پێویستی کاراکردنی ڕوانگەی هاوئاستی (بەرامبەری نێوان پیاو و ئافرەت) لە هەموو کۆششەکاندا، ئەمیش بۆ پشتگیریکردنی تەواوی سوودوەرگرتن لە مافەکانی مرۆیی و ئازادییەکانی بنەڕەتیی بۆ کەسانی کەمتوانا،

t. **ڕۆشنایی دەخەنەسەر** ئەو ڕەوشەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی کەمتوانا لە باری هەژاریدا دەژین و لە ئەم نیگایەوە لە گرنگی دەستنیشانکردنی کاریگەری خراپی هەژاری بەسەر کەسانی کەمتواناوە ئاگادارن،

u. **ئەوە دەهێننە یاد** کە ڕەوشی پەیوەندار بە ئاشتی و ئاسایش لەسەر ڕێزگرتنی تەواو بۆ مەبەست و پرینسیپەکانی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە و تێبینیکردنی جێبەجێکردنەکانی مافەکانی مرۆڤ لە بۆ پارێزگاریکردنی تەواوی مرۆڤانی کەمتوانا کردەنییە و بواری پشتگوێ خستن هەڵناگرێت، بە تایبەتی لە کاتی شەڕی چەکداری و داگیرکاری بیانیدا،

v. **ئاگادارن** لە گرنگی دەسترەسبوونی کەسانی کەمتوانا بۆ ژینگەیەکی فیزیکی، جڤاکی، ئابووری و کەلتووری و هەروەها بۆ تەندروستی و بەتەنگەوەهاتن و خوێندن و زانیاری و پەیوەندیکردن بە مەبەستی تەواو سوودمەندبوونی ئەوان لە هەموو مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتی،

w. **تێبینی دەکەن** کە ئەو مرۆڤە تاکە، کە لێپرسراوە بەرامبەر کەسانی تر و ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو ئەندامە تیایدا، لێپرسراوە هەوڵی پشتگیریکردن و چاودێریکردنی ئەو مافانەی کە لە *جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ* و *پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری* و هەروەها *پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابوری و جڤاکی کەلتوری* دانیپێداهێنراوە، بدات،

x. **داندەهێنن** بەوەی کە خێزان یەکەی بنەڕەتی و سروشتی کۆمەڵگایە، هەر بۆیە خێزان مافی پارێزگاریکردنی لە لایەن کۆمەڵ و حکومەتەوە هەیە، لەم گۆشەنیگایەوە دەبێت کەسانی کەمتوانا و ئەندامەکانی خێزانیان پێویستییەکانی پارێزگاریلێکردن و پشتیوانیلێکردنیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری و سوودی تەواو و یەکسان لە ئەو مافانەی کە فەراهەمکراوە بۆ کەسانی کەمتوانا وەربگرن، هەروەها

y. **داندەهێنن** کە پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی بەرین و تێکەڵ سەبارەت بە پشتگیریکردن و پارێزگاریکردنی ماف و بەهاکانی کەسانی کەمتوانا دەبێتە هۆکاری پێدانی یارمەتییەکی پڕواتا بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی کۆمەڵایەتییان و پشتگیریکردنێکیشە بۆ بەشداری ئەوان لە هەموو بوارەکانی شارستانی، ڕامیاری، ئابوری، جڤاکی و کەلتوری بە گوێرەی هەمان هەل و دەرەفتی یەکسان، لە هەردوو وڵاتە تازە پێگەیشتوو– و پێشکەوتووەکاندا،

لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێکدەکەون.

**بەندی 1 مەبەست**

مەبەستی ئەم پەیماننامەیە پشتیوانیکردن و پارێزگاریکردن و دڵنیاکردنەوەی هەموو مرۆڤانی کەمتوانایە کە کەڵک لە هەمان و تەواوی گشت مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتیی وەربگرن، هەروەها پشتگیریکردنی ڕێزیشە بۆ خەسڵەتەکانی تایبەتمەندی کەسانی کەمتوانا.

کەسانی کەمتوانا ئەوانە دەگرێتەوە کە لەکارکەوتنێکی یان بێهێزییەکی جەستەیی، دەروونی، زیرەکی یان هەستی درێژخایەنیان هەیە و لەوانەیە لە دەمی کردارەکانی ئاسایی بژێویدا تووشی چەندین ئاستەنگیان بکات و ڕێگربێت لە بەشداری تەواو و چوستی ئەوان لە کۆمەڵگادا، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر.

**بەندی 2 پێناسەکان**

بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە:
"پەیوەندیکردن" ئەمانە دەگرێتەوە زمان، تێکستی دیار، خاڵنووسین "برەیل"، پەیوەندی دەستلێدان، چاپی گەورە، دەستڕەسی بۆ مێدیای فرەلایەنە، ئەمە جگە لە هەبوونی جۆری پەیوەندی تر وەکو نووسراوی، دەنگی، زمانی سادە، تێکستی خوێندراو و گفتوگۆیانە، هەروەها دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و تەکنەلۆژیای پەیوەندی *Information and Communication Technology*.
"زمان" زمانی قسە، هێما و هەر جۆرە فۆرمێکی تری ناقسەکردن دەگرێتەوە.
"هەڵاواردن لەسەر بنچینەی کەمتوانایی" واتای هەموو جیاکردنەوە و بەدەرخستن و سنووردارکردنێک بە بیانووی کەمتواناییەوە دەگەیەنێت کە مەبەستی یان کاریگەری هەیە لەسەر تەسککردنی یان بە هیچکردنی دانپێهێنان یان کەڵک وەرگرتن یان پراکتیزەکردن بەپێی هەمان مەرج وەکو ئەوانی تر لە هەموو بوارەکانی مافەکانی مرۆیی و ئازادییەکانی بنەڕەتی، جڤاکی، کەلتووری و شارستانی و هیتر. ئەمە واتای هەموو جۆرە هەڵاواردکردنێک دەگەیەنێت، لەوانە پەسەندنەکردنی گونجاندنی دروست.
"گونجاندنی دروست" بە واتای گۆڕانکاری و گونجاندنی پێویست دێت بۆ ئەوەی کەسانی کەمتوانا لە سوودمەندبوونیان و مەشقکردنیان لە هەموو مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتییدا، لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، دڵنیابکاتەوە. ئەمە بە واتای ئاستەنگترکردنی بارێکی نابەرامبەر نایەت کە پێویست بکات لە بابەتێکی تایبەتدا.
"دیزاینی گێتی" واتای بەدیزاینکردنی ئەو بەرهەمانە و ژینگانە و بەرنامانە و خزمەتکردنانە دێت کە بتوانرێت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن هەموو بێتە بەکارهێنان بەبێ پێویست کردن بە گونجاندن یان بەدیزاینکردنی تایبەت. "دیزاینی گێتی" نابێت کەرەستەی یارمەتیدەر بۆ کەسانی کەمتوانا، لە ئەو شوێنەی کە پێویست بکات، فەرامۆش بکات.

**بەندی 3 پرینسیپە گشتییەکان**

پرینسیپەکانی ئەم پەیماننامەیە ئەمانەن:

a. ڕێزدانان بۆ خەسڵەتەکانی شکۆمەندانە و ئازادی تاکە کەسی، کە ئەمیش ئازادی لە کردنی هەڵبژاردنی خودی و سەربەخۆیی لە بڕیاردان دەگرێتەوە،
b. نا–هەڵاواردکردن،
c. بەشداری و گرتنەخۆی تەواو و کردەنی لە کۆمەڵگادا،
d. ڕێزدانان بۆ جیاوازییەکان و پەسەندکردنی کەسانی کەمتوانا وەکو بەشێکی فرەلایەنی مرۆڤی و مرۆڤایەتی،
e. درەفتی پێدراوی وەکو یەک،
f. دەستڕەسبوون،
g. هاوئاستی لە نێوان پیاو و ئافرەت،

h. ڕێز لە گەشەکردنی بەردەوامی توانای منداڵانی کەمتوانا و ڕێز بۆ مافی منداڵانی کەمتوانا لە پاراستنی پێناسەی خۆیان.

**بەندی 4 پابەندبوونەکانی گشتی**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پابەنددەبن کە هەموو مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتیی گشت کەسانی کەمتوانا دڵنیابکەن و بە تەواوی گەشەی پێبدەن بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردکردنێک بە بیانووی کەمتواناییەوە. لە ئەم بوارەدا ئەم وڵاتانە پابەندی ئەمانە دەبن:
a. گرتنەبەری هەموو پێوەرێکی گونجاو، لەوانە یاسایی، ڕێڤەبەری و هیتر بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو مافانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا دانپێداهێنراوە،
b. گرتنەبەری هەموو پێوەرێکی گونجاو، ئەمیش بەیاساکردن، گۆڕاندنی یان لابردنی یاسا، بڕیار، داب و نەریت کە هەڵاواردکارە دژ بە کەسانی کەمتوانا، دەگرێتەوە،
c. ڕەچاوکردنی پارێزگاری و پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤایەتی کەسانی کەمتوانا لە هەموو بەرنامە و ئاراستەکاندا،
d. خۆپارێزی لە هەر مامڵەکردنێک یان ئاکارێک کە لەگەڵ ئەم پەیماننامەیەدا یەکناگرێتەوە، هەروەها لە دڵنیاکردنەوەی بەڕێوبەرایەتی و دەزگاکانی فەرمی لە هەڵسوکەوتکردنیان بەپێی ئەم پەیماننامەیە،
e. گرتنەبەری هەموو پێوەرێکی گونجاو بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن لە لایەن هەر کەس و دەزگا و کۆمپانیایەکەوە بە بیانووی کەمتواناییەوە،
f. جێبەجێگەیاندنی یان پشتیوانیکردنی توێژینەوە و پێشخستنی ئەو شمەک و خزمەتگوزاری و کەرەستە و یەدەکانە کە دیزاینی گێتییان هەیە بە پێی پێناسەی بەندی 2 ی ئەم پەیماننامەیە، کە دەبێت کەمترین ئەگەرەکانی گونجاندن و کەمترین نرخ بگرێتەخۆ بۆ ئەوەی بەرامبەر داواکارییەکانی تایبەتی کەسانی کەمتوانا بوەستێت، هەروەها بۆ پشتیوانی کردنی کەسانی کەمتوانا بۆ دەستڕەسی و بەکارهێنان، هەروەها بۆ بەگوڕخستنی دیزاینی گێتی لە پێشخستنی ستانداردەکان و هێڵەکانی ئاماژەپێکراو،
g. ڕەزامەندی یان پشتیوانیکردنی توێژینەوە و پێشخستن و پشتگیریکردنی دەستڕەسی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیی نوێ، لەوانە زانیاری و تەکنەلۆژیی پەیوەندی و کەرەستە و تەکنولۆژیای یارمەتیدەر کە گونجاوە بۆ کەسانی کەمتوانا، هەڵبەتە نرخی کڕینی ئەم تەکنەلۆژییە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت،
h. پێشکەشکردنی زانیاریی فەراهەمبوو دەربارەی کەرەستە و تەکنەلۆژیی یارمەتیدەر، ئەمەش تەکنەلۆژیی نوێ و هەموو جۆرە پشتیوانیکردن و خزمەت و هاریکارییەک بەو کەسانەی کە کەمتوانان دەگرێتەوە،
i. پشتیوانیکردنی مەشقکردن، دەربارەی ئەو مافانەی کە لەم پەیماننامەیەدا دانپێداهێنراوە، بۆ ئەو پسپۆڕ و ستافانەی کە لەگەڵ کەسانی کەمتوانادا کاردەکەن ئەمیش بۆ ئەوەی ئەوان باشتر بتوانن ئەو خزمەت و پشتیوانییە پێشکەش بکەن کە لەم پەیماننامەیەدا بانگەشەی بۆ کراوە.
2. بە ئاماژەدان بە مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری، هەموو وڵاتێکی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە خۆی پابەنددەکات کە هەنگاوبنێت و بە زۆرترین شێوە کەڵک لەو سەرچاوە

فەراهەمکراوانە وەربگرێت، لەوێدا کە پێویست بکات، لە چوارچێوەی هاریکاری نێونەتەوەیی، بۆ ئەوەی ئەم مافانە بەرە بەرە بە تەواوی بکەونە بواری جێبەجێکردن و دڵنیابوونەوە، بەبێ پێشداوەری سەبارەت بەم پابەندبوونانە کە بێ چەندوچوون لەبارە بە پێی یاساکانی نێونەتەوەیی.

3. بۆ گەڵاڵەکردن و ڕاپەڕاندنی یاسادانان و هێڵە ئاراستەکراوەکانی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، و لە هەندێک پرۆسەی بڕیار-دەرکردنی تریشدا سەبارەت بە ئەو پرسانەی کە بەندن بە کەسانی کەمتواناوە، دەکرێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە لە نزیکەوە و چالاکترانە لەگەڵ کەسانی کەمتوانادا ڕاوێژبکەن، ئەمەش منداڵانی کەمتوانا دەگرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن،
4. نابێت هیچ لە ئەم پەیماننامەیە هۆکاری نەرێنیانەی هەبێت بۆ سەر ئەو ڕێسایانەی کە باشترن لە هێنانەدی ئەو مافانەی کە پەیوەستن بە کەسانی کەمتوانا و کە لەوانەیە بچێتە نێو یاسا دەرپەڕێنراوەکانی وڵاتێک یان یاساکانی نێونەتەوەیی کە ئەم وڵاتە پێی پابەندە. نابێت هیچ کەمکردنەوەیەک یان لابردنێک ئەنجامبدرێت لە ئەو مافە مرۆڤایەتییانە یان ئازادییە بنەڕەتییانەی کە دانپێداهێنراوە یان برەوی هەیە، بە پێی یاسا، پەیماننامە، ڕێسا، داب و نەرێت، لە وڵاتێکی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە بە بیانووی ئەوەی ئەم پەیماننامەیە دان بەو مافانە یان ئازادییانە ناهێنێت یان کەمتر دانیان پێدا دەهێنێت.
5. ڕێساکانی نێو ئەم پەیماننامەیە دەبێت هەموو بەشەکانی وڵاتە فیدڕاڵییەکان بگرێتەوە بەبێ سنووردارکردن یان ئاوارتەکردن.

### بەندی 5 یەکسانی و نا-هەڵاواردکردن

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دانددەهێنن بە ئەوەی کە گشت مرۆڤەکان بەرامبەرن و بەپێی یاسا یەکسانن و گشت کەسێک بەبێ هیچ هەڵاواردکردنێک یەکسانە لە ئەو قازانج و پارێزگاریکردنانەی کە لە یاسادا هاتووە.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو جۆرە هەڵاواردکردنێک بە بیانووی کەمتواناییەوە قەدەغەبکەن و گەرانتی کەسانی کەمتوانا بدەن لە هەبوونی پارێزگاریکردنێکی یاسایی یەکسان و کاریگەر دژی هەر جۆرە هەڵاواردکردنێک.
3. بە مەبەستی پێشڤەچوونی یەکسانی و نەهێشتنی هەڵاواردکردن دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو جۆرە هەنگاوێکی گونجاو بۆ دڵنیابوون لە فەراهەمکردنی یارمەتی گونجاو بگرنەبەر.
4. هەنگاوی تایبەت کە پێویستە بۆ خێراکردنی یان هێنانەدی یەکسانی کردەنی بۆ کەسانی کەمتوانا ناکرێت، بەپێی ئەم پەیماننامەیە، وەکو هەڵاواردکردن تەماشابکرێت.

### بەندی 6 ئافرەتانی کەمتوانا

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ئاگادارن کە ژنان و کچانی کەمتوانا گیرۆدەی هەڵاواردکردنی فرەلایەنەن، بۆیە دەبێت هەموو هەنگاوێک بگیرێتەبەر لە دڵنیاکردنەوەی ئەوان بۆ سوودمەندبوونیان لە هەمان و تەواوی مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتی.

2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە ئافرەتان بەتەواوی پێشبکەون و گەشەبکەن و توانایان باشتربکەن، ئەویش بە مەبەستی گەرانتیکردن لە ئەوەی کە ئەوان بتوانن مەشق و قازانج لە ئەو مافە مرۆڤایەتی و ئازادییە بنەڕەتییانە وەربگرن کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە.

**بەندی 7 منداڵانی کەمتوانا**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێکی پێویست بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە منداڵانی کەمتوانا بەتەواوی، وەکو منداڵانی تر، لە گشت مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتیی سوودمەندن، بەگوێرەی هەمان بنەمای یەکسان.
2. لە هەموو ئەو هەنگاوە کردەنییانەی کە پەیوەستە بە منداڵانی کەمتواناوە دەبێت بەر لە هەموو تشتێکی تر بەرژەوەندی منداڵان لە بەرچاو بگیرێت.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن کە منداڵانی کەمتوانا مافیان هەیە ئازادانە بۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە خۆیان دەرببڕن، بۆچوونەکانی ئەم منداڵانە دەبێت بەپێی تەمەن و پێگەیشتنیان ڕەچاوبگیرێت، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان لەگەڵ منداڵانی تر، هەروەها بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم مافانە دەبێت یارمەتی گونجاو بەپێی تەمەن بە منداڵانی کەمتوانا پێشکەش بکرێت.

**بەندی 8 هۆشیارکردن**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پابەندن بە هەنگاونانی یەکسەری، کاریگەر و گونجاو:

a. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵ، لە ئەوانە ئاستی خێزان، و بۆ پتەوکردنی ڕێزلێنانی زیاتر بۆ ماف و بەهاکانی کەسانی کەمتوانا.

b. بۆ دژایەتیکردنی تێگەیشتنی نادروست "*stereotypes*"، قسەی نابەجێ و نەرێتی ئازاردەرانە دژ بە کەسانی کەمتوانا، لە ئەوانەی کە لەسەر بنچینەی ڕەگەز و تەمەن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بونیادانراوە، هەروەها

c. بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و بەشداری کەسانی کەمتوانا.

2. هەنگاوەکانی پێکانی ئەم مەبەستانە ئەمانەی خوارەوەن:

a. دەستپێکردن و بەردەوامی بانگەشەی کاریگەر بۆ بەرزکردنی ئاستی هۆشیاری گشتی بەهۆی:

- مووتوربەکردنی ڕوانگەی ڕێزگرتن لە مافەکانی کەسانی کەمتوانا،
- پشتیوانیکردنی ڕوانگەیەکی ئەرێنیانە و هۆشیاربوونێکی جڤاکیانەی بەرزتر بە ئاراستەی کەسانی کەمتوانا،
- پشتیوانیکردنی دانهێنان بە زرنگی و چاپوکی و توانای کەسانی کەمتوانا و بەشداری ئەوان لە مەیدانی کار و بازاڕی کاردا.

b. هاندانی بۆچوونی ڕێزلێگرتووانە بۆ مافەکانی کەسانی کەمتوانا لە گشت ئاستەکانی سیستەمی خوێندن، لە ئەوانە منداڵان لە سەرەتای تەمەنیان،

c. هاندانی میدیاکان بەوەی کە کەسانی کەمتوانا بە شێوەیەک نیشانبدەن کە شایستەی مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە بێت،
d. پشتیوانیکردنی بەرنامەی مەشقی-هۆشیاریکردن دەربارەی کەسانی کەمتوانا و مافەکانی کەسانی کەمتوانا.

## بەندی 9 فەراهەمبوون/دەستڕەسبوون

1. بۆ ئەوەی لە ڕووی کردەنییەوە کەسانی کەمتوانا بتوانن سەربەخۆ بژین و بە تەواوی بەشداری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بکەن، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەنگاوی گونجاو بۆ دڵنیاکردنی کەسانی کەمتوانا بگرنەبەر، کە ئەوان لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، دەستڕەسی ژینگەی فیزیکی، ئامێرەکانی گواستنەوە، زانیاری و پەیوەندی دەبن، لە ئەوانە سیستەم و تەکنەلۆژیی زانیاری و پەیوەندی IT، هەروەها دامەزراوە و خزمەتی تر کە لە شار و گوندەکاندا پێشکەش بە خەڵک دەکرێن. ئەم هەنگاوانە، کە دەبێت ڕێگرەکان و ئاستەنگەکان پێناسەبکات و لایانببات و بیانگۆڕێت بۆ دەستڕەسبوون، تا ڕادەیەک دەکرێت لە ئەم خاڵانەدا کۆبکرێتەوە:
a. باڵەخانە و ڕێگا و ئامێرەکانی گواستنەوە و ئەوانی تر کە دهێنە بەکارهێنان لە ناو و دەرەوەی دامەزراوەکان، لە ئەوانە خوێندنگاکان وماڵەکان و بنکە تەندروستییەکان و شوێنەکانی کارکردن،
b. زانیاری و پەیوەندی و خزمەتگوزاری تر، لەوانە خزمەتی ئەلکترۆنی و خزمەتی بەتەنگەوەهاتن "*emergency*".
2. هەروەها وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەنگاوی گونجاو بنێن بۆ:
a. پێشخستن و ناساندن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی کەمترین هێڵە ئاراستەکراوەکانی فەراهەمبوونی دامەزراوەیی و خزمەتگوزاری کە هەیە یان بە دانیشتوان پێشکەشدەکرێت،
b. دڵنیابوون لە ئەو یەکە تایبەتمەندانە کە کەرەستە و خزمەتگوزاری پێشکەش بە تێکڕای دانیشتوان دەکەن، کە دەبێت ڕەچاوی هەموو ڕوانگەکانی فەراهەمبوون بۆ کەسانی کەمتوانا بکەن،
c. پێشکەشکردنی کۆرسی خوێندن لەسەر بابەتەکانی فەراهەمبوون کە پەیوەستن بە کەسانی کەمتواناوە،
d. فەراهەمکردنی هێما لە جۆری خاڵنووسین *Braille* و فۆڕمی تر کە بۆ خوێندن و تێگەیشتن لە باڵەخانە و دامەزراوەکانی فەرمیدا ئاسان بێت،
e. پێشکەشکردنی خزمەتی ژیانی و یارمەتیدەری کەسیەتی، لەوانە دەلیل و پیشەوەر لە جۆری خوێنەر و وەرگێڕی زمانی هێمادا، بۆ ئاسانکردنی فەراهەمبوون لە باڵەخانە و دامەزراوەکانی فەرمیدا،
f. هاندانی جۆری تر لە یارمەتی و پاڵپشتیکردنی گونجاو بۆ کەسانی کەمتوانا بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە ئەوان دەستڕەسی زانیاری دەبن،
g. هاندانی فەراهەمبوون لە ئەوەی کە کەسانی کەمتوانا دەستڕەسی زانیاریی- و سیستەم و پەیوەندی تەکنەلۆژیی نوێ دەبن، لەوانە هێڵی ئەنتەرنێت،
h. پاڵپشتیکردنی دیزاین و پێشکەوتن و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی زانیاری و سیستەم و پەیوەندی تەکنەلۆژی لە ئاستەکانی سەرەتاییدا، بە جۆرێک کە ئەم تەکنەلۆژی و سیستەمە بە کەمترین نرخ فەراهەمکراوبن.

**بەندی 10 مافی ژیان**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دووپاتیدەکەنەوە کە هەر مرۆڤێک مافی سروشتی بۆ ژیان هەیە و هەموو هەنگاوێکی پێویست دەگرنەبەر بۆ دڵنیاکردنی کەسانی کەمتوانا کە ئەمانیش وەکو کەسانی تر بتوانن خۆشگوزەران بژین.

**بەندی 11 ڕەوشی مەترسیدار و بەتەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتییانە**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت، بەپێی پابەندبوونیان بە یاساکانی نێونەتەوەیی؛ لە ئەوانە یاساکانی مرۆیی نێونەتەوەیی و یاساکانی مافەکانی مرۆڤایەتی نێونەتەوەیی، هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ دڵنیاکردنی پارێزگاری و ئاسایشی کەسانی کەمتوانا لە دۆخی مەترسیداردا بگرنەبەر، لە ئەوانە ڕەوشی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و تەنگی مرۆیی و کارەساتی ژینگەیی.

**بەندی 12 یەکسانی لە بەرامبەر یاسا**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دووپاتیدەکەنەوە کە کەسانی کەمتوانا، لە هەرکوێ بن، مافی دانپێداهێنانیان وەکو کەس لە بەرامبەر یاسادا هەیە.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دانبهێنن بە ئەوەی کە کەسانی کەمتوانا لە توانای یاسایی، لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر لە گشت لایەنەکانی ژیاندا، بەرژەوەندارن.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرنەبەر لە پێشکەشکردنی دەستڕەسی و یارمەتی کە کەسانی کەمتوانا پێویستیان هەبێت لە ڕاهێنانی تواناکانی یاساییان.
4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن لە گرتنەبەری هەموو هەنگاوێکی پێویست کە پەیوەستن بە مەشقکردنی ئەو توانا یاساییانەوە کە گونجاو و کاریگەری گەرانتیداریان هەیە لە ڕێگەگرتنی خراپەکاری بەپێی یاساکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ. ئەم گەرانتیانە دەبێت دڵنیایی بدات کە هەنگاوەکانی پەیوەست بە ڕاهێنانی توانای یاسایی ڕێز لە ماف و ویست و چوارچێوەی تاکە کەس دادەنێت و بەتاڵە لە بەرژەوەندی دژبەیەک و کاریگەری دەوروبەر و لەبارە و بە ڕێژەی دروست گونجاوە بۆ بارودۆخی تاکە کەس و بە کەمترین ماوە دێتە جێبەجێکردن و هەروەها بواری چاوپێخشاندنەوەی نەخشەکێشراوی لە لایەن شارەزایەک، سەربەخۆیەک، فەرمانڕەوایەتییەکی بێلایەن و ئۆرگانێکی یاساییەوە هەیە. گەرانتییەکان دەبێت بە ڕێژەی ئاستی ئەو پێوەرانە بن کە کاریگەرییان هەیە بەسەر ماف و بەرژەوەندییەکانی تاکە کەسەوە.
5. بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم دارشتنەدا هاتووە، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو هەنگاوێکی گونجاو و پێویست بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە مافی یەکسان بۆ کەسانی کەمتوانا لە خودانبوونیان بۆ سامان یان میرات وەرگرتن، لە کۆنترۆڵکردنی دارایی خۆیان و هەروەها لە هەبوونی هەمان دەستڕەسی یەکسان لە داواکردنی قەرز لە بانکەکان، قەرزی ڕەهندار و شێوازی تری دارایی کریدیتی *financial credit*، هەروەها دەبێت ئەم وڵاتانە دڵنیایی بدەن کە سامانی کەسانی کەمتوانا نابێت بە هەڕەمەکی زەوتبکرێت.

**بەندی 13 دەسترەسی بۆ سیستەمی دادپەروەری**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی دەسترەسی بۆ سیستەمی دادپەروەری بە کەسانی کەمتوانا بدەن، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، ئەمیش گونجاندنی پرۆسەکان و بەشیاوکردنی بەگوێرەی تەمەن بە مەبەستی ئاسانکردنی ڕۆڵێکی چالاک بە ئەوان وەک بەشداربوویەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە ئەوانە وەکو گەواهیدەرێک، لە هەموو پرۆسەیەکی یاسایی، لە ئەوانە لێکۆڵینەوە و گەلێک قۆناغی سەرەتایی تر، دەگرێتەوە.
2. بە مەبەستی یارمەتی بۆ دڵنیایی بوون لە دەسترەسبوونێکی کاریگەر لە سیستەمی دادپەروەری بۆ کەسانی کەمتوانا، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پشتیوانی مەشقی گونجاو بۆ ئەوانەی کە لە بواری ڕێڤەبەری دادپەروەریدا کاردەکەن بکەن، لە ئەوانە پۆلیس و ستافی بەندیخانەکان.

**بەندی 14 ئازادی و ئاسایشی کەسایەتی**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن لە ئەوەی کە کەسانی کەمتوانا بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر:
   a. خودانبووی مافی ئازادی و ئاسایشی کەسایەتیین،
   b. ئازادی–یان بە نایاسایی یان بە ئارەزوو لێ ناسەندرێت و هەر ئازادی لێ سەندنێک بەپێی یاسا جێبەجێدەبێت، هەروەها هاتنەکایەی کەمتوانایی بە هیچ جۆرێک نابێت ببێت بە بیانووی بەڕەواکردنی لێ سەندنی ئازادی.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن لە ئەوەی کە، ئەگەر کەسانی کەمتوانا لە ڕێگەی هەر پرۆسەیەکەوە ئازادییان لێ سەندرا، ئەوا ئەوان، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان لەگەڵ ئەوانی تر، مافی گەرەنتییان بە گوێرەی یاساکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ هەیە و دەبێت بەپێی مەبەستەکان و پرینسیپەکانی ئەم پەیماننامەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، لە ئەوانە پێشکەشکردنی گونجاندنی شیاوانە.

**بەندی 15 ئازادبوون لە ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردنێکی یان سزادانێکی تری دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە**

1. نابێت هیچ کەسێک دووچاری ئەشکەنجە یان سزادانێکی یان هەڵسوکەوتکردنێکی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە و بێڕێزانە بکرێتەوە. بە تایبەتی نابێت هیچ کەس بەبێ ڕەزامەندی ئازادانەی خۆی بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەی زانستی یان دەرمانی.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی کاریگەری یاسایی و ڕێڤەبەری و دادپەروەری و پێوەری تر بگرنەبەر بۆئەوەی ڕێگەبگرن لە ئەوەی کە کەسانی کەمتوانا، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر، دووچاری ئەشکەنجە و هەر مامڵەکردنێکی یان سزادانێکی تری دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و بێڕێزانە بێنەوە.

**بەندی 16 ئازادبوون لە کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی یان دەستدرێژی کردنە سەر**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی گونجاوی یاسایی و بەڕێوبەرایەتی و جڤاکی و خوێندنگایی و هیتر بۆ پاراستنی کەسانی کەمتوانا لە مەترسی هەموو جۆرە کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی و دەستدرێژی کردەنەسەرێک، لە ئەوانە لە ڕوانگەی بنەمای رەگەز–ییەوە لە ماڵ و دەروەی ماڵ، بگرنەبەر.
2. دیسان وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە هەموو جۆرە کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی و دەستدرێژیکردنەسەرێک بگرنەبەر، ئەمیش لە ڕێگەی دابینکردنی پاڵپشت و یارمەتیدەری لەبار بەپێی رەگەز و تەمەن بۆ کەسانی کەمتوانا و خێزانەکانیان و چاودێرەکانیان، لە ئەوانە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و خوێندن کە چۆن مرۆڤ خۆی لە کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی و دەستدرێژی کردەنەسەر لادەدات و دەناسێتەوە و راپۆرت لەسەر هەر دیمەنێکی لە ئەم جۆرانە دەنووسێت. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن لە ئەوەی کە پارێزگاریکردن ڕەچاوی ڕوانگەی تەمەن و ڕەگەزی کەمتواناکان دەکات.
3. بۆ ڕێگەگرتن لە هەموو جۆرە کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی و دەستدرێژی کردنەسەرێک دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو دامەزراوە و پرۆگرامێک کە ئاراستەی مرۆڤانی کەمتوانا کراوە، بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە ڕێگەی ڕێڤەبەرایەتییەکی سەربەخۆوە چاودێری بکەن.
4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بۆ پاڵپشتکردنی هێنانە دۆخی پێشووتری فیزیکی و کۆگناتیڤی و دەروونی و هەروەها ڕاهاتنەوە و دووبارە گونجاندنەوەی جڤاکی بۆ ئەو کەسە کەمتوانایانەی کە دووچاری هەر جۆرە شێوەیەکی کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی یان دەستدرێژی کردنە سەر هاتوون بگرنەبەر؛ لە ئەوانە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پارێزگاریلێکردن. هێنانە دۆخی پێشووتر و دووبارە تێکەڵڤەکردن دەبێت لە ژینگەیەک بهێتە پێکهانین کە دروست بێت بۆ تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ڕێزی–خودی و بەها و سەربەخۆیی کەسەکە. لە ئێرەدا دەبێت پێویستییەکانی تەمەن و ڕەگەز بایەخی تایبەتی پێبدرێت.
5. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت یاسا و ئاراستەی کاری کاریگەرانە بگەرنەبەر، ئەمەش یاسا و ئاراستەی کاری ڕۆشنکەرانە بۆ سەر ئافرەتان و منداڵان دەگرێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی دڵنیابوون لە ئەوەی کە نموونەی کەڵک لێوەرگرتن و توندوتیژی و دەستدرێژی کردنەسەر دەناسرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و، لە هەندێک باردا، داواکاری یاسایی دژ بەرزدەکرێتەوە.

**بەندی 17 ڕێزگرتن لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ**

هەموو مرۆڤێکی کەمتوانا مافی هەیە کە خەسڵەتەکانی جەستەیی و دەرونی ڕێزی لێبگیرێت، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر (واتە کەسانی لەش ساغ).

**بەندی 18 ئازادی گەڕان و هاووڵاتی بوون**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافەکانی کەسانی کەمتوانا لە ئازادی گەڕان و ئازادی هەڵبژاردنی گەڕەکی نیشتەجێبوون و هاووڵاتی بوون بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر، لە ئەوانە دڵنیابوون کە کەسانی کەمتوانا:
a. مافی بەدەستهێنان و گۆڕاندنی هاووڵاتی بوونیان هەیە و لێسەندنەوەی ئەم مافانە بە هەڕەمەکی یان لەسەر بنچینەی کەمتوانایی نابێت بێتە جێبەجێکردن،
b. مافی هەڵگرتن و خاوەندارییەتی یان کەڵک لێوەرگرتن لە دۆکمێنتەکانی هاووڵاتی بوون یان دۆکمێنتی تری شوناسنامە یان بەکارهێنانی ئەمانە لە بابەتێکی گونجاودا، بۆ نموونە لە مامڵەکردنی پەناهەندەیی، کە لەوانەیە پێویست بکات بۆ کارئاسانی جێبەجێکردنەکانی مافی ئازادی گەڕان، لە کەس ناسەندرێت بە بیانووی کەمتواناییەوە،
c. ئازادن لە جێهێشتنی هەر وڵاتێک، لە ئەوانە وڵاتی خۆیان،
d. مافی ئازادی لە چوونە ژوورەوە بۆ وڵاتی خۆ بە هەڕەمەکی یان لەسەر بنچینەی کەمتوانایی لە کەس ناسەندرێت.
2. منداڵانی کەمتوانا دەبێت یەکسەر دوای لە دایکبوون ناونووسبکرێن و هەر لە پاش لە دایکبوون مافی هەبوونی ناو و مافی بە دەستهێنانی هاووڵاتیبوون، تاکو بوار هەبێت، مافی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر دایک و باوک و بەخێوکردنیان هەیە.

**بەندی 19 مافی سەربەخۆبوون و بەشداربوون لە کۆمەڵگا**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی ژیانی یەکسان بۆ هەموو کەسانی کەمتوانا لە کۆمەڵگا، بەپێی هەمان هەلی ڕەخساو وەکو کەسانی تر، و دەبێت هەنگاوی کاریگەر و گونجاو بگرنەبەر بۆ ئاسانکردنی تەواوی سوودمەندبوونی کەسانی کەمتوانا لە ئەم مافە و لەگەڵبوون و بەشداری تەواوی ئەوان لە کۆمەڵگا، بەهۆی مسۆگەرکردنی ئەمانە:
a. کەسانی کەمتوانا توانای هەڵبژاردنی گەڕەکی نیشتەجێبوون و لە کوێ و لەگەڵ کێ بژین هەیە، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، و ناچارنین لە خانوبەرەی تایبەتدا بژین،
b. کەسانی کەمتوانا توانای دەستڕەسبوونیان بۆ جۆرەها خزمەتی کۆمەڵایەتی لە ماڵ و خانوبەرەی تایبەت و خزمەتی تریش هەیە، لە ئەوانە پاڵپشتکردنی کەسیەتی کە پێویستە بۆ یارمەتی ژیانی و لەگەڵبوونی لە کۆمەڵگا، هەروەها بۆ ڕێگرتن لە دوورەپەرێزی یان جووداکردن لە کۆمەڵگا،
c. خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی و ئەو دامەزراوانەی کە ئاراستەی گشتی دانیشتوان کراوە دەبێت بەپێی هەمان بنەمای یەکسان بەکەڵک بێت بۆ کەسانی کەمتوانا و وەڵامی پێویستییەکانی ئەوان بداتەوە.

**بەندی 20 هاتوچۆی کەسیەتی**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەنگاوی کاریگەر بۆ دڵنیابوون لە هاتوچۆی، تاکو بوار هەبێت، سەربەخۆیانەی کەسانی کەمتوانا بگرنەبەر؛ لەوانە لە ڕێگەی:

a. ئاسانکردنی هاتوچۆی کەسیەتی کەسانی کەمتوانا بە ئەو شێوە و کاتەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن، و بە نرخێکی لەدەستهاتوو،
b. ئاسانکردنی دەستڕەسبوونی کەرەستەی یارمەتیدەر لە جۆری باش و جۆری تری یارمەتی و خزمەتکردنی کەسیەتی بۆ کەسانی کەمتوانا و پێشکەشکردنی ئەمانە بە نرخێکی لەدەستهاتوو،
c. پێشکەشکردنی کۆرس "خوێندن و مەشقکردن" لە تەکنیکی هاتوچۆکردن بۆ کەسانی کەمتوانا و پەیوەندداری؛
d. هاندانی ئەو یەکانەی کە کەرەستەی یارمەتیدەر، ئامێر و تەکنەلۆژیی یارمەتیدەر بەرهەم دەهێنن لە ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی هاتوچۆی کەسانی کەمتوانا.

### بەندی 21 ئازادی ڕادەربڕین و بۆچوون و دەستڕەسبوونی زانیاری

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو هەنگاوێکی گونجاو دەگرنەبەر بۆ ئەوەی کەسانی کەمتوانا بتوانن ڕاهێنانی ئازادی ڕادەربڕین و بۆچوون و دەستڕەسبوونی زانیاری بکەن، لە ئەوانە ئازادی بەدواگەڕان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیرۆکە لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر و لە ڕێگەی هەموو جۆرە پەیوەندییەکەوە کە ئەوان خۆیان هەڵیدەبژێرن بەپێی پێناسەی بەندی 2، لە ئەوانە لە ڕێگەی:
a. پێشکەشکردنی زانیاری ئاراستەکراو بە تێکڕای جەماوەر دەبێت کەسانی کەمتواناش بگرێتەوە بەگوێرەی فۆرمات و تەکنەلۆژیی گونجاو بە ئەوان و بەپێی کاتی دیاریکراو و بێ بەرزکردنی نرخ،
b. پەسەندکردن و ئاسانکاریکردن لە بەکارهێنانی زمانی هێما، نووسینی خاڵ، گەورە نووسین و هەموو ئەڵتەرناتیڤێکی تری پەیوەندی و ئامراز، جۆر و فۆرماتی پەیوەندیکردن کە کەسانی کەمتوانا خۆیان هەڵیانبژاردوە لە مامڵەکانی فەرمیدا،
c. داواکردن لە ئەو یەکە تایبەتمەندانە کە خزمەت پێشکەش بە تێکڕای جەماوەر دەکەن، لە ئەوانە لە ڕێگەی ئینتەرنێت، کە زانیاری و خزمەت بە شێوازێکی دەستڕەسبوو و بەکاربردە پێشکەش بە کەسانی کەمتوانا بکەن،
d. هاندانی مێدیاکان، لە ئەوانە پێدەری زانیاری لە ڕێگەی ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی خزمەتەکانیان بە دەستی کەسانی کەمتوانا بگات،
e. دانپێداهێنان و پشتیوانیکردنی بەکارهێنانی زمانی هێما.

### بەندی 22 ڕێزدانان لە ژیانی تایبەتی

1. هیچ کەسێکی کەمتوانا، بێ ڕەچاوکردنی شوێنی نیشتەجێ و دامەزراوەیی ژیانی، نابێت ڕووبەڕووی هەڵقورتاندنی هەڕەمەکی و نایاسایی لە ژیانی تایبەتی و خێزانی و خانووبەرە یان چێوەکەی بێت یان جۆری تری پەیوەندی یان هەر دەستتێخستنە نایاساییەکی تر بۆ سەر ئابڕو و شکۆمەندی. کەسانی کەمتوانا بەپێی یاسا مافی پارێزگاریلێکردنیان لە دژی ئەم جۆرە دەستێخستن و هەڵقورتاندنانە هەیە.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پارێزگاری لە زانیاری کەسایەتی و زانیاری لەسەر تەندروستی و ڕاهاتنەوەی کەسانی کەمتوانا بکەن، لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر.

**بەندی 23 ڕێزدانان لە خانووبەرە و خێزان**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو و کاریگەر بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردکردنی کەسانی کەمتوانا لە گشت پرسەکانی ژنهێنان/شووکردن و خێزان و باوکایەتی/دایکایەتی و گرێدانی پەیوەندی بگرنەبەر، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر بۆ دڵنیابوون لە:

a. مافی کەسانی کەمتوانا کە لە تەمەنی ژنهێنان/شووکردن دان بۆ ژنهێنان/شووکردن و بونیادنانی خێزان بەپێی بنەمای ئازاد و ڕەزامەندی تەواوی هەردوو لا بۆ یەکتر،

b. مافی کەسانی کەمتوانا بۆ ئەوەی ئازادانە و لێپرسراوانە بڕیاربدەن لەسەر ژمارەی منداڵان و ماوەی نێوان منداڵان و دەستڕەسی ئەوان بەسەر زانیاری کە گونجاوە بەپێی تەمەن و ئامرازی ڕێگرتن لە سکپڕبوون و پلاندانانی خێزانی و هەموو ئامرازێکی پێویست بۆ تاقیکردنەوەی ئەم مافانە،

c. کەسانی کەمتوانا، تەنانەت منداڵانیش، مافی هێشتنەوەی بەسکوزا-یان هەیە بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر.

2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی مافی ئازادانە و لێپرسراویەتی بە کەسانی کەمتوانا بدەن، لە ڕوانگەی چاودێریکردن و بەخێوکردنی منداڵ و هەڵگرتنی منداڵ و هیتری لە ئەم چەشنە ئۆرگانیزەکردنە، ئەگەر ئەم دەستەواژانە کەوتبنە نێو یاساکانی نیشتمانییەوە، بەڵام لە ئێرەدا دەبێت بەرژەوەندی منداڵان پێش بخرێت. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هاریکاری گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم لێپرسراویەتییە بدەن بە کەسانی کەمتوانا بەرامبەر بە منداڵەکانیان.

3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن کە منداڵانی کەمتوانا هەمان مافی یەکسانیان لە دیدی ژیانی خێزانییەوە هەیە. بۆ بە کردەنی کردنی ئەم مافانە، و بۆ ڕێگرتن لە شاردنەوەی-، فڕێدانی-، پشتگوێخستنی- و جوداکردنی منداڵانی کەمتوانا، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە زانیاری زووبەزوو و بەربڵاو و خزمەت و پشتگیری بە منداڵانی کەمتوانا و خێزانەکانیان پێشکەش بکەن.

4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن کە منداڵانی کەمتوانا نابێت دژ بە ویستی خۆیان لە دایک و باوکی خۆیان جودابکرێنەوە، بێجگە لە ئەو دەمانەی کە ڕێڤەبەرییەکی ڕێپێدراو پشت بە یاسا، بەپێی بەندی یاسایی و هەڵسوکەوتی لەبار، بڕیاردەدات کە ئەم جۆرە جوداکردنەوە پێویستە و لە بەرژەوەندی منداڵ دایە. بە هیچ جۆرێک نابێت منداڵ لە دایک و باوکی جودابکرێتەوە بە بیانووی کەمتواناییەوە، یان ئەگەر دایک و باوکی یان یەکێک لە ئەوان کەمتوانا بن.

5. ئەگەر خێزانێک نەتوانێت چاودێری منداڵێکی کەمتوانا بکات، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو هەنگاوێک بگرنەبەر بۆ پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤی بەخێوکردن لە چواردەوری ئەم خێزانە، لە نەبوونی ئەم چارەسەرکردنە، دەبێت منداڵ لە ژینگەیەکی خێزانی لە کۆمەڵگادا دابنرێت.

**بەندی 24 خوێندن**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دان بە مافی خوێندن بۆ کەسانی کەمتوانا دەهێنن. بۆ ئەوەی ئەم مافە بەبێ هەڵاواردن و بەپێی هەمان بنەمای یەکسان بەدی بهێنرێت دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دڵنیایی هەموو ئاستەکانی سیستەمی خوێندن و فێربوون بە درێژایی ژیان ئاراستەی:
a. گەشەسەندنی تەواوی توانای مرۆیی و هەستکردن بە بەها و بەهای خودی و بەهێزکردنی رێز بۆ مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتیی و فرەلایەنی مرۆڤ بکەن،
b. گەشەسەندنی کەسایەتی و زیرەکی و داهێنانی کەسانی کەمتوانا، هەروەها تواناکانی هۆشمەندی و فیزیکی، بۆ تەواوی تواناکانی ئەوان بکەن،
c. هەل و دەرەفت بۆ کەسانی کەمتوانا لە بەشداری کاریگەریان لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا دروستبکەن.
2. بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دڵنیایی بدەن کە:
a. کەسانی کەمتوانا بێبەش ناکرێن لە سیستەمی پەروەردەی گشتی، هەروەها منداڵانی کەمتوانا بێبەش ناکرێن لە خوێندنی خۆڕایی و ناچارکراوانەی قۆناغی سەرەتایی، یان لە قۆناغەکانی خوێندنی دواتر، لەسەر بنەمای کەمتوانایی،
b. کەسانی کەمتوانا، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، دەبێت بە تەواوی و بە خۆڕایی دەسترەسی خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی ببن لە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوونیان،
c. گونجاندنی لەبار دەبێت بەپێی پێویستی کەسیەتی پێشکەش بکرێت،
d. لە چوارچێوەی سیستەمی خوێندنی گشتی و بە مەبەستی ئاسانکردنی خوێندنێکی کاریگەر، کەسانی کەمتوانا هاریکاری پێویست وەردەگرن،
e. گرتنەبەری پێوەری هاریکاریکردنی کاریگەری کەسایەتی لە ئەو ژینگانەی کە توانای پێشکەوتنی بەرزی ئەکادیمی و جڤاکی پێشکەش دەکەن، بە مەبەستی لەگەڵ خستنی هەموو کەس.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەلی فێربوونی پراکتیکانە و ئامادەباشی چاپوکانەی جڤاکی بۆ کەسانی کەمتوانا دەرەخسێنن، ئەویش بۆ ئاسانکردنی بەشداری تەواو و یەکسانی ئەوان لە خوێندن و هەروەها وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پێوەری گونجاو بگرنەبەر، لەوانە:
a. ئاسانکردنی فێربوونی خاڵنووسین، ئەڵتەرناتیڤی تری نووسین، نووسینی گەورە و ئەڵتەرناتیڤی تر لە جۆر، ئامراز و فۆرماتی پەیوەندی کردن، ئاراستە کردن و چوستکردنی توانا، و ئاسانکردنی پاڵپشتیکردنی هاوڕێیانە و رێنمایی کردن،
b. ئاسانکردنی فێرکردنی زمانی هێما و پاڵپشتی کردنی پێناسەی لینگویستیکی بۆ کەسانی نەژنەف/گوێگران،
c. دڵنیابوون لە ئەوەی کە خوێندن بۆ ئەو کەسانەی، بە تایبەتی منداڵان، کە نابینان، نەژنەفن یان نەژنەف و نابینان، بە گونجاوترین زمان، فۆڕم و ئامرازی پەیوەندیکردن پێشکەش دەکرێت، لە ئەو ژینگانەی کە گەشەسەندنی ئەکادیمی و جڤاکی پترتر دەکات.
4. بە مەبەستی دڵنیابوون لە پراکتیزەکردنی ئەم مافە، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پێوەری گونجاو بگرنەبەر لە دامەزراندنی ئەو مامۆستایانەی، ئەمەش مامۆستا کەمتواناکان دەگرێتەوە، کە شارەزان لە زمانی هێما و خاڵنووسین و توانای فێرکردنی پسپۆڕ و ئەو کەسانەیان هەیە کە چالاکن لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا. ئەم جۆری فێربوونە دەبێت زانیاری دەربارەی کەمتوانایی و

بەکارهێنانی گونجاندنی گەورەکردن و ئەڵتەرناتیڤی فۆڕمی تر، ئامراز و فۆرماتی پەیوەندیکردن، شێوازی وانەگوتن و کەرەستەی پاڵپشتی کردنی کەسانی کەمتوانا بگرێتەخۆ.

5. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن کە کەسانی کەمتوانا دەتوانن قۆناغی بەرزی خوێندن و خوێندنی پیشەیی و خوێندنی گەورە ساڵان و بەدرێژایی ژیان فێرببن و بخوێنن، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دڵنیایی پێشکەشکردنی گونجاندنی لەبار بۆ کەسانی کەمتوانا بدەن.

### بەندی 25 تەندروستی

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە ئەوەی کە کەسانی کەمتوانا دەبێت مافی کەڵک لێوەرگرتنی باشترین ستانداردی تەندروستییان هەبێت، بەبێ هەڵاواردن بە بیانووی کەمتواناییەوە. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە دەسترەسی کەسانی کەمتوانا بۆ خزمەتی تەندروستی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕوانگەی هاوئاستی، ئەمەش ڕاهاتنەوە لە بوارەکانی تەندروستی دەگرێتەوە. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت بە تایبەتی:

a. پێدانی هەمان ئاستی چلۆنایەتی و ستانداردی خۆڕایی یان داشکاوی بەرنامە و خزمەتی تەندروستی و چاودێری بە کەسانی کەمتوانا وەکو هەیە بۆ کەسانی تر، ئەمەش بوارەکانی تەندروستی زاوزێ و وەبەرهەمهێنانەوە و بەرنامەی تەندروستی گشتی لەسەر بنچینەی دانیشتوان دەگرێتەوە،

b. پێدانی ئەو خزمەتی تەندروستییە کە کەسانی کەمتوانا پێویستییانە بە تایبەتی بەهۆی کەمتوانایییانەوە، ئەمەش دەستنیشانکردنی پێشدەم و چارەسەرکردنی یەکسەری، هەروەها خزمەتی تر بە مەبەستی سنووردارکردنی یان ڕێگرتن لە زیاتربوونی کەمتوانایی دەگرێتەوە، لە ئەوانە بۆ منداڵان و گەورە ساڵان،

c. پێدانی خزمەتی تەندروستی و چاودێری بە کەسانی کەمتوانا، تاکو بوار هەبێت، لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان، تەنانەت لە گوندەکانیش،

d. داواکردن لە ستافی بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان کە هەمان جۆری چلۆنایەتی چاودێری پێشکەش بە کەسانی کەمتوانا بکەن وەکو ئەوەی کە بە کەسانی تر دەکەن، ئەمەش لەسەر بنچینەی ئازادانە و نیشاندانی ڕەزامەندی بۆ زانیاری پێدراو دەبێت، لە ڕێگەی لە ئەوانە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی کەسانی کەمتوانا و ڕێزگرتن و سەربەخۆیی و پێویستییەکانی کەسانی کەمتوانا، لە ڕێگەی خوێندن و مەشقکردن و ناساندنی بنەماکانی ڕەوشتی بە بنکەکانی تەندروستی، بۆ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت،

e. قەدەغەکردنی هەڵاواردن دژ بە کەسانی کەمتوانا لە بابەتەکانی بیمەی نەخۆشی و بیمەی ژیانی، لە دەمێکدا ئەم بیمانە ڕێپێدراوە بەپێی یاسای نیشتمانی، کە دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان و ژیرانە ببەخشرێت،

f. قەدەغەکردنی نکۆڵیکردن لە هەبوونی هەڵاواردن لە خزمەتی تەندروستی یان چاودێری تەندروستی یان خواردن و خواردنەوە بە بیانووی کەمتواناییەوە.

**بەندی 26 ڕاهاتن و ڕاهاتنەوە**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پێوەری گونجاو و کاریگەر بگرنەبەر، لە ئەوانە لە ڕێگەی پشتیوانی هاوڕێیانە، بۆ ئەوەی وا لە کەسانی کەمتوانا بکەن کە بگەن بە بەرزترین سەربەخۆیی و توانای تەواوی فیزیکی و هۆشمەندی و جڤاکی و پیشەوەری، ئەمەش تەواوی بەشداریکردن و گرتنەخۆی هەموو ڕوانگەکانی ژیان دەگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت بەرنامە و خزمەتەکانی ڕاهاتن و ڕاهاتنەوە ئۆرگانیزەبکەن و بەهێزبکەن و بەربڵاوبیکەن، بە تایبەتی لە بوارەکانی تەندروستی و کارمەند دامەزراندن و خوێندن و خزمەتی جڤاکی، بە جۆرێک کە ئەم خزمەت و بەرنامانە:

a. تاکو بکرێت لە زووترین قۆناغەوە دەستپێبکات، بەپشتبەستن بە خەمڵاندنی زانستی هەمەلایەنە بەپێی پێویستی و توانای کەسەکان،

b. پشتیوانی لە بەشداریکردن و گرتنەخۆ لە کۆمەڵگا و ئاوەڵاکردنی هەموو ڕوانگەکانی کۆمەڵ بەرەو ڕووی کەسانی کەمتوانا بکەن، ئەم ئاوەڵاکردنانە دەبێت زۆر نزیک بێت لە شوێنی نیشتەجێی کەسانی کەمتوانا، گوندەکانیش دەگرێتەوە.

2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پشتیوانی گەشەسەندنی مەشقی/خوێندنی سەرەتایی و بەردەوام بۆ پسپۆڕان و ستافی کارمەندان کە لە بنکەکانی خزمەتی ڕاهاتن و ڕاهاتنەوە کاردەکەن بکەن.

3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پشتیوانی دەستڕەسی، زانیاری و بەکارهێنانی کەرەستەی یارمەتیدەر و تەکنیک، کە بۆ کەسانی کەمتوانا دیزاین کراوە و پەیوەستە بە ڕاهاتن و ڕاهاتنەوە، بکەن.

**بەندی 27 کار و کارمەند دامەزراندن**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی کارکردن بۆ کەسانی کەمتوانا لەسەر بنەمای هەمان مەرج کە هەیە بۆ کەسانی تر، ئەمەش مافی بژێوی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانە یان ڕەزامەندبوون بۆ کارێک لە بازاڕێکی کاردا کە کراوەیە و دەستڕەسە و بگرەخۆیە بۆ کەسانی کەمتوانا دەگرێتەوە. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت پارێزگاری و پشتگیری مافی بەدیهێنانی کار بکەن، ئەمەش بۆ ئەوانەی کە کەمتوانان لە دەمی کارمەندیدا دەگرێتەوە، لە ڕێگەی هەنگاوی گونجاو، ئەمەش یاسادانان دەگرێتەوە بۆ:

a. قەدەغەکردنی هەڵاواردکردن بە بیانووی کەمتواناییەوە لە ڕوانگەی گشت ئەو پرسانەی کە پەیوەندە بە هەموو فۆرمێکی چالاکی پیشەیی، لە ئەوانە مەرجەکانی بەدامەزراندن، دامەزراندن و کارکردن، بەردەوامی دامەزراندن، بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی/ڕێڤەبەری و هەروەها ژینگەی تەندروستی کارکردن،

b. پارێزگاریکردنی مافەکانی کەسانی کەمتوانا لە بۆ مەرجی لەباری کارکردن، بەپێی هەمان مەرج وەکو کەسانی تر، ئەمیش دەرفەتی یەکسان و کرێی کاری یەکسان بۆ هەمان بەهای کار و ڕەوشێکی ئاسودە و دروستی کارکردن دەگرێتەوە، دیسان ئەمە پارێزگاریکردن دژی بێزارکردن و چارەسەرکردنی سکاڵا دەگرێتەخۆ،

c. دڵنیاکردنی کەسانی کەمتوانا لە ڕاهێنانی مافەکانی کرێکاری و سەندیکایی بەپێی هەمان مەرج وەکو کەسانی تر،

d. بە تواناکردنی کەسانی کەمتوانا لە دەستڕەسی ڕاستەقینەیان لەبۆ ڕێگانیشاندەری کار و پیشە، دەزگای کار، خوێندنی پیشەیی و خوێندنی بەردەوام، کە بۆ گشت ئاوەڵایە،

e. پشتیوانی کردن و زیادکردنی دەرفەتی دامەزراندنی کەسانی کەمتوانا لە بازاڕی کارکردن و یارمەتیدانی کەسانی کەمتوانا لە دۆزینەوە و بەگیرخستن و هێشتنەوە و گەڕاندنەوە بۆ دامەزراندن،
f. پشتیوانیکردنی دەرفەتەکان بۆ خۆ–دامەزراندن و خستنەگەڕی پارە و پێشخستنی دامەزراوەیی هاوبەش و دامەزراندنی کۆمپانیای خۆیی،
g. دامەزراندنی کەسانی کەمتوانا لە کەرتی گشتیدا،
h. پشتیوانی کردنی دامەزراندنی کەسانی کەمتوانا لە کەرتی تایبەتی لە ڕێگەی ئاراستە و پێوەری گونجاو، ئەمیش دەکرێت بەرنامەکانی مامڵەکردنی ئەرێنیانەی تایبەتمەند و هەنگاوی بزاوندن و پێوەری تر بگرێتەخۆ،
i. دڵنیابوون لە ئەوەی کە گونجاندنی لەبار لە شوێنی کاردا پێشکەش بە کەسانی کەمتوانا دەکرێت،
j. هاندان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی کارکردن لە بازاڕی کراوەی کار بۆ کەسانی کەمتوانا،
k. هاندانی بەرنامە لە ڕوانگەی ڕاهاتنەوەی پیشەیی و هێشتنەوەی کار و دەستپێکردنەوەی کار بۆ کەسانی کەمتوانا.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت دڵنیایی بدەن کە کەسانی کەمتوانا نابێت گیرۆدەی کۆیلەیەتی و دەستبەسەراگرتن بێن، دەبێت پارێزراوبن دژی بێگاری و جۆری تری بەزۆر کارپێکردن لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر.

### بەندی 28 ئاسودەیی جڤاکی و ئاستی ژیانی لەبار

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دان بە مافی ئاستی ژیانێکی لەبار بۆ کەسانی کەمتوانا و خێزانەکانیان دەهێنن، لە ئەوانە هەبوونی خواردنی پێویست و پۆشاک و خانووی نیشتەجێی لەبار و هەروەها لە بەردەوامی گەشەسەندنی مەرجەکانی ئاستی ژیان، هەروەها دەبێت ئەم وڵاتانە هەموو هەنگاوێکی گونجاو بۆ ئاسودەکردن و پشتیوانیکردن لە بەدیهێنانی ئەم مافانە بگرنەبەر، بەبێ هەڵاواردکردن بە بیانووی کەمتواناییەوە.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی کەسانی کەمتوانا لە سوودمەندبوونیان بۆ ئاسوودەیی جڤاکی، بە بێ هیچ هەڵاواردکردنێک بە بیانووی کەمتواناییەوە، و دەبێت هەموو هەنگاوێکی گونجاو بگرنەبەر بۆ ئاسودەکردن و پشتیوانیکردنی بەدیهێنانی ئەم مافە، لە ئەوانە لە ڕێگەی ئەم پێوەرانەوە:
a. دڵنیابوون کە کەسانی کەمتوانا هەمان دەسترەسیان بۆ ئاوی پاک هەیە، هەروەها دڵنیاکردنی دەسترەسی بۆ خزمەتی لەبار و لە کرینهاتوو، دیسان ئامێر و کەرستەی یارمەتیدەری تر کە بەندن بە کەسانی کەمتواناوە،
b. دڵنیابوون لە دەسترەسی کەسانی کەمتوانا، بە تایبەتی ژنان و کچان، هەروەها کەسانی پیری کەمتوانا، بۆ بەرنامەی ئاسودەیی جڤاکی و بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری،
c. دڵنیابوون کە کەسانی کەمتوانا و خێزانەکانیان، ئەوانەی کە لە باری هەژاریدا دەژین، دەسترەسی ئەو پشتیوانیکردن و خەرجییانە هەن کە پەیوەندن بە کەمتواناییەوە و کە لە لایەن حکومەتەوە دێن، لە ئەوانە خوێندنی شیاو، ڕاوێژکردن، یارمەتی دارایی و چاودێری هێورکردنەوە و کەمکردنەوەی قورسایی سەر شان،
d. دڵنیابوون لە دەسترەسی کەسانی کەمتوانا بۆ بەرنامەی گشتی خانوبەرە،

e. دڵنیابوون لە دەسترەسی یەکسانی کەسانی کەمتوانا بۆ قازانجی خانەنیشینی و بەرنامەی خانەنیشینی.

**بەندی 29 بەشداریکردن لە رامیاری و ژیانی گشتی**

وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت مافی رامیاری و دەرەفتی کەڵک لێوەرگرتنی بۆ کەسانی کەمتوانا گەرانتی بکەن بەپێی هەمان مەرج وەکو کەسانی تر، هەروەها ئەم وڵاتانە دەبێت ملدابهێنن کە:

a. دڵنیایی بە کەسانی کەمتوانا دەدەن کە بتوانن بە تەواوی و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە ژیانی فەرمی و رامیاریدا بکەن، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، ئینجا راستەخۆ یان لە رێگەی نوێنەرانێک کە ئازادانە هەڵبژێردراون، ئەمیش ماف و دەرەفتی کەسانی کەمتوانا بۆ دەنگدان و بۆئەوەی هەڵبژێردرێن دەگرێتەوە، لە ئەوانە بەهۆی ئەم رێگایانەوە:

I. دڵنیابوون کە پرۆسە و دامەزراوە و کەرەستەکانی هەڵبژاردن گونجاون و دەسترەسن و ئاسانن بۆ تێگەیشتن و کارکردن،

II. پارێزگاریکردنی مافی کەسانی کەمتوانا لە رێگەی دەنگدانی نهێنی لە هەڵبژاردن و ریفراندۆم دوور لە هەرەشە، هەروەها بۆ ئەوەی ببن بە پاڵێوراو لە هەڵبژاردن یان کاریگەرانە شوێنکی فەرمی بەرێوەبەرن و هەموو ئەرکێکی فەرمی لە گشت ئاستەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن و هەروەها ئاسانکردنی بەکارهێنانی ئامرازی یارمەتیدەر و تەکنەلۆژیی نوێ بۆ ئەو شوێنەی کە شیاوە،

III. گەرانتیکردنی ئازادی بۆ کەسانی کەمتوانا کە بتوانن هەڵوێستی خۆیان وەکو دەنگدەر دەرببرن، بۆ ئەم مەبەستەش، بەپێی پێویستی و بە گوێرەی داخوازی ئەوان، رێگەبدرێت کە ئەوان لە کاتی دەنگداندا یارمەتیدەرێکیان هەبێت کە لە لایەن خۆیانەوە هەڵبژێردراو بێت.

b. پشتگیریکردنی چالاکانەی هێنانەکایەی ژینگەیەک کە کەسانی کەمتوانا بتوانن بە تەواوی و کاریگەرانە بەشداری لە کاروبارەکانی فەرمی و چالاکی و بەرێوەبردنی دەزگاکانی فەرمیدا بکەن، بە بێ هەڵاواردکردن و بەپێی بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر، لە ئەوانە لە رێگەی:

I. بەشداریکردن لە رێکخراوەکانی ناحکومیدا *Non-Governmental Organisation* و ئەو دەزگا گرێدراوانەی کە چالاکن لە ژیانی رامیاری و فەرمی وڵاتدا، هەروەها لە چالاکی و بەرێوەبردنی پارتەکانی رامیاریدا،

II. دامەزراندن و بوون بە ئەندام لە رێکخراوەکانی کەسانی کەمتوانا ئەویش بۆ نوێنەرایەتی کردنی کەسانی کەمتوانا لە ئاستەکانی نێونەتەوەیی و نەتەوەیی و هەرێمی و ناوچەییدا.

**بەندی 30 بەشداریکردن لە ژیانی کەلتوری و خۆش بەسەربردن و چالاکی پشوو و وەرزش**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە مافی کەسانی کەمتوانا لە بەشداریکردنیان لە ژیانی کەلتوری بەپێی هەمان مەرج وەکو کەسانی تر، ئەم وڵاتانە هەموو پێوەرێکی گونجاو دەگرنەبەر بۆ دڵنیاکردنی کەسانی کەمتوانا لە:

a. بەرینکردنی دەسترەسبوون بۆ کەرەستە کەلتورییەکان بە فۆرماتی گونجاو،

b. بەرینکردنی دەسترەسی بۆ بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن، فیلم، شانۆ و چالاکی کەلتوری تر، بە فۆرماتی گونجاو،

c. بەرینکردنی دەسترەسی بۆ نمایش و خزمەتی کەلتوری وەکو شانۆ، مۆزەخانە، سینەما، پەرتوکخانە و خزمەتی گەشتیاری، هەروەها، تاکو بکرێت، کەڵکوەرگرتن لە دەسترەسی بۆ شوێنەوارەکانی دێرین و شوێنی تر کە گرنگن لە ڕوانگەی کەلتوری نەتەوایەتییەوە.

2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو پێوەرێکی لەبار بگرنەبەر بۆ ئەوەی کەسانی کەمتوانا درەفتیان بۆ بڕەخسێت لە گەشەکردن و بەکارهێنانی توانای خوڵقێنەر و هونەری و ژیری خۆیان، نەک تەنها ئەوانەی کە بە کەڵکی خۆیان دێت، بەڵکو ئەوانەش کە لە دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵگادا بەکەڵکن.

3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت هەموو هەنگاوێکی لەبار بگرنەبەر، بەپێی یاساکانی نێونەتەوەیی، بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە پارێزگاریکردنی یاسا بۆ مافەکانی داهێنان نابێت ببێتە هۆی ڕێگرتنێکی ناشایستە و هەڵاواردکردن بۆ دەسترەسبوونی بەرهەمە کەلتورییەکان لە لایەن کەسانی کەمتواناوە،

4. کەسانی کەمتوانا دەبێت، لەسەر هەمان بنەمای یەکسان وەکو ئەوانی تر، مافی دانپێهێنان و پشتگیریکردنیان هەبێت بۆ کەلتوری تایبەت بە خۆیان و پێناسەی لینگویستیک بە خۆیان، ئەمەش زمانی هێما و کەلتوری نەژنەفان دەگرێتەوە،

5. بۆ بەتواناکردنی کەسانی کەمتوانا، لەسەر بنەمای هەمان مەرج وەکو کەسانی تر، لە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی خۆشبەسەربردن و پشوو و وەرزشدا، دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە پێوەری لەبار بگرنەبەر بۆ:

a. هاندان و پشتگیریکردنی بەشداریکردنی کەسانی کەمتوانا، تاکو لوتکەی بوارهەبوون، لە گشت ئاستەکانی چالاکی وەرزشیدا،

b. دڵنیابوون کە کەسانی کەمتوانا درەفتی ڕێکخستن و پەرەپێدان و بەشداریکردنیان لە وەرزش و چالاکی خۆش بەسەربردنی تایبەت بە کەمتواناییەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش، هاندانی پێشکەشکردنی گونجاوی ڕێنمایی و خوێندن/مەشقکردن دەکرێت، بەپێی هەمان بنەمای یەکسان وەکو کەسانی تر،

c. دڵنیابوون کە کەسانی کەمتوانا دەسترەسن بۆ دامەزراوەی وەرزشی و خۆش بەسەربردن و گەشتیاری،

d. دڵنیابوون کە منداڵانی کەمتوانا هەمان دەسترەسبوونی یەکسانیان هەیە بۆ بەشداریکردن لە یاریکردن و چالاکی خۆش بەسەربردن و پشوودان و وەرزش، ئەمەش چالاکییەکانی نێو سیستەمی پەروەردە دەگرێتەوە،

e. دڵنیابوون کە کەسانی کەمتوانا دەسترەسی خزمەت دەبن لە ئەو کەس و دەزگایانەی کە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی چالاکییە خۆش بەسەربردەکان و چالاکییەکانی پشوودان و گەشتیاری و وەرزشی.

**بەندی 31 ئامار و کۆکردنەوەی داتا**

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەڵدەستن بە کۆکرنەوەی زانیاری لەبار، لە ئەوانە ئامار و داتای توێژینەوەکان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو هێڵە ئاراستەکراوانەی کە گوڕ بەم پەیماننامەیە دەدەن گەڵاڵە و جێبەجێبکەن. پرۆسەی کۆکرنەوە و هێشتنەوەی زانیاری دەبێت:

a. ملدابهێنێت بۆ ئەو یاسایانەی کە چەسپیون، ئەمەش یاساکانی پارێزگاریکردنی داتا دەگرێتەوە، ئەمیش بە مەبەستی دڵنیابوون لە پارێزگاریکردنی نهێنییەکان و ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتی کەسانی کەمتوانا،

b. بەپێی ئەو ڕێسا نێونەتەوەییانە بێت کە پەسەندکراون ئەویش بە مەبەستی پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی بنەڕەتی و بنەماکانی ڕەوشتی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی ئامارەکان.

2. زانیاری کۆکراوە بەپێی ئەم بەندە، دەبێت بە شێوەیەکی لەبار گەڵاڵەبکرێت و بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە خەملاندنی جێبەجێکاریەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بۆ سۆزدانانەکانیان بە پێی ئەم پەیماننامەیە، هەروەها بۆ پێناسەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێگرانەی کە کەسانی کەمتوانا تووشی دەبن لە دەمی تاقیکردنەوەی مافەکانیان.
3. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت لێپرسراوبن لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکان و لە دڵنیایی دەستڕەسبوونی ئەم ئامارانە بۆ کەسانی کەمتوانا.

## بەندی 32 هاوکاری نێونەتەوەیی

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە داندەهێنن بە گرنگی هاوکاری و پشتگیریکردنی نێونەتەوەیی لەبۆ پاڵپشتی کردنی کۆششەکانی ئاستی نەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە، لە ئەم ڕوانگەوە دەبێت پێوەری کاریگەر و لەبار بگیرێتەبەر، لە نێوان و لە نێو وڵاتەکان، کە گونجاو بن، بە هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پەیوەنداری هەرێمی و نێونەتەوەیی و کۆمەڵگای مەدەنیدا، بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی گرێدراو بە کەسانی کەمتواناوە. ئەم پێوەرانە دەکرێت ئەمانەی خوارە بگرێتەوە:

a. دڵنیابوون لە ئەوەی کە هاوکاری نێونەتەوەیی، ئەمەش بەرنامەکانی گەشەسەندنی نێونەتەوەیی دەگرێتەوە، کەسانی کەمتوانا دەگرێتەوە و دەستڕەسیشیان دەبێت،
b. ئاسانکردن و پشتگیریکردنی توانای-بونیادنان، ئەمیش ئاڵوگۆڕکردن و هاوبەشیکردنی زانیاری و شارەزایی و بەرنامەی خوێندن/مەشقکردن و نموونەی باش دەگرێتەوە،
c. ئاسانکردنی هاوکاری لە بواری توێژینەوە و دەستڕەسی بۆ زانیاری زانستی و تەکنیکی،
d. بە پێی توانا پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی و ئابووری، ئەمەش ئاسانکردنی دەستڕەسی بۆ، هەروەها، هاوبەشیکردن لە تەکنەلۆژی دەستڕەس و یارمەتیدەر و گواستنەوەی تەکنەلۆژی دەگرێتەوە.

2. پەیڕەوەکانی ئەم بەندە نابێت کاریگەری پێشدەمیانەی لەسەر ئەرکەکانی وڵاتانی پەیماننامە لە جێبەجێکردنی سۆزدانەکانیاندا هەبێت.

## بەندی 33 جێبەجێکردنەکانی نەتەوەیی و چاودێریکردن

1. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، بەپێی سیستەمی ڕێکخراوەکانیان، دەبێت یەک یان پتر خاڵی پەیوەندیکردن، سەبارەت بە ئەو بابەتانەی کە بەندن بە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، لە نێو حکومەتەکانیاندا دروستبکەن، هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی شیاو دامەزراندنی یان دیاریکردنی میکانیزمێکی هاوڕێکخستن لەنێو حکومەتدا بۆ ئاسانکردنی چالاکی گرێدراو لە ناو جۆرەها لق و لە جۆرەها ئاستدا هەڵبسەنگێنێن.
2. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت، بەپێی سیستەمی یاسایی و ڕێڤەبەری خۆیان، چوارچێوەیەکی کارکردن بهێڵنەوە، بەهێزبکەن، دابینبکەن یان دابمەزرێنن لە وڵاتی پەیماننامە، ئەمەش یەک یان پتر میکانیزمی سەربەخۆیانە، کە پەسەندن، بۆ پشتگیریکردن و پارێزگاریکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنەکانی ئەم پەیماننامەیە دەگرێتەوە. لە دەمی دانانی یان دامەزراندنی میکانیزمێکی لە ئەم چەشنە، بە مەبەستی پارێزگاریکردن و پشتیوانکردنی مافەکانی مرۆڤایەتی دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ڕەچاوی ئەو پرینسیپانە بکەن کە گرێدراوی پێگە و کردارەکانی دەزگاکانی نەتەوەیین.

3. کۆمەڵگای مەدەنی، بە تایبەتی کەسانی کەمتوانا و ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن، دەبێت بهێنە ناو و بەشداری تەواو لە پرۆسەی چاودێریکردندا بکەن.

**بەندی 34 کۆمیتەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا**

1. کۆمیتەیەک بۆ مافەکانی کەسانی کەمتوانا دەبێت دابمەزرێنرێت (لە ئێرە بە دواوە بە کۆمیتە ناودەبرێت) و ئەرکەکانی جێبەجێکردنی ئەمانەی خوارە دەبێت:
2. کۆمیتە لە دەمی بەکارپێکردنی ئەم پەیماننامەوە لە 12 پسپۆڕ پێکدێت. لەپاش شەست پابەندبوون بە پەیماننامەکەوە، دەبێت کۆمیتە بە شەش ئەندام پترتر بکرێت و بگاتە بەرزترین ژمارە کە هەژدە ئەندامە.
3. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەپێی توانای کەسایەتی خۆیان خزمەتبکەن و دەبێت کەسانی ڕەوشت بەرز و باوەڕپێکراوی شارەزا و کارامە بن لە نێو ئەو بابەتانەی کە ئەم پەیماننامەیە دەیگرێتەوە. کاتێک پاڵێوراوەکان دەستنیشاندەکرێن، داوا لە وڵاتانی پەیماننامە دەکرێت کە ڕەچاوی ئەو پەیڕەوە بکەن کە لە بەندی 4.3 ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە.
4. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت لە لایەن وڵاتانی پەیماننامەوە هەڵبژێردراوبن بە ڕەچاوگرتنی دادپەروەرانەی دابەشبوونی جوگرافی و نوێنەرایەتیکردنی جۆرەها شێوەی شارستانی و سیستەمی سەرەکی دادپەروەری و هاوسەنگی لە نوێنەرایەتی و بەشداریکردنی ڕەگەزی پسپۆڕانی کەمتوانا.
5. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بە شێوەی نهێنی دەنگدان هەڵبژێردرێن ئەویش بەپێی لیستێک ناو کە لە لایەن هاووڵاتیانی وڵاتەکانی پەیماننامەوە پاڵێوراوکراون بۆ کۆنفرانسی وڵاتەکانی پەیماننامە. لە ئەم جۆرە کۆنفرانسانەدا، کە بە دوو لەسەر سێ–ی  وڵاتەکانی پەیماننامە دەتوانرێت بڕیار دەربکرێت، دەبێت کەسانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتە ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگ و زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی نوێنەرەکانی ئامادەبووی دەنگدەرانی وڵاتانی پەیماننامە و دەنگەکان بەدەست دەهێنن.
6. یەکەمین هەڵبژاردن نابێت درەنگتر لە شەش مانگ دوای ڕۆژی بەکارکردنی ئەم پەیماننامەوە بسازێنرێت. بە لایەنی کەم چوار مانگ پێش هەر هەڵبژاردنێک، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بە نووسین بانگهێشتی وڵاتانی پەیماننامە بکات کە لە ماوەی دوو مانگدا پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشکەشبکەن. دواتر سکرتێری گشتی دەبێت لیستێک کە هەموو کەسانی پاڵێوراو دەگرێتەخۆ، بەپێی ڕیزبەندی ئەلف و باء، لەگەڵ زانیاری دەربارەی ناوی ئەو وڵاتانەی کە هەریەک لە ئەم کەسانەی پاڵێوراو کردوە ئامادە بکات و بیسپێرێت.
7. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن. ئەم ئەندامانە دەتوانرێت بۆ جارێکی تر هەڵبژێردرێنەوە. هەرچۆنێک بێت، لە دوای دوو ساڵ، ماوەی ماندانی شەش ئەندامی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی یەکەم نامێنێت. یەکسەر دوای هەڵبژاردنی یەکەم، ناوی ئەم شەش ئەندامە دەبێت لە ڕێگەی تیروپشکەوە لە لایەن سەرۆکی کۆبوونەوەکەوە دیاری بکرێت بەگوێرەی پەرەگرافی 5 ی ئەم بەندە.
8. هەڵبژاردنی شەش ئەندامی تری کۆمیتە دەبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئاسایی تر ئەنجامبدرێت، بەپێی پەیڕەوەکانی ئەم بەندە.
9. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتە بمرێت یان وازبهێنێت لە ئەرکی پێسپێردراوی یان بەهۆی هەر هۆیەکەوە ڕایبگەیەنێت کە چیتر ناتوانێت ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت، ئەوا ئەو وڵاتی بەشداربووەی کە ئەم ئەندامەی پاڵاوتووە دەبێت پسپۆڕێکی تر بخاتە ئەو جێگەیە کە خاوەنی ئەو خەسڵەت و داواکارییانە کە لە پەیڕەوەکانی پەیوەندار بە ئەم بەندە هاتووە لەبۆ خزمەتکردن بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە.

10. کۆمیتە پەیڕەو و بەرنامەی خۆی دادەمەزرێنێت.
11. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کەسانی پێویست و کەرەستەی یارمەتیدەری تر دابینبکات بۆ ئەوەی کۆمیتە ئەرکەکانی کاریگەرانە ئەنجامبدات بەگوێرەی پەیماننامەی ئێستا، هەروەها ئەو دەبێت بانگهێشتی یەکەمین کۆبوونەوە بکات.
12. لەدوای پەسەندکردنی لە لایەن کۆبوونەوەی گشتییەوە، ئەندامانی کۆمیتەی دامەزراو بەپێی پەیماننامەی ئێستا، پارەی ڕەنجەکانیان لە سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرن بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەوانەیە کۆبوونەوەکە بڕیاری لەسەر بدات، بە ڕەچاوگرتنی گرنگی لێپرسراویەتی کۆمیتەکە.
13. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت مافی کارئاسانی و نایابداری و پارێزەداری پسپۆڕی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پێببەخشدرێت، بەپێی ئەو نایابداری و پارێزەدارییانەی کە لە پەیڕەوەکانی جێبەجێکراوی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە.

### بەندی 35 ڕاپۆرتی وڵاتانی پەیماننامە

1. هەموو وڵاتێکی پەیماننامە دەبێت لە ڕێگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاپۆرتێکی بەربڵاو، دەربارەی ئەو هەنگاو و پێوەرانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیان بەپێی ئەم پەیماننامەیە گرتوویانەتەبەر و هەروەها ئەو پێشکەوتنانەی کە چێبوون لە ئەم بوارەدا، بدەن بە کۆمیتە، لە ماوەی دوو ساڵ پاش ئەوەی ئەم پەیماننامەیە لە لایەن وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدارەوە دەست بەکارپێکردنی دەکرێت.
2. دواتر دەبێت وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە هەموو چوار ساڵێک ڕاپۆرتێکی لە ئەم چەشنە پێشکەش بکەن، هەروەها لە ئەو کاتەی کە کۆمیتە داوایەکی لە ئەم جۆرەی کرد.
3. کۆمیتە دەبێت بڕیار لەسەر هێڵەکانی ئاراستەکراوی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان بدات.
4. وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە کە ڕاپۆرتێکی بەربڵاوی دەستپێکانەی پێشکەش بە کۆمیتە کردبێت پێویست ناکات لە ڕاپۆرتی پاشتردا هەمان زانیاری کە لە ڕاپۆرتی یەکەمدا هاتووە دووبارە بکاتەوە. لە دەمی ئامادەکردن و داڕشتنی ڕاپۆرتەکان بۆ کۆمیتە، داوا لە وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەکرێت کە کراوەیی و ئاشکرایی بەکاربهێنن و بە شێوەیەکی لەبار ڕەچاوی پەیڕەوی بەندی 4.3 ئەم پەیماننامەیە بکەن.
5. ڕاپۆرتەکان دەکرێت ئاماژە بە ئەو هۆکار و ئاستەنگیانە بدەن کە کاریگەرییان لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم پەیماننامەیە هەیە.

### بەندی 36 هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکان

1. هەر ڕاپۆرتێک دەبێت لە لایەن کۆمیتەوە هەڵبسەنگێندرێت. ئینجا کۆمیتە پێشنیار و ڕێنمایی گشتی دەربارەی ڕاپۆرتەکە، کە وادەزانێت گونجاوە، بەرەو ڕووی وڵاتی بەشداربووی دیاریکراو دەکات. وڵاتی بەشداربوو دەکرێت زانیاری دەربارەی هەر پرسیارێک بدات کە کۆمیتە ئاراستەی دەکات. کۆمیتە لەوانەیە داوای زانیاری زیاتر دەربارەی جێبەجێکردنەکانی ئەم پەیماننامەیە لە وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە بکات.

2. ئەگەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە شایانباسانە درەنگ ڕاپۆرتی خۆی پێشکەس بکات، کۆمیتە دەتوانێت تاقیکردنەوەی جێبەجێکردنەکانی ئەم پەیماننامەیە بە یادی وڵاتی بەشداربوو بهێنێتەوە لەسەر بنچینەی زانیاری باوەڕپێکراو کە لەژێر دەستی کۆمیتەدا هەیە، ئەگەر ڕاپۆرتی پەیوەندیدار دوای سێ مانگ بەسەر یادهێنانەوەکەدا بە دەست کۆمیتە نەگات. کۆمیتە داوا لە وڵاتی بەشداربووی دیاریکراو دەکات کە بەشداری لە ئەم تاقیکردنەوەانە بکات. ئەگەر وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە وەڵام بدات بە پێدانی ڕاپۆرتێک، ئەوا پەیڕەوەکانی پەرەگرافی یەکی ئەم بەندە دێتە جێبەجێکردن.
3. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت وا لە ڕاپۆرتەکە بکات کە دەسترەسی هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت.
4. وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت وا لە ڕاپۆرتەکانی خۆیان بکەن کە دەسترەسی گشتی جەماوەری وڵاتەکانی خۆیان دەبن، هەروەها دەبێت ئاسانکاری دەسترەسی بۆ پێشنیار و ڕێنمایی گشتی دەربارەی ڕاپۆرتەکان بکەن.
5. کۆمیتە دەبێت، ئەگەر پێی گونجاو بوو، ڕاپۆرتی وڵاتانی بەشداربوو ڕەوانەی ئۆرگانە تایبەتەکان و خەزێنە و بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێک دەزگای تری پەیوەندار بکات، ئەویش بە مەبەستی داواکاری و ئاماژەکردن کە پێویست بکات بۆ یارمەتی و ڕاوێژکاری تەکنیکی هاوکات لەگەڵ تێبینی و ڕێنماییەکانی کۆمیتە، ئەگەر هەبێت، دەربارەی ئەم داواکاری و ئاماژەکردنە.

### بەندی 37 هاوکاری نێوان وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە و کۆمیتە

1. هەموو وڵاتێک دەبێت هاوکاری کۆمیتە و ئەندامەکانی لە کاروبارەکانی ماندات–ەکانیاندا بکات.
2. لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی بەشداربوو دەبێت کۆمیتە گونجاوانە ڕەچاوی ئەوە بکات کە چۆن مرۆڤ بە باشترین شێوە دەتوانێت تواناکانی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە لە وڵاتەکان بەهێزتر بکات، ئەمیش ڕێگەی هاوکاری نێونەتەوەیی دەگرێتەخۆ.

### بەندی 38 پەیوەندی کۆمیتە لەگەڵ دەزگای تر

بۆ ئەوەی ئەم پەیماننامەیە کاریگەرانە بهێتە جێبەجێکردن و لە ئەم بوارەدا هاوکاری نێونەتەوەیی زیاتر پەرەپێبدرێت:

a. دەبێت دەزگا تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەی تری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی نوێنەرایەتیکردنیان لە هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنەکانی پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیەدا هەبێت، هەڵبەتە ئەو پەیڕەوانەی کە دەکەونە چوارچێوەی منداتەکانی ئەوانەوە. کۆمیتە لەوانەیە دەزگا تایبەتمەندەکان و هەندێک ڕێکخراوەی تری پەیوەندار کە وادەزانێت گونجاون بانگهێشت بکات بۆ پێشکەشکردنی ئامۆژگاری کارامە دەربارەی جێبەجێکردنەکانی پەیماننامە لە ئەو بوارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی منداتەکانی هەر یەک لە ئەوان. کۆمیتە لەوانەیە دەزگا تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێک ڕێکخراوەی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان، لە ئەو بوارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکییەکانیانەوە، دەربارەی جێبەجێکردنەکانی ئەم پەیماننامەیە پێشکەش بکەن،

b. لە جێبەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا دەبێت کۆمیتە بە شێوەیەکی لەبار لەگەڵ هەندێک دەزگای تری پەیوەندیدار کە دامەزرێنراوە لە لایەن پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤەوە ڕاوێژبکات، ئەویش بە مەبەستی دڵنیابوون لە هاوهامەنگی لە نێوان هێڵەکانی ئاراستەکراوی ڕاپۆرتەکان و پێشنیارەکان و ڕێنماییەکانی گشتی هەردوولا، ئەمیش بە مەبەستی خۆلادان لە دووبارەبوونەوە و کەڵکەبوون لە دەرپەڕاندنی ئەرکەکانی هەردوولادا.

**بەندی 39 ڕاپۆرتی کۆمیتە**

کۆمیتە دەبێت هەردوو ساڵ جارێک ڕاپۆرتێک دەربارەی چالاکییەکانی بدات بە کۆمەڵەی گشتی و کۆنسڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکان و ئەو زانیارییانەی کە دەستکەووتوون لە وڵاتانی بەشداربووەوە دەکرێت کۆمیتە پێشنیار و ڕێنمایی گشتی پێشکەش بکات. ئەم جۆرە پێشنیار و ڕێنماییە گشتییانە لەگەڵ ئەگەری هەبوونی سەرنج لە لایەن وڵاتانی بەشداربووەوە دەبێت بکەوێتە نێو ڕاپۆرتی کۆمیتەوە.

**بەندی 40 کۆنفرانسی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە**

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت داڕێژراوانە بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە بەندن بە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەوە لە کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربوو کۆمببن.
2. نابێت زیاتر لە شەش مانگ دوای بەکارپێکردنی ئەم پەیماننامەیە تێپەڕبێت بۆ ئەوەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنفرانسی وڵاتانی بەشداربوو ڕێکبخات. کۆبوونەوەکانی داهاتوو دەبێت هەر دوو ساڵ جارێک لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکبخرێت، یان بەپێی بڕیاری کۆنفرانسی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە.

**بەندی 41 سەرپەرشتیکەر**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بە سەرپەرشتیکەری ئەم پەیماننامەیە.

**بەندی 42 واژۆکردن**

ئەم پەیماننامەیە کراوەیە بۆ واژۆکردن لە لایەن هەموو وڵاتان و ئەو ڕێکخراوە تێکەڵڤەکردنە ناوچەییانە کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان دان لە نیویۆرک لە 30 مارس 2007 بە دواوە.

**بەندی 43 ڕەزامەندی بۆ بوون بە ئەندام**

ئەم پەیماننامەیە دەبێت فەرمییانە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان کردوە پەسەند بکرێت، پەیماننامەکە دەبێت فەرمییانە لە لایەن ئەو ڕێکخراوە تێکەڵڤەکردنە ناوچەییانە کە واژۆیان کردوە جەختی لێبکرێتەوە.

پەیماننامەکە دەبێت کراوە بێت بۆ پابەندبوون بۆ ئەو وڵاتانەی یان ڕێکخراوە تێکەڵفەکردنە ناوچەییانەی کە هێشتا واژۆی پەیماننامەکەیان نەکردوە.

**بەندی 44 ڕێکخراوە تێکەڵفەکردنە ناوچەییەکان**

1. مەبەست لە "ڕێکخراوی تێکەڵفەکردنە ناوچەیییەکان" دەبێت ڕێکخراوێک بێت کە لە لایەن ناوچەیەکی وڵاتێکی سەربەخۆوە دامەزرێندرا بێت، بە جۆرێک کە لە لایەن وڵاتی ئەندام لێپرسراوەتی کارامەیی وەرگرتبێت بەپێی ئەو پرسانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا دیاریکراوە. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە دەبێت، لە ڕێگەی بەفەرمی بوونی ئامرازی پشتگیری و ئەندامبوونیەوە، جاڕی پانتایی کارامەیی خۆی لە ئەو پرسانەی کە گرێدراوی ئەم پەیماننامەیەن بدات. ئەم ڕێکخراوانە دەبێت لە هەر گۆڕانکارییەکی واتادار لە پانتایی کارامەیی خۆیاندا ئاگاداری سەرپەرشتیکەر بکەن.
2. ئاماژەپێکردن بۆ "وڵاتە بەشداربووەکان" ی ئەم پەیماننامەیە دەبێت ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی کارامەییانەوە.
3. بەپێی ئەو مەبەستانەی کە لە بەندی 45، پەرەگرافی 1، و بەندی 47، پەرەگرافی 2 و 3 دیاریکراوە، نابێت هەر کەرەستەیەک کە لە لایەن ڕێکخراوێکی تێکەڵفەکردنی ناوچەییەوە سپێردراوە بێتە ئەژماردن.
4. ڕێکخراوی تێکەڵفەکردنە ناوچەیییەکان، لە ئەو پرسانەی کە دەکەونە چوارچێوەی کارامەییانەوە، دەکرێت مافی دەنگدانی خۆیان لە کۆنفرانسی وڵاتانی بەشداربوو تاقیبکەنەوە، بە گوێرەی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە یەکسانە لەگەڵ ژمارەی دەنگەکانی وڵاتە ئەندامبووەکانی خۆیان کە وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەن. ڕێکخراوێکی لە ئەم جۆرە نابێت مافی دەنگدانی هەبێت ئەگەر وڵاتە ئەندامبووەکەی مافی دەنگدانی خۆی بەکاربهێنێت، بە پێچەوانەوەش.

**بەندی 45 بەکاراکردن**

1. ئەم پەیماننامەیە سێزدە ڕۆژ پاش سپاردنی بیست کەرەستەی پەسەندکردن و پابەندبوون کاریپێدەکرێت.
2. پاش سپاردنی بیستەهەمین کەرەستە، هەر وڵاتێک یان ڕێکخراوێکی تێکەڵفەکردنی ناوچەیی کە پەیماننامەکە پەسەنددەکات، فەرمییانە دەیسەلمێنێت و خۆی بە پەیماننامەکەوە پابەنددەکات، پاش سێزدە ڕۆژ لە سپاردنی ئەو کەرەستانە، پەیماننامەکە دەست بەکارپێکردنی دەکرێت.

**بەندی 46 هەڵوەستە**

1. هەڵوەستەیەک کە یەکانگیر نییە لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانی ئەم پەیماننامەیە ڕێپێدراو نییە،
2. هەموو کاتێک دەکرێت پەشیمان بوونەوە لە هەڵوەستە بکرێت.

**بەندی 47 گۆڕانکاری**

1. هەر وڵاتێکی بەشداربوو دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاریەک لە ئەم پەیماننامەیە لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. سکرتێری گشتی دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکە ڕەوانەی وڵاتانی

بەشداربووی پەیماننامە بکات، لەگەڵ داواکاری سەرنجلێدان ئەگەر ئەوان داخوازی بەستنی کۆنفڕانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکەن، سەبارەت بە هەڵوێست نیشاندان و بڕیاردان لەسەر پێشنیارەکە. لە بوونی ئەم ئەگەرە، لە ماوەی چوار مانگ لە ڕۆژی ڕەوانەکردنی پەیامەکەوە، ئەگەر بە لایەنی کەم یەک لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربوو بەستنی کۆنفڕانسیان پێباش بێت، ئەوا سکرتێری گشتی بانگهێشتی کۆنفڕانسێک بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. هەر گۆڕانکاریەک لە لایەن دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی وڵاتانی بەشداربووی ئامادەبوو پەسەند بکرێت ئەوا دەبێت سکرتێری گشتی داخوازی گۆڕانکارییەکە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسەندکردنی، دواتر پەسەندکردنی لە لایەن هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە.

2. گۆڕانکارییەک کە پێشنیار کراوە و پەسەندکراوە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە دەبێت دەست بەکارپێکردنی بکرێت لە سێزدەهەمین ڕۆژەوە دوای ئەوەی ژمارەی کەرەستە پەسەندکراوەکان کە سپێردراوە دەگاتە سێ بەشی وڵاتانی بەشداربوو لە ڕۆژی پەسەندکردنی گۆڕانکارییەکەوە. دوای ئەوە، گۆڕانکارییەکە دەکرێت لە لایەن هەر وڵاتێک بێتە جێبەجێکردن لە سێزدەهەمین ڕۆژەوە دوای سپاردنی کەرەستەی پەسەندکراو. یەک گۆڕانکاری دەبێت بێتە پابەندبوون تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی کە پەسەندیان کردوە.
3. ئەگەر کۆنفڕانسی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بڕیاری ڕەزامەندی بدەن، دەبێت گۆڕانکارییەک کە پێشنیارکراوە و پەسەندکراوە بەپێی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە، کە تەنها وابەستەیە بە بەندەکانی 34، 38، 39 و 40، بێتە کارپێکردن بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە لە سێزدەهەمین ڕۆژەوە دوای ئەوەی کە ژمارەی ئەو کەرەستانەی کە پەسەندکراوی سپێردراوە دەگاتە دوو لەسەر سێی ژمارەی وڵاتانی بەشداربوو پەیماننامە لە ڕۆژی پەسەندکردنی گۆڕانکارییەکەوە.

**بەندی 48 چوونە دەرەوە**

وڵاتێکی بەشداربوو دەتوانێت لە ڕێگەی نووسینی داواکارییەکەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای چوونەدەرەوە لە پەیماننامە بکات. داواکارییەکە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک لە ڕۆژی ڕەزامەندبوونی سکرتێری گشتییەوە، دەست بەکارپێکردنی دەکرێت.

**بەندی 49 فۆرماتی دەسترەسبوو**

نووسراوی "تێکستی" ئەم پەیماننامەیە دەبێت بە فۆرماتی دەسترەسبوو فەراهەمبێت.

**بەندی 50 تێکستی فەراهەمکراو**

تێکستی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕوسی و ئیسپانی ئەم پەیماننامەیە وەکو یەک دروستن.
بۆ جەختکردنەوە ئەوا لێرەدا واژۆکەرانی دەزگاکانی پەیوەنداری هەر یەک لە ئەم وڵاتانە پەیماننامەکەیان واژۆکرد.

## پرۆتۆکۆڵی هاوپێچکراو بۆ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا

ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە ئەم پرۆتۆکۆڵەدا لەسەر ئەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:

### بەندی 1

1. وڵاتێک کە بەشدارە لە ئەم پرۆتۆکۆڵە "وڵاتی بەشداربوو" داندەهێنێت بە کارامەیی کۆمیتەی مافەکانی کەسانی کەمتوانا "کۆمیتە" بۆ وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی داواکاری/سکاڵا لە یان لەبری کەسانی تەنها یان کۆمەڵێک لە کەسانی تەنها کە دەکەونە ژێر چواچێوەی یاسایی کۆمیتەوە و کە دبێژن لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووی دیاریکراو بەپێی پەیڕەوەکانی ئەم پەیماننامەیە تووشی سووکایەتیپێکردن هاتوون .
2. کۆمیتە هیچ داواکارییەک/سکاڵانامەیەک وەرناگرێت، ئەگەر سکاڵاکە دەربارەی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بێت، کە گرێدراو نەبێت بە ئەم پرۆتۆکۆڵەوە.

### بەندی 2

کۆمیتە سکاڵانامەکە لە ئەم بارانەی خوارەوە بە نابەجێ دەزانێت:

a. ئەگەر پەیوەندگری/پەیوەندگرانی سکاڵانامەکە نادیار بێت/بن،
b. کاتێک سکاڵانامەکە ببێتە هۆی خراپەکاری لە مافەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سکاڵانامانە یان یەکانگیر نەبێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە،
c. ئەگەر پێشتر هەمان بابەت لە لایەن کۆمیتەوە هاتبێتە هەڵسەنگاندن یان هەر ئێستا یان لە لایەکی تر هاتبێتە ژێر پرۆسەی لێکۆڵینەوە یان پێوانەکردنی نێونەتەوەییەوە،
d. کاتێک سکاڵانامەکە بەسەر هەموو کەرەستەکانی یاسایی فەراهەمکراوی نەتەوەییدا تێپەڕنەبووبێت. ئەمە نابێت ببێت بە ڕێسا ئەگەر جێبەجێ کردنی کەرەستەکانی یاسایی بێهودە زۆر درێژە بکێشێت یان کاریگەرییەکی بایەخداریان نەبێت،
e. یان سکاڵانامەکە بە ئاشکرا بێ بناغە بێت یان زۆر پتەو نەبێت،
f. کاتێک ئەو ڕاستییانەی کە سکاڵانامەکە باسی لێدەکات پێش دەست بەکارکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵە بۆ وڵاتی بەشداربووی دیاریکراو ڕوویدابێت، تشتێکی ترە ئەگەر ڕەوشەکە دوای ئەم بەروارە بەردەوام بێت.

### بەندی 3

بەوابەستەبوون بە پەیڕەوەکانی بەندی 2 ی ئەم پرۆتۆکۆڵە، دەبێت هەر سکاڵانامەیەک کە کۆمیتە وەریگرتووە بە نهێنی بیدات بەو وڵاتی بەشداربووی پرۆتۆکۆڵ کە سکاڵانامەکە دەربارەیەتی. لە ماوەی شەش مانگ دەبێت وڵاتی بەشداربووی دەستنیشانکراو بە نووسین ڕوونکردەوەکانی نیشانی کۆمیتە بدات یان دەبێت

بە ڕاگەیاندنێک گرفتەکە ڕۆشن بکات، هەروەها دەبێت باس لە ئەگەری کردنی هەر چارەسەرکردنێک کە گیراوەتەبەر بکات.

**بەندی 4**

1. لە هەر دەمێکدا پاش وەرگرتنی سکاڵانامە و پێش بڕیاردان لەسەر بابەتەکە، کۆمیتە دەتوانێت داوا لە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیداری پرۆتۆکۆڵ بکات کە بە پەلە هەندێک پێوەری کورتخایەن بگرنەبەر کە لەوانەیە پێویست بێت بۆ دوورخستنی ئەو کەسە زیان لێکەووتووە/لێکەووتووانە کە سووکایەتی/یان پێکراوە، لە ئەگەری هەر ئازارێک کە سارێژکردنی ئەستەم بێت،
2. کاتێک کۆمیتە لێپرسراویەتی خۆی بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە تاقیدەکاتەوە، واتای هەڵوێست وەرگرتن یان هەڵسەنگاندن لە پرسی سکاڵانامەیەک ناگەیەنێت.

**بەندی 5**

بەپێی ئەم پرۆتۆکۆڵە، کۆمیتە کۆبوونەوەی داخراو بۆ شرۆڤەکردنی سکاڵا سازدەدات. پاش شرۆڤەکردنی سکاڵانامەیەک دەبێت کۆمیتە پێشنیار و ڕێنماییەکانی، ئەگەر هەبێت، بدات بە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار و لایەنی سکاڵاکەر.

**بەندی 6**

1. ئەگەر کۆمیتە زانیاری باوەڕپێکراوی دەربارەی وڵاتێکی بەشداربووی پرۆتۆکۆڵ پێبگات کە ئاماژە بە سووکایەتی پێکردنی سیستەماتیکی یان زبر دژی ئەو مافانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە بکات، ئەوا کۆمیتە دەبێت بانگهێشی وڵاتی بەشداربوو بۆ هاوکاریکردن دەربارەی تاقیکردنەوەی ئەم زانیارییانە بکات و لە ئەم ڕوانگەیەشەوە دەبێت تێبینی دەربارەی زانیارییەکان بدات.
2. لە ئەگەری هەبوونی تێبینی لە لایەن وڵاتی بەشداربووی پەیوەندار و زانیاری باوەڕپێکراوی تری دەستکەوتوو، ئەوا کۆمیتە لەوانەیە یەک یان زیاتر لە ئەندامەکانی دەستنیشان بکات بە مەبەستی سازدانی لێکۆڵینەوە و ڕەوانەکردنی خێرای ڕاپۆرت بۆ کۆمیتە. کاتێک بە پەسەند زانرا و وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار ڕەزامەند بوو، ئەوا لێکۆڵینەوەکە دەکرێت گەشتێک بۆ ناوچەکانی وڵاتی بەشداربووی پەیوەندار بگرێتەخۆ.
3. دوای وردبوونەوە لە ئەنجامی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، دەبێت کۆمیتە ئەم ئەنجامانە، لەگەڵ ئەگەری بوونی سەرنج و ئامۆژگاری خۆی، بدات بە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار.
4. وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا، دوای وەرگرتنی ئەنجام و سەرنج و ئامۆژگارییەکانی کۆمیتە، گوتاری خۆی لە ئەم بارەوە بدات بە کۆمیتە.
5. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبێت ڕاستگۆیانە جێبەجێ بکرێت و دەبێت هاوکاری لە هەموو قۆناغەکانی کرداردا لە وڵاتی بەشداربووی پرۆتۆکۆڵ داوابکرێت.

**بەندی 7**

1. کۆمیتە لەوانەیە داوا لە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندداری پرۆتۆکۆڵ بکات کە، بەپێی بەندی 35 ی ئەم پەیماننامەیە لە ڕاپۆرتی خۆی، زانیاری وردودرشت دەربارەی ئەگەری هەر پێوەرێک کە گیرابێتەبەر وەکو بەرسڤێک بۆ لێکۆڵینەوەیەک کە کرابێت بەپێی بەندی 6 ی ئەم پرۆتۆکۆڵە دیاری بکات.
2. کۆمیتە لەوانەیە، ئەگەر پێویست بکات، دوای کۆتایی پێهاتنی ماوەی ئەو شەش مانگەی کە ئاماژەی پێکراوە بەپێی بەندی 6.4، داوای خستنەڕووی زانیاری لە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیداری پرۆتۆکۆڵ، دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە گرتویەتییەبەر وەکو کاردانەوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکە، بکات.

**بەندی 8**

هەر وڵاتێکی بەشداربوو بۆی هەیە، لە کاتی واژۆکردن، پەسەندکردن یان پابەندبوون بە ئەم پرۆتۆکۆڵەوە، باوەڕنەبوونی خۆی بۆ کارامەیی ئەم کۆمیتەیە بەپێی بەندی 6 و 7 نیشانبدات.

**بەندی 9**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بە سەرپەرشتیکەری ئەم پرۆتۆکۆڵە.

**بەندی 10**

ئەم پرۆتۆکۆڵە دەبێت کراوە بێت بۆ واژۆکردن لە لایەن واژۆکەرانی وڵاتەکان و ڕێکخراوی تێکەڵڤەکردنی ناوچەییەکانی پەیماننامە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لە 03، 30، 2007.

**بەندی 11**

ئەم پرۆتۆکۆڵە دەبێت پەسەندبکرێت لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان کردوە، هەروەها کە پەیماننامەکەیان پەسەندکردوە و خۆیان پابەندکردوە پێی. ئەم پرۆتۆکۆڵە دەبێت بە فەرمی لە لایەن ڕێکخراوە تێکەڵڤەکردنە ناوچەییەکانەوە، کە باوەڕیان پێکراوە و خۆیان بە پەیماننامەکە پابەندکردوە، باوەڕی پێبهێنرێت. پرۆتۆکۆڵەکە دەبێت کراوە بێت بۆ پابەندبوون لە لایەن هەر وڵاتێک یان ڕێکخراوێکی تێکەڵڤەکردنی ناوچەیی، کە بە فەرمی پەیماننامەکەی پەسەندکردوە، باوەڕی پێهێناوە و پێی پابەندبووە، کە تاکو ئێستا پرۆتۆکۆڵەکەی واژۆنەکردوە.

**بەندی 12**

1. "ڕێکخراوەی تێکەڵڤەکردنی ناوچەیی" دەبێت واتای ڕێکخراوێک بدات کە لە لایەن وڵاتێکی سەربەخۆوە و بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوی دامەزرێنرابێت، بە جۆرێک کە وڵاتی ئەندامبوو لە ڕوانگەی ئەو پرسانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەوە کارامەیی پێبەخشی بێت. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە

دەبێت، لە ڕێگەی کەرەستەکانیان و بە فەرمی باوەڕهێنان و پابەندبوونیان، جاڕی پانتایی کارامەییان لە ڕوانگەی ئەو بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەوە بدەن. دواتر دەبێت لە هەر گۆڕانکارییەکی واتادار لە پانتایی کارامەییاندا ئاگاداری سەرپەرشتیکەر بکەن.

2. ئاماژەکردن بە "وڵاتانی بەشداربوو" لە ئەم تێکستەدا دەبێت ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بگرێتەوە کە دەکەونە ناو سنووری کارامەییانەوە.
3. بۆ ئەو مەبەستانەی کە لە پەرەگرافی 1 بەندی 13، پەرەگرافی 2 بەندی 15، ڕوونکراوەتەوە هەر کەرەستەیەک کە لە لایەن ڕێکخراوێکی تێکەڵڤەکردنی ناوچەییەوە سپێردراوە ناهێتە ئەژماردن.
4. ڕێکخراوەکانی تێکەڵڤەکردنی ناوچەیی دەتوانن، لە ئەو بابەتانەی کە دەکەونە ناو چوارچێوەی کارامەییەکانیانەوە، لە کۆبوونەوەکانی وڵاتانی بەشداربوو مافی دەنگدان تاقیبکەنەوە، بە جۆرێک کە ژمارەی دەنگەکانی ئەوان یەکسان بێت بە ئەو ژمارانەی کە وڵاتەکانیان هەیانە و بەشدارن لە ئەم پرۆتۆکۆڵە. ڕێکخراوێکی لە ئەم جۆرە نابێت مافی دەنگدان تاقیبکاتەوە ئەگەر وڵاتە ئەندامبووەکەی مافی دەنگدانی تاقیکردبێتەوە، بە پێچەوانەش.

## بەندی 13

1. بە مەرجی دەست بەکارپێکردنی پەیماننامە، دەبێت ئەم پرۆتۆکۆڵە پاش سێزدە ڕۆژ لە دوای سپاردنی دەهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون کارپێبکرێت.
2. هەر وڵاتێکی یان ڕێکخراوێکی تێکەڵڤەکردنی ناوچەیی کە ئەم پرۆتۆکۆڵە پەسەنددەکات، دواتر لە پاش سپاردنی دەهەمین کەرەستە خۆی پێ پابەنددەکات ، ئەوا پرۆتۆکۆڵ لە پاش سێزدە ڕۆژ لە سپاردنی کەرەستەی وڵاتەکە یان ڕێکخراوەکە بەکارادەکرێت.

## بەندی 14

1. هەڵوەستەیەک کە یەکانگیر نییە لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانی ئەم پرۆتۆکۆڵە ڕێپێدراو نییە،
2. هەموو کاتێک دەکرێت پەشیمان بوونەوە لە هەڵوەستە بکرێت.

## بەندی 15

1. هەر وڵاتێکی بەشداربوو دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاریەک لە ئەم پرۆتۆکۆڵە لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. سکرتێری گشتی دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکە ڕەوانەی وڵاتانی بەشداربوو بکات، لەگەڵ داواکاری سەرنج لێدان ئەگەر ئەوان داخوازی بەستنی کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربوو بکەن بۆ هەڵوێست نیشاندان و بڕیاردان لەسەر پێشنیارەکە. لە بوونی ئەم ئەگەرە، لە ماوەی چوار مانگ لە ڕۆژی ڕەوانەکردنی پەیامەکەوە، ئەگەر بە لایەنی کەم یەک لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربوو بەستنی کۆنفرانسیان پێباش بێت، ئەوا سکرتێری گشتی بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی کۆنفرانسێک دەکات. هەر گۆڕانکاریەک لە لایەن دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی وڵاتانی بەشداربووی ئامادەبوو پەسەند بکرێت ئەوا دەبێت سکرتێری گشتی داخوازی گۆڕانکارییەکە بخاتە بەردەم

ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسەندکردنی، دواتر پەسەندکردنی لە لایەن هەموو وڵاتانی بەشداربووی پڕۆتۆکۆڵەوە.

2. گۆڕانکارییەک کە پێشنیار کراوە و پەسەندکراوە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە دەبێت بەکارا بکرێت لە سێزدەهەمین ڕۆژەوە دوای ئەوەی ژمارەی کەرەستەکانی پەسەندکراو کە سپێردراوە دەگاتە دوو بەشی وڵاتانی بەشداربووی پڕۆتۆکۆڵ لە ڕۆژی پەسەندکردنی گۆڕانکارییەکەوە. دوای ئەوە، گۆڕانکارییەکە دەکرێت لە لایەن هەر وڵاتێک بهێتە جێبەجێکردن لە سێزدەهەمین ڕۆژەوە دوای سپاردنی کەرەستەی پەسەندکراو. یەک گۆڕانکاری دەبێت بهێتە پابەندبوون تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی کە پەسەندیان کردوە،

### بەندی 16

هەر وڵاتێکی بەشداربوو دەتوانێت لە ڕێگەی نووسینی داواکارییەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان چوونەدەرەوەی خۆی لە پڕۆتۆکۆڵ ڕابگەیەنێت. داواکارییەکە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک لە وەرگرتنی لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بەکارا دەکرێت.

### بەندی 17

نووسراوی "تێکستی" ئەم پڕۆتۆکۆڵە دەبێت بە فۆڕماتی دەستڕەسبوو فەراهەم بێت.

### بەندی 18

تێکستی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی و ئیسپانی ئەم پڕۆتۆکۆڵە وەکو یەک دروستن.
بە مەبەستی جەختکردنەوە ئەوا واژۆکەرانی دەزگاکانی پەیوەندیداری هەر یەک لە ئەم وڵاتانە پڕۆتۆکۆڵەکەیان واژۆکرد.

# پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی پارێزگاریکردنی هەموو مرۆڤێک لە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە

**پێشەکی**

وڵاتانی بەشداربووی ئەم پەیماننامەیە،

**پەرەپێدانی**، ڕێزی گشتی و ڕەچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، بەپێی پابەندبوونیان بە پرینسیپە ڕاگەیەندراوەکانی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان، **بە ئەرکی خۆیان دەزانن.**

**ڕێزدەگرن** لە جاڕنامەی گشتی مافەکانی مرۆڤ،

**بڕوابوونی خۆیان دووپات دەکەنەوە بە**، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی ئابووری، جڤاکی و کەلتوری، هەروەها پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری، هەروەها ئامرازەکانی تری نێونەتەوەیی لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ، یاساکانی مرۆیی و یاساکانی تاوانی نێونەتەوەیی،

**هەروەها بڕوابوونی خۆیان دووپات دەکەنەوە بە**، جاڕی پارێزگاریکردنی هەموو مرۆڤێک دژ بە بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە کە بەپێی پێشنیاری 133/47 بەرواری 18–12–1992 ی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندکراوە،

**ئاگادارن**، بە هەستیاری لە ڕادەبەدەری بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە، کە تاوان پێک دەهێنێت هەروەها، لە هەندێک ڕەوشدا بەپێی یاساکانی نێونەتەوەیی، وەکو تاوان دژ بە مرۆڤایەتی پێناسەدەکرێت،

**سوورن لە**، ڕێگرتن لە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە و بەرانگاربوونەوەی ئەوانەی کە بێباکانە تاوانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە ئەنجام دەدەن،

**بڕوادەهێنن بە**، مافی هەر مرۆڤێک کە بەر شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە نەکەوێت، هەروەها بە مافی قوربانیان لە دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە،

**چەسپاندنی** مافی هەر قوربانییەک لە زانینی ڕاستی دەربارەی ڕەوشی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە و چارەنووسی کەسی بێسەروشوێنکراو، لە مافی ئازادی بەدواگەڕان، وەرگرتن و ناردنی زانیاری بۆ ئەم مەبەستە،

لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکدەکەون:

**بەشی یەکەم**

**بەندی 1**

1. نابێت هیچ کەسێک بەر شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە بکەوێت.
2. نابێت هیچ ڕەوشێکی ئاوارتەکراو، ئینجا هەرچییەک بێت، بوونی وڵات لە باری جەنگدا یان لەژێر هەڕەشەی جەنگدا، هەبوونی سیاسەتی ناوخۆی ناجێگیر یان هەر ڕەوشێکی نالەباری گشتی تر، بکرێت بە بیانوو بۆ بەدادپەروەریی کردنی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە.

**بەندی 2**

بۆ مەبەستی ئەم پەیماننامەیە، "بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە" بە واتای گرتن، زیندانی کردن، ڕفاندن یان هەر شێوەیەکی تری ئازادی لێسەندن دێت کە لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەت دەکرێت یان لە لایەن کەسان یان چەند کۆمەڵە کەسانێکەوە دەکرێت کە لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتدا کاردەکەن، یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیریان دەکرێت یان هاوکاریان دەکرێت، دواتر نکوڵی لە ئازادی لێسەندنی یان داپۆشینی چارەنووسی یان زانیاری دەربارەی کەسی بێ سەروشوێنکراو دەکەن، بە جۆرێک ئەم کەسە دەخەنە دەرەوەی چوارچێوەی پارێزگاریی یاساییەوە.

**بەندی 3**

هەموو وڵاتێکی بەشدار پێوەری گونجاو دەگرێتەبەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەو کردەوانەی کە بەپێی بەندی دوو لە لایەن کەسانێک یان کۆمەڵە کەسانێک ئەنجامدراوە کە بەبێ فەرمانی، پشتگیری یان هاوکاری دەوڵەت کرداریان کردوە، هەروەها هێنانی کەسانی لێپرسراو بۆ دادگایی کردن.

**بەندی 4**

دەبێت هەموو وڵاتانی بەشداربوو پێوەری پێویست بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە بەپێی یاساکانی تاوان بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە تاوان پێکدەهێنێت.

**بەندی 5**

بەپێی یاساکانی نێونەتەوەیی کردەوەی سیستەماتیکیانە و بەربڵاوی بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، هەروەها دەبێت دەرئەنجامەکانی بکەوێتە ژێر ڕکێفی جێبەجێ کارییەکانی یاساکانی نێونەتەوەییەوە.

**بەندی 6**

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ گرتنی تاوانبارانی لێپرسراو، بە لایەنی کەمەوە:
a. هەر کەسێک کە کردەوەی، فەرمانی، پشتگیری بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە بکات، یان دەستخۆشی لە کۆمیتەی جێبەجێ کاری یان هەوڵی کردنی یان یارمەتی یان بەشداری لە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە بکات.
b. لێپرسراوێکی بەرز کە:
i. زانیبێتی، یان بە ئاگادارییەوە ڕەچاوی ئەو جۆرە زانیارییەی نەکردبێت کە ئاشکرا ئاماژە بە ئەوە دەکات کە، لێپرسراوانی نزمتر لە ژێر فەرماندەیی و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەودا تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانەیان ئەنجام دابێت یان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم کردەوەدا بن،
ii. لێپراسراوی جێبەجێکەری کاریگەر بووە و دەسەڵاتی هەبووە بەسەر ئەو هەموو چالاکییانەی کە دەکەوێتە خانەی تاوانەکانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانەوە، هەروەها
iii. نەیخواستبێت هەموو پێوەرێکی پێویست و لێپرسراوانە بگرێتەبەر کە لە توانای ئەودا بووبێت بۆ ڕێگەگرتن یان بەرپەرچدانەوەی ئەو کۆمیتەیەی کە کردەوەی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە دەکات، یان ئەم گرفتەی نەگەیاندبێت بە دەسەڵاتەکانی سەرووی خۆیەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن.
c. نیمچەپەرەگرافی (b) سەرەوە، بەپێی یاساکانی گونجاوی نێونەتەوەیی، بێ پێشداوەری بۆ پلە و پایە و لێپرسراوەتی بەرز دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەچەسپێندرێت بەسەر سەرکردە سەربازییەکان یان بەسەر ئەو کەسەی کە وەکو کەسێکی سەربازی کاریگەرانە هەڵسوکەوتی کردبێت.
2. فەرمانی یان ڕێنمایی لە دەسەڵاتی گشتی، مەدەنی، سەربازی یان هەر چییەکی تر، نابێت بکرێت بە بیانوو بۆ بەداپەروەرکردنی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە.

**بەندی 7**

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە سزادراو بکات، ئەویش بە دانانی سزای گونجاو بەپێی ڕێژەی سەختی تونڕەوییەتییەکەی.
2. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەتوانێت ئەمانەی خوارەوە دابمەزرێنێت:
a. بنکەی پێدانی یارمەتی و بەخشینی زانیاری، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە، دەستنیشانی کۆمیتەی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەیان کردبێت، کاریگەرانە بەشداربوون لە هێنانەوەی کەسانی بێسەروشوێن کراو بە زیندوویەتی یان توانای ڕوونکردنەوەی دۆخەکانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەیان هەبێت یان توانای دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەیان هەبێت،
b. بنکەی خراپبوونی ڕەوش، بێ پێشداوەری بۆ هەر هەنگاوێکی پرۆسەی تاوانباری تر، بە تایبەتی لە ئەگەری کوژرانی کەسی بێسەروشوێن کراو یان دامەزراندنی کۆمیتەیەک بۆ بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە لە ڕوانگەی ڕێزگرتن لە ئافرەتی دووگیان، منداڵان، کەسانی کەمتوانا یان کەسانی تر کە زۆر لاوازن.

**بەندی 8**

**بێ ڕەچاوگرتنی بەندی 5،**

1. **ئەو وڵاتەی کە بەپێی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە "دادگایی دیاریکراو *Statute of limitation*" دادەمەزرێنێت دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە سنووردارکردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی تاوانباری:**

a. **ماوەی درێژە و بەپێی سەختی تاوانەکە گونجاوە،**

b. **دەست پێکردن لە ئەو ساتەوە دەخەمڵێنرێت کە تاوانی کەیسەکانی بێسەروشوێن کراوی زۆردارانە دەچێتە چوارچێوەی بەردەوامییەوە.**

2. **لە ئەو ماوەیەی کە پێی دەگوترێت سنووردارکردن دەبێت هەموو وڵاتێکی بەشداربوو گەرانتی بدات بە مافی قوربانیانی بێسەروشوێن کراوی زۆردارانە لە باشترکردنی کاریگەرانەی ڕەوشەکەیان.**

**بەندی 9**

1. **هەموو وڵاتێکی بەشداربوو هەموو پێوەرێکی پێویست دەگرێتەبەر بۆ بەکارهێنانی تواناکانی لە جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی یاسایی سەبارەت بە تاوانەکانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە:**

a. **لە ئەو کاتەی کە تاوانەکە لە ناوچەی ژێر فەرمانڕەوایی یاسایی ئەو وڵاتەدا ئەنجام درابێت یان لە نێو کەشتییەک یان فرۆکەیەک کە بە ناوی ئەو وڵاتەوە تۆمارکرابێت،**

b. **یان تاوانبارانی گومانلێکراو هاووڵاتی ئەو وڵاتە بن،**

c. **یان کەسی بێسەروشوێن کراو هاووڵاتی ئەو وڵاتە بێت و وڵاتی بەشداربوو بە بایەخەوە بۆی بڕوانێت.**

2. **بە هەمان شێوە هەموو وڵاتێکی بەشداربوو پێوەری لە ئەم چەشنە، ئەگەر پێویست بکات، دەگرێتەبەر بۆ دامەزراندنی جێبەجێکارییەکانی یاسایی بەسەر تاوانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەدا لە کاتێکدا ئەگەر تاوانباری گومانلێکراو لە هەر ناوچەیەکی ژێر دەستەڵاتی یاسایی ئەودا نیشتەجێ بێت، بەڵام نەک لە ڕەوشێکدا ئەگەر ئەو کەسە خۆی ڕادەستی یان خۆی بدات بەدەست وڵاتێکی ترەوە بەپێی مەرجەکانی نێونەتەوەیی یان خۆی بدات بەدەست دادگای تاوانی نێونەتەوەیی کە بەپێی یاسا باوەری پێهێنراوە.**

3. **ئەم پەیماننامەیە هیچ جێبەجێ کردنێکی یاسایی تر بەدەر ناکات کە هاوتەریبە لەگەڵ یاساکانی نیشتمانیدا.**

**بەندی 10**

1. **دوای دڵنیابوون لە تاقیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدا هەن، لە ئەوەی کە ڕەوشەکە وا دەسەلمێنێت، هەموو وڵاتێکی بەشداربوو کە لە ناوچەیەکیدا کەسێکی گومانلێکراو بە تاوانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە هەبێت دەبێت ئەو کەسە ڕاپێچی گرتووخانە بکات یان دەبێت کردەوەی پێویستی یاسایی تری لەگەڵدا ئەنجام بدات بەمەبەستی مانەوەی ئەو کەسە. گرتووخانە و هەر**

پێوەرێکی تری یاسایی دەبێت بە پشتیوانی یاسای ئەو وڵاتە ئەنجام بدرێت و دەبێت بەردەوام بێت تاکو ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ دڵنیابوون لە ئامادەیی کەسەکە لە هەنگاوەکانی پرۆسەی دادگایی، خۆبەدەستەوەدان یان ڕادەستکردنی بۆ وڵاتێکی تر.

2. وڵاتێکی بەشداربوو کە پێوەری بەپێی پەرەگرافی یەکی ئەم بەندە گرتۆتەبەر دەبێت یەکسەر لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەیەکی سەرەتاییانە بۆ دامەزراندنی ڕاستییەکان ئەنجامبدات. ئەو وڵاتی بەشداربووە دەبێت وڵاتانی تری بەشداربوو، کە لە پەرەگرافی 1 ی بەندی 9 ئاماژەی پێکراوە، دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە گیراونەتەبەر، بەپێی مەبەستەکانی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە، ئاگاداربکات، ئەمەش گرتن و ڕەوشی فەرمانی گرتن، هەروەها دۆزینەوەی سەرەتاکانی لێپێچینەوە یان لێکۆڵینەوە، دەگرێتەخۆ، هەروەها بە ئاماژەدان بە ئەوەی ئەگەر ئەو وڵاتە بە تەمای جێبەجێ کردنی یاساکانی خۆیەتی یان نەء.

3. هەر کەسێک کە، بەپێی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە، لە گرتووخانە دەستبەسەرە دەتوانیت یەکسەر پەیوەندی بە نزیکترین نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە بکات کە ئەو هاووڵاتییە لێی، یان ئەگەر کەسەکە بێ وڵات بێت، دەتوانێت بە نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە پەیوەندی بگرێت کە ئاساییانە نیشتەجێیە لێی.

### بەندی 11

1. ئەگەر لە دەڤەرێکی یاسایی وڵاتێکی بەشداربوو کەسێک هەبێت کە گومانی لێ بکرێت کرداری بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەی ئەنجامدابێت دەبێت، ئەگەر ئەو کەسە ڕادەست نەکرێت یان کەسەکە خۆی نەدات بەدەست وڵاتێکی ترەوە بەپێی مەرجەکانی نێونەتەوەیی یان ئەگەر کەسەکە خۆی نەدات بەدەست دادگای تاوانی نێونەتەوەیی کە یاسایانە باوەڕپێکراوە، ئەرکی گرتنی ئەو کەسە بە مەبەستی دادگایی کردنی بە فەرمانڕەوایەتییەکی کارامە بسپێرێت.

2. ئەم فەرمانڕەوایەتییانە دەبێت بەپێی یاسای نیشتمانی خۆیان بڕیار بە هەمان شێوە بدەن کە سەبارەت بە هەر تاوانێکی ئاسایی ترە کە خاوەن خەسڵەتی مەترسیدارە. بەپێی ئەو کەیسانەی کە لە پەرەگرافی 2 لە بەندی 9 ئاماژەی پێکراوە، ئەوا ستانداردەکانی بەڵگەهێنانەوە کە پێویست دەکات بۆ دادگایی کردن و تاوانبارکردن نابێت بە هیچ شێوەیەک لە ئەو بەڵگانەی کە دەچەسپێنرێت بەسەر ئەو کەیسانەی کە لە پەرەگرافی 1 ی بەندی 9 ئاماژەی پێکراوە کەمتر بێت.

3. هەر کەسێک کە هەنگاوەکانی دادگاییکردنی بە تاوانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە پەیوەست کرابێت دەبێت مامڵەیەکی دادپەروەرانەی لە گشت هەنگاوەکانی دادگایی کردندا بۆ مسۆگەربکرێت. هەر کەسێک بە تاوانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە دادگایی بکرێت دەبێت سوود لە دادگایەکی دادپەروەر، کارامە، سەربەخۆ و بێلایەن کە یاساییانە دامەزرێندراوە، وەربگرێت.

### بەندی 12

1. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت هەموو تاکە کەسێک، کە بێژێت کەسێک تووشی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە بووە، دڵنیابکات لە ئەوەی کە مافی هەیە ڕاپۆرتێک دەربارەی ڕاستییەکان بدات بە فەرمانڕەوایەتییەکی باوەڕپێکراو، کە هەڵدەستێت بە تاقیکردنەوەی خێرا و بێ لایەنانەی ئەم دەنگۆیە، هەروەها ئەگەر پێویست بکات، دەبێت بەبێ چاوەڕوانی هەڵبستێت بە لێکۆڵینەوەیەکی

بێلایەنانە بە نێو زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکەدا. هەنگاوی پێویست دەبێت بگیرێتەبەر، هەر دەمێک پێویست بێت، بۆ دڵنیابوون لە پارێزگاریکردنی سکاڵاکەر، گەواهیدەران، خزمەکانی کەسی بێ سەروشوێن کراو و کۆنسڵی پارێزەری کەسی بێسەروشوێن کراو، هەروەها کەسانی تر کە بەشداردەبن لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە دژ بە هەر مامڵەیەکی خراپ یان هەڕەشەیەک وەکو دەرئەنجامێک بۆ سکاڵاکردنەکە یان هەر بەڵگەیەکی تر کە بەخشرابێت.

2. هەر ساتێک بناغەی بەهێزی باوەڕپێکراو هەبوو لە ئەوەی کە کەسێک کەوتۆتە بەر شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەوە، دەبێت فەرمانڕەوایەتی کە لە پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە لێکۆڵینەوە دەست پێبکات، تەنانەت ئەگەر بە فەرمی سکاڵا نەکرابێت.
3. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی بدات لە ئەوەی کە فەرمانڕەوایەتییەکان کە لە پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە ئاماژەی بۆ کراوە:

a. دەستەڵات و سەرچاوەی پێویستیان دەبێت بۆ ئەوەی کاریگەرانە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە ئەنجام بدەن، ئەمەش دەستڕەسی بەسەر دۆکۆمێنت و هەر زانیارییەکی تر کە گونجاو بێت بۆ لێکۆڵینەوە دەگرێتەخۆ.

b. دەستڕەسی، ئەگەر پێویست بکات بە موڵەتی پێشدەم لە لایەن فەرمانڕەوایەتییەکی یاساییەوە کە یەکسەر ئەرکی گرفتەکە دەگرێتەخۆ، هەیە بەسەر هەر شوێنێکی گرتووخانە یان هەر شوێنێکی تر کە بناغەی باوەڕپێکراوی پتەو هەبێت کە کەسی بێ سەروشوێن کراو لە ئەوێ بێت.

4. هەر وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بەرامبەر هەر ڕێگرتنێک یان هەر کردەوەیەکی گەمارۆدراوانە کە بەرهەڵستی دەخاتە بەردەم لێکۆڵینەوە. ئەم وڵاتانە دەبێت دڵنیایی بدەن کە کەسانی گومانلێکراو بە کردنی تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە، نابێت لە پلەوپایەیەکدا بن کە کاریگەریان هەبێت بەسەر ئەو پێشکەوتنانەی کە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت، ئەویش لە ڕێگەی تەوژم خستنەسەر یان کرداری هەڕەشە و تۆڵە دژ بە سکاڵاکەر، گەواهیدەران، خزمەکانی بێسەروشوێن کراو یان لیژنەی پارێزەر، یان ئەو کەسەی کە بەشداری دەکات لە لێکۆڵینەوەدا.

**بەندی 13**

1. بە مەبەستی ڕادەستی لە نێوان وڵاتانی بەشداربوو، نابێت تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە وەکو تاوانی ڕامیاری بخەمڵێنرێت یان وەکو تاوانێک کە گرێدرابێت بە تاوانی ڕامیارییەوە یان وەکو تاوانێک کە بە ئامانجی ڕامیارییەوە جۆش درابێت. بە ئەم جۆرە، هەر داواکارییەکی ڕادەستدان کە تەنها لە سەر ئەم جۆرە تاوانە بناغەی گرتبێت نابێت پەسەندنەکرێت.
2. تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە دەبێت وەکو "تاوانی ڕادەستدان" هەڵبسەنگێنرێت و دەبێت بکەوێتە نێو هەر پەیماننامەیەکی ڕادەستدان کە لە نێوان وڵاتانی بەشداربوودا هەبێت پێش ئەوەی ئەم پەیماننامەیە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. "تاوانی ڕادەستدان" بە واتای ئەوە دێت ئەگەر کەسێک لە وڵاتێک تاوانێکی ئەنجام گەیاند دواتر لە وڵاتێکی تر دەستبەسەر کرا، ئەوا وڵاتی دووهەم دەتوانێت ئەم کەسە ڕادەستی ئەو وڵاتە بکات کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە.
3. وڵاتانی بەشداربوو بەڵێن دەدەن کە تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە وەکو "تاوانی ڕادەستدان" هەڵبسەنگێنرێت و بکەوێتە نێو هەر پەیماننامەیەکی ڕادەستدان کە پاشتر لە نێوانیاندا پێکبهێنرێت.

4. ئەگەر وڵاتێکی بەشداربوو ڕادەستدان لەسەر بناغەی هەبوونی پەیماننامەیەک مەرجداربکات، دواتر داواکارییەکی ڕادەستدانی لە وڵاتێکی تر پێبگات کە پەیمانی ڕادەستدانی لەگەڵدا نییە، ئەوا ئەو وڵاتە لە ڕوانگەی تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانەوە دەتوانێت ئەم پەیماننامەیە وەکو پێویستییەکی یاسایی بکات بە بناغە بۆ ڕادەستدان.
5. وڵاتانی بەشداربوو کە ڕادەستدان لەسەر بناغەی هەبوونی پەیماننامەیەک لە نێوانیاندا مەرجدار ناکەن ئەوا دەکرێت تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانە وەکو "تاوانی ڕادەستدان" لە نێوان خۆیاندا بژمێرن.
6. لە هەر ڕەوشێکدا دەبێت ڕادەستدان گرێدراوی ئەو مەرجە یاساییانە بێت کە لە لایەن وڵاتی بەشداربووی داوالێکارەوەوە هەیە یان بەپێی مەرجی نێو پەیمانی ڕادەستدان کە لە نێوانیاندا هەیە، ئەمیش، بە تایبەتی، مەرجەکانی گرێدراو بە کەمترین سزا کە پێویست بکات بۆ ڕادەستدان دەگرێتەخۆ و هەروەها ئەو بناغانەی کە لەوانەیە وڵاتی بەشداربووی داوالێکراو ڕادەستدان پەسەند نەکات یان گرێی بدات بە هەندێک مەرجەوە.
7. نابێت هیچ لە ئەم پەیماننامەیە وا شرۆڤەبکرێت کە مەرجی یاسایی یان ڕەوشتی دەسەپێنێت بەسەر ڕادەستدان ئەگەر وڵاتی داوالێکراو بناغەی باوەڕپێکراوی پتەوی هەبوو لە ئەوەی کە ئەم داواکارییە بە مەبەستی دادگایی کردنی یان سزادانی کەسێک کراوە کە بناغەکەی لەسەر ڕەگەزە، نەژادە، ئاینە، نەتەوەیە، ئێتنیکە، بۆچوونی ڕامیارییە یان ئەندام بوونی کەسەکەیە لە کۆمەڵەیەکی جڤاکی دیاریکراو، یان ڕازی بوون بە ئەم داواکارییە دەبێت بە هۆکاری ئازاردانی ئەم کەسە لەسەر بناغەی هەر کام لە خاڵە ئاماژەپێکراوانە.

## بەندی 14

1. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت، لە هەر پرۆسەیەکی تاوانباری گرێدراو بە تاوانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری یاساییدا هاریکاری یەکتر بکەن، ئەمیش بەخشینی هەموو بەڵگەیەک دەگرێتەخۆ کە پێویست بکات لە هەنگاوەکانی پرۆسەی دادگایی کردندا.
2. ئەم هاریکردنە یاساییە هاوبەشە دەبێت گرێدراو بێت بە مەرجەکانی یاسایی نێوخۆی وڵاتی داوالێکراوەوە یان هەر پەیماننامەیەک کە لەسەر بناغەی هاریکاری یاسایی هاوبەش دامەزرێندرابێت، ئەمەش، بە تایبەتی، مەرجەکانی پەیوەندار بە ئەو بناغانەی کە وڵاتی داوالێکراو لەوانەیە پەسەندی ئەو هاریکارییە یاساییە هاوبەشە نەکات یان بە هەندێک مەرج پەیوەستی بکات دەگرێتەخۆ.

## بەندی 15

وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هاوکاری یەکتر بکەن و دەبێت بە شێوەیەکی بەرفراوان یارمەتی پێشکەش بە یەکتری بکەن، ئەمیش بە مەبەستی یارمەتیدانی قوربانییەکانی کردەوەی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە، هەروەها لە بۆ گەڕان بۆ، دەستنیشان کردنی شوێنی بێ سەروشوێن کراوان و ئازادکردنیان، دیسان لە دۆخی مردندا، دەرهێنانی لاشە و دۆزینەوەی شوناسنامەی بێ سەروشوێن کراوان و گەڕانەوە و هێنانەوەی ڕوفاتەکانیان.

**بەندی 16**

1. نابێت هیچ وڵاتێکی بەشداربوو کەسێک بۆ وڵاتێکی تر دەربکات، بگەڕێنێتەوە یان ڕادەستبکات ئەگەر بناغەی باوەڕپێکراوی پتەوی هەبێت لە ئەوەی کە ئەم کەسە دەکەوێتە بەر مەترسی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانەوە.
2. بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم جۆرە بناغانە، دەبێت فەرمانڕەوایەتییەکی کارامە هەموو ئەگەرەکان هەڵبەسەنگێنێت، ئەمەش، ئەگەر گونجاو بوو بۆ جێبەجێکردن، هەبوونی بەردەوامی گەندەڵی، پێشێلکردنی یاسا یان بێڕێزکردنی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ یان بێڕێزکردنی زۆری یاساکانی نێونەتەوەیی بە مرۆڤ دەگرێتەوە.

**بەندی 17**

1. نابێت هیچ کەسێک لە گرتووخانەی نهێنی بهێڵرێتەوە.
2. بێ پێشداوەری بۆ مەرجی تری نێونەتەوەیی کە وڵاتی بەشداربوو لە ڕوانگەی لێئەستاندنی ئازادی "بەندکردن" پەیوەستە پێی، دەبێت هەر وڵاتێکی بەشداربوو لە دەستووریدا:

a. دەستنیشانی ئەو مەرجانەی کە فەرمان دەدات بە لێئەستاندنی ئازادی دیاری بکات،

b. دەستنیشانی ئەو فەرمانڕوایەتییە بکات کە ڕێپێدراوە بە لێئەستاندنی ئازادی،

c. گەرانتی بدات کە هەر کەسێک ئازادی لێبسەندرێت، واتە بەندبکرێت، دەبێت بە ئاشکرا لە شوێنێکی فەرمی باوەڕپێکراو و لە ژێر چاودێریدا دابنرێت،

d. گەرانتی بدات کە هەر کەسێک ئازادی لێ سەندرا، دەبێت بتوانێت پەیوەندی بکات بە ئەندامەکانی خێزانییەوە، کۆنسڵێک یان هەر کەسێکی تر کە ئەو خۆی هەڵیببژێرێت، هەروەها لە لایەن ئەم کەسانەوە سەردانی بکرێت، هەڵبەتە ئەم پەیوەندی کردن و سەردانیکردنە دەبێت بەپێی مەرجەکانی یاسایی بێت. ئەگەر ئەو کەسە بێگانە بێت دەبێت پەیوەندی بکات بە کۆنسڵە ڕێپێدراوەکانی خۆی، بەپێی ڕێگەپێدراوەکانی یاساکانی نێونەتەوەیی،

e. گەرانتی فەراهەمکردنی چوونی دەزگا و فەرمانڕەوایەتیی یاسایی و کارامەی ڕێپێدراو بۆ ئەو شوێنانەی کە کەسانی ئازادی لێسەندراوی "بەندکراوی" لێ هەن بکات، ئەگەر پێویست بکات دەبێت ئەم لایەنانە پێشدەم موڵەتی یاسایی لە فەرمانڕەوایەتییەک بە دەستبهێنن،

f. گەرانتی بدات کە هەر کەسێک ئازادی لێ زەوتکرابێت یان، لە دۆخێکدا گومانی بێسەروشوێنکردنی زۆردارانەی لێبکرێت، لە دەمێکدا ئەگەر ئەو کەسەی ئازادی لێسەندرا بێت نەتوانێت ئەو مافانەی تاقیبکاتەوە، دەبێت هەر کەسێکی ئەو کە خاوەن بایەخێکی مەشروع بێت وەکو خزمی کەسی ئازادی لێسەندراو، نوێنەرانی ئەو یان کۆنسڵی ئەو، لە هەر ڕەوشێکدا، بۆی هەیە بەشداری لە پرۆسەی دادگاییکردندا بکات، بە مەبەستی ئەوەی کە دادگا لەوانەیە فەرمانی خۆی بە بێ چاوەڕوانی بە پشت بەستن بە بنەماکانی یاسایی ئازادی لێئەستاندن دەربکات و فەرمانی ئازادکردنی ئەو کەسە دەربکات لە دۆخێکدا ئەگەر ئەم ئازادی لێئەستاندنە نایاسایی بێت.

3. هەموو وڵاتێک دەبێت کۆکردنەوە و پارێزگاریکردنی زانیاری و/یان تۆماری فەرمی لەسەر کەسی ئازادی لێسەندراو مسۆگەر بکات، ئەمەش دەبێت لە ساتی داواکردندا یەکسەر بخرێتە بەردەست بۆ

هەر ڕێڤەبەرییەکی یاسایی یان هەر دەزگایەکی ڕێپێدراوی کارامەی تر ئەمیش بەپێی یاسای ئەو وڵاتەی کە پەیوەندداره یان هەر دەزگایەکی گونجاوی یاسایی نێونەتەوەیی تر کە وڵاتی پەیوەنددار بەشداره لێی. بە ئەم شێوەیە زانیاریانیەکانی دەسترەس دەبێت بە لایەنی کەم ئەمانە بگرێتەخۆ:

a. شوناسنامەی کەسی ئازادی لێسەندراو،
b. بەروار، کات و شوێنی ئازادی لێسەندنی کەسەکە و شوناسنامەی ئەو ڕێڤەبەرییەی کە بە ئەرکی ئازادی لێئەستاندن هەڵستاوه،
c. ئەو ڕێڤەبەرییەی کە فەرمانی ئازادی لێئسەتاندنی دەرکردوه و هەروەها ئەو بناغانەی کە هەبووه بۆ ئازادی لێسەندن،
d. ڕێڤەبەری لێپرسراو بۆ چاودێریکردنی ئازادی لێئەستاندن،
e. شوێنی ئازادی لێئەستاندن، بەروار و کاتی چوونەژوورەوەی کەسی ئازادی لێسەندراو، هەروەها ڕێڤەبەریی لێپرسراو لە شوێنی گرتووخانە،
f. خاڵەکانی پەیوەنددار بە ڕەوشی تەندروستی کەسی ئازادی لێسەندراو،
g. لە دۆخی مردن لە ماوەی ئازادی لێسەندندا "دەستبەسەرگرتندا"، چوارچێوه و هۆکارەکانی مردن و چارەنووسی ڕوفات،
h. بەروار و کاتی ئازادکردن یان گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر یان گرتووخانەیەکی تر، ئاراستەی گواستنەوە و ڕێڤەبەریی لێپرسراوی گواستنەوە.

**بەندی 18**

1. پەیوەست بە بەندی 19 و 20 دەبێت هەموو وڵاتێکی پەیوەنددار گەرانتی بدات بە هەر کەسێک کە مافی مەشروعی هەیە بە سەر ئەم زانیارییانەدا، وەکو خزمی کەسی ئازادی لێسەندراو، نوێنەرەکانی یان کۆنسڵەکانی کەسی ئازادی لێسەندراو، لە ئەوەی کە دەبێت بە لایەنی کەم دەسترەسی ئەم زانیارییانەی خوارەوەیان هەبێت:
   a. ئەو ڕێڤەبەرییەی کە فەرمانی ئازادی لێسەندنی "گرتنی" دەرکردوه،
   b. بەروار، کات و شوێنی کەسی ئازادی لیسەندراو و هێنانی بۆ شوێنی بەندیخانە،
   c. ڕێڤەبەری لێپرسراو لە چاودێریکردنی کەسی ئازادی لێسەندراو،
   d. بەسەرهاتی کەسی ئازادی لێسەندراو، ئەمیش چۆنیەتی گواستنەوە بۆ شوێنێکی تری ئازادی لێئەستاندن، ئاراستە و ڕێڤەبەری لێپرسراوی گواستنەوە دەگرێتەخۆ،
   e. بەروار، کات و شوێنی ئازادکردن،
   f. خاڵەکانی پەیوەنددار بە ڕەوشی تەندروستی کەسی ئازادی لێسەندراو،
   g. لە دۆخی مردن لە ماوەی ئازادی لێسەندندا، چوارچێوه و هۆکارەکانی مردن و چارەنووسی لاشە.
2. هەر ساتێک پێویست بکات، دەبێت پێوەری گونجاو بگیرێتەبەر بۆ پارێزگاریکردنی ئەو کەسانە کە لە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها ئەو کەسانەی کە بەشدار دەبن لە لێکۆڵینەوە، لە هەر جۆرە مامڵەی خراپێک، هەڕەشە یان گەمارۆیەک وەکو دەرئەنجامێک بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەنددارە بە ئازادی لێسەندنەوە.

**بەندی 19**

1. زانیاری کەسایەتی، ئەمەش زانیاری تەندروستی و جینی دەگرێتەوە، کە کۆکراوەتەوە و/یان گواستراوەتەوە لە ماوەی چوارچێوەی گەڕان بە دوای کەسی بێ سەروشوێن کراودا نابێت بەکاربهێنرێت یان لەبەردەستدا بێت بۆ مەبەستی تر بێجگە لە گەڕان بە دوای کەسی بێ سەروشوێن کراودا. ئەمەش بێ پێشداوەری لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە زانیاریانە لە پرۆسەکانی تاوانباری پەیوەست بە تاوانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە یان لە دەمی هەوڵەکانی بەدەستهێنانی قەرەبووکردنەوەدا.
2. کۆکردنەوە، پرۆسەکان، بەکارهێنان و هەڵگرتنی زانیاری کەسایەتی، ئەمەش زانیاری تەندروستی و جینی دەگرێتەخۆ، نابێت بە پێچەوانەی یان کاریگەری پێچەوانەیی هەبێت بە سەر مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە بنەڕەتییەکان و کەرامەتی مرۆیی کەسەکە.

**بەندی 20**

1. بە تەنها کاتێک کەسێک لەژێر پارێزگاری یاسادا بێت و ئازادی لێئەستاندن پەیوەست بووبێت بە باڵادەستی یاسا ئەوا ئەو کات دەکرێت مافی بەدەستهێنانی زانیاری کە بەپێی بەندی 18 ئاماژەی بۆ کراوە سنووردار بکرێت، بەپێی بناغەی ئاوارتەکراو، لە دەمێکدا زۆر پێویست بێت و یاسا پاڵپشتی بکات، هەروەها لە ئەو دەمەی کە بڵاوبوونەوەی زانیاری لەوانەیە کاریگەری هەبێت بۆ سەر ژیانی تایبەتی و سەلامەتی کەسەکە، یان ڕێگرە لە پێش لێکۆڵینەوەی تاوانکارییەک یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بەپێی یاسا و هاوتەریب لەگەڵ یاساکانی نێونەتەوەیی و مەبەستی ئەم پەیماننامەیە. مافی بەدەست هێنانی زانیاری، بەپێی بەندی 18 کە لەوانەیە ببێت بە هۆی دامەزراندنی ئەو دۆخەی کە لە بەندی 2 دەستنیشان کراوە یان دەبێتە هۆکاری دژایەتی کردنی پەرەگرافی 1 لە بەندی 17، نابێت لە هیچ ڕەوشێکدا سنوورداربکرێت.
2. بەبێ پێشداوەری بۆ مەرجەکانی یاسایی بۆ لێئەستاندنی ئازادی مرۆڤ، وڵاتانی بەشداربوو دەبێت گەرانتی بە ئەو کەسە بدەن کە لە پەرەگرافی 1 ی بەندی 18 ئاماژەی بۆ کراوە، کە دەستوبرد و کاریگەرانە مافی باشترکردنی ڕەوشی یاسایی پێ دەبەخشرێت ئەمیش وەکو ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بەبێ دواکەوتن، بەپێی بەندی 18، پەرەگرافی1. لە هیچ دۆخێکدا ناکرێت ئەم مافی باشترکردنی ڕەوشە بێتە وەستاندن یان سنووردارکردن.

**بەندی 21**

هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ دڵنیاکردنی کەسی ئازادی لێسەندراو کە دوای ئازادکرنی بەڵگەی باوەڕپێکراو کە ئازادبوونی دەسەلمێنێت وەردەگرێت. هەروەها هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ ساغ و سەلامەتی ئەم جۆرە کەسانە و مافی تەواویان بۆ کارکردن لە دەمی ئازادکردنیاندا، ئەمیش بەبێ پێشداوەری بۆ هەر ئەرکدارییەک کە لەوانەیە وا لە ئەم جۆرە کەسانە بکات کە بخرێنە نێو بازنەی سنووردارییەتی یاسای نیشتمانییەوە.

**بەندی 22**

**بێ هێچ پێشداوەرییەک بۆ بەندی 6، هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگرتن و سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئەم جۆرە کردەوانەدا:**

a. **دەرنگخستنی یان ڕێگرتن لە ئەو باشترکردنانەی کە لە بەندی 17، پەرەگرافی 2 (f)، و بەندی 20، پەرەگرافی 2 ئاماژەی پێکراوە،**
b. **تۆمارنەکردنی ئازادی لێئەستاندنی هەر کەسێک، یان هەر تۆمارنەکردنێکی زانیاری تر کە دەزگای فەرمی لێپرسراو بۆ تۆمارکردنی فەرمی زانیبێتی دەربارەی یان زانیویەتی کە ئەم زانیاریانە ناڕاستن،**
c. **ناڕەزامەندی بۆ پێدانی زانیاری سەبارەت بە کەسی ئازادی لێسەندراو، یان پێدانی زانیاری ناڕاست، هەرچەندە پێویستییەکانی یاسایی بۆ داواکردنی ئەم جۆرە زانیارییانە پێشکەش کرابێت.**

**بەندی 23**

1. **هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی بدات لە ئەوەی کە مەشق دەدات بە ستافی چەسپێنەرانی یاسا، ستافی مەدەنی و سەربازی، ستافی پزیشکی و فەرمانبەرانی دەزگاکانی گشتی و کەسانی تر کە لەوانەیە کارمەندبن لە گرتووخانەکان یان مامڵەی کەسانی ئازادی لێسەندراو بکەن. ئەمەش خوێندن و زانیاری پێویست بەپێی ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەیە دەگرێتەخۆ، بە مەبەستی:**
   a. **ڕێگەگرتن لە بەشدرابوونی ئەم جۆرە ستافانە لە کردەوەکانی بێ سەروشوێن کردنی زۆردارانەدا،**
   b. **جەختکردن لە گرنگی ڕێگەگرتن و لێکۆڵینەوە لە کردەوەکانی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە،**
   c. **دڵنیاکردنی پێویستی بێ ئەندازەی چارەسەرکردنی هەر بابەتێک کە پەیوەستە بە بێسەروشوینکردنی زۆردارانەوە.**
2. **هەموو وڵاتێک دەبێت دڵنیایی بدات کە فەرمان دەرکردنی یان ڕێنمایی باسکردنی، ڕێگەپێدانی یان هاندانی کردەوەی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە قەدەغەیە. هەموو وڵاتێک دەبێت گەرەنتی ئەوە بدات ئەگەر هەر کەسێک ڕازی نەبێت لە جێبەجێکردنی فەرمانی لە ئەم جۆرە سزانادریت.**
3. **هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ دڵنیاکردنی ئەو کەسانەی کە لە پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە، لە دەمێکدا ئەگەر ئەم کەسانە گومان بکەن لە ئەوەی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە ڕوویداوە یان پلان هەیە بۆ ڕوودانی ئەوا دەبێت ڕاپۆرت بدەن بە کەسانی لە خۆیان بەرزتر هەروەها، ئەگەر پێویست بێت، بۆ دەستەڵاتدارانی یان دەزگای لێپرسراو کە توانای ئاشکراکردنی زیاتری ئەو دیمەنەی هەیە یان دەتوانێت ڕەوشەکە باشتر بکات.**

**بەندی 24**

1. **بۆ مەبەستی ئەم پەیماننامەیە، "قوربانی" ئەو کەسە بێسەروشوێنەیە یان هەر کەسێکی ترە کە ئازاری ڕاستەوخۆی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەی چەشتبێت.**

2. هەموو قوربانییەک مافی زانینی ڕاستییەکانی سەبارەت بە ڕەوشی بێسەروشوێن کردن، پێش کەوتن و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە و چارەنووسی کەسی بێسەروشوێنکراوی هەیە. سەبارەت بە ئەمە دەبێت هەموو وڵاتێکی بەشداربوو پێوەری پێویست بگرێتەبەر.
3. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ گەڕان بەدوای، دەستنیشان کردنی شوێن و ئازادکردنی کەسانی بێسەروشوێن کراوی زۆردارانە، لە دۆخی مردن دەبێت دەستنیشانی شوێن، ڕێزگرتن و هێنانەوەی پاشماوەی مردوو لە ئەستۆ بگیرێت.
4. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت دڵنیایی بدات کە لە دەستووریدا قوربانیانی کردەوەی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە مافی پاڵپشتی یەکسەری و قەرەبوویەکی دادپەروەرانە و گونجاوی هەیە.
5. مافی پاڵپشتی کە لە پەرەگرافی 4 ی ئەم بەندەدا ئاماژەی بۆ کراوە، زیانی مادی و مەعنەوی دەگرێتەخۆ هەروەها، هەردەمێک گونجاو بێت، شێوازی تری پاڵپشتی، وەکو:
a. هێنانەوە بۆ جێگە و شوێنی پێشتری خۆی،
b. ڕاهاتنەوە،
c. ئاسوودەیی کردن، ئەمەش هێنانە دۆخی جارانی ئابڕوو و شکۆ دەگرێتەخۆ،
d. دڵنیاکردنەوە لە دووبارە نەکردنەوەی ئەم جۆرە کردەوانە.
6. بێ پێشداوەری بۆ ئەرکداریەتی لە بەردەوامبوونی لێکۆڵینەوە تاکو چارەنووسی کەسی بێسەروشوێن دیاری دەکرێت، دەبێت هەموو وڵاتێکی بەشداربوو، بە ڕەچاوکردنی دۆخی یاسایی کەسی بێسەروشوێن کە هێشتا چارەنووسی نادیارە بۆ کەسوکاری، هەنگاوی پێویست لە بوارەکانی ئاسودەیی جڤاکی/کۆمەڵایەتی، گرفتی دارایی، یاسای خێزانی و مافی ماڵ و سامان بگرێتەبەر.
7. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت مافی دروستکردن و بەشداربوونی بێ مەرج بۆ هەر ڕێکخراو و ئۆرگانێک کە هەوڵ بۆ دامەزراندنی ڕەوشی پەیوەست بە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە و زانینی چارەنووسی بێسەروشوێن کراوان دەدات، هەروەها یارمەتی قوربانیانی بێسەروشوێن کردوان دەدات، بدات.

## بەندی 25

1. بەپێی یاساکانی تاوانی وڵات دەبێت هەموو وڵاتێکی بەشداربوو پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگرتن و سزادانی:
a. ڕاگواستنی دڕندانەی منداڵان کە کەوتونەتە بەر شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەوە، منداڵانێک کە باوکیان یان دایکیان یان کەسانی تر کە بەپێی یاسا چاودێریان دەکەن کەوتونەتە بەر شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانەوە یان منداڵانێک کە لە دەمێکدا لە دایک دەبن کە دایکەکانیان بەر شاڵاوی بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە کەوتوون،
b. ساختەکردنی یان داپۆشینی یان تەفروتوناکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە دووپاتی شوناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو منداڵانە دەکات کە لە نیمچە پەرەگرافی a ی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە.
2. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو دەبێت پێوەری پێویست بگرێتەبەر بۆ گەڕان بەدوای هەروەها دەستنیشانکردنی شوناسنامەی ئەو منداڵانەی کە لە پەرەگرافی 1 (a) ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە و هەروەها گەڕاندنەوەی ئەم منداڵانە بۆ خێزانە ڕەسەنەکانیان، بەپێی هەنگاوی یاسایی کە بەپێی ڕێکەوتنە نێونەتەوەییەکان جێبەجێ دەکرێت.

3. وڵاتانی بەشداربوو دەبێت هاوکاری یەکتر بکەن لە گەڕان بەدوای، دەستنیشانکردنی شوناسنامە و شوێنی ئەو منداڵانەی کە لە پەرەگرافی 1 (a) ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە.
4. لە ڕوانگەی دابینکردنی زۆرترین پێویستیەکانی ئەو منداڵانەی کە لە پەرەگرافی 1 (a) ئەم بەندە ئاماژەی پێکراوە و مافیان لە هەبوونی یان لە دامەزراندنەوەی شوناسنامە، ئەمیش هاووڵاتیبوونیان و ناو و پەیوەندییەکانی خێزانی کە لە دەستوردا دانیپێداهێنراوە دەگرێتەخۆ، وڵاتانی بەشداربوو کە باوەڕیان بە سیستەمی هەڵگرتنی منداڵ، واتە ئەدۆپتەکردن، یان هەر شێوازێکی تری نیشتەجکردنی منداڵان هەیە دەبێت بەپێی هەنگاوی یاسایی ئەم منداڵانە ئەدۆپتەبکرێن یان نیشتەجێبکرێن، هەروەها هەر دەمێک گونجاو بێت، نەهێلرێت ئەدۆپتەکردنی یان نیشتەجێکردنی منداڵانی بێسەروشوێن کراوی زۆردارانە بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
5. لە هەر ڕەوشێکدا، بە تایبەتی لە هەموو ئەو گرفتانەی کە پەیوەندە بە ئەم بەندەوە، دەبێت باشترین بەرژەوەندی منداڵان بخرێتە پێش هەر بابەتێکی ترەوە، هەروەها ئەو منداڵەی کە دەتوانێت بۆچوون و بیرکردنەوەکانی خۆی دابڕێژێت مافی دەربڕینی ئەم بۆچوونانەی بە ئازادی هەبێت، بۆچوونەکانی منداڵ دەبێت بەپێی تەمەن و پێگەیشتنی منداڵەکە بێتە هەڵسەنگاندن.

**بەشی دووهەم**

**بەندی 26**

1. کۆمیتەیەک سەبارەت بە بێسەروشوێن کردنی زۆردارانە (لێرە بەدواوە بە کۆمیتە ناودەبرێت)، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی کە لە ئەم پەیماننامەیەدا دیاریکراوە، دێتە دامەزراندن. کۆمیتە دەبێت لە دە پسپۆڕی خاوەن ڕەوشتی بەرز و شارەزای ناسراو لە بواری مافەکانی مرۆڤدا پێک بێت، ئەوان دەبێت بەپێی توانای خۆیان خزمەتبکەن، بێلایەن و سەربەخۆ بن. ئەم ئەندامانە دەبێت لە لایەن وڵاتەکانی بەشداربووی پەیماننامەوە بە ڕەچاوکردنی دادپەروەرانەی شوێنی جوگرافی بێنە هەڵبژاردن. بەمەبەستی کاری بەسوودی باشتر دەبێت کۆمیتە لە کەسانی خاوەن شارەزای یاسایی و هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە یەکسانی پێک بێت.
2. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بەهۆی دەنگدانی نهێنیەوە بێنە هەڵبژاردن، لە ڕێگەی لیستێک ناو کە لە لایەن وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەوە پاڵێوراون، لە کۆبوونەوەیەک کە هەر دوو ساڵ جارێک بۆ وڵاتانی بەشداربوو بە سەرپەرشتی سکرتێری گشتی بۆ ئەم مەبەستە دەبەسترێت. لە ئەم کۆبوونەوانەدا، کە توانای بڕیاردانیان دەبێت، ئەگەر دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشدرابووی پەیماننامە ئامادەبن. ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن دەبێت ئەوانە بن کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان و ڕەهای زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامەی ئامادەبوو و دەنگەکانی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەدەستدەهێنن.
3. _یەکەمین هەڵبژاردن دەبێت دوای شەش مانگ لە بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە بێتە جێبەجێکردن. چوار مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک، دەبێت سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نامە بانگهێشتی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات کە لە ماوەی سێ مانگدا ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان بنێرن. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لیستێک بەپێی ڕیزی ئەلفابێتی بۆ

هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوکراوە ئامادەبکات و بینێرێت بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو وڵاتانەی کە ئەم پاڵێوراوانەی هەڵبژاردووە.

4. ئەندامانی کۆمیتە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ بێنە هەڵبژاردن. ئەمانە تەنها یەک جاری تر دەتوانن هەڵبژێردرێنەوە. هەرچۆنێک بێت، ماوەی ئەندامییەتی پێنج هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن پاش دوو ساڵ کۆتایی پێدێت؛ یەکسەر دوای یەکەمین هەڵبژاردن، سەرۆکی کۆبوونەوەکە ناوی ئەو پێنج ئەندامە، کە لە پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە دەستنیشاکراوە، لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت.
5. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتە بمرێت یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان لە بەر هەر هۆیەکی تر نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەجێبهێنێت، ئەوا ئەو وڵاتەی کە ئەوی هەڵبژاردوە، بەپێی مەرجەکانی دەستنیشانکراوی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە، دەبێت پسپۆڕێکی تر کە هاووڵاتی خۆیەتی دەستنیشان بکات بۆ خزمەتکردنی پاشماوەی ماندانی کەسی پێشووتر، بە ئەو مەرجەی کە کەسەکە پەسەندی زۆرترینی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بێت. پەسەندکردنەکە دەبێت بە شیاو تەماشابکرێت، ئەگەر نیوەی یان زیاتر لە نیوەی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بەرسڤێکی نەرێنیانەیان نەدابێت لە ماوەی شەش هەفتە پاش ئاگادارکردنیان لە لایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پێشنیاری دەستبەکاربوونی کەسەکە.
6. کۆمیتە پەیڕەوپڕۆگرامی خۆی دادەمەزرێنێت.
7. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ستافی پێویست و کەرەستەی یارمەتیدەری تر بە مەبەستی بەتواناکردنی کۆمیتە تەرخان بکات،هەروەها بۆ ئەوەی کۆمیتە کاریگەرانە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بانگهێشی یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتە بکات.
8. لە کاتی ڕاسپاردنیان بە ئەرکێک لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەندامانی کۆمیتە دەبێت مافی وەرگرتنی کەرەستە و نایابداری و هەروەها پارێزەدارییەیان هەبێت، بەپێی ئەو پەیڕەوە بەکاربردووانەی کە خراونەتە نێو ئەم پەیماننامەوە و کە پەیوەندە بە نایابداری و پارێزەداری نەتەوە یەکگرتووەکان.
9. هەموو وڵاتانی بەشداربوو دەبێت بە تەواوی هاریکاری کۆمیتە بکەن و یارمەتی ئەندامەکانی بدەن بە مەبەستی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان، تاکو ڕادەی دیاریکراوی ئەرکەکانی کۆمیتە کە لە لایەن هەموو وڵاتانی بەشداربووەوە پەسەندکراوە.

**بەندی 27**

زووترین چوار ساڵ یان درەنگترین شەش ساڵ لە دوای بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربوو دەبەسترێت، ئەمیش بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەرکەکانی کۆمیتە و بڕیاردان، بەپێی ئەو پەیڕوپڕۆگرامەی کە لە بەندی 44، پەرەگرافی 2 دیاریکراوە، لە ئەوەی کە ئایا گونجاوە ئۆرگانێکی تر، بەبێ بەدەرخستنی هەر ئەگەرێک، چاودێری ئەم پەیماننامەیە بکات، بەپێی ئەو ئەرکانەی کە لە بەندی 28 بۆ 36 دیاریکراوە.

**بەندی 28**

1. بەپێی چوارچێوەی ئەو کارامەییەی کە ئەم پەیماننامەیە دیاریکردوە، دەبێت کۆمیتە هاوکاری گشت ئۆرگانە گونجاوەکانی تر بکات، ئەم هاوکارییە نووسینگە و ئۆرگانە تایبەتمەندەکان و هەروەها خەزێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی ئەو پەیڕەوانەی کە لە لایەن دەزگاکانی نێونەتەوەییەوە دامەزرێندراون، لەگەڵ پەیڕەوە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەگەڵ ڕێکخراو و دەزگا گونجاوەکانی ناوچەیی نێودەوڵەتی تر، دیسان گشت ئامۆژگاکانی دەوڵەتی گونجاو، ئاژانس یان نووسینگەکان دەگرێتەوە، ئەمیش بە مەبەستی پاراستنی هەموو مرۆڤێک لە مەترسی بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە.
2. لە ساتی نەمانی ماندانی، دەبێت کۆمیتە ڕاوێژی دەزگاکانی تری نێونەتەوەیی بکات کە لە لایەن ئامرازەکانی گونجاوی تری نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزرێندراون، بە تایبەتی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی مەدەنی و ڕامیاری دامەزرێندراوە، ئەویش لە ڕوانگەی دڵنیابوون لە بەردەوامی چاودێریکردن و ڕێنمایی بەخشین.

**بەندی 29**

1. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەبێت، لە ڕێگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ماوەی دوو ساڵ پاش بەکاراکردنی ئەم پەیماننامە لە لایەن وڵاتی دیاریکراوی بەشداربووی پەیماننامە، ڕاپۆرت دەربارەی ئەو پێوەرانەی کە وڵاتەکە، بەپێی ئەم پەیماننامەیە، خۆی بەکردنی پابەندکردوە بدات بە کۆمیتە.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ئەم ڕاپۆرتە دەستڕەسی هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بکات.
3. دەبێت هەر تاکە ڕاپۆرتێک لە لایەن کۆمیتەوە بێتە هەڵسەنگاندن و دواتر لەوانەیە هەندێک سەرنجی گشتی، هەڵوەستە و ڕێنمایی کە پێی وایە گونجاوە، دەربارەی ڕاپۆرتەکە بدات. دواتر ئەم سەرنج، هەڵوەستە و ڕێنماییانە ڕەوانەی وڵاتی پەیوەندیداری بەشداربووی پەیماننامە دەکات. ئەم وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەیە دەتوانێت، بە ویستی خۆی یان لەسەر داوای کۆمیتە، تێڕوانینی خۆی دەربارەی هەڵسەنگاندنەکانی کۆمیتە بخاتە ڕوو.
4. سەبارەت بە جێبەجێکردنەکانی ئەم پەیماننامەیە، کۆمیتە دەتوانێت داوای زیاتری زانیاری لە وڵاتانی بەشداربوو بکات.

**بەندی 30**

1. وەکو بابەتێکی زۆر بە پەلە و پێویست، لەوانەیە ڕاسپاردنی داواکارییەک دەربارەی کەسێکی بێسەروشوێنکراو کە بینراوە یان دۆزراوەتەوە، لە لایەن خزمی کەسی بێسەروشوێنکراو یان نوێنەرەکانی یاسایی، یان کۆنسڵێکی یان هەر کەسێکی تر کە لە لایەن ئەمانەوە ڕێپێدراوە یان هەر کەسێکی تر کە بایەخێکی شەرعی لە ئەم بابەتە هەیە، بدرێت بە کۆمیتە.

2. ئەگەر کۆمیتە داواکارییەکی بە پەلە و پێویست بەپێی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە پێبگات و هەڵیبسەنگێنێت کە:
a. بە ئاشکرا جێگای باوەڕ بێت،
b. مافی ڕاسپاردنی داواکارییەکە بە خراپی بەکارنەهاتووە،
c. پێشتر بە شێوەیەکی گونجاو درابێت بە دەزگایەکی کارامەی وڵاتی بەشداربووی پەیوەندار، بۆ نموونە ئەو دەزگا ڕێپێدراوانەی کە دەتوانن لێکۆڵینەوە دەستپێبکەن، هەر دەمێک ئەم توانایە هەبێت،
d. نایەکانگیر نییە لەگەڵ بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە، هەروەها،
e. هەمان گرفت لە لایەن لێکۆڵەرەوەی یان دەزگای نێونەتەوەیی تر بە شێوازێکی تر، کە لە بنەڕەتدا یەک شت بن، تاقینەکرابێتەوە؛

ئەوا کۆمیتە داوا لە وڵاتی بەشداربووی پەیوەنددار دەکات کە زانیاری دەربارەی ڕەوشی کەسی بینراو پێشکەش بکات، بەپێی ئەو ماوەیەی کە کۆمیتە دیاری دەکات.

3. بەپێی ڕووناکی ئەو زانیاریانەی کە وڵاتی بەشداربووی پەیوەنددار، بەپێی پەرەگرافی 2ی ئەم بەندە، پێش کەشی کردوە، ئەوا کۆمیتە لەوانەیە هەندێک ڕێنمایی بدات بە وڵاتی بەشداربوو، لە ئەوانە داواکارییەک کە وڵاتی بەشداربوو دەبێت هەموو پێوەرێک بگرێتەبەر، لە ئەوانە ئەو پێوەرانەی کە تاکو یەکلایی کردنەوەی گرفتەکە پێویستن، بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و پارێزگاری کردنی کەسی پەیوەنددار بەپێی ئەم پەیماننامەیە و ئاگادارکردنی کۆمیتە، بەپێی ماوەی دیاریکراو، بۆ ئەو پێوەرانەی کە گیراونەتەبەر، دەگیرێنەبەر بەپێی ڕەوشی بەپەلەی گرفتەکە. کۆمیتە دەبێت کەسی پەیوەندار کە خاوەنی ئەم داواکەرییە بە پەلە و بایەخەیە لە ڕێنماییەکانی خۆی و ئەو زانیاریانەی کە لە وڵاتی پەیوەنددار وەرگرتووە، هەر کاتێک بوار هەبێت، ئاگاداربکات.
4. تاکو ئەو کاتەی کە چارەنووسی کەسی بینراو چارەسەر نەکرێت دەبێت کۆمیتە کۆششی خۆی لەگەڵ وڵاتی بەشداربووی پەیوەنددار بەردەوام بکات. کەسی داواکەر دەبێت هەمیشە ئاگاداربکرێت.

## بەندی 31

1. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە لە کاتی پەسەندکردنی ئەم پەیماننامەیە یان لە هەر کاتێکی دواتردا دەتوانێت باوەڕهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە لە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی ڕاسپاردە لە لایەن یان لەبری ئەو تاکە کەسانەوە کە دەکەونە ژێر سیستەمی یاسایی وڵاتەکەوە نیشانبدات، کە دبێژن بوون بە قوربانی دەستدرێژی کردن لە لایەن ئەم وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەوە بەپێی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە. کۆمیتە هیچ ڕاسپاردەیەک وەرناگرێت کە دەربارەی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە بێت بە جۆرێک کە هێشتا باوەڕهێنانێکی لە ئەم جۆرەی نیشان نەدابێت.
2. کۆمیتە ڕاسپاردەیەک وەرناگرێت ئەگەر:
a. ڕاسپاردنەکە نادیار بێت،
b. ڕاسپاردنەکە دەبێتە هۆی بەدبەکارهێنانی مافی ڕاسپاردە پێدان، یان لەگەڵ بەندەکانی ئەم پەیماننامەیەدا ناگونجێت،
c. پێشتر هەمان گرفت، لەسەر هەمان بنەما، لە لایەن لێکۆڵەوەری یان دەزگای نێونەتەوەیی ترەوە تاقیکرابێتەوە، یان؛

d. هەموو ئەگەرە کاریگەرەکانی یاسایی ناوخۆیی بەکارهێنەهێنرابێت، نابێت ئەمە بکرێت بە ڕێسا، ئەگەر جێبەجێکردنەکانی یاسایی، بێ بنەما و لەخۆڕا، کاتی زۆر بکێشێت.

3. ئەگەر کۆمیتە باوەڕبهێنێت بە ئەوەی کە ڕاسپاردەیەک گشت داواکارییەکانی پەرەگرافی 2 ئەم بەندەی وەڵام داوەتەوە، ئەوا دەبێت ڕاسپاردەکە ڕەوانەی وڵاتی پەیوەندیداری بکات و داوای پێشکەش کردنی سەرنج و تێڕوانینی لە ماوەیەکی دیاریکراودا لێبکات.

4. لە هەر کاتێک دوای وەرگرتنی ئەم جۆرە ڕاسپاردەیە و پێش بڕیاردان لەسەر زانیاری بەدەستگەیشتوو، دەکرێت کۆمیتە ئەم داواکارییە بە پەلەیە ڕەوانەی وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار بکات و داوای لێبکات کە هەموو پێوەرێکی پێویست بگرێتەبەر، ئینجا ماوەکەی هەر چەندە درێژ بێت، بۆ ئەوەی ئەگەری زیانی باشنەکراو بۆ ئەو قوربانییەی کە گوایە خراوەتە ژێر توندوتیژییەوە بە دووربخات. لە کاتێکدا کۆمیتە ئەم هەڵسەنگاندنەی تاقیدەکاتەوە، ئەمە واتای بڕیاردان لەسەر یان باوەڕهێنان بە زانیارییەکانی ڕاسپاردەکە نابەخشێت.

5. لە کاتی هەڵسەنگاندنی ڕاسپاردە لە شێوەی ئەم بەندە، کۆمیتە کۆبوونەوەکانی خۆی لە ژووری داخراودا دەکات. کۆمیتە دەبێت خاوەنی ڕاسپاردە لە بەرسڤەکانی وەرگرتووی وڵاتی بەشداربووی پەیوەنددار ئاگاداربکات. هەر کاتێک کۆمیتە بڕیار لە کۆتایی هێنانی هەنگاوەکانی کارکردن بدات، دەبێت بۆچوونەکانی ڕەوانەی وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار و خاوەنی ڕاسپاردە بکات.

### بەندی 32

وڵاتی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە هەر کاتێکدا، باوەڕهێنانی خۆی بە کارامەیی کۆمیتە لە وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاسپاردانەی کە وڵاتێکی بەشداربوو دبێژێت، کە گوایە وڵاتێکی بەشداربووی تری پەیماننامە ئەرکەکانی خۆی بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە بەجێ ناهێنێت، بخاتەڕوو. کۆمیتە نابێت ڕاسپاردەیەک وەربگرێت ئەگەر دەربارەی وڵاتێکی بەشداربوو بێت، کە باوەڕهێنانی لە ئەم جۆرە نەدابێت، یان لە لایەن وڵاتێکی بەشداربوو وەربگرێت کە لە ئەم جۆرە باوەڕهێنانەی نەدابێت.

### بەندی 33

1. ئەگەر کۆمیتە زانیاری باوەڕپێکراوی بگات بە دەست، کە ئاماژە بە هەتکردنی ڕاستەقینەی ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامە دەکات لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووەوە، ئەوا کۆمیتە دەتوانێت، دوای ڕاوێژکاری لەگەڵ وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار، داوا لە یەکێک یان زیاتری ئەندامەکانی بکات بۆ ئەنجامدانی گەشتێک و نووسین و ناردنی ڕاپۆرتێکی بە پەلە.

2. کۆمیتە دەبێت تێبینییەکانی خۆی بە نووسین سەبارەت بە نییەتی ڕێکخستنی گەشتێک بدات بە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار، لە نووسراوەکەدا ئاماژە بە پێکهاتەی لیژنە و مەبەستی گەشتەکە دەکرێت. وڵاتی بەشداربوو دەبێت لە ماوەیەکی گونجاودا بەرسڤی کۆمیتە بدات.

3. پاش داواکاری بنەڕەتی لە وڵاتی بەشداربوو، کۆمیتە دەتوانێت بڕیار بدات کە گەشتەکەی دوابخات یان هەڵبوەشێنێتەوە.

4. ئەگەر وڵاتی بەشداربوو ڕەزامەندی بۆ گەشتەکە پەسەندکرد، ئەوا کۆمیتە و وڵاتی بەشداربووی پەیوەنددار دەبێت پێکەوە کاربکەن بۆ دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی یاریدەدەری گەشتەکە،

هەروەها وڵاتی بەشداربوو دەبێت، بە مەبەستی دەرئەنجامێکی سەرکەوتووانەی گەشتەکە، هەموو یەکەکانی پێویست بۆ کۆمیتە فەراهەم بکات.

5. دوای گەشتەکە دەبێت کۆمیتە ڕێنمایی و تێبینییەکانی خۆی بە وڵاتی بەشداربوو بدات.

**بەندی 34**

ئەگەر کۆمیتە زانیاری پێبگات و بۆی دەربکەوێت کە ئەم زانیارییە ئاماژەی باوەڕپێکراو بە پیادەکردنی بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە بە شێوەیەکی بەرفراوان و سیستەماتیکیانە لە دەڤەرێکی یاسایی وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەگرێتەخۆ، ئەوا کۆمیتە دەتوانێت، لە دوای داواکردن لە وڵاتی بەشداربووی پەیوەندیدار دەربارەی هەموو زانیارییەکی گونجاو سەبارەت بە ڕەوشەکە، بە پەلە لە ڕێگای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرنجی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گرفتەکە ڕابکێشێت.

**بەندی 35**

1. کۆمیتە دەبێت کارمەندی تایبەتمەندی سەبارەت بە بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە کە لە پاش بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەوە بە ئەنجام گەیەندرابێت هەبێت.
2. ئەگەر وڵاتێک لە دوای بەکارابوونی ئەم پەیماننامەیە بەشداری خۆی بە پەیماننامە ڕابگەیەنێت، ئەوا ئەرکدارییەکانی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە کۆمیتە، بە پێچەوانەوەش، دەبێت تەنها بە ئەو بێسەروشوێنکردنە زۆردارانە پەیوەندار بێت کە لە دوای بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە لە لایەن وڵاتی پەیوەندارەوە ئەنجامدراوە.

**بەندی 36**

1. کۆمیتە دەبێت ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی چالاکییەکانی بەپێی ئەم پەیماننامەیە بدات بە وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە و ئەنجومەنی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکان.
2. پێش بڵاوکردنەوەی تێبینییەک دەربارەی وڵاتێکی بەشداربوو لە ڕاپۆرتی ساڵانەدا، دەبێت پێشدەم ئەو وڵاتی بەشداربووە ئاگاربکرێتەوە و دەبێت کاتی گونجاوی بۆ بەرسڤدان پێبدرێت. ئەم وڵاتی بەشداربووە لەوانەیە داوای بڵاوکردنەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە ڕاپۆرتەکەدا بکات.

بەشی سێهەم

**بەندی 37**

نابێت هیچ لە ئەم پەیماننامەیە کاریگەری هەبێت بەسەر ئەو بڕگانەی کە باشترن لە بۆ پاریزگاریکردنی هەموو مرۆڤێک دژ بە بێسەروشوێنکردنی زۆردارانە و کە لەوانەیە لە ئەمانەی خوارەوەدا هەبێت:

a. یاسای وڵاتی بەشداربوو؛
b. یاسای نێودەوڵەتی کە کارایە لە ئەو وڵاتەدا.

**بەندی 38**

1. ئەم پەیماننامەیە دەبێت بۆ واژۆکردن بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە بێت.
2. ئەم پەیماننامەیە دەکرێت لە لایەن هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە پەسەندکردن. کەرەستەی پەسەندکردن دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە سپاردن.
3. گشت وڵاتەکانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن خۆیان بە ئەم پەیماننامەیە پابەندبکەن. کەرەستەی پابەندبوون لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەسپێردرێت.

**بەندی 39**

1. ئەم پەیماننامەیە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی بیستهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارا دەکرێت.
2. بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکە پەسەند دەکات یان پابەند دەبێت پێی لە پاش سپاردنی بیستهەمین کەرەستەی پەسەندکردن یان پابەندبوون، ئەوا پەیماننامەکە سێزدە ڕۆژ پاش ڕۆژی سپاردنی کەرەستەی پەسەندکردنەکەی یان پابەندبوونەکەی ئەو وڵاتە بەکارا دەبێت.

**بەندی 40**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت هەموو وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەم پەیماننامەیەیان واژۆکردوە یان پەسەندکردوە لە ئەمانەی خوارەوە ئاگاداربکات:

a. واژۆکردن، پەسەندکردن و پابەندبوون بەپێی بەندی 38 دەبێت؛
b. ڕۆژی بەکاراکردنی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بەندی 39 دەبێت.

**بەندی 41**

بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە دەبێت بەسەر هەموو پارچەکانی وڵاتە فیدڕاڵەکان بچەسپێندرێت، بەبێ هیچ ئاوارتەکردنیک یان سنووردارکردنێک.

**بەندی 42**

1. هەر ناکۆکییەک سەبارەت بە شرۆڤەکردنی یان جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە کە لە نێوان دوو یان زیاتر وڵاتی بەشداربووی پەیماننامەدا هەیە و لە ڕێگەی دانوستان یان پەیڕەوەکانی ڕاگەیەندراوی ئەم پەیماننامە ناگات بە ئەنجام، دەکرێت، لە سەر داوای یەکێک لە ئەم وڵاتانە، ناکۆکییەکە ڕەوانەی ناوبژیکەرێک بکرێت. ئەگەر لایەنەکان لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داواکاری بۆ ناوبژیکەر بە ئەو ڕێکخراوی ناوبژیکەرە ڕازی نەبن، ئەوا یەکێک لە لایەنەکان دەتوانێت ناکۆکییەکە ڕەوانەی دادگای دادپەروەری نێونەتەوەیی بکات بەپێی دەستوری ئەم دادگایە.

2. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە دەتوانێت، لە کاتی واژۆکردنی، پەسەندکردنی یان پابەندبوونی بە ئەم پەیماننامەوە، ئەوە ڕابگەیەنێت کە خۆی گرێنادات بە پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە. وڵاتانی تری بەشداربووی پەیماننامە دەبێت گرێدراوی پەرەگرافی 1ی ئەم بەندە نەبن بە پەیوەندی بە وڵاتێک کە ئەم جۆرە گرێنەدانەی ڕاگەیاندبێت.
3. هەر وڵاتێکی بەشداربووی پەیماننامە کە بەپێی پەرەگرافی 2 ی ئەم بەندە گرێنەدانی دابێت، دەتوانێت، هەر دەمێک بخوازێت، لە ڕێگەی تێبینیەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەو گرێنەدانە پاشگەزبێتەوە.

### بەندی 43

ئەم پەیماننامەیە، بەبێ پێشداوەری بۆ برگەکانی یاساکانی مرۆیی نێودەوڵەتی، لە ئەوانە ئەرکدارییەکانی ڕێکەوتنە بڵندەکانی لایەنەکان *High Contracting Parties* بۆ چوار پەیماننامەکەی جنێڤی 12 08 1949 و دوو پرۆتۆکۆڵە هاوپێچکراوەکەی 08 06 1977 یان هەر ئەگەرێکی تری فەراهەمکراو بۆ هەر وڵاتێکی بەشداربوو، ڕێگەدەدات بە کۆمیتەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی بۆ سەردانیکردنی شوێنەکانی گرتووخانە لە ئەو دۆخانەی ئەم گرتووخانانە لە ژێر یاساکانی مرۆیی نێودەوڵەتیدا نەبن.

### بەندی 44

1. هەموو وڵاتێک دەتوانێت پێشنیاری گۆڕانکاری لە ئەم پەیماننامەیە بکات و بیدات بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت پێشنیاری گۆڕانکارییەکان بەسەر وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە دابەشبکات لەگەڵ داواکارییەک لە نیشاندانی سەرنجی ئەم وڵاتانە بۆ ئەو لە بەستنی کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و دەنگدان لەسەر پێشنیارەکە. لە ماوەی چوار مانگ لە ڕۆژی داواکردنێکی لە ئەم چەشنە، ئەگەر یەک لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە کۆنفرانس پەسەندبکەن، دەبێت سکرتێری گشتی بانگهێشتی کۆنفرانسێک لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات.
2. هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراو، کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە، کە ئامادەبوون و دەنگیان داوە لە کۆنفرانسەکە، وەربگیرێت، دەبێت دواتر بدرێت بە سکرتێری گشتی کە ئەوژی دەینێرێت بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە بۆ پەسەندکردن.
3. گۆڕانکارییەک کە بەپێی پەرەگرافی 1 ی ئەم بەندە وەرگیراوە بەکارادەکرێت، کاتێک دوو لەسەر سێی وڵاتانی بەشداربووی پەیماننامە ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن کە ئەم گۆڕانکارییەکە بەپێی دەستوری هەر یەک لە ئەم وڵاتانە بووە.
4. کاتێک گۆڕانکارییەک بەکارا دەکرێت، دەبێت تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی بەشداربووی پەیماننامە بێت کە گۆڕانکارییەکەیان پەسەندکردووە، وڵاتەکانی تر پابەندی برگەکانی ئێستا و هەرچی گۆڕانکاری پێشووتری پەیماننامە دەکەن کە ئەوان پەسەندیان کردوە.

**بەندی 45**

1. ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕوسی و ئیسپانی وەکو یەک دروستن، دەبێت لە لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دابنرێت.
2. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کۆپی باوەڕپێکراوی ئەم پەیماننامەیە ڕەوانەی هەموو وڵاتانی ئاماژەپێکراو بەپێی بەندی 38 بکات.

## سەرچاوەکان

The Universal Declaration of Human Rights
Allmän förklaring om de mänskliga rättigheterna

International Covenant on Economic, Social and Cultrual Rights
Konventionen om ekonomiska, sociala och kulturella rättigheter

International Covenant on Civil and Political Rights
Konventionen om medborgerliga och politiska rättgheter

International Convention on the Elimination of All Forms of racial Discrimination
Konventionen om avskaffande av alla former av rasdiskriminering

Convention against Torture and Other Cruel, Inhuman or Degrading Treatment or Punishment
Konventionen mot tortyr och annan grym, omänsklig eller förnedrande behandling eler bestraffning

Convention on the Rights of Child
Conventionen om barnets rättigheter

Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women
Konventionen om avskaffande av all slags diskriminering av kvinnor

Convention on the Rights of Persons with Disabilities
Konventionen om rättigheter för personer med funktionsnedsättning

International Convention for the Protection of All Persons from Enforced Disappearance

## فەرهەنگۆک

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| دەستدرێژی کردنە سەر | Abuse |
| دەسترەسی، واتای هەبوونی یان بەکارهێنانی تشتێک لە لایەن کەسێکەوە | Access |
| فەراهەم بوو، تشتەکە هەیە و لە لایەن هەموو کەسێکەوە بە ئاسانی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت | Accessibility |
| ڕێڤەبەری/بەڕێوبەرایەتی | Administration |
| هەڵگرتنی منداڵ، واتە کردنی منداڵێک بە هی خۆت و بەئەستۆگرتنی بەخێوکردنی | Adoption |
| لەدەستهاتوو | Affordable |
| هەڕەمەکی، گۆترە | Arbitrarily |
| کۆمەڵگای مەدەنی | Civil society |
| کارامەیی | Competence |
| کۆنتێکست، واتە تێکست/دەق (نووسین یان قسە) لەگەڵ دەوروبەرەکەی، واتە دەق لەگەڵ ئەو ڕەوشەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت. | Context |
| کۆنسل: کۆمەڵێک کەس کە فەرمییانە هەڵبژێردراون بۆ گەڵاڵەکردن و دەرکردنی بریار و پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی.<br>کۆنسلی جڤاکی/کۆمەڵایەتی و ئابووری | Council<br>Social and Economic council |
| دەست کێشانەوە، چوونەدەرەوە | Denunciation |
| سەرپەرشتیکەر | Depositary |
| هەڵاواردکردن | Discrimination |
| بەتەنگهاتن | Emergency |
| پارەی ڕەنج | Emolument |
| دامەزراندن | Employment |
| خستنەگەڕی پارە | Entrepreneurship |
| ئاوارتەکردن | Exception |
| پەراوێزخستن | Exclusion |
| تاقیکردنەوە | Exercise |
| کەڵکلێوەرگرتن | Exploitation |
| بەسکوزا، بەبەر، توانای زایین | Fertility |
| فۆرمات: قەبارە، شێوە و دیمەنی پەرتوکێک، گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک. بوونیادی یان دیزاینی | Format |

| | |
|---|---|
| نووسراوەی دۆکومێنتێک، جۆری تۆمارکردنی فیلم، بەرنامەی تەلەفیزیۆن، مۆسیقا و هتد. | |
| خەزێنە | Fund |
| ئەنجومەنی گشتی | General Assembly |
| ئابڕوو | Honor |
| پارێزەداری | Immunity |
| جێبەجێکردن | Implementation |
| چەسپییوو | Inalienable |
| گرتنەخۆ | Inclusive |
| نایەکانگیر | Incompatible |
| تێکەڵقەکردن/ئاوێتەکردن | Integration |
| زانیاریی تەکنەلۆجی | Information Technology |
| بیمەی (ژیان و تەندروستی) | (Life and Health) Insurance |
| ماندات: ماوەی دیاریکراوی کەسێک/کەسانێک لە پێگەیەکی فەرمی یان حکومی، ماوەی دەستەڵاتی حکومەتێکی هەڵبژێردراو | Mandate |
| کەرەستە | Material |
| ڕەوشت | Moral |
| مووتووربەکردن | Nurture |
| داواکەر | Petitioner |
| پێشداوەری/ بۆچوونی پێشدەم | Prejudice |
| نایابداری | Privilege |
| پرۆسێدویر: شێوازی کردنی تشتێک، بە تایبەتی ئەوەی کە دروستە یان ڕۆتینییە. | Procedure |
| پشتیوانیکردن/پشتگیریکردن | Promotion |
| ناساندن | Promulgate |
| بەدیهێنان | Realize |
| دووپاتکردن | Recalling |
| دامەزراندنی سەربازی | Recruitment |
| خۆپارێزی | Refrain |
| ڕێکخراوە تێکەڵقەکردنە ناوچەییەکان | Regional Integration Organization |
| داڕێژراوانە | Regularly |
| ناوودەنگ، شکۆمەندی | Reputation |
| هەڵوەستە | Reservation |
| شایانباسانە | Significantly |
| توندوتیژی | Violence |